# ( ٣ ) شانۆنامەی جیهانی

*- جولەکەکەی مالتا

*- بەدحاڵی بوون

*- داد پەروەران

وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف

*- ناوی کتێب: سیٚ شانۆنامەی جیهانی

*- نووسەر: ئەلبێر کامۆ – کریستۆفەر مارلۆ

*- وەرگێرانی لە فارسیەوە: حەمە کەریم عارف

*- بابەت: شانۆیی

*- پیتچنین: حەمە کەریم عارف

*- هەڵەبڕی: ئەحمەد مەحمود

*- دیزاینی ناوەڕۆك: زانا کەمال

*- تیراژ: ٥٠٠

*- زنجیره: ٤٣٥

*- چاپخانە: کارۆ

*-چاپ: چاپی یەکەم

*- ژمارەی پۆلێن: ٨٠٨/٨٣-ك ٢٥٣

*- ژمارەی سپاردن: (٢٠٠١) ساڵی ٢٠١٣ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە.

پێرست:

*– کورتەی جولەکەکەی ماڵتا
*–دەقی جولەکەکەی ماڵتا: کریستۆفەر مارلۆ
*– ژینامەی مارلۆ
*– دەقی بەدحاڵی بوون: ئەلبێر کامۆ
*–دەقی دادپەروەرن: ئەلبێر کامۆ
*– ژینامەی ئەلبێر کامۆ
*– فەرهەنگۆك: حەمە کەریم عارف
*– ژینامەی وەرگێڕ

نووسینی : کریستوفر مارلو

پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

# جولەکەکەی ماڵتا

نووسینی : کریستوفر مارلو

پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

# کورتەی شانۆنامەی
# جولەکەکەی ماڵتا

**کاراکتەرەکان:**

**باراباس:**

قارەمانی شانۆنامەکەیە، بازرگانێکی جولەکەیە، تەنیا لە خەمی "ئەبیجیل" کیژیو سەروەتو سامانە مۆڵەکەی خۆیدایە. کە (فیرنیزی)ی فەرمانڕەوای دورگەی ماڵتا دەست بەسەر سەروەتو ساماناکەی باراباسدا دەگرێت بۆ ئەوەی باج بە تورکان بدات، باراباس توڕە دەبێتو بەڵێن بە خۆی دەدا کە تۆڵە لە "فیرنیزی" بکاتەوە.

نەخشەو پیلانو پلانە زیرەکەکانی دەکەنە کارێك کە زۆر شەخسیات، لەوانە ئەبیجیلی کیژی خۆیو کوڕەکەی فەرمانڕەوای دورگەکە، بە کوشت بچن. باراباس هەم جولەکە مەزەبەو هەم خودان ئەقڵیەتێکی میکافیلیستییە، بۆیە لە نێو کۆمەڵگەی نەسرانی مەزەبی ماڵتادا نامۆو بێگانەیە. بەلای کەمەوە باراباس لە شانۆییەکەدا لەوانی دی کەم ڕیاترەو ئەنگێزەو هۆی شەریفی بۆ تاوانەکانی هەیەو هەوڵنادات هەنجەتو پاکانەی ئاینیو ئۆلی بۆ تاوانەکانی بێنێتەوە. دەشێت بڵێین ئەنگێزەو هۆی هەرە گەورەی تاوانەکانی ڕقو کینەیە.

**ئەبیجیل:**

کیژی باراباسە، دڵسۆزو مێریڤانە، گوێڕایەڵی بابیەتیو زۆری یارمەتی دەدات. "ماتیاس"ی خۆشەویستی خۆیو "لودویك" کوڕی فەرمانڕەوای دورگەکە لە نەزانستە گومڕا دەکاتو دەخاپێنێ. کاتێ بۆی دەردەکەوێت کە بابی هۆکاری مردنی ماتیاسو لودویك بووە، لێدەبڕێت ببێت بە نەسرانیو تۆبە لە گوناحەکانی خۆی بکات.

**ئیتامۆر:**

خزمەتکارو خولامی گوێڕایەڵی باراباسە، باراباس دوای ئەوەی کیژەکەی دەبێت بە نەسرانی، بڕیار دەدات هەموو سەروەتو سامانەکەی بدات بەم کۆیلەیە. ئەمیش وەکو باراباسی ئاغای ڕقی دنیای لە نەسرانیانە، بەڵام کە دەکەوێتە داوی ئەشقو ڤیانی "بیلامیرا"ی سۆزانییەوە، ناتوانێ دڵسۆزیو گوێڕایەڵی خۆی بۆ ئاغای بسەلمێنێو لەو تاقیکردنەوە گەورەیەدا دەرناچێو هەوڵدەدات باراباس ڕووت بکاتەوەو بە ناهەق پارەی لێ بکێشێتەوەو لە نك فەرمانڕەوای دورگە کە ئیعتراف بە هەموو تاوانەکانی دەکات.

**فیرنیزی:**

فەرمانڕەوای دورگەی ماڵتایە، نەسرانییە، دژمنی گەورەی باراباسە. لە ژێر پەردەی ئاکاری نەسرانیەتدا لەلایەکەوە باراباس لاواز دەکاتو لەلایەکی ترەوە نەخشەو پیلانی میکافیلیستی بۆ کالیمات–فەرماندەی تورکی–دا دەنێت.

**میکافیللی:**

بەر لە دەست پێکردنی شانۆییەکە خوتبە بۆ جەماوەری خەڵك دەدات. بەڵام زۆر لە کەسێتی میکافیللی ڕاستەقینە بە تەوسو توانج ترو زمان ڕەشو قسە ڕەقترە.

**کریستو فر مارلو:**

نووسەری شانۆنامەکەیە– میکافیللی کردووە بە دەسکەلای خۆی بۆ چەسپاندنو ڕیشاژۆکردنی ئەو هەموو خوانەناسیو پیلانگێڕیو فێڵو دەهۆو ڕیاو ڕیاکارییەی لە دراماکە دایە.

**کالیمات سەلیم:**

فەرماندەیەکی تورکە، کوڕی سوڵتانی عوسمانیە، کالیمات چاکەی باراباس بەوە دەداتەوە کە لە جیاتی فیرنیزی دەیکات بە فەرمانداری دورگەی ماڵتا، چونکە باراباس لە گرتنو غەزووی دورگەکەدا یارمەتی دابوو، کالیمات لە سیاسەتی ماڵتاوە دەگلێت، دەکەوێتە نێوان بەرداشی پیلانو فێڵو دەهۆی بەینی فیرنیزی و باراباس، بەڵام فیرنیزی دوای مردنی باراباس، کالیمات دەستگیر دەکات.

**دون ماتیاس:**

دڵداری ئەبیجیلو، هاوڕێی لودویکە. ماتیاسو لودویك لە دوئێلێکدا کە بەفیتو دەسیسەی باراباسو بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە لە فیرنیزی بەرپا دەکرێت، یەکتری دەکوژن.

**دون لودویك:**

کوڕی فیرنیزیە، لودویك ئەبیجیلی خۆش دەوێت، لێ ئەبیجیل ماتیاسی خۆش دەوێ، باراباسی بازرگانی جوومەزەب، لودویك لە خشتە دەبات و بەڵێنی دەداتێ کە ئەبیجیلی بداتێ و بەمە کارێك دەکات کە دوئێل دەگەڵ ماتیاسی هاوڕێیدا بکات و ئیدی هەردووکیان یەکتری دەکوژن.

**جاکومۆی ڕەبەن:**

ڕەبەنی دومیناکاتە، ئەبیجیل دەکات بە نەسرانی، جاکومۆ بەڕەبەنێکی ناو زڕاو دادەنرێت، مارلۆ وای وێنە کێشاوە کە دەگەڵ ڕەبەنیتاندا "راهبات" دەنووێت و دوای پارە هەموو ئارەزوویەکی ژن و ڕاوە ژنانەو بەمەش ڕیاکاری قەشە کاتولیکەکانمان نیشاندەدات. جاکومۆ، پاش ئەوەی باراباس شایەتی لێدەدات کە برناردینی ڕەبەنی کوشتووە، ئیعدام دەکرێت.

**برناردینی ڕەبەن:**

هاوڕێی جاکومۆیە، بەڵام دەگەڵ جاکومۆدا لەسەر سەروەت و سامانەکەی باراباس لێی دەبێ بە شەڕ، چونکە هەر یەکەیان گەرەکیەتی سەروەت و سامانەکەی باراباس بۆ دێرەکەی خۆی بێت. پاش ئەوەی باراباس بە درۆوە وا دەنوێنێ کە چووەتە سەر ئاینی نەسرانی، ئیتامۆر برناردین بە پشتێن دەخنکێنێت .

**بیلامیرا:**

ئەو سۆزانییەیە کە ئیتامۆر دەخاپێنێ و قەناعەتی پێدەکات کە پارە لە باراباس بکێشێتەوە، بیلامیرا بە هۆی ئەو گوڵە ژەهراوییەوە دەمرێت کە باراباس پێشکەشی دەکات..

**بیلیابورزا.**

گەوادی بیلامیرایە، بیلیابورزا بە گوڵی ژاراوی دەگەڵ بیلامیراو ئیتامۆردا دەمرێت.

**کاترین:**

دایکی ماتیاسە، جەرگی بە مەرگی کورەکەی دەسووتێت.

**مارتین دیل بوسکو:**

ئەو جەنەڕاڵە ئەسپانیەیە کە قەناعەت بە فیرنیزی دەکات کە ڕێکەوتنەکەی دەگەڵ تورکاندا هەڵوەشێنێتەوەو لە سایەی گەلە کەشتی ئەسپانیاییدا بمێنێ، بەڵام ئەم سایەداریە زوو بە زوو، بە هۆی ئەوەی کە باراباس یارمەتی کالیمات دەدات و ڕاڕەوو دەروازەکانی دوڕگەکەی پێ نیشان دەدات، نامێنێ.

## کورتەیەکی شانۆنامەکە

## فەسڵی یەکەم

**دیمەنی یەکەم:**

لەم دیمەنەدا باراباسە جووی قارەمانی شانۆنامەکە نیشان دەدرێت. دیمەنەکە لە ئۆفیس‌و نووسینگەی ژمێریاریدایە کە پڕە لە کۆمەڵە زێڕ، بازرگانێکی ماڵتایی دەبینین کە کەشتییەکانی بە بارەوەو بە سەلامەتی لە ڕۆژ هەڵاتەوە گەییونەتە جێ، ئەم بازرگانە داوا لە باراباس دەکات بێت‌و باجی ئاسایی کەلوپەل‌و بارخانەکەی خۆی بدات. بازرگانێکی دیکە وەژوور دەکەوێت‌و باسی ئەوە دەکات کە کەشتیە بازرگانیە گەورەکەش بە سەلامەتی گەییوەتە جێ‌و هەندێ کەشتی بەجێهێشتووە کە بەرێکەوت تووشی ئەو ئوستوڵە ئەسپانیاییە بوون کە لەلایەن هێزێن تورکەوە تاقیب دەکرێت. باراباس داوا لە کابرا دەکات بڕوات و بارخانەو کەلوپەلەکەی بێنێ بۆ کەنار، ئەوسا باراباس دەکەوێتە باسی سەروەت‌و سامانە مۆڵەکەی خۆی‌و بەڕاشکاوی دەڵێت پێی خۆشە جوویەکی دەوڵەمەندی بێزراوی ناخۆشەویست بێ، نەك نەسرانیەکی هەژاری چاو لە خێرو سەدەقان، یانی باراباس بیرۆکەی خێرو سەدەقەی مەسیحیانە ڕەفز دەکات‌و گاڵتە بە ئاینی نەسرانی دەکات. باراباس جگە لە بوغزو بەغیلی‌و رژدی‌و چرووکی وتەزویرو ئیسراف‌و لووتبەرزی هیچی تر لە ئایندا نابینێ. باراباس باسی ئەوە دەکات کە جوولەکان وێڕای دەربەدەری‌و پەراگەندەیی‌و پەرتەوازەییان بە دنیادا، هەر خەڵکێکی سەرکەوتوون. هەموو ئاواتێکی ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی دادپەروەر هەبێت تابتوانێ هەموو موڵك‌و ماڵ‌و سەروەت‌و سامانەکەی بە کیژە تاقانەکەی، بە ئەبیجیل ڕەوا بدینێ. سێ جولەکە مەزەب وەژوور دەکەون‌و رایدەگەیەنن کە ئوستۆڵی تورکی ڕێی پێگرتوون‌و کارمەندانی سەفارەتخانە هاتوون بۆ کەناری دەریا بۆ دیتنی بەرپرسان لە ماڵتا، ئیدی داوا لە باراباس دەکەن تەگبیرێکیان بۆ بکات. باراباس دڵنیایان دەکاتەوەو دەڵێت ئەوانە یا هاتوون بۆ گرتن‌و غەزووی ماڵتا یان بە سەلامەتی دەڕۆن. باراباس دێتە لاوەو ڕایدەگەیەنێ کە خەمی خەڵکی ماڵتاو تەنانەت هاوئاینە جووەکانی خۆیشی نییە، ئەوەی بۆ ئەو گرینگەو خەمی ئەوە تەنیا سەروەت‌و سامان‌و کیژەکەیەتی. باراباس جارێکی دی دەزڤرێتەوە تا جووەکان دڵنیا بکات کە تورکیاو ماڵتا هاو پەیمانن‌و پێدەچێت بەرپرسان بۆ ئەوە هاتبن موناقەشەی هەندێ مەسەلەی گرینگی وەك، بۆ نموونە پەلاماردان‌و گرتنی ڤینسیا، بکەن. پیاوەکان باراباس ئاگاداردەکەنەوە کە لە ئەنجوومەنی پیراندا کۆبوونەوەی نا ئاسایی هەیەو دەبێ گشت جووەکان بۆ ئەوێندەر بڕۆن. دوای ئەوەی هەمووان وەدەردەکەون، باراباس بە تەنێ دەمێنێتەوەو پێشبینی ئەوە دەکات کە ڕەنگە تورکان بۆ ئەوە هاتبن تا باج لەسەر دورگەی ماڵتا زیاد بکەن..

**دیمەنی دووەم:**

لەم دیمەنەدا فەرمانداری ماڵتا فیزنیزی، لە کۆبوونەوەیەکدا دەگەڵ پاشاواتی تورکاندا دەردەکەوێت. کالیماتی فەرماندەی تورك، داوا لە فیزنیزی دەکات باج‌و خەراجی دە ساڵانی وێ بدات‌و تەنیا مۆڵەتی یەك هەیڤی دەداتێ کە باجی دیاریکراو کۆبکاتەوە.

پاش ئەوەی کالیمات‌و هێزەکەی وەدەردەکەون، جووەکان هاوڕێ دەگەڵ باراباسدا وەژوور دەکەون، ئەوسا فیزنیزی وەزع‌و حاڵ‌و هەڵوێستەکە بۆ جووەکان شەرح دەکات‌و بە هەنجەتی ئەوەی کە ناتوانن لە شەڕی دژی تورکیادا یارمەتی بدەن ئەمریان پێدەکات کە نیوەی

سامانەکەیان لەجیاتی باجیماڵتا بدەن، ئەگەر بەوە قایيل نين، ئەوا دەبێ بێنە سەر دينی نەسرانيەت، بەڵام باراباس تووڕە دەبێت‌و بە فيزنيزی دەڵێت چما غەريبان دەبێ باج بدەن؟ فيزنيزی وەڵامی دەداتەوە کە جوولەکان بە نەفرەتی ئاسمان کراون، بۆيە سزايان قورسە. بەڵام باراباس دەڵێت هيچ شتێك نادات، چونکە نيوەی سەروەت‌و سامانەکەی هاوتای هەموو سەروەت‌و سامانی ماڵتايەو ئەم سەروەت‌و سامانەی بە هەوەنتەو فشە کۆ نەکردووەتەوە. فيزنيزی پێی دەڵێت يان دەبێ قايیل بێت يان دەبێ دەست لە هەموو سامانەکەی بشوات. باراباس لەبن لێوانەوە دەکەوێتە جنێوو سخێفان‌و داوای لێدەکات لە گەڵی بە ئينساف بێت، پاشان فيزنيزی قەرار دەدات کە دەست بەسەر هەموو موڵك‌و ماڵ‌و سەروەت‌و سامانەکەی باراباسدا بگيرێت، باراباس ئيعتراز دەگرێت‌و بە تەوسەوە دەپرسێت چما نەسرانيەت ئاينی زۆرداری‌و دزييە؟!

موناقەشە و گەنگەشە لە نێوان فيزنيزی‌و باراباس‌و سوارچاکدا لەسەر تەماعکاری‌و چاوچنۆکی خۆڕسکی جوولەکە بەردەوام دەبێت، بەڵام باراباس دەڵێت دزی زۆر لە تەماعکاری تاوانترو گوناحترە، لێرەدا سوارچاکەکە قەناعەت بە فيزنيزی دەکات کە ماڵەکەی باراباس بکات بەدێر.

پاش ئەوەی باراباس بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، ئەبيجيلی کيژی زۆری دڵ بە بابی دەسووتێ‌و هاوخەمی ئەو زەرەرە گەورەيەی دەکات، ئيدی باراباس کچەکەی لەو گەنج‌و کەنزە ئاگادار دەکاتەوە کە لە ماڵەکەيداو لە ژێر لەوحی زەمينەی ژوورەکەی سەری سەرەوەی ماڵەکەی شاردوەتەوەو داوای لێدەکات بە درۆوە ببێ بە نەسرانی‌و پەيوەندی بە دێری تازەوە بکات بۆ ئەوەی ئەو گەنجە وەدەست بێنێتەوە. پاشان ئەبيجيل دەچێت بۆ دێرەکەو هەردوو ڕەبەن جاکومۆو برناردين دەبينێ‌و وادەنوێنێ گەرەکيەتی دان بە گوناحەکانی خۆيدا بنێت‌و تۆبە بکات‌و بچێتە سەر مەزهەبی نەسرانيەت، هەردوو ڕەبەن رازی دەبن کە ئەبيجيل پەيوەندی بە دێرەوە بکات، يانی ببێت بە نەسرانی، هەنگێ باراباس وادەنوێنێ چونکە کچەکەی لە ئاين هەڵگەڕاوەتەوە حاشای لێکردووە. لەم کاتەدا ماتياس دەردەکەوێ، کە چاوی بە ئەبيجبيلی شەنگوڵ‌و خشکۆك دەکەوێ حەزی لێدەکات‌و ئەويش (ئەبيجيل) دەکەوێتە داوی ئەوينی ماتياسەوە، ماتياس دەگەڵ لودويکی هاوڕێيدا باسی جوانی‌و ناسکی‌و سەنگينی ئەبيجيل دەکات‌و دەڵێت حەيفە لە دێردا بێت، ئيدی هێندە بەتانی باسی جوانی ئەبيجيلدا دەچێت تا لودويك دەکەوێتە سەر خوليا و کەڵکەڵەی ديتنی کيژێ، ئيدی هەردوو دۆست لێدەبڕێن بەپەلە بۆ دێرەکە بچن تا کيژێ تاين بدينن.

## فەسڵی دووەم

**ديمەنی يەکەم:**

باراباس مات‌و خەمين وەژووردەکەوێ، خەمباری سەروەت‌و سامانە لە دەست چووەکەيەتی، بڕياردەدا شەوێ بە تاريکی بچێتە ژێر خانووەکەی. ئەبيجيل لە بانيژەکەوە دەردەکەوێ، گەنجە

شاراوەکەی بۆ دەخاتە خوارەوە. باراباس دەکەوێتە ستایشی کیژەکەی. لە خۆشی سەروەتەکەی لە پێستی خۆیدا ناهێورێ، هەنگێ کیژەکەی ئاگاداری دەکاتەوە کەڕەبەنیتەکان "راهبات" وا هاتن، ئەوسا باراباس دەڕوات.

**دیمەنی دووەم:**

فیزنیزی فەرمانداری ماڵتا وەژووردەکەوێ، دەگەڵ (مارتین دیل بوسکۆ)ی ئەدمیراڵی ئەسپانی دا کۆ دەبێتەوە. ئەدمیرال داوا لە فیزنیزی دەکات کە ڕێی بدات کۆیلە تورکەکان، ئەوانەی لە شەڕی نێوان هەردوو ئوستۆڵی ئەسپانیو عوسمانیدا بەدیلی گیراون، بفرۆشێت. بەڵام فیرنیزی تەوازۆی بۆ دێنێتەوەو ئاگاداری دەکات کە پەیمانێکی دوو قۆڵی لە نێوان ئەو و دەوڵەتی عوسمانیدا هەیە، بە پێی ئەو پەیماننامەیە نابێت کۆیلە تورکەکان لە بازاڕەکانی ماڵتادا بێنەفرۆشتن. لێرەدا ئەدمیراڵی ئەسپانیایی پێشنیاز بۆ فیرنیزی دەکات کە پەیمانەکە دەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بشکێنێو پێیان بڵێت ئەگەر هەر هێرشێك لەلایەن هێزێن تورکەوە بکرێتە سەر ماڵتا ئەوا پاشای ئەسپانیا بێدەنگ نابێتو لەشکرو قۆشەن بۆ پاراستنی ماڵتا دەنێرێت.

فیرنیز بە پێشنیازەکەی ئەدمیراڵی ئەسپانی قاییل دەبێتو بە جەنەڕاڵی ماڵتای دادەمەزرێنێو ڕێگە بە فرۆشتنی کۆیلە تورکەکان لە بازاڕی ماڵتادا دەداتو بەدەم گۆرانییەوە دەڵێت: "بڕیاری مەرگمان داوە، شەڕەفو ئابڕوو بە زێڕ نایەتە کڕین، بەڵکو بە خوێن دەکڕدرێت".

**دیمەنی سێیەم:**

لەم دیمەنەدا سەربازان بەخۆو یەك دنیا کۆیلەو دیلی تورکانەوە بەناو بازاڕ دەکەون. باراباس خەمینو خەمبار، دەردەکەوێ، نە هەقی نییە، ماڵەکەیو سەروەتو سامانەکەی لە دەست داوە، بەڵێن دەدات تۆڵە لە فیزنیزی بکاتەوە. لودویك وەژووردەکەوێ، بە دوای باراباسدا دەگەڕێت تا داوای لێبکات ئەبیجیلی کیژی بدینێ، باراباس دەرفەت دێنێو لودویك گومڕا دەکات، بەڵێنی دەداتێ کە ئەبیجیلی کیژی بداتێ. لێبڕاوە تۆڵە لە فیرنیزی بسەنێ، لە ڕێگەی کوڕەکەیەوە تۆڵەی لێ بسەنێتەوە.

باراباس ئیتامۆری کۆیلەی تورك لە بازاڕ دەکڕێتو- ئیتامۆرش وەکو ئاغاکەی ڕقی لە نەسرانیانە- هەمووان بۆ ماڵی باراباس دەزڤڕنەوە، لە گەرمەی قسەو باساندا ماتیاسو کاترینی دایکی وەژووردەکەون بە نیازی خوازبێنی ئەبیجیل بۆ ماتیاس. باراباس ڕەزامەندی دەردەبڕێتو هەمووان بڵاوەی لێدەکەن. باراباس، لودویكو ماتیاس دەکات بە گژ یەکدا، بە ئیتامۆر دەڵێت نامەیەك بە ئیمزاو ناوی ماتیاسەوە بۆ لودویکی هاوڕێی بنێرێتو داوای دوئێلی لێبکات، پاشان نامەیەکی دیکە بە ئیمزاو ناوی لودویکەوە بۆ ماتیاس دەنێرێتو داوای دوئێلی لێدەکات.

## فەسڵی سێیەم

**دیمەنی یەکەم:**

لەم دیمەنەدا بیلامیرای (سۆزانی)و بیلیابورزی (گەواد) دەردەکەون. بیلامیرا گلەیی ئەوە دەکات کە لەوەتای ئوستۆڵی عوسمانی گەمارۆی خستووەتە سەر دوڕگەی ماڵتا، ئیشو کاری کەمە،

چونکە نە کەشتی‌و نە بازرگانانی ئەهلی ڕابواردن‌و مێبازی لە ئیتاڵیاوە نایەن. بیلیابورزا دەردەکەوێت‌و کیسەیەك زیوی بۆ هەڵدەدات‌و بۆی باس دەکات چۆن ئێوارێ خۆی بە گەنجینەکەی باراباسدا کردووەو وێڕای ئەوەی پڕ بووە لە کیسە زێڕان، هەر یەك کیسە زیوی دەستکەوتووە. ئەوسا ئیتامۆر دەردەکەوێ، یەکسەرو لە یەکەم نیگاوە ئاشقی بیلامیرا دەبێت‌و هەر بەجل‌و بەرگەکانیا دەزانێ داوێن تەڕو سۆزانیەو پێی دەڵێت هەزار کرۆنی لە کرۆنەکانی باراباسی جولەکە دەداتێ. ئیتامۆر، بە وردی باسی ئەو نامە ساختەو تەزویرانە بۆ بیلامیرا دەکات کە بە ئیمیزاو ناوی ماتیاس‌و لودویکەوە بۆ هەر یەکێکیانی ناردووە تا بکەونە دوئێل‌و یەکدی بکوژن (بە کورتی‌و کرمانجی هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە).

**دیمەنی دووەم:**

ئەم دیمەنە بە دوئێلی نێوان ماتیاس‌و لودویك دەست پێدەکات. باراباس لە بانیژەکەوە بە تەوسەوە تەمەشایان دەکات. ئەوسا هەردووکیان یەکدی دەکوژن. پاشان هەر یەکە لە فیرنیزی (فەرماندارو بابی لودویك)و کاترین (دایکی ماتیاس) وەژوور دەکەون. ئەوسا هەر یەکەیان بەڵێن دەدات کە تۆڵەی کوڕەکەی بسەنێت‌و لەو کەسە بگەڕێن کە بەینی تێکداون‌و کردوونی بە گژ یەکدیدا. ئەوسا فیرنیزی پێشنیاز دەکات هەر یەکەیان لە گۆڕێکداو لە سایەی مونۆمێنتێکدا بنێژرێن..

**دیمەنی سێیەم:**

ئیتامۆر دەگەڵ ئەبیجیلدا دەردەکەوێ، ئیتامۆر خۆشحاڵە بەسەرکەوتن‌و سەرگرتنی نەخشەو پیلانە فێڵاویەکەی باراباس، ئەبیجیل هیچ پەرچە کردارێك نانوێنێت،و دوای ئەوەی بە هۆی ئەو کارەوە کە بابی دەرهەق بە ماتیاس‌و لودویك کردی، تووشی نائومێدی دەبێت، داوا لە ئیتامۆر دەکات هەر چۆنێ بووە ڕەبەنێکی بۆ بدۆزێتەوە تا لەسەر دەستی ئەو ببێت بە نەسرانی.

ئیتامۆر جاکومۆی ڕەبەن دەگەڵ خۆیدا دێنێت، ئەبیجیل پێی دەڵێت گەرەکیەتی ببێت بە نەسرانی، لێ یارۆی ڕەبەن پێی دەڵێت کە ئەو (ئەبیجیل) جاری یەکەم فریوی داوەو بە درۆوە وای نواندووە کە بووە بە نەسرانی. ئەبیجیل پێی دەڵێت خەتای باوکی بووە. کاتێ جاکومۆ لێی دەپرسێت چۆن خەتای بابی بووە؟ ئەبیجیل رازی نابێت هیچ شتێك دەربارەی بابی بڵێ، هیچ ئیعترافێك لەسەر بابی بکات‌و بەڵێن دەدات تا مردن گوێڕایەڵ‌و ئەمەکداری بابی بێت.

**دیمەنی چوارەم:**

باراباس وەژوور دەکەوێ، نامەیەکی کیژەکەی بە دەستەوەیە کە پێی ڕادەگەیەنێت بووە بە نەسرانی‌و لێی دەپاڕێتەوە (لە بابی دەپاڕێتەوە) کە ئەویش، لە گوناحان بگەڕێتەوە، تۆبە بکات‌و بێتە سەر ئاینی نەسرانیەت.

ئەوسا ئیتامۆر دەردەکەوێ، خەبەر بە باراباسی ئاغای دەدات کە کیژەکەی، قەشە جاکومۆی دیتووە. لێرەدا باراباس زۆر تورە دەبێت‌و هەڕەشەی ئەوە دەکات کە کیژە یاخییەکەی بکوژێت‌و بەڵێن بە ئیتامۆر دەدات کە نیوەی سەروەت‌و سامانەکەی بەو بدات‌و دەستوری دەداتێ کە برنجی ژاراوی بۆ دێڕی ڕەبەنیتەکان بەرێت‌و ئەوەشی پێدەڵێت کە کاریگەریی ئەم ژارە دوای چل

سەعات لە خواردنی ئەوجا دەردەکەوێت. ئیتامۆر دەڕوات، کە دەگاتە بەر دێڕەکە، دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت کە کەس دیار نییە، برنجە ژاراویەکە وەکو خێرو سەدەقە لەوێندەر دادەنێتو دەڕوات.

**دیمەنی پێنجەم:**

پاشا (نوێنەرێکی تورك) دێت بۆ کۆکردنەوەی باجان، فیرنیزی دەی بینیو پێی ڕادەگەیەنێت کە پەشیمان بووەتەوەو باجەکەیان ناداتێ، پاشا پێی دەڵێت کالیمات هێرش دەکاتە سەر دورگەکە.ئەوە دەڵێتو دەڕوات. فیرنیزی دەستوور بە ئەفسەرانو لەشکرییان دەدات سەنگەرو مەتەرێزان ئامادە بکەنو خۆ بۆ شەڕ سازبدەن.

**دیمەنی شەشەم:**

هەردوو ڕەبەن، جاکومۆو برناردین وەژوور دەکەون، باسی ژاراوی بوونی ڕەبەنیتەکانی دێرەکە دەکەن، ئەوسا جاکومۆ وەدەردەکەوێو ئەبیجیل کە لە حاڵی مردندایە، وەژوور دەکەوێو چاو بۆ جاکومۆ دەگێڕێت کە لەوێندەری نابینێ، گرێی دڵی بۆ برناردین دەکاتەوەو باسی هەموو تاوانەکانی بابی بۆ دەکاتو دان بەوەدا دەنێت کە بابی سەبەبکاری مەرگی ماتیاسو لودویك بووەو کاغەزێکی دەداتێ کە شەرحی زیاتری لەمەڕ تاوانەکانی بابی تێدایە، برناردین لەم کارانەی باراباس قەڵسو پەست دەبێت، بەڵام ناتوانێ ئەم ئیعترافە لە نێو خەڵکیدا بڵاو بکاتەوە (چونکە ئیعتراف لە نك نەسرانیان نابێ لە نێو خەڵکیدا بڵاو بکرێتەوە، یانی جگە لە قەشان نابێ کەسی دی ئاگای لێ بێو پێی بزانێ) ئەبیجیل بەدەم گیانەڵلای مردنەوە لە قەشەکە دەپاڕێتەوە کە هەوڵبدات باراباسی بابی بکات بە نەسرانیو بەدەم گیان دەرچوونەوە دەڵێت: "بە دڵ دەڵێم من نەسرانیم." ئەوسا جاکومۆ وەژووردەکەوێتو خەبەر بە برناردین دەدات کە گشت ڕەبەنیتەکان مردوون، ئەوجا برناردین پێی دەڵێت، باراباس تاوانی زۆر گەورەو ناشایستەو حەیابەرەی کردووە، پێویستە خەبەری لێبدەن.

## فەسڵی چوارەم

**دیمەنی یەکەم:**

سەرەتای ئەم فەسڵە بەوە دەست پێدەکات کە باراباس بەبۆنەی سەرکەوتنی نەخشەکەیەوە، نەخشەی دەرمانخواردکردنی ڕەبەنیتەکان، دەستخۆشیو پیرۆزبایی لە خۆی دەکات، بەڵام ئیتامۆر دەترسێت کەشف ببنو دەستگیربکرێن. باراباس پێی دەڵێت جگە لە هەردووکیان چ کەسێکی دی بەم تاوانانە نازانێتو هەڕەشەی لێدەکات کە ئەگەر ئەم نهێنیانە نەپارێزێتو هەر کەسێکی دی پێی بزانێت، دەیکوژێت. پاشان باراباس لەلای ئیتامۆر ئیعتراف دەکات کە بە مردنی ئەبیجیل خەمبار نییە.

ئەوجا جاکومۆو برناردین وەژووردەکەون، بەشێوەیەکی ساکارانە هەوڵدەدەن کارێکی وەها بکەن باراباس دان بە تاوانەکانیدا بنێت ( دەوری لە مردنی ماتیاسو لودویك دا)، کە باراباس دەبینێ هیچ چارێکی نیەو دەبێ ئیعتراف بکات، بە ڕەبەنەکان دەڵێت گەرەکیەتی ببێ بە

نەسرانیو تۆبە لە تاوانو گوناحەکانی بکات، ئەوجا بەڵێنیان دەداتێ– هەڵبەتە بەفێڵ – هەموو سەروەتو سامانەکەی بەو دێرە دەبەخشێت کە پەیوەندی پێوە دەکات – هەر یەکێك لە ڕەبەنەکان سەر بە دێرێکە– ئیدی لێرەوە ناکۆکی کەوتە نێوان جاکومۆو برناردینو هەر کەسەیان هەوڵی دەدا قەناعەت بە باراباس بکات کە پەیوەندی بەدێرەکەی ئەوەوە بکات. باراباس بەڵێن بە برناردین دەدات کە پێوەندی بە دێرەکەی ئەوەوە دەکات. کاتێ برناردینو ئیتامۆر وەدەر دەکەون، باراباس قسە بۆ جاکومۆ دەکاتو بەڵێنی دەداتێ کە پەیوەندی بە دێرەکەی ئەوەوە بکات. پاشان جاکومۆ، پاش ئەوەی سوێند بۆ باراباس دەخوات کە ئەم قەرارە لای هیچ کەسێك نادرکێنێ، وەدەردەکەوێ. (یانی باراباس توانی هەردوو ڕەبەنەکە هەڵخەڵەتێنێ– ئەوەیە جولەکەی ڕاستی).

پاش ئەوە باراباس قەراری کوشتنی جاکومۆ دەدات، لە تۆڵەی ئەوەی کچەکەی کردبوو بە نەسرانی، هەروەها قەراری کوشتنی برناردین دەدات، چونکە نهێنی زۆری لەلا بوو.

ئیتامۆر، خەبەر بە ئاغای دەدات کە برناردین نووستووەو ناتوانێت لە ماڵی باراباس هەڵێت. ئەوسا ئیتامۆر بە پشتێنەکەی خۆی برناردین دەخنکێنێ، بە دوو قۆڵی جەنازەکەی هەڵدەگرن، دەیبەنە سەر جادەکەو بە دارعاساکەیەوە ڕێك رایدەگرنو لە زندوو دەچێت. لەم دەمەدا جاکومۆ پەیدا دەبێت، کە برناردین بەو حاڵەوە دەبینێ وا دەزانێ بۆ ئەو وەستاوە، بە ئاستەم دارعاساکەی دەکێشێت بە سەریا، نازانێت برناردین مردووەو لێبوەتەوە، لە پڕ ئیتامۆرو باراباس پەیدا دەبنو دەیکەن بە هەڵڵا کە جاکومۆ، برناردینی کوشت، ئەوجا باراباس وا دەنوێنێ گوایە ویستویەتی پەیوەندی بە دێرەکەی جاکومۆوە بکات، بەڵام تازە هەرگیز شتی وا ناکات، چونکە جاکومۆ ڕێبەرو پێشەنگێکی زۆر خراپە، ئەوجا باراباس پێی دەڵێت مەحاڵە بێڵێت لە سزا بخەلەسێتو یاسا دەبێت ڕێڕەوی خۆی بگرێت– (بە ڕاستی جولەکەیە) – ئەوجا بە دوو قۆڵی جاکومۆ دەستگیر دەکەنو دەیبەنو ڕادەستی پۆلیسخانەی دەکەن.

**دیمەنی دووەم:**

بیلیابورزا، پاش ئەوەی نامەکەی بیلامیرا دەگەیەنێتە ئیتامۆر دەگەڕێتەوەو– بیلامیرا لە نامەکەدا ئیتامۆری بۆ ماڵی خۆی دەعوەت کردووە–خەبەر بە بیلامیرا دەدات کە ئیتامۆری لەلای سێدارەکە دیتووە کە خەریکی تەمەشاکردنی لە قەنارەدانی جاکومۆ بووە. (نەخشەیەکی تایبەتی لە نێوان بیلیابورزاو بیلامیرادا هەیە کە گەرەکیانە ئیتامۆر بکەن بە پردو لە ڕێگەی ئەوەوە بگەنە سەروەتو سامانەکەی باراباس) پاش ئەوە ئیتامۆر دەچێت بۆ ماڵی بیلامیرا، بیلامیرا ئەشقی خۆی بۆ ئاشکرا دەکاتو داوای لێدەکات پارەو پول لە باراباس بکێشێتەوەو هەڕەشەی ئەوەی لێبکات کە ئەگەر پارەی نەداتێ، نهێنییەکانی کەشف دەکات.

ئیتامۆر نامەیەك بۆ ئاغای دەنووسێتو داوای سێ سەد جونەیهی لێدەکاتو هەڕەشەی لێدەکات کە ئەگەر نەیداتێ تاوانەکانی لە قاو دەدات، ئەوسا بیلیابورزا نامەکە لە ئیتامۆر وەردەگرێت تا بیبات بۆ باراباس، ئیدی ئیتامۆر دەکەوێتە گۆرانی گوتن بۆ بیلامیرا کە بەڵێنی دەداتێ دوای وەدەست هێنانی پارەکە شووی پێبکات. بیلیابورزا بەخۆو تەنیا دەجونەیهەوە

دەزڤڕێتەوە. ئەوجا ئیتامۆر نامەیەکی دیکە بۆ باراباس دەنووسێتو داوای پێنج سەد جونەیە بۆ خۆیو سەد بۆ بیلیابورزا دەکات. بیلیابورزا نامەکە وەردەگرێتو بۆ لای باراباس دەڕوات. بیلامیرا دە جونەیەکە توڕ دەدات، ئەوجا ماچی دەکاتو داوای لێدەکات دەگەڵی بخەوێت.

**دیمەنی سێیەم:**

که باراباس نامەکەی ئیتامۆر وەردەگرێت، شەرت دەکات کە لە بری ئەم خیانەتەی بیکوژێت. هەروەها هەوڵدەدات بیلیابورزاش بۆ شێوێکی ژاراوی دەعوەت بکاتو بیکوژێت، بەڵام بیلیا بورزا شێوەکە رەفز دەکاتو داوای پارەکە دەکات، باراباس دەکەوێتە ڕاوە ڕێویو بەوە خۆی دەرباز دەکات کە کلیلەکانی لێ گوم بووە، بیلیابورزا دەڕوات. پاش ئەوەی بیلیابورزا دەڕوات، باراباس بۆی دەردەکەوێت کە لەگینە ئیتامۆر بە هەر شێوەیەك بووە دان بە گشت تاوانەکانیا بنێت. بۆیە نەخشەیەك بۆ کوشتنی ئیتامۆرو بیلامیراو بیلیابورزا دەکێشێت.

**دیمەنی چوارەم:**

بیلامیراو ئیتامۆر، بە دوو قوڵی دەردەکەون، دانیشتوونو مەی دەخۆنەوە. ئیتامۆر خۆشەویستی خۆی بۆ بیلامیرا دەردەبڕێتو بەدەم خەیاڵەوە دان بە هەموو ئەو تاوانانەدا دەنێت کە دەگەڵ ئاغایدا ئەنجامی داوە، لە دەرمانخواردکردنی ڕەبەنیتەکانەوە تا کوشتنی ماتیاسو لودویك. لێرەدا بیلیابورزا بەدزییەوەو بێئەوەی بیەڵێ ئیتامۆر هەست بکات، بە بیلامیرا دەڵێت خەبەری فەرماندار دەدەم، بەڵام بیلامیرا دەڵێت کەی سەروەتو سامانەکەی (باراباس)مان وەدەست هێنا ئەوسا ئەو کارە بکە. ئەوسا باراباس لێیان وەژووردەکەوێ، خۆی گۆڕیوەو چووەتە کلێشەی عودژەنێکی فەرەنساییەوە، چەپکێ گوڵی ژاراوی لە شەپقەکەی ناوە، بیلیا بورزا داوای چەپکە گوڵەکەی ناو شەپقەکەی لێدەکات، بۆنێکی دەکاتو ئەوسا دەیداتە بیلامیراو ئیتامۆر تا ئەوانیش بۆنی بکەن.

## فەسڵی پێنجەم

**دیمەنی یەکەم:**

فیرنیز وەژووردەکەوێت، فەرمان بە سەربازان دەدات کە شار قایم بکەنو ئامادەبن بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی هێرشو پەلاماری چاوەڕوانکراوی تورکی. ئەوسا بیلیابورزاو بیلامیرا بە دوو قۆڵی وەژوور دەکەونو لەبەردەم فەرماندارادا تاوانەکانی باراباس لە قاو دەدەن، فیرنیزی دەستور دەدات کە بە پەلەو بێ دواکەوتن باراباسو ئیتامۆر بێنن. کاتێ دەگەنە جێ، باراباس هەوڵدەدات نکوڵی لە هەموو ئەو تۆمەتانە بکات، بەڵام ئیتامۆر دان بە هەموو شتێکدا دەنێت. باراباس داوا دەکات دادگاییەکی دادوەرانە بکرێت، فیرنیزی وەعدی دادگایی کردنێکی دادوەرانەی دەداتێ. کاتێ باراباس وەدەردەکەوێ، لەبن لێوانەوە دەپرتێنێ. "ئاواتە خوازم گوڵە ژاراوییەکان کاری خۆ بکەن."

کاتێ کە کاترین دێت، فیرنیزی حەقیقەتی مردنی ماتیاسی کوڕی پێدەڵێتو پێی ڕادەگەیەنێ کە بکوژەکە حاڵی حازر لەزنداندایەو چاوەڕوانی دادگاییە.

ئەفسەرێك وەڕووردەكەوێت‌و هەواڵ بە فیرنیزی دەگەیەنێ كە هەموو زندانییەكان مردوون– بیلیابورزاو بیلامیراو ئیتامۆر بە ڕاستی مردوون، بەڵام باراباس بە درۆوە خۆی دەكات بە مردوو– فیرنیزی فەرمان دەدات كە تەرمەكەی باراباس لە دەرێی حەساری شار فڕێ بدەن تا ببێ بە خۆراكی قەل‌و داڵاش.

كاتێ باراباس هەڵدەستێتەوە لەگەڵ خۆیدا شەرت دەكات كە بە كۆمەكی كالیمات تۆڵە لە تێكڕای دانیشتوانی نەسرانی مەزەبی ماڵتا بسەنێت، كە كالمیات دەبینێ، پێی دەڵێت ڕچە ڕێیەكی نهێنی پێ دەزانێت كە دەشێت لەوێندەرەوە پێنج سەد كەس لە سەربازەكانی كالیمات بچنە ناو شارەوە، كە چوونە ناو شارەوە هەنگێ دەتوانن دەروازەكان بكەنەوەو باقی هێزەكانی دەرێی حەساری شار وەناو شار بكەون، ئیدی كالیمات بەڵێنی دەداتێ كە ئەگەر ڕاست بكات‌و زانیارییەكانی ڕاست دەربچن، ئەوا دەیكات بە فەرمانداری ماڵتا، باراباس وەڵامی دەداتەوە ئەگەر درۆم كرد بمكوژە.

**دیمەنی دووەم:**

كالیماتی سەركەوتوو بە دیل‌و یەخسیرانی ماڵتاییەوە وەژوور دەكەوێت، باراباس دەكات بە فەرمانداری ماڵتاو گاردی تایبەتی بۆ دادەنێت‌و ئەوجا كالیمات دەڕوات.

باراباس چاك دەزانێ كە خەڵكێكی زۆر خۆشیان ناوێت، بۆیە ئەگەر فەرمانداری ماڵتا بێ، ژیانی دەكەوێتە مەترسییەكی گەورەوە، دەنێرێت بە شوێن فیرنیزی داو پێی دەڵێت ئامادەیە ماڵتا لە توركان رزگار بكات‌و دیل‌و یەخسیرە ماڵتاییەكانیش ئازاد دەكات. فیرنیزی پێی دەڵێت ئەگەر درۆنەكات‌و ڕاست بكات ئەوا پارە و پولێكی یەجگار مۆڵی دەداتێ. باراباس بە فیرنیزی دەڵێت كە كالیمات بۆ زیافەت‌و دەعوەتێكی گەورە بانگهێشت دەكات‌و ئیدی بەر بە دواوە ناكات‌و كۆتایی پێ دێت، فیرنیزی دەڕوات و وەعدی دەداتێ كە بۆ ئێوارە پارەكەی دەگاتێ.

**دیمەنی سێیەم:**

كالیمات، بەسەر گشت سەنگەرو مەتەرێزەكانی دوڕگەكەدا دەگەڕێت‌و دڵنیا دەبێت كە كەس ناتوانێ بیگرێت، پاشان دەعوەتنامەی باراباسی پێدەگات كە لەسەر شەرەفی وی زیافەت‌و دەعوەتێكی گەورەی سازداوە، بەڵام كالیمات دەڵێت ناتوانێ بە هەموو هێزەكەیەوە بۆ ئەم دەعوەت‌و زیافەتە بێت، قاسیدەكە وەڵامی دەداتەوە كە سەربازەكان لە دەرێی شارو لە دێردا نان دەخۆن، هەر كالیمات‌و پاشاواتەكان لە ماڵی باراباسدا نان دەخۆن، كالیمات ئەم پێشنیازە قەبووڵ دەكات.

**دیمەنی چوارەم:**

باراباس‌و كۆمەڵێك دارتاش وەژوور دەكەون تا هەیوانێك بۆ كوشتنی كالیمات دروست بكەن. پاش ئەوەی لە كارەكەیان دەبنەوە، باراباس دەستور دەدات بچن تۆزێك شەراب بخۆنەوە، شەرابی ژاراوی بۆ ئامادە كردوون. فیرنیزی وەژوور دەكەوێت‌و سەد هەزار جونەیهە دەدات بە باراباس، باراباس ئاگاداری دەكاتەوە كە باروتی لە ژێر دێرەكە ناوەو سەربازەكانی كالیمات بۆ نان خواردن لەوێ داكراون، بۆ ئەوەی بە جارێ هەموویان لەناو بەرێت، هەروەها ئەوەشی بۆ

دەگێڕێتەوە کە چۆن چاڵێکی قووڵی لە بن ، زەمینەی  ماڵەکەیدا هەڵکەندووەو مەنجەڵێکی گەورەشی لە بنەبانی چاڵەکەدا داناوە، تا لەگەڵ بەربوونەوەی زەمینەکەدا ،کالیمات و پاشاواتەکان بکەونە خوارەوەو لە شەڕیان رزگار بن. ئەوجا بە فیرنیزی دەڵێت هەرکە گوێی لە دەنگی زەنگەکە بوو، پەتەکە بپچڕێت تا زەمینەکە (ارضية) لەو دەمەدا کە کالیماتی لەسەر وەستاوە دابڕوخێ. ئەوجا باراباس پارەکە لە فیرنیزی وەرناگرێت و پێی دەڵێ کە نەخشەکە سەرکەوتووانە سەری گرت ئەوسا لێتی وەردەگرم.

کالیمات و پاشاواتەکان وەژووردەکەون، باراباس پێشوازییان دەکات، داوایان لێدەکات بە پەیژەکەدا سەر بکەون و، تەمەشای هەیوانە تایبەتیەکەی ئەو بکەن. لەم کاتەدا فیرنیزی هاوار دەکات و داوا لە کالیمات دەکات بە پەیژەکەدا سەر نەکەوێت، ئەوجا لە زەنگەکە دەدات و پەتەکە دەپچڕێت و باراباس بە تەنیا دەکەوێتە مەنجەڵەکەوە، کالیمات سەری لەمە سوور دەمێنێ، بەڵام فیرنیزی بۆی شەرح دەکات کە ئەمە کردەوەی باراباس خۆیەتی و هاتووەتەوە ڕێی و بۆی روون دەکاتەوە کە ئەم مەنجەڵە بۆ مەرگی ئەو ئامادەکرا بوو. کالیمات ئەم خیانەتەی باراباسی بۆ هەرس ناکرێت و لە تاوا دەگری و خۆی ئامادە دەکات کە بڕوات، بەڵام فیرنیزی قەناعەتی پێدەکات چاوەڕوان بکات تا کۆتایی باراباس دەبینێ.

باراباس دان بە تاوانەکانی خۆیدا، دژی فیرنیزی و کالیمات، دەنێت و بە دەم گیانەڵڵاوە دەکەوێتە جنێوو سخیفان: "نەفرەت لە نەسرانیانی سەگ، نەفرەت لە تورکانی کافر."

کالیمات خۆی بۆ رۆییشتن ئامادە دەکات، بەڵام فیرنیزی ڕێگەی نادات و تێی دەگەیەنێ کە چۆن باراباس هەموو هێزەکەی لە کاتی زیافەت و دەعوەتەکە لە دێرەکەدا کوشتوون. ئەوسا دەزندانی دەخات و پێی دەڵێت ئازادی ناکات تا باوکی (خەلیفەی عوسمانی) دەستبەرداری ماڵتا نەبێت.

**<u>سەرچاوە</u>:** يهودي مالطا/ للكاتب المسرحي كرستوفر مارلو
ترجمها الي اللغة العربية عمر عثمان جبق

**تێبینی: لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.ئەدیبی پایەبەرز مامۆستا جەلال زەنگابادی بۆی راکێشابووم سوپاسی دەکەم.**

## جولەكەكەی ماڵتا

(میكافیلی وەژوور دەكەوێ)

میكافیلی/ ئەگەر دنیا، وا بزانن میكافیلی مردووە، ڕوحی بۆ ئەو دیوی چیاكانی ئەلب فڕیوەو جەستەی فەوتاوەو نەماوە، نها روحانیەتی لە فەرەنساوە هاتووە تا ئەم مەرز و بوومەی بەریتانیا بدینیێو دەمێك دەگەڵ دۆستو هاوڕێكانیا ڕابوێرێت.

ڕەنگە ناوم لەلای هەندێ كەس بیزەوەرو قێزەوەر بێت، ڕقیان لێم بێت، بەڵام ئەوانەی خۆشیان دەوێم،لە زمانی وانم دەپارێزنو دەزانن من میكافیلیم، سەنگو ئیحتوبار بۆ خەڵكی دانانەمو قسەیان بە هیچ نازانم.كێ زۆری ڕق لێمە، لە هەموو كەس پتر دڵبەندی منە: هەندێ كەس بە ئاشكرا رەخنە لە كتێبەكانم دەگرن، ئیرادو عەیب لە كتێبەكانم دەگرن، كەچی وێڕای ئەوەش دەیان خوێننەوە،و لە ڕێگەی كتێبەكانی منەوە، بە فەزڵی كتێبەكانی من دەگەنە كورسی پاپەویەت. كاتێ كتێبەكانی من توڕ دەدەن، پەیڕەوكارانی من، موریدانی من، ئەوانەی ڕێگەی گەورەیی و سەرفرازی دەگرنەبەر دەرمانخواردیان دەكەن، لە ناو یان دەبەن.

ئاین بەلای منەوە گەمەی منداڵانەو، پێموایە هیچ گوناحێك لە ئارادا نییە، ئەوەی هەیە جەهلو نەزانیە. بە ڕاستی كە گوێم لەو قسە قوڕانە دەبێت گوایە تەیروتو، چۆلەكەیەكی چكۆڵە دەكارن

تاوانی کوشتن کەشف بکەن، تەریق دەبمەوە. زۆر کەس باسی ئەوە دەکەن کە هەندێ کەس هەقیان لە تاجێك لە تاجاندا هەیە، شایستەی فلان تاجن: پێم نالێن تزار چ هەقێکی لە پۆستی ئیمپراتۆردا هەبوو؟ بە چ هەقێك بوو بە ئیمپراتۆر؟ هەمیشە هێز پاشایانی کردووە بە پاشا. هێز سەرچاوەی یەکەمی پاشایەتی بووەو پاشان یاسا مافی بێ سنووری داونەتێ، بە تایبەتی ئەو یاسایەی کە وەکو یاساکەی دراکو* بە خوێن نووسراوە. بۆیە قەلایەکی سەختو قایم، سامو هەیبەتێك لە دەوری خۆی دروست دەکات کە زۆر بە هێزترە لەوەی وشە بتوانێت دەری بپەڕێت. ئەگەر فالارس PHALARIS** ئەمەی زانیبا، رۆژی بەو رۆژە نە دەگەیی کە لە هەناودانی گایەکی مسینەوە ببۆڕێنێو هاوار بکات. سەبارەت بە ئێرەییو حەسوودی بردنی خەلکی رەشۆکیو رووتەی بەسەزمان، بە گەورەو دەمڕاستی قەومان، من بەش بە حالی خۆم بە غیلیو حەسودیەکەم پێ پەسندترە لە بەزەییو هاوسۆزی. ئەوە چییە خەریکە بەتانی قساندا دەچم... من بۆ ئەوە نەهاتووم بۆ ئێرە، بۆ بەریتانیا تا وتار بدەم، بەلکو بۆ ئەوەهاتووم کارەساتی ئەو پیاوە جولەکەیەتان بۆ بگێڕمەوە، کە بە هۆی منەوە، بە هۆی پەیڕەوکردنی بۆچوونەکانی منەوە، بووە بە خاوەنی یەك دنیا کیسە پارەی پڕو هەرچەند تەماشایان دەکات بسکەی سمێلی دێت.. من تەنیا یەك شتم گەرەکە: ئەویش ئەوەیە ئافەرینو دەستخۆشی لێبکەن، وەکو پێویست رێزی لێبگرن، رووی بدەنێ، چونکە وەکو منەو خۆشی دەوێم. (وەدەردەکەوێ).

## فەسلی یەکەم

(پەردە لادەبرێ، باراباس لە گەنجینەکەی خۆیدایەو، چەندین کۆمەلە زێڕی لەبەر دەمدایە.)

باراباس/ ئا بەمجۆرە بۆم دەرکەوت کە قازانجێکی زۆرم کردووە. کە حیسابی ئەو ڕیسکەم کرد کە بە سێیەکی کەشتییە فارسیەکانەوەم کرد بوو، ئەنجامەکەیم بەدل بوو. بەلام سەبارەت بەم پارە زیوە کەم بەهایانەی کە لە خەلکی سەبەء *و خەلکی ئوز*م وەرگرتووە، لەوانەی کە زەیتە ئەسپانیو شەرابە یونانیەکانیان کڕیوم، ئەوەتا لێرەدا عەمارم کردووە، ئەمە خاکو خۆلە، لێیان بە زیاد نەبێت، پیاو بە دەست ژماردنی ئەم خاکە رۆیانەوە، ئەم خاکو خۆلانەوە بە هیلاکی ڕەش دەچێت. دوای عەرەب حەرامە، کەشتێك دەکرن بۆ سەواو مامەلە، بە زێڕ، بە قالبە زێڕان هەقەکەت دەدەنێ، ئەوەندەت قالبە زێڕ دەدەنێ، پیاو دەتوانێ زۆر بە ئاسانی لە رۆژێکدا بەشی هەموو ژیانی لێ بژمێرێت. هەلبەتە خزمەتکارێکی ئاتاج کە لە ژیانا قرۆشێکی بەخۆیەوە نەبینێ بێت، وەکو عاجباتی سەیری ئەم هەموو مالە دەکات، سەری لەم هەموو سامانە دەسوڕمێ، بەلام ئەوەی، قاسە پۆلاێینەکانی پڕبێت، بە درێژایی تەمەنی خەریکی ژماردنی ناواخنی قاسەکانی بووبێ، حەز ناکات بە ئاخری پیری ئەم کارە، کاری ژماردن بکات، یان بۆ تاقە جونەیهێك خۆی بخاتە مەترسییەوە.

من بازرگانانی کانە هیندەیەکانم پێ باشن کە بازرگانی بەکانو مەعدەنی خالیسەوە دەکەن، یان ئەو بازرگانە مەغریبیە دەولەمەندەی کە دەتوانێ سەروەتو سامانەکەی لە تاوێرەکانی

ڕۆژهەڵاتەوە بێ دوو دڵی هەڵێنجێ‌و خەرمانە مرواری لەماڵەکەیدا هەڵبداتەوە وەکو ئەوەی بەرد بێت وبە خۆڕایی کۆی بکاتەوەو پاشان بە پارەی بفرۆشێتەوە. سەروەت‌و سامانەکەی من بریتییە لە بەردی عین الشمسی سووری ئاگرین، یاقووتی شین، یاقووتی بەردین‌و بەردی یەمانی،و ئاڵتوبازی رەق‌و تورت‌و زومڕودی سەوزی گیایی،و یاقووتی سووری ئاڵ‌و جوان، ئەڵماسی پرشنگدارو بەردێن دەگمەنی گرانبەهای ئەوتۆ کە ئەگەر هەر یەکێکیان، بە لامسەرلاییش تەخمین بکرێت‌و، کێشەکەی تەنیا یەك قیرات بێ، بەشی ئەوە دەکات لە کاتی تەنگانەدا، گەورە پاشایانی پێ لە دیلی رزگار بکرێت، ئەوەیە سەروەت‌و سامانەکەی من، پێموایە پێویستە ئەهلی ئەقڵ‌و حیکمەت بازرگانی بەو شتانەوە بکەن، ئەو جۆرە بازرگانیە بکەن، جا کە دەوڵەمەند دەبن، هەنگێ ماڵێکی یەکجار زۆر لە ژوورێکی بچکۆلەدا، وەکو من،عەمار دەکەن. ئاخۆ بەختم چۆن دەبێت؟ رووی بەخت لە کوێیە، لە ڕۆژ هەڵاتە؟ بەڵێ. وەزعی باپێوەکە دەبینی؟، ڕوو لە ڕۆژ هەڵاتە، بەلای باشوردا، کەواتە ئومێدەوارم ئەو کەشتیانەی بۆ میسرو دوڕگەکانی دەوروبەریم ناردوون، بە کەنارە پێچاو پێچەکانی نیل دا هەوراز بووبنەوە. کەشتییە چارۆکەدارە گەورەکەم کە لە ئەسکەندەریەوە دێت‌و بارەکەی بەهارات‌و ئاوریشمە نها بە کەناری (کاندی)دا دێت‌و دەریای سپی ناڤین بەرەو ماڵتا دەبڕێت، ئەرێ ئەوە کێیە وا دێت؟

(بازرگانێك وەژوور دەکەوێ)

بازرگان/ چیت دەوێ باراباس؟ هەموو کەشتیەکانت بە سەلامەتی گەییشتنە جێ، ئەوەتا لە بەندەری ماڵتادا لەنگەریان گرتووە، هەموو بازرگانەکان بە خۆو بارو بارخانەکانیانەوە بە سەلامەتی گەییشتوونەتەوە جێ، منیان ناردووە تا بزانن ئاخۆ بە خۆت دێی کە بارخانەو کەلوپەلەکانیان لە گومرك رزگار بکەیت.

باراباس/ وتت کەشتیەکان بە سەلامەتی گەیوونەتە جێ؟ بارو بارخانەی چەوریان پێیە؟

بازرگان/ بەڵێ، بارو بارخانەی بەنرخیان پێیە.

باراباس/ کەواتە بڕۆ، پێیان بڵێ با دابەزن‌و مانیفێستی باروبارخانەکانیان بەرن بۆ گومرك. هیوادارم ئەو ئیحتوبارەی لە نك گومرکخانە هەمانە، رەچاو بکرێت‌و بکەوێتە بری ئامادەبوونی خۆم، هەڕە شەست وشتر،و سی هێسترو، بیست عەرەبانەیان بۆ بنێرە تا باروبارخانەکان بگوازنەوە بۆ ئێرە. باشە تۆ سەرپەرشتیاری یەکێ لە کەشتیەکانم نیت، یانی ئەوەی پێتە بەشی گومرك ناکات؟

بازرگان / باجی گومرك، لە ڕەسیدی گەلێك لە بازرگانەکانی شار زیاترە، بۆیە زۆر لە ڕسیدەکەی من زیاترە، گەورەم.

باراباس/ دە کوڕی باش. بڕۆو بڵێ "جولەکەکەی ماڵتا" ناردوومی، کیهەیان باراباس ناناسن؟

بازرگان/ باشە وا من ڕۆیشتم.

باراباس/ باشە ئاخری هەندێ لە کەشتیەکانم گەیشتن،.. ئەرێ کوڕۆ تۆ لە کام کەشتیەم مەسئولی؟

بازرگان/ قوربان، بەرپرسی کەشتی "سیرانزا"م.

باراباس/ ئەریّ تۆ کەشتیە چارۆکەدارە گەورەکەمت لە ئەسکەندەریە نەبینی، هەرچەندە تۆ نە لە میسرو نە لە ڕێگەی قاهیرەوە نە هاتووی، بەڵام خۆ دەبیّ لەلای ڕێژگەی روبارەکەوە لەو شوێنەدا کە روبارەکە دەرژێتە دەریاوە، لەو شوێنەوە کە نیل بەرەو ئوقیانوس دەکشیّ، بە ئەسکەندەریەدا تیّ بپەڕیت.

بازرگان/  نەدیتوومەو نەلیّم پرسیوە، بەڵام گویّم لە هەندیّ لە دەریاوانەکانی خۆمان بوو کە سەریان لە تۆ سوڕدەما چۆن زات دەکەی، چۆن دڵت دیّ ئەو هەموو ماڵە لەو کەشتیە شەق و شڕە بۆ ئەو ڕێگا دوورە باریکەیت.

باراباس/  وس! سەلاّو لە ئەقڵیان! من کەشتییەکە دەناسمو، دەزانم چ قوەتێکی هەیە. تۆ هەقت نەبیّ، بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە! بارخانەی کەشتیەکەت دابگرەو بە بریکارە بازرگانیەکەم بڵیّ بارخانەکەی بۆ ئێرە بێنیّ. (بازرگانەکە وەدەردەکەویّ) وێڕای ئەوەش من سەرم لەو کەشتیە چارۆکەدارە دەسوڕمیّ. (بازرگانی دووەم وەژووردەکەویّ)

بازرگانی دووەم/ مزگێنیم بدەیە باراباس، کەشتیەکەت، ئەوەی لە ئەسکەندەریەوە بە ڕیّ کەوتبوو، ئەوەتا لە بەندەری ماڵتادا لەنگەری گرتووە، یەکپارچە سەروەت و سامانە، لە ئاوریشمی فارسییەوە بیگرە تا دەگاتە زێڕو مرواری رۆژهەلاّتی.

باراباس/ چۆنە دەگەڵ ئەو کەشتیانەدا نەهاتی کە لە میسرەوە وەڕیّ کەوتبوون؟

بازرگانی دووەم/ نەمان بینین قوربان.

باراباس/ لەگینە بۆ زەیت و بەرهەمی دی چووبن بۆ کەنارەکانی کاندی، بەڵام تۆ خراپت کردووە ئەم ڕێگە دوورو درێژەت بەبیّ کۆمەك یان راوێژو ڕێنوێنی کەشتییەکانی وان بڕیوە.

بازرگانی دووەم/ قوربان، ئوستۆڵێکی ئەسپانیمان بەگەڵ کەوت، تا یەك فەرسەخی ئێرە بەجێی نەهیشتین، ئەم ئوستۆڵە لە دووی کۆمەڵە کەشتییەکی تورکی بوو.

باراباس/ ئا.. بۆ (سەقلیە) دەچوون، باشە! خێرا بڕۆو بە بازرگان و پیاوەکانم بڵیّ بەلەز دابەزن.. بە خۆت سەرپەرشتی داگرتنی بارخانەکە بکە.

بازرگانی دووەم/ وا دەڕۆم (وەدەردەکەوێت).

باراباس/ ئا بەو جۆرە لە عەردەوە، لە دەریاوە، سەروەت و سامانمان بەسەردا دەرژیّ، خێرو بەرەکەت ڕوومان تێدەکات، لە هەموو لایەکەوە دەوڵەمەندو دەوڵەمەندتر دەبین. ئەمە ئەو بەڵێنەیە کە بە جوولەکە درابوو، ئەمە سەرچاوەی شادمانیە مێژووییەکەی برایم خەلیلە. جا ئاسمان چی بکات لەوە زیاتر کە سەروەت و سامان هەڵڕێژێتە کۆشی خەڵکی سەر رووی زەوی، ورگی زەویان بۆ هەڵدڕیّ، دەریایان بخاتە خزمەتەوە، با هەڵبکات و بە کەیفی دڵی خۆیان سەروەت و سامانیان بۆ بێنیّ، تەنیا دڵڕەشان، ئەوانەی چاویان بەم شادیو خۆشییەی من هەڵنایەت ڕقیان لێمە، تۆ بڵێی جگە لەو دڵڕەشانە کەسێك هەبیّ ڕقی لێم بێت؟ کیّ لەم زەمانەدا ڕێزی لات و لەوێر دەگرێت ؟ کیّ لەم رۆژگارەدا حورمەتی بێنەواو نەدار دەگرێت؟ ئەوەی پولێکی نەبیّ، پولیّ ناهێنیّ، بۆیە حەزدەکەم جولەکەیەکی بێزراوی دەوڵەمەندبم، نەك مەسیحیەکی هەژاری خۆشەویستی چاو لە دەست و بەزەیی خەڵکی. من جگە لە دڵڕەشی و درۆو لووتبەرزی

نابەجێ هیچی دی لە ئاینی نەسرانیانەکاندا نابینم، کە ئەمە دەگەڵ لافو گەزافیاندا تێك ناکاتەوە. رەنگە پیاوێکی نەگبەتو قەرەبەخت، هەژارو داماو، بە ویژدانو خاوەن ئینساف بێت، بەڵام بە هۆی ئەم ویژدانەوە تا ماوە بە سواڵکەری دەژی. بە ئێمە دەڵێن خەڵکانێکی پەڕاگەندەو پەرتەوازەن. من نازانم ڕاست دەکەن یان نا، بەڵام سەروەتو سامانی ئێمە لە هی هەموو ئەوانە زیاترە کە خۆ بە ئیمانو باوەڕەوە با دەدەن، بە باوەڕەوە دەنازن. بۆ نموونە ئەوە (کیریا جیریم)ی گەورە جولەکەی یۆنان، ئەوە (ئوبید) لە بیرسیت، ئەوە (نونز) لە پرتوگاڵ،و ئەوە من لە ماڵتا،و هەندێکی دی لە ئیتاڵیاو گەلێکی دیکەش لە فەرەنسا کە هەر هەموویان دەوڵەمەندن، بەڵێ دەوڵەمەندن، لە هەر نەسرانییەك دەوڵەمەندترن، هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەم کە ڕاستە پاشا نین، پاشامان تیا هەڵنەکەوتووە، بەڵام خەتای خۆمان نییە، مخابن ژمارەمان کەمە، تاجی پاشایەتیش یان بە میرات پێت دەبڕێت یان بە زەبری هێز زەوت دەکرێت، زۆر جارم گوێ لێ بووە کە ئەو شتەی بە زۆر بەدەست بێت، بەردەوام نابێت. حوکمێکی دروست و دادوەرانەمان بۆ دابین بکەن، ڤیروسیا پاشایەتیمان ناوێ، پاشایەتی بدەن بە نەسرانیەکان، ئەوان تینوو و کوشتەی سەرۆکایەتیو پاشایەتین. من هیچ مەسئولیەتێکم لەسەر نییە، رەشە خێزانم بەسەرا نەکەوتووە، منداڵم زۆر نین، تاقە کیژێکم هەیە کە خۆشم دەوێت، وەکو چۆن ئاگامەمنون* ئیفیگینی کیژی خۆش دەویست، بەو ئاوایە خۆشم دەوێت. هەرچیەکیشم هەیە هەر بۆ ئەوە. بەڵام... ئەرێ ئەوانە کێن وا بۆ ئێرە دێن؟ (سێ جولەکە وەژوور دەکەون).

(دیمەنەکە دەگۆڕێت، دەبێت بە جادە.)

جولەکەی یەکەم/ بیبڕەوە، باسی شتی وا بۆ من مەکە، نەڵێی ئەو کارە سیاسەتێکی لە پشتە.

جولەکەی دووەم/ ئەوە باراباسە وا بۆ ئێرە دێ، وەرن با بچین پرسیار لەو بکەین، ئەو سەر لەو کاروبارانە دەردەکات.

باراباس/ ها هاوولاتیانم، چیە؟ کاروبارتان چۆنە ؟ خێرە وا بە کۆمەڵ دێن بۆ لام ؟ جولەکە چیان لێقەوماوە؟

جولەکەی یەکەم/ باراباس... گەلە کەشتیەکی جەنگی لە تورکیاوە هاتووەو حاڵی حازر لە بەندەری ماڵتادا لەنگەری خستووە و خەڵکیش ئەمڕۆ لە بارەگای ئەنجوومەندا کۆدەبنەوە تا پێشوازی لە گەلە کەشتیەکەو شاندەکەی هاوڕێی بکەن...

باراباس/ چ قەیدیە... مادامێکی بۆ شەڕ نەهاتوون با بێن، خۆ ئەگەر شەڕیش بکەن هەر ئێمە براوەین (لەبەر خۆیەوە) نەخێر، با شەڕ بکەن، با سەر بکەون، بکوژن، ببڕن، کەس دەرنەچێت، هەر منو کچەکەمو سەروەتو سامانەکەم بە سەلامەتی دەربچین، بە ریشی بابی خەڵکییەوە.

جولەکەی یەکەم/ ئەگەر بۆ ئاشتیو پەیمانو دۆستایەتی هاتبان، ئەگەر نیازیان خراپ نەبوایە، بەو شێوە تەیارو شەڕڤانیە نەدەهاتن.

جولەکەی دووەم/ دەترسم بە هاتنی وان بەڵاو نەگبەتی بەرۆکی هەموومان بگرێت.

باراباس/ بەخوا گەوجن! چیتان داوە لەم خەو و خەیاڵە خاوە؟ چ پێویستیان بە ئاشتییە؟ تورکان‌و خەڵکی ماڵتا هاوپەیمانن، ئیدی گفتوگۆی چی‌و ئاشتی چی؟... دە بیبڕنەوە، ئەم هاتنەیان بۆ شتێکی دیکەیە.
جولەکەی یەکەم/ سەیرە باراباس: ئێستا ئەمانە بۆ ئاشتی هاتوون یان بۆ شەڕ؟
باراباس/ پێدەچێ نە بۆ ئەمیان هاتبن نە بۆ ئەویان... بەڵکو بە نیازن لە ڕێی دەریای ئەدریاتیکەوە بدەن بەسەر شاری ڤینیسیادا، ئەو شارەی چەندین جاری دی هەوڵی گرتنیان داوەو بۆیان نەچووەتە سەر.
جولەکەی سێیەم/ ئافەرین ئەقڵ! قسەیەیکی زۆر ئاقڵانەیە، زۆر ڕێی تێدەچێ وا بێ.
جولەکەی دووەم/ کۆبوونەوەیەك لە بارەگای ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریدا هەیە، دەبێ هەموو جولەکەکانی ماڵتا لەوێ ئامادەبن.
باراباس/ بە ڕاستتە، دەبێ هەموو جولەکەی ماڵتا ئامادەبن؟ بۆی هەیە. دەیسا، هەر کەسە خۆی ئامادە بکات‌و با هەموو بچین، وەك دەڵێن دەگەڵ عامێ دەچمە شامێ، بەڵام ئەگەر شتێك دەربارەی ئێمەو وەزع‌و حاڵی ئێمە هەبوو، ئەوا دڵنیا بن کە من (لەبەر خۆیەوە) بەرژەوەندی خۆم دەپارێزم.
جولەکەی یەکەم/ دەزانم کە وا دەکەیت... دەیسا براینە با بڕۆین...
جولەکەی دووەم/ بە یارمەتیت... بە دوعا باراباسی پیاوچاك.
باراباس/ بە دوعا. خوا حافیز زاریت، خوات لەگەڵ تیمانت.

(هەردوو جولەکە وەدەردەکەون). دەی باراباس نها فرسەتە، مێشکت بخە کار، ئەم رازو نهێنییە کەشف بکە. ئەم پیاوە سەخیفانە بە هەڵە لە مەسەلەکە گەییشتوون.. لە مێژە ماڵتا باج بە سوڵتانی تورکان دەدات، من لەوە دەترسم سوڵتان، بە هەنجەت‌و بیانووی سیاسی، باجەکەی بەڕادەیەك زیاد کردبێت، کە بە هەموو سەروەت و سامانی ماڵتا هەڵنەسووڕێت... لەگینە بەم بیانووەوە شارەکە داگیر بکەن، بەڵێ ئەوەی مەبەستە، بەڵام هەرچییەك دەبێ با ببێ، گرینگ ئەوەیە من لەسەر دەسکەوتی خۆم بم، خۆم دەپارێزم، ماڵی خۆم توند دەگرم... خۆم لە هەر شتێکی دی گرینگترم. بابێن... با شارەکە داگیر بکەن!!! (وەدەردەکەوێ).

(فیرنیزی فەرمانداری ماڵتا بە خۆو سوارەو پیادەو ئەفسەرانیەوە وەژوور دەکەوێ‌و کالیمات‌و پاشاواتی تورك پێشوازییان دەکەن).
فیرنیزی/ پاشایان، هەنووکە چیتان لەمە دەوێ؟
پاشای یەکەم/ سوارچاکانی ماڵتا، با پێتان بڵێم کە ئێمە لە (رودز)و قوبرس‌و کاندی‌و دوڕگەکانی دیکەی دەریای سپی ناڤینەوە هاتووین.
فیرنیزی/ جا قوبرس‌و کاندی‌و دوڕگەکانی دی چ پەیوەندییەکیان بە ئێمەوە یان بە ماڵتاوە هەیە؟ پێمان بڵێن ئێوە چیتان لەمە دەوێ؟
کالیمات: باجی ئەو دە ساڵەمان دەوێ کە تا ئێستا نەتان داوە.

فیرنیزی/ مخابن قوربان، ئەو پارەیە لەوە زیاترە بەمە هەڵبسوڕێت. بە ئێمە نادرێت، تکا لە بەڕێزتان دەکەم وەزعو حاڵی ئێمەش ڕەچاو بکەن.
کالیمات/ جەنابی فەرماندای بەڕێز، خۆزیا شتەکە لە دەسەڵاتی مندا بوایەو بمتوانیبا یارمەتیتان بدەم، بەڵام مەسەلەکە پەیوەندی بە باوکمەوە هەیە، من نە دەتوانم و نە دەوێرم هیچ سازشێکی لەسەر بکەم.
فیرنیزی/ کەواتە سەلیم کالیماتی مەزن، دەرفەتمان بدەن. با راوێژو تەگبیرێك لە نێو خۆماندا بکەین.
کالیمات/ دەی کوڕینە هەموو لاکەون. با سوار چاکان، راوێژو شیرەتی خۆ بکەن. جواب لە کەشتیەکانی خۆمان بگێڕنەوە کە چارۆکەکانیان دانەدەنەوە، چونکە پێناچێت زۆر لێرە ماتەڵ بین. دەی فەرماندار نها بڕیاری چیتان داوە؟
فیرنیزی/ گوێ بگرە:
لەبەر ئەوەی مەرجەکانتان قورسەو سوورن لەسەر ئەوەی باجی دەساڵی رابردووتان بە کەڕەتێ بدەینێ، تکاتان لێدەکەین، مۆڵەتی زیاترمان بدەنێ تا لە خەڵکیماڵتای کۆ دەکەینەوە.
پاشای یەکەم/ ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە.
کالیمات/ ئەوە چییە (کالابان)! تۆزێ هێدی بە! با بزانین مۆڵەتی چەندیان دەوێ، بەڵکو زۆر نەبێت. پاشایان تا رێگەی ئاشتی وەستا بێ نابێ پەناوەبەر زۆر بەرن‌و بە تۆبزی مەرجی خۆ بسەپێنن. باشە جەنابی فەرماندار مۆڵەتی چەندت دەوێ ؟
فیرنیزی/ تەنیا یەك مانگ!!
کالیمات/ ئەوە تۆو مانگێك، بەڵام تۆش سەر ڕاست بەو وادەی خۆت بەرە سەر، دەی کوڕینە، سەری کەشتیان با بدەنەوەو با بڕۆین، چاوەڕوان دەکەین مانگەکە تەواو بێت، هەنگێ نوێنەری خۆمان بۆ پارەکە دەنێرین، بە دوعا فەرمانداری مەزن، خوا حافیز شێرە سوارانی ماڵتا.
فیرنیزی/ خوات لەگەڵ، بە هیوای بەختەوەریت کالیمات.
(کالیمات‌و پاشاواتەکان وەدەردەکەون). دەی کوڕینە با یەکێك بچێت جولەکەکانی ماڵتا بۆ ئێرە بانگ بکات. قەرار نەبوو ئەمڕۆ لێرە ئامادەبن؟
ئەفسەری یەکەم/ بەڵێ ئەزبەنی.... ئەوەتا وا هاتن (باراباس و سێ جولەکەی دی وەژوور دەکەون.)
سوارەی یەکەم/ باشە دات ناوە چیان پێ بڵێی؟
فیرنیزی/ بەڵێ، دەی خێڵی جوولەکە وەرنە بەرەوە! سوڵتانی تورکان بە سەرۆکایەتی سەلیم کالیماتی کوڕی شاندێکی کردووەتە سەرمان. داوامان لێدەکات باجی دە ساڵی رابردوویان لە عەردێ بدەینێ، جا ئەم مەسەلەیە وەکو دەزانن پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە.
باراباس/ قوربان بۆ ئەوەی بارودۆخەکە نەشێوێ‌و ئاسایش بەرقەرار بێ، باشترین شت ئەوەیە باجەکەیان بدەیتێ، زۆر چاك دەکەی ئەگەر ئەو کارە بکەیت.

فیرنیزی/ لەسەرخۆ باراباس لەسەرخۆ، مەسەلەکە لەوە ئاڵۆزترە کە وێناو تەسەوری دەکەیت. حیسابمان کردووە. باجی ئەو دەساڵە یەجگار زۆرە، لە کێشدا نییە، بە هۆی شەڕو شۆڕەوە کەوتووینەتە سەر ساجی عەلیو ئەو پارەیە بەمە هەڵناسوڕێت، بۆیە داوای کۆمەکی ئێوە دەکەین.

باراباس/ بە داخەوە... قوربان... ئێمە سەرباز نین! جا کۆمەکی ئێمە دەبێ بۆ میرێکی مەزنی وەکو تۆ بکاتە چیو چەند بێ؟

سوارەی یەکەم/ بێدەنگ جولەکە!... ئێمە دەزانین تۆ سەرباز نیت، تۆ بازرگانو سووتخۆرێکی گەورەیت، ئێمە ماڵو پارەو سەروەتەکەمان دەوێت نەک خۆت.

باراباس/ چۆن قوربان؟ سەروەتو سامانەکەم، پارەکەم؟

فیرنیزی/ بەڵێ پارەکەتو... پارەی خەڵکی تریش. بە کورتیەکەی ئێمە لێبڕاوین پارەی باجەکە لە ئێوە کۆ بکەینەوە.

جولەکەی یەکەم/ مخابن ئەزبەنی، ئێمە زۆربەمان هەژارین.

فیرنیزی/ کەواتە با دەوڵەمەندەکان، پشکی هەژارەکانیش بدەن.

باراباس/ یانی باجی خۆتان لە غەواران و بێگانان کۆ دەکەنەوە؟

سوارەی دووەم/ باشە غەواران پرسیان بەمە کردووە کە ئەم هەموو سەروەتو سامانەیان لە وڵاتی ئێمەدا بە دەست هێناوە؟ کەواتە با بەشداری باجدانەکەش بکەن.

باراباس/ چۆن بەشداریتان بکەین؟ وەکو یەك، بەرانبەر، یەکسان.

فیرنیزی/ نەخێر جولەکە... ئێوە وەکو کافران بەشداری دەکەن، بەڕاستی تاڵاوی زۆرمان بە تێکەڵاوی ئێوەی قێزەونەوە چەشت، بە هۆی ئێوەوە، هەی بە نەعلەتی ئاسمان بن، نەگبەتیو بەڵای دنیامان بەسەر هات، کەوتینە ژێر باری قورسی باجو خەراجان، بۆیە بڕیارمان داوە کە: ئادەی ئەفسەر بەندەکانی بڕیارەکەیان بۆ بخوێنەوە.

ئەفسەر/ (دەست بەخوێندنەوە دەکات).

یەکەم: ئەو باجەی کە تورك داوای دەکەن هەر هەمووی لە جولەکەکان کۆ دەکرێتەوە، هەر جولەکەیەك دەبێ نیوەی سەروەتو سامانەکەی بدات.

باراباس/ چی؟ نیوەی سەروەتو سامانەکەی؟ (لەبەر خۆیەوە) هیوادارم مەبەست نیوەی سەروەتو سامانەکەی من نەبێت.

فیرنیزی/ (بە ئەفسەرەکە): دەی بەردەوام بە.

ئەفسەر/ (دیسان دەست بە خوێندنەوە دەکات):

دووەم: هەر جولەکەیەك پارە نەدات، دەبێ یەکسەر ببێت بە نەسرانی.

باراباس/ چی؟ نەسرانی! یانی چۆن، چی بکەین؟

ئەفسەر/ (بەردەوام دەبێت): هەر کەسێکیش نەبێت بە نەسرانی، یانی ئەمەی بە دڵ نەبێ، دەست بەسەر هەموو سەروەتو سامانەکەیدا دەگیرێت.

هەر سێ جولەکەکە/ باشە ئەزبەنی، بە نیوەکە قایلین.

باراباس/  ئێوه خوێڕین، ئێوه نه جولەکەن‌و نه له جولەکه بوون! یانی بەم سەر شۆڕییه رازین‌و سەروەت‌و سامانەکەتان دەخەنه بەردەستیان؟
فیرنیزی/  ها باراباس چ دەڵێی؟ دەبیت به نەسرانی؟
باراباس/  نەخێر جەنابی فەرماندار. شتی وا ناکەم
فیرنیزی/ کەواته نیوەی سەروەت‌و سامانەکەت بدە.
باراباس/ ئەوە دەڵێی چی؟ دەزانی ئەمه چ دەگەیەنێت، ئاکامی ئەم فێڵەت چییە؟ نیوەی سامانەکەم بارتەقای هەموو سامانی ئەم شارەیە. جەنابی فەرماندار من ئەم سامانەم به هەوەنته پەیدا نەکردووە،و به هەوەنتەش دەستبەرداری نابم.
فیرنیزی/ جەناب، بەنیوەکه مەمنوون بە، ئەوە ئەو سزایەیه که به گوێرەی بڕیارەکەمان له سەرته بیدەی، ئیدی به خۆت سەرپشك به یان نیوەکه بدەو بڕێتەوە یان دەست بەسەر هەموو سامانەکەتدا دەگرین.
باراباس/  ئەلحکوم و لله!... ڕاوەسته... نیوەکەتان دەدەمێ. هەمان حیسابی برادەرەکانی دیکەم دەگەڵ منیشدا بکەن.
فیرنیزی/   نەخێر جولەکە، تازه تۆ قەرارەکەت رەفزکردین. بۆت نییه پەشیمان ببیتەوە، پەشیمانی دادت نادات (به ئاماژەیەك ئەفسەرەکان دەکاته دەرەوە).
باراباس/  یانی ماڵەکەم دەدزن؟ چما ئاینی ئێوه لەسەر دزی ڕۆنراوە؟
فیرنیزی/ نەخێر جولەکە. تەنیا سەروەت‌و سامانەکەی تۆ دەبەین، بۆ ئەوەی خەڵکی پێ رزگار بکەین، ئەگەر قەرار بێ قوربانی بدرێت، تاکێك بکرێ به قوربانی کۆمەڵ باشتره لەوەی کۆمەڵ بکرێ به قوربانی تاکێك، تاکێك برسی‌و نەدار بکرێت نەك گەلێك له برسا بمرێت‌و تیا بچێت. بەڵام وێڕای ئەوەش باراباس شاربەدەرت ناکەین. بۆ خۆت هەتا هەتایه لێرە، له ماڵتادا بژی، وەکو جاری جاران کاسبی خۆت بکەو تا دەتوانی سەروەت‌و سامان پێکەوه بنە.
باراباس/  نەسرانیەکان تو ئەو خوایه من ناڵێم، ئێوه بیڵێن، چم پێ کۆ دەکرێتەوە؟ ئاخر چۆنی کۆبکەمەوە؟ ئاخر هیچ له هیچەوه دروست ناکرێ.
سوارەی یەکەم/ هەوەڵجار له هیچەوه سەرمایەیەکی کەمت کۆکردەوە، ئیدی لەکەمەوه بۆ زیادو زیاتر هەڵتبوارد. جا ئێستاش ئەگەر ئەو تەوقی نەعلەتەی له قال‌و بەلاوه له ملی جولەکه کراوە، به قورس دەزانیت‌و لات‌و ریسوای نێو خەڵك‌و خوای کردویت، ئەمه گوناحی ئێمەی تیانییە، بەڵکو گوناحی خۆتانه‌و پشتاو پشت بۆتان بڕاوەتەوه‌و لێتان نابێتەوە.
باراباس/ ئەمه چیە؟ نموونه له کتێبی پیرۆز دێنیتەوه تا پاکانه بۆ تاوانەکانی خۆ بکەن، ئەو قسانه بۆ من مەکەن، به وەعزان داگیرکردنی ماڵەکەم حەڵاڵ مەکەن. ڕاسته هەندێ جولەکەی خراپ هەن، خۆ ئەمه له نەسرانیەتدا زۆرتره کەمتر نییە، وەکو دەڵێن چەم بێ چەقەڵ نابێت، گریمان تایفەکەی من لەبەر گوناحی خۆیان، له ڕەحمەتی خودا بێبەش بوون، هێنده یاخی‌و گوناحبارن که به هیچ جۆرێ رەحمەتی خوا نایانگرێتەوە، من چی بکەم، یانی لەسەر گوناحی

وان من دادگایی دەکەن، قەزای تاوانبار دەخەنە ملی بێتاوان؟ پیاوی باش دەبێ بژی، کێتان دەتوانن من بە پیاوی خراپ بزانن؟

فیرنیزی/ بڕۆ دەرێ هەی باراباسی مەلعوون، تۆ شەرم ناکەیت خۆتمان لێدەکەی بە فریشتە، چما ناتناسین، نازانین چ کارەیت؟ ئەگەر ڕاست دەکەیتو پیاوێکی ئەوەندە ساڵحانی، سەبرو ئارامت بێ، شوکری خوا بکەو سەروەتو سامانەکەت زیاد دەکات، دەوڵەمەندی، پیاو چاو چنۆکو تەماعکار دەکات، تەماعکارییش هەر مەپرسە چ هەڵەو گوناحێکی کوشندەیە !

باراباس/ بەڵێ وایە، بەڵام لە دزی وتاڵانی باشترە، کەواتە هیچم لێ مەسێنن، چونکە ئەوە تاڵانیو دزییە، ئەگەر بەو شێوەیە ڕووتم بکەنەوە، تاڵانم بکەن، هەنگێ ناچارم بۆ ئەوەی لە ئێستا دەوڵەمەندترو داراتر بم، پەنا بەرمە بەر دزی.

سوارەی یەکەم/ جەنابی فەرمانداری بەشکۆ، گوێ لەو قسە هەلەقو مەلەقانەی مەگرە. یەکسەر کۆشکەکەی بکە بە دێری ڕەبەنیتەکان، ئەوەندە گەورەیە جێی دەیان ڕەبەنیتەی تیا دەبێتەوە.

فیرنیزی/ ماقوولە، وا دەکەین (ئەفسەرەکان دێنەوە ژوورێ) دەی ئەفسەران ئەوەی پێم گوتن جێبەجێتان کرد؟

ئەفسەری یەکەم/ بەڵێ خاوەنشکۆ. دەستمان بەسەر هەموو زندە ماڵو مردە ماڵێکی باراباسدا گرت، ئەوەندە زۆرە ئەگەر تەخمین بکرێت لە تێکڕای سامانی ماڵتا زیاترە، هەروەها دەستمان بەسەر نیوەی سامانی جولەکەکانی دیکەشدا گرت.

فیرنیزی/ دەیسا هەر ئەوە ماوە فەرمانی تایبەتی بۆ باقیەکەی دەربکەین.

باراباس/ دەی باشە قوربان. ئێستا ڕازیت؟ هەر چم هەبوو لە کەلوپەلو سەروەتو سامان، پارەو پول، گەنجو گەنجینەو کەشتیو پاپۆڕان، هەر هەموویتان داگیر کرد، مەگەر دڵتان لە بەردبێ دەنا ناتوانن داوای هیچی ترم لێبکەن، ئیدی هیچی ترم نەماوە مەگەر گیانم، خۆ ئەویشم لێ ناسەنیت.

فیرنیزی/ نەخێر باراباس، نە تەبیعەتمان هەڵدەگرێتو نە ئاینەکەمان ڕێ دەدات، دەستمان بچێتە خوێنی کەس.

باراباس/ بۆ نا؟ ئێوە دەستان بەسەر سەروەتو سامانەکەمدا گرت، گسکتان لێدا، ئەوە بەری ڕەنجی هەموو تەمەنم بوو، سەلواو خۆشی پیریم بوو، هیواو ئومێدی نەوەو نەتیرانم بوو، بۆیە ئێوە هەست بە هیچ تاوانێك ناکەن.

فیرنیزی/ دڵنیا بە باراباس، دڵنیا بە غەدرمان لێنەکردویت، کە گوتت هەق ئاو ڕادەوەستێ. هیچ نەهەقیەکمان لێنەکردویت.

باراباس/ کامە هەق؟ تۆ بەناوی هەقەوەو لە ژێر پەردەی هەقدا زوڵم لە من دەکەیت. ئەو پەڕی زەرەرم لێدەدەیت.. بڕۆ بیبەن، خێری لێ نەبینن.

فیرنیزی/ دەی با بچینە ژوورەوە، بەڵکو لەم کەلوپەلانە، پارەی باجی تورکەکان کۆ بکەینەوە.

سوارەی یەکەم/ پێویستە خەمی ئەوە بخۆین، چونکە ئەگەر لە کاتی دیاریکراودا باجەکە نەدەین، وەعدە بە خیلاف دەردەچینو ئەمەش سیاسەتێکی ئاقڵانە نییە.

(هەموو وەدەردەکەون، تەنیا باراباس و سێ جووەکە نەبێ)

باراباس/ بەڵێ، سیاسەت! کاروپیشەی ئەوان لە ژیاندا سیاسەتە نەك سادەیی و سەر ڕاستی وەکو ئیدیعا دەکەن. ئەی تاقە بزوێنەری مەزنی گەردوون، دەردو بەڵاو پەتاو نەفرەتی ئاسمانیان بەسەرا برێژە، غەزەبی زەوی و کینەی خەڵکیان بەگژدا بکە، ئەوەتا من لێرەدا، کەوتوومە سەر چۆکان و پێ بە عاردیدا دەکوتم، دەیسا نەفرەت لە روحیان بێ، ئاگری بنەبانی دۆزەخیان بەنسیب بێت. وەکو ئەم نسیبەتەیان بەسەر مندا هێنا!

جولەکەی یەکەم/ باراباس، گوێ مەدەیە، سەبرت بێ، ئارام بگرە!

باراباس/ ئەی برا گەوجەکانم! ئەی ئەوانەی بۆ ئەوە لە دایك بوون ئەم رۆژە رەشە بدینن، بۆچی بە واقی وەڕەوە وەستاون، بۆچی خەمەکانم ناتان بزوێنێ؟ بۆچی بۆ مەزلومیەتی من ناگرین؟ بۆچی لە داخا ناتوێمەوەو نامرم؟

جولەکەی یەکەم/ نا باراباس، ئێمە لە تاو تۆ خەریکە خەمی خۆمان لە بیر دەچێتەوە، خۆ بە خۆت بینیت چ نەهەقیەکمان لەگەڵدا کرا، بە خۆت بینیت چۆن نیوەی سەروەت و سامان و موڵك و ماڵەکەیان لێ سەندین.

باراباس/ بۆچی ملتان بۆ دان؟ ئێوە زۆر بوون و من بە تەنیا، هەر من خرامە سەر ساجی عەلی، دارو نەداریان بردم، گسکیان لە موڵك و ماڵەکەم دا.

جولەکەی یەکەم/ باراباس، براکەم، لەگەڵ ئەوەشدا سەبری ئەیوبت بێتەوە یاد، چاو لە ئەیوب بکە.

باراباس/ کورە ئەیوبی چی و حاڵی چی؟ هەموو سەروەت و سامانەکەی بریتی بوو لە حەوت هەزار سەر مەڕ، سێ هەزار وشتر، دوو سەد جووتە گای بەکارو پێنج سەد ماکەر، جا موڵك و ماڵەکەی من، ئەوەی لە ماڵەوەو لە کەشتیە چارۆکەدارەکەم و ئەو کەشتیانەی دیکە کە لەو دواییانەدا لە میسرەوە هاتبوون، هەمبوون، هەر بە فرێدان فرێت دابا، خۆی و هەموو پەزو ماڵاتەکەی ئەوی پێدەهات و ئەوەندەشی لێ زیاد دەبوو بۆ هەتا هەتایە های لایف پێی ژیابام. بۆیە هەقە نەك ئەو، بەڵکو من، باراباسی کلۆڵ، قوڕ بپێوم. نەفرەت لەو رۆژە شوومە بکەم کە تیای لە دایك بووم، خۆزگە بخوازم کە لە بار دایك چووبام. بۆیە ئومێدەوارم لە ئێستاوە شەوێکی ئەبەدی، هەتا هەتایی باڵم بەسەردا بکێشێت، هەوری تاریکی، جەستەم داپۆشێت و ئەم خەمە ئەستوورانەم لەبەر چاو بشارێتەوە. رەنجی ژیانم بە باچوو، بەختەکەی خۆم شوومە، ئارەزووی شادی و ئاسوودەییم کرد، کەچی بێهودەیی و رەنجەڕۆیی و شەوانی پڕ ئازارم هاتنە رێگا.

جولەکەی دووەم/ باراباس گیان، هیچ چار نییە دەبێ سەبرت هەبێ!

باراباس/ بەڵێ. تکایە وازم لێ بێنن با بە دەوری خۆمەوە بتلێمەوە، سەبری چی و حاڵی چی. ئێوە کە هەرگیز سەروەت و دەوڵەتتان بە خۆوە نەدیتووە، نەداریتان پێ خۆشە، لەسەر هەژاری راهاتوون. بەلای کەمەوە رێگەی ناڵێن بەو کەسە بدەن کە لە مەیدانی شەڕدا، بە تاقی تەنیا لە ناو جەرگەی دژمندا وەستاوەو بە چاوی خۆی دەبینێ هەموو سەربازەکانی لال و پاڵ لێی کەوتوون، کوژراون، بەخۆیشی بێ چەك نازانێ چ بکات و چۆن بێتەوە مایە، لێمگەڕن با بۆ ئەم قەوماوە

کوت‌و پڕە بگریم، ئێوە نازانن کە من ئەم قسانە دەکەم چەند پەرێشانم، لە چ نیگەرانیەکی دەروونیدام، زەرەری قەبە، بە ئاسانی لە بیر ناکرێت.

جولەکەی یەکەم/ وازی لێ بێنن، با بە تەنیا بێ، دڵی پڕە، قسەکانمان زیاتر دەی هێنێتە کوڵ‌و جۆش.

جولەکەی دووەم/ زۆر بە داخەوە بەڕاستی ئابڕوچوونە پیاو کەسێك بدینێ مامەڵەیەکی نامرۆڤانەی دەگەڵدا بکرێت... با بڕۆین، بە دوعا باراباس.

باراباس/ بەڵێ، بە دوعا. (جولەکەکان بە سێ قۆڵی وەدەردەکەون). تۆ تەماشای ئەو کۆیلە ئەحمەق‌و گەوجانە، تەمەشای ئەو گەجەرو گوجەرانە، وا دەزانن من کلۆ کەستەکێکی بێ هەست‌و گیانم، رازی دەبم بەوەی هەر ئاوێك بم توێنێتەوەو بمبات. نا، باراباس بۆ ژیانێکی باشتر خوڵقاوە، لە قوڕێکی باشتر لە قوڕی ڕەمەکی مەردم چێکراوە، لە قوڕێکی باشتر لە قوڕی ئەو ڕەشە خەڵکەی تەنیا ئەمڕۆ دەبینن دروستکراوە، کۆڵدانی لە مەزەبدا نییە، بیرۆکەیەکی تیژ خۆی بە ناخی مێشکیدا دەکات‌و نەخشە بۆ رۆژانی داهاتوو دادەنێ، چونکە شەڕ لەگینە هەموو رۆژێك روو بدات.. بەر دەرکەت پێ بگرێت.. (ئەبیجیل وەژووردەکەوێ) (دیمەن: جادەیە) ئەوە بۆ کوێ ملت ناوە ئەبیجیلە جوانەکەم؟ ئاە! بۆچی دەگریت کیژە جوانەکەم؟ خەمباری چیت؟ کیژێ مەگری، زەرەرێکی کەم شین‌و شەپۆری ناوێ، خەمت نەبێ، باوکت ئەوەندەی وەلاوە ناوە بەشی تۆ بکات.

ئەبیجیل/ من بۆ خۆم ناگریم، بۆ باراباسی پیرەمێرد دەگریم. باوکە، ئەبیجیل بۆ تۆ شین دەگێڕێت. بەخۆم دەزانم چۆن ئەم فرمێسکە نەزۆکانە، ئەم فرمێسکە بێهودانە دەسڕم. هەر ئێستا دەڕۆم بۆ ئەنجوومەنی شورا، دەگریم، دەیکەم بە شین‌و ڕۆ ڕۆیەك ئەوپەڕی دیار نەبێت، قژی خۆم لە بن دەردێنم، بەندی دڵیان دەپچڕێنم، وایان لێدەکەم دڵیان نەرم بێت‌و ئەو زوڵمە کەم بکەنەوە کە لە باوکیان کردووم.

باراباس/ نا، ئەبیجیل، فایدەی نیە، ئەوەی چوو چوو، بە هات‌و هاوار، بە فیغان ناگەڕێتەوە. بێدەنگ بە کیژم، لە دوای تەنگانە فەریحیە، بەری تەنگانە کورتە، پیاو کە لە تەنگانە دەردەچێت هەست بە ئاسوودەیی دەکات، دنیا دەوران دەورانە، رۆژگار دەسوڕێ، دەچەرخێ، بەڵام جارێ... وا نەزانی بابت ئەوەندە گەوج‌و کەودەن بێ هیچ حیسابێکی بۆ رۆژی تەنگانە نەکردبێت‌و هیچی بۆ بژێوی خۆت‌و خۆی وەلاوە نەنابێت، من هەمیشە لە رۆژانی تەنگانە ترساوم، حیسابم بۆ رۆژانی تەنگانە کردووە، خەمت نەبێ دە هەزار پارچە زێڕی پرتوگالی، یەك دنیا دوڕو گەوهەری گرانبەهاو بەردی بە هادارم شاردووەتەوە.

ئەبیجیل/ لە کوێت شاردوونەتەوە باوکە؟

باراباس/ لە ماڵەوە کچەکەم.

ئەبیجیل/ کەواتە جارێکی دی باراباس بە چاو نایان بینێ، چونکە ماڵەکەیان داگیرکردوویت،و هەرچییەکی تیا بوو تاڵان کرا.

باراباس/ پێموایە رێگەم دەدەن، جارێکی دیکە بچمە ماڵەکەی خۆم.

ئەبیجیل/  باوەڕ ناکەم ڕێت بدەن، چونکە فەرماندار بە خۆی لەوێ بوو، دوای ئەوەی منیان دەرکرد، کۆمەڵێك ڕەبەنیتەیان خستە ناو ماڵەکەت، بە نیازن بیکەن بە دێری ڕەبەنیتان، جگە لە ژنان ڕێگە بە هیچ پیاوێك نادرێ بچێتە ژوورەوە.

باراباس/ زێڕەکانم... زێڕەکانم!. هاوار بە ماڵم، سەروەتو سامانەکەم، ئەمیشم چوو ئەویشم چوو بە جارێ ماڵی وێرانم! ئەی ئاسمانی دڵڕەق، ئاخر ئەمە ڕەوای هەقە؟ من شایستەی ئەم بەڵایەم؟ ئەی ستێرانی شووم، بۆیەم دژایەتی دەکەن تا لە هەژاریدا تووشی نائومێدی ببم؟ چما پێتان وایە ئەوەندە شێتم خۆم بکوژم، خۆم بخنکێنم، ڕوحم ببێ بە گەردی بەر باو هیچ شوێنەوارێکم لێرە، لەسەر زەوی نەمێنێ؟ نا، نا، خەیاڵتان خاوە، هەر دەبێ بژیم، دەستبەرداری ئەم ژیانەم نابم، ئەم ژیانەم ناکورهێنم، چا مادامێکی لە ناوەندی دەریادا دەستان لێ بەرداوم کە یا بخنکێم و بپڕێمەوە یان بکەومە مەلەو خۆم دەرباز بکەم، ئیدی پەنا دەبەمە بەر فێڵە تایبەتیەکانی خۆم، تێن و تاو وەبەر خۆ دەدەم، سەر لە نوێ تێ هەڵدەچمەوە! کیژەکەم، چارەم دۆزییەوە، بە خۆت دەزانی ئەو نەسرانیانە چ بەڵایەکیان بەسەر هێنام، وەرە کیژی چاك بەو بە گوێم بکە، لە تەنگانەدا دەبێ ڕێگەی هەموو فێڵو دەهۆیەك بگرینەبەر، وەك دەڵێن خنکاو پەلاماری پوشیش دەدات.

ئەبیجیل/ بابە، تۆ بڵێی ئەبیجیل کۆ لە هیچ کارێکی دژی ئەمانە بکاتەوە، کە ئەو هەموو غەدرو نە هەقیەیان لێکردین؟

باراباس/ دەم خۆش، منیش ئەوەم دەوێ. چا با نەخشەکەمان ئەمە بێت: گوتت ماڵەکەیان کردووم بە دێری ڕەبەنیتان و حاڵی حازر هەندێکیان لەوێندەرن، وانیە؟

ئەبیجیل/  بەڵێ وایە.

باراباس/ کەواتە ئەبیجیل گیان، بڕۆ بۆ لای سەرۆکی دێرەکە (مامێر)و تکای لێبکە لەوێندەر قەبووڵت بکات.

ئەبیجیل/ چۆن؟ یانی داوای لێبکەم کە ببم بە ڕەبەنیتە؟

باراباس/  بەڵێ.. کچە شیرنیەکەم.. ئاین پەردەیەکە کە زۆر جۆرە ئەشکەنجەو تاوانانی لە سایەدا دەشاردرێتەوەو کەسیش گومانی لێناکات.

ئەبیجیل/  وایە. بەڵام بابە لەوێ گومانم لێدەکەن.

باراباس/ قەیدی نییە، با گومانت لێبکەن، بەڵام تۆ دەبێ دەورەکەت ئەوەندە بە وردی ئەنز بەربکەی کە وا بزانن ئەم کارەت لە دینداریيەوەیە. مەراییان بکە، لەبەریان بپاڕێوە، زارت دەگەڵیاندا شیرین بێت، وا بنوێنە کە گوناحەکانت زۆر گەورەن، تا لە دێرەکە قەبووڵت دەکەن.

ئەبیجیل/  یانی دەبێ تا ئەم ڕادەیە وابنوێنم بابە!

باراباس/  بەڵێ، خۆت بە جۆرێ ڕابێنە، کە کەس گومانی ئەوەت لێنەکات کە ئەم کارەت بە درۆیە، خۆ نواندنی مەسڵەحەتە. وەکو دیندارو ئیماندار خۆت بنوێنە، خۆ لە بن پەردەی ئەم ئیمانەدا وەشێرە، زەیفی ئاشکرا باشترە لە ڕیا و نیفاقی پەنهان.

ئەبیجیل/  باشە باوکە. تەقوو لە دێر قەبووڵ کرام، ئەدی دوای ئەوە چبکەم؟

باراباس/ دوای ئەوە گوێ بگرە: لە ژوورەکەی سەرەوە، لە ژێر ئەو لەوح و تەختەیەی کە زەمینەی ژوورەکەی پۆشیوە، هەموو ئەو زێڕو گەوهەرانەی کە بۆ تۆم هەڵگرتوون، لەوێدا، ڕاستەو خۆ لە ژێر لەوحە دارەکەدا شاردومنەتەوە. وس، ئەوا هاتن، زۆر وریابە ئەبیجیل، جا بت بینم.

ئەبیجیل/ کەواتە تۆش وەرە لەگەڵما بابە.

باراباس/ نا ئەبیجیل. با نەمبینن، من وا خۆ دەنوێنم، کە لە تۆ زویرم، لێت توڕەم چونکە چوویتە سەر دینی ئەوان. ئاگات لە خۆ بێ کچەکەم، بەم نەخشەو فێڵە زێڕەکانم بە دەست دێنمەوە. (لێکدی جیا دەبنەوە). (هەردوو ڕەبەن، جاکومۆو برناردین و مامێری دێرەکەو ڕەبەنیتەیەکی دی وەژوور دەکەون).

جاموکۆ/ خوشکینە وا خەریکە دەگەینە دێرە تازەکە.

سەرۆکی دێر (مامێر): باشتر، چونکە حەزناکەین کەس بمانبینێ، سی دانە ساڵ دەبێ کە کەسمان بە ئەندازەی ئەمڕۆ بە نێو خەڵکیدا نە سوڕاوینەتەوە.

جاکومۆ/ بەڵام دڵنیام کە ئەم خانووەو ئەم دێرە تازەیەت زۆر بە دڵ دەبێت.

مامێر/ ڕەنگە وابێ، ئەوە کێیە بەرەو ئێرە دێت؟ (ئەبیجیل وەژووردەکەوێ)

ئەبیجیل/ ئەی مامێری مەزن، ئەی ڕابەرو ڕێ نوێنی پاکیزانی بەختەوەر. بەزەییت بە حاڵی کچۆڵەیەکی لێقەوماودا بێتەوە، فریای بکەوە.

مامێر/ تۆ کێی کچەکەم ؟

ئەبیجیل/ منی کلۆڵ، کچی جولەکەیەکی بەخت ڕەشم، کچی جولەکە قەرە بەختەکەی ماڵتام، کچی باراباسم، ئەو باراباسەی خاوەنی خانوویەکی گەورە بوو، خانووەکەیان لێ زەوت کردو ئێستا کردویانە بە دێری ڕەبەنیتان.

مامێر/ دەی باشە کیژەکەم، داوات لە ئێمە چیەو چیت بۆ بکەین.؟

ئەبیجیل/ دەترسم ئەو بەڵاو نسیبەتەی بەسەر بابم هاتووە ئەنجامی گوناح و بێ باوەڕی ئێمە بێت، جا هاتووم لەسەر دەستی ئێوە تۆبە بکەم و ببم بە ڕەبەنیتەو قوتابی لە دێرەکەی ئێوەو داوای بوردن و بەخشین بۆ دەروونی گوناحباری خۆم بکەم، باقی ژیانم بۆ تۆبەو دینداری تەرخان بکەم.

جاکومۆ/ دڵنیابە براکەم، کە ئەم قسانە لە کانگای دڵ و لە ناخی ڕوحیەوە دەردەچن.

برناردین/ بەڵێ بەڵێ، لە کانگای روحێکی سەرگەردانیشەوە براکەم، لە کانگای روحێکەوە کە بەرد دەکات بە ئاو، پیاوی چابە وەرە با هەوڵێکی بۆ بدەین و لەم دێرە وەربگیرێت.

مامێر/ باشە کچەکەم، بە ڕەبەنیتە لەلای خۆمان وەرت دەگرین.

ئەبیجیل/ حەزدەکەم جارێ ڕەبەنیتەیەکی قوتابی بم تا فێر بم چۆن ژیانی گۆشەگیریم دەگەڵ شەریعەتی دروستی ئێوەدا بگونجێنم، لێم گەڕێن وەکو خۆم، چۆن ڕاهاتووم واهی بژیم، بێگومان لە سایەی فەزڵی ئاموچیارییەکانی ئێوەو هەوڵ و تێکۆشانی خۆمەوە سوودێکی زۆر وەردەگرم.

باراباس/ (لەبەر خۆوە) هیوادارام بە ئەندازەی هەموو ئەوەی شاردوومەتەوە سوود وەربگریت.

مامێر/ وەرە کیژەکەم، وەرەو ببە بە یەکێك لە ئێمە. ببە بە پەیڕەوی مە.

باراباس/  "وەپێش دەکەوێ" ئەوە چییە ئەبیجیل؟ چدەکەی لەناو ئەو نەسرانیە بێزراوانە؟

جاکومۆ/ ڕێگەی لێ مەگرە هەی ئیمان سز، دڵی خۆی مراندووە.

باراباس/  چۆن دڵی خۆ مراندووە!

جاکومۆ/ بەڵێ مراندوویەتی،و لە ڕیزی ڕەبەنیتاندا وەرگیراوە.

باراباس/  ئەی گیای مردن‌و نەمان، ئەی مایەی شەرمەزاری بابت، تۆ چی دەکەیت لە ناو ئەم ئەهریمەنە قێزەونانە ؟ من ئەمرت پێدەکەم واز لەو ئەهریمەنانەو کوفری ئەو ئەهریمەنانە بێنە، ئەگینا حاشات لێدەکەم.

ئەبیجیل/  بابە گیان مۆڵەتم بدە، بمبورە...

باراباس/ هەرگیز، بگەڕێوە ئەبیجیل (لە بن لێوانەوەو بە ئەبیجیل دەڵێ): "بیر لە گەوهەرو زێڕەکان بکەوە، ئەو لەوحە دارەی بەسەرییەوەیە ئەم نیشانەیەی... پێوەیە." هەیدێ گوم بە لەبەر چاوی بابت، هەی بە نەفرەت بی.

جاکومۆ/  باراباس هەرچەندە تۆ هێشتا کابرایەکی گومڕایت، غافڵیت لەو بەڵایانەی بەسەرت هاتوون. هەق نییە کارێکی وەها بکەیت کچەکەت بە گومڕایی بمێنێتەوە.

باراباس/ من گوێ لە تۆی ڕەبەنی کوێر ناگرم.. گوێم لەو قسانەی تۆ نییە (بە چپە ئەبیجیل دەدوێنێ): ئەو لەوحەی شتەکانم لەبن ناوە نیشانەیەکی واهی پێوەیە. خۆزی دەمردم‌و بەمجۆرەم نەدەبینی. تۆش لەم تەنگانەو تەنیاییەم دا بە تەنیا بەجێم دێڵی ئەی کچە گومڕاکەم؟ فریویان دایت؟ (بەچپە کچەکەی دەدوێنێ) بڕۆ، بیرت نەچێت! خۆشباوەڕی پیشەی جولەکان نییە، چۆن دەبێ جولەکە خۆشباوەڕ بن؟ (بەچپە) سۆزی دێمە لای دەرگاکە، لەوێ چاوەڕوانت دەکەم). بڕۆ، ئەوە بە نەعلەتم کردیت، جارێکی دی نەمناسیت. نەخەڵەتابی نێوم بێنی، نەخەڵەتابی بێیتە لام. (بەچپە پێی دەڵێت): بەدوعا، خوات لەگەڵ سبەی بەیانیت لە بیر نەچێت. بڕۆ.. هەیدێ لەبەرچاوم گوم بە، هەی بەدفەڕ.

(هەموو وەدەردەکەون‌و ماتیاس وەژووردەکەوێ).

مایتاس/  ئەمە کێیە؟ ئەبیجیلی جوان! کیژە جولەکە دەوڵەمەندەکەی ماڵتا دەبێت بە ڕەبەنیتە! وادیارە ئەو شکست‌و بەڵا کوتوپڕەی بەسەر بابی هاتووە، کردویەتیە کارێك پەنا وەبەر دێڕ بەرێت. مخابن! ئەم شۆخە خۆی لە داوی ئەشقێکەوە ئاڵاندبا زۆر چاتر بوو لەوەی خۆی بە دوعاو نزایانەوە ماندوو بکات، ئەمە هی ئەوەیە باسکی ئاشقێکی شەیدا، لە قەدی ئاڵێ نەك لە نیوە شەودا بۆ شەو نوێژێکی خەمناك ڕابێت. (لودوفیك وەژووردەکەوێ).

لودوفیك/  سڵاو دون ماتیاس، حاڵت چۆنە، خەمین دیاری، وانییە ؟

ماتیاس/  باوەڕم پێبکە لودوفیکی خانەدان، شتێکم دیتوە، پێموایە غەریب ترین شتە لە ژیانما دیتوومە.

لودوفیك/  تکایە بۆمی بگێڕەوە.

**ماتیاس/ کچۆڵەیەکی مناڵکاری شۆخ، چواردە ساڵ دەبیٚ‌و نابێت، جوانترین گوڵی مێرغوزاری سیدریا*، دەستبەرداری هەموو خۆشیو لەزەتێکی ژیان دەبێت، دنیا تەرك دەکات‌و لە خوت‌و خۆڕایی دەبێت بەڕەبەنیتە.**

**لودوفیك/ پێم ناڵێی ئەمە کێیە ؟**

**ماتیاس/ کیژی جولەکە دەوڵەمەندەکەیە!**

**لودوفیك/ چی؟ کچی ئەو باراباسەی لەو دواییانەدا دەستمان بەسەر سەروەت‌و سامانەکەیدا گرت؟ یانی بەو رادەیە جوانە؟**

**ماتیاس/ جوانییەکەی لەوەدا نییە، کوڕم دەویٚ خۆی لەبەری بگرێت، ئەگەر دەی بینی، مەگەر دڵت لە ئاسن بیٚ دەنا یەکسەر حەیرانی دەبیت، یان بەلای کەمەوە دڵت پێی دەسووتیٚ.**

**لودوفیك/ کە ئەوەندە جوانە، حەزدەکەم سەرێکی بدەین‌و ماوەیەکی لەلا رابوێرین، چی دەڵێی، دێی دەگەڵمدا.**

**ماتیاس/ بێگومان قوربان، دەبیٚ بچم‌و سەری بدەم.**

**لودوفیك/ دەیسا منیش سەری دەدەم، دەنا بەتاسەیەوە دەتلێمەوە. بە دوعا ماتیاس.**

**ماتیاس/ بە دوعا لودوفیك (هەر یەکەیان لەلایەکەوە وەدەردەکەویٚ).**

**<u>پەراوێز:</u>**

**١- دراکو (DRACO): یاسا دانەرێکی ئەسینا بوو، لە ساڵی ٦٢١پ ز، یاسایەکی بۆ ئەسینا دانا کە زۆر توندو بنجبڕ بوو.**

**٢- فالارس (PHALARIS) : ئەمە فەرمانداریٚکی زۆر ستەمکاری یەکێك لە شارەکانی دوڕگەی سیشل بوو لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی پز، یەکێك لە پیاوەکانی گایەکی لە مس بۆ دروستکردبوو، تاوانبارانی دەخستە ناو سکی گایەکەوەو ئەوسا ئاگری دەدایە ژێر گایەکەو تاوانبارانی بەستەزمان لە ناوەوە، لە تاو ئازاری گیانی خۆیان وەکو گا دەیان بۆڕاند، یەکەم قوربانی ئەم شتە وەستایەکە خۆی بوو، خەڵکی شار لە ساڵی ٥٥٤ پز لە فالارس راپەڕین‌و کوشتیان.**

**٣- ئەهلی سبأ: ناوی کۆنی خەڵکی یەمەنە.**

**٤- ئوز: شارۆچکەیەکی کۆنە لەسەر کەنداوی فارس بووە.**

**٥- ئاگامەمنون: قارەمانی حیکایەتێکی گریکییە، رووداوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی تەروادە، لەو چیرۆکەدا بە حوکمی ئەوەی فەرمانڕەوای وڵات بووە، داوای لێدەکریٚ یا ئەفیگێن-ی کچی بکات بە قوربانی بۆ خواوەندان یان دەبیٚ دەستبەرداری پۆست‌و پلەو پایەکەی ببێت. ئیدی فەرمانڕەوا، هەر چەند کیژەکەی زۆر خۆش دەویٚ، بڕیار دەدات بیکات بە قوربانی بۆ خواوەندان، بەڵام کاتیٚ کە تەورەکەی هەڵدەبڕیٚ کە لە ملی کیژەکەی بدات، خواوەندان بەموجیزات‌و پەرجوو کیژیٚ رزگار دەکەن.**

٦- سیدریا: دوڕگەیەکە دەکەوێتە بەستێنی پلوپونیزی باشوری یونان، لە ئەفسانانی یونانیدا بە مەقامو بارەگایەکی پیرۆزی ئەفرۆدێت دانراوە، بۆیە ناونراوە سیدریا کە خواوەندی جوانی و ڤیانە.

## فەسڵی دووەم

(باراباس بە خۆو فانۆسێکەوە وەژوور دەکەوێ)

(دیمەن بەرماڵەکەی باراباسە کە بووە بە دێری ڕەبەنیتان).

باراباس/ ئا بەو جۆرە باراباسی بەستەزمان بەدەم ژانو ئازارەوە دەناڵێنیو نەفرەتو تووکی کوشندە بەسەر نەسرانیاندا دەرێژێت، دەڵێی بایە قوشی شوومەو زەنگی مەرگ بۆ نەخۆشەکان لێدەداتو بە شەوی تاریكو ئارام تاعون لە هەردوو باڵییەوە بەسەر دنیادا دەڕژێ. ڕۆیی، خۆشیو شادیانی فریبۆكو خاپینۆك ڕۆیی، خۆشیو شادییانی ڕۆژگاری نەسرەوتو هەشتاوی ڕۆیی،و بە نائومێدی سپاردم. دارو نەدارم بە جاریێ ڕۆیی، هیچی نەما، بوو بە یادگاری ڕووت، ڕێك وەکو سەردولکەو لاوانەوەی ئەو سەربازە پێکراوەیە کە هیچ دادێکی نادادتو نوقوستانیەکەی چاك ناکاتەوە. ئاه ئەی ئەو کەسەی کە بە مەشخەڵێکەوە پێش تیرەی ئیسرائیلیان کەوتیتو لە تاریکستانی ترسناکت دەربازکردن، ڕوناکی بدە بەم نەوەیەی ئیبراهیم: ئەمشەو دەست بدە باڵی ئەبیجیل، هەنگاوەکانی پایەدار بکە، ئەگینا با لە ئێستا بە دواوە، ڕۆژ ببێت بە تاریکستانێکی هەتا هەتایی، خەو ناتوانێ پێڵوی چاوانم لێك بنێت، مێشکی هەژاوم ئۆقرە ناگرێت، تا ئەبیجیل جوابم لێنە گێڕێتەوە.

(ئەبیجیل، لە سەرێ ڕا سەر دەکێشێت).

ئەبیجیل/ ئۆخەی کە توانیم دەرفەت بێنمو دەلیڤە پەیدا بکەم کە ژێر لەوحەکە بگەڕێمو بەبێ ئەوەی کەس چاوی لێم بێ، هەموو ئەو زێڕو دوڕو گەوهەرانە بدۆزمەوە کە بابم شاردبوونییەوە.

باراباس/ ئێستا قسەی ئەو پیرەژنانەم بیردەکەوێتەوە کە لە هەڕەتی دڵداریمدا، لە گەرمەی زستاناندا، لە گوێ ئاگردانان سەری حیکایەتیان دادەمەزراندو باسی ئەو تاپۆو تارماییانەیان

دەکرد کە چۆن شەوان و بەلەز بە نزیکی ئەو شوێنەدا دەڕۆییشتن کە گەنجی تیا شاردراوەتەوە، نها ڕێك لە یەکێك لەو تارماییانە دەچم. چونکە تاقە هیواو ئومێدم هەر ئێرەیەو تا هەناسەم لەبەر بمێنێ هەرچاوم لێرەیە. کە مردیشم ڕوحم بەسەر ئەم شوێنەدا دەسوڕێتەوە.

ئەبیجیل/ خۆزگە بەخت یار دەبوو وبابمی بۆ ئێرە دێنا. باوەڕناکەم ئەو بەختەی هەبێت، پێدەچێت بێ بەخت بێت، کە دواکەڕەت لێکدی جیابووینەوە بەڵێنی دامێ کە سارەزی دێت بۆ لام. دەیسا ئەی ناسکە خەو، مورفیوس* ئاگادار بکە، با ئەمشەو بابم لە هەر کوێیەك نووستووە، خەونی زێڕین بدینێ،و بزانێت کە گەنج و سامانەکەیم دۆزیوەتەوە، بەڵکو لە ناکاو ڕابێت و بۆ ئێرە بێت و گەنجەکەی وەربگرێتەوە.

باراباس/ سەروەت و سامانەکەی من بە کەڵکی هەموو کەسێك نایەت. فایدەی نییە، دۆم بە دانیشتن ماڵی وێرانە ، با بڕۆم. ڕاوەستە، پەلەمەکە: ئەو ئەستێرەیە چیە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەدرەوشێتەوە؟ ئەگەر ئەبیجیل بێت، مانای وایە ئەستێرەی بەختم هەڵاتووە.. تۆ کێی؟

ئەبیجیل/ ئەدی تۆ کێیت؟

باراباس/ ئەبیجیل بێدەنگ بە، خۆمم خۆم.

ئەبیجیل/ کەواتە، هانێ کوولەکەی ڕوحەکەت بگرە بابە گیان.

باراباس/ دۆزیتەوە؟ هێناوتە؟

ئەبیجیل/ (چەند کیسەیەکی بۆ هەڵدەداتە خوارەوە) بیگرە. گرتت؟ هێشتا یەجگار زۆر ماوە،

باراباس/ ئاه کیژەکەم، ئەوە زێڕەکەمە، سامانەکەمە، هێزی ئەژنۆمە، داری عاسای دەستمە، کولەکەی ڕوحەکەمە، ژیانی منەو مەرگی دژمنەکەمە. ئاه مەرحەبا سەد مەرحەبا ئەی بەختەوەری. ئاه ئەبیجیل گیان، ئەبیجیل خۆزیا تۆشم دەگەڵ دەبووی، هەنگێ کۆزو شەشم دەبوو، هەموو ئاواتێکم دەهاتە دی، بەڵام هەوڵدەدەم کە ئازادت بکەم.. ئاه.. کچەکەم، ئەی زێڕەکەم! تۆ چەند جوانیت! من چەند شادمانم (کیسە زێڕەکان بە سینگییەوە دەقرسێنێت).

ئەبیجیل/ بابە گیان، کات درەنگە، بەرەو نیوە شەو دەڕوات، وەختی هەستانی ڕەبەنیتەکانە- باشتر وایە لێك جیاببینەوە تا گومانمان لێنەکرێت.

باراباس/ بە دوعا فێنکی دڵەکەم. لە کانگای ڕوحمەوە، بەم پەنجانەمدا ماچت بۆ دەنێرم. (ئەبیجیل، لەسەرەوە دیار نامێنێ) ئەی فیبوس، خواوەندی هەتاو، چاوی ڕۆژ بکەوە، لە جیاتی قەلەڕەش، کڵاونەی بەیانی لە خەو هەستێنە تا لەگەڵیا بفڕم و وەکو چۆن ئەو بەسەر بێچووەکانیا دەخوێنێ، منیش بەو ئاوایە بەسەر ئەم گەنجە جوانەما بخوێنم. (وەدەردەکەوێ.)

(فیرنیزیو، مارتن دل بوسکۆو سوارەو ئەفسەرەکان وەژوور دەکەون).

(دیمەن بارەگای ئەنجوومەنی شورایە).

فیرنیزی/ دەی کابتن، نها پێمان بڵێ بەنیازی کوێیت، ئەم کەشتیەت کە لە بەندەری مەدا لەنگەری گرتووە لە کوێوە هاتووە؟ بۆچی بەبێ پرس لە بەندەری ئێمە لایداوە؟

بوسکۆ/ فەرمانداری ماڵتا، من بە نیازی ئێرەو بۆ ئێرە هاتووم، کەشتییەکەشم (ئەژدیهای باڵدار) ئەسپانییە، بە خۆیشم ناوم (دل بوسکۆ)یە، من جێگری میرالام لەلای پاشای کاتولێکی.

سوارەی یەکەم/  دروستە گەورەم، جەنابی فەرماندار.. لەبەر ئەوە قەدری بگرە.
بوسکۆ/  بارگەکەمان بریتیە لە گریکان‌و تورکان‌و ئەفریقیان، ئێمە لەبەر خاتری گەلە کەشتی تورکی لە بەستێن‌و کەنارەکانی کورسیکا لامان نەدا، ئەوە بوو کەشتیەکانیان بەگژماندا هاتن. بەڵام لە ناکاو بایەکە توندی کرد، هەنگێ ئێمەش بامان دایەوەو کەوتینە شان بە شانی بایەکەو لەگەڵیان بە شەڕ هاتین: هەندێ لە کەشتیەکانمان سووتاندن،و ژمارەیەکی زۆریشمان لێ نقومی ئاو کردن، کەشتیەکشمان لێگرتن‌و کاپتینەکەیمان سەربڕی‌و سەرنشینەکانیمان بە د یل گرت‌و کردمانن بە کۆیلەی خۆمان. ئیدی بۆیە هاتووین تا ئەو کۆیلانە لە ماڵتادا بفرۆشین.
فیرنیزی/  مارتن دل بوسکۆ من ناوی تۆم بیستووە، بە ناوی خۆم‌و هەموو خەڵکی ماڵتاوە بەخێر هاتنتان دەکەم، بەڵام نەدەوێرین‌و نەدەتوانین ڕێگەی ئەوەتان بدەین ئەم دیلە تورکانە لێرە بفرۆشن، چونکە پەیمانی باج‌و خەراجمان لە نێواندایەو پەیمان شکێنیمان پێناکرێت.
سوارەی یەکەم/  مارتن دل بوسکۆ، تۆ بە حوکمی ئەوەی خۆشت دەوێین‌و ڕێزمان دەگریت، هەوڵی ئەوە بدە فەرماندارەکەی ئێمە. بێنیتە ڕەدا کە دژی تورکان بوەستێت.. چونکە ئەو پەیمانە بۆ ئەوەیە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئاڵتونێکی زۆر خڕ بکەینەوەو بە ناوی باجەوە بیاندەینێ.. خۆ ئێمە دەتوانین هەر بەو ئاڵتونەی بۆ ئەوانی کۆدەکەینەوە گەورەترین شەڕیان دەگەڵ بکەین.
بوسکۆ/  باشە قوربان، سوارانی ماڵتا، هەروا بەو ئاسانیە رازی دەبن، ئەو هەموو ئاڵتونە بدرێت بە تورکان، هەر لەبەر ئەوەی بەگژتانا نەیەن. دەزانی وەختێ دوڕگەی (رۆدن) ئەو دوڕگەیەی من لێوەی هاتووم، کە لەو دواییانەدا تورکەکان داگیریان کرد، بوو بە پەڵەی شەرمەزاری بەنێو چەوانی ئەوروپاوە. جا تۆش کە فەرمانداریی ئەم دوڕگەیەت کەوتووەتە دەست بۆ ئەوەیە ببیت بە دژمنی خوێنەخۆری تورکان.
فیرنیزی/  جەنابی کاپتن ئەمە دەزانین، بەڵام هێزمان کەمە.
بوسکۆ/ باشە، کالیمات داوای چەندتان لێدەکات؟
فیرنیزی/  سەد هەزار ڕیاڵ.
بوسکۆ/ پاشای سەروەرم پشکی خۆی لەم دوڕگەیەدا هەیەو بەتەمایە بەم زووانە دەرت بکات، بۆیە بە قسەی من بکە، حوکمی وڵات بدە من‌و ئاڵتونەکان هەڵگرە. بۆ جەنابی سەروەریان دەنووسم‌و داوای کۆمەك‌و یارمەتی لێدەکەم، ئیرەش بەجێ ناهێڵم تا بە ئازادی نەتان بینم.
فیرنیزی/  بەم مەرجە دەتوانی کۆیلەکان بفرۆشێت. دەی ئەفسەرینە خێراو هەر ئێستا بڕۆن بیانخەنە مەزاتەوە. (ئەفسەرەکان وەدەردەکەون) تۆش بۆسکۆ دەبیت بە فەرماندەی گشتی لە ماڵتادا. ئێمەش بە خۆو لەشکرو سوارەکانمانەوە دوات دەکەوین‌و دژی ئەو تورکە هۆڤی‌و خوانەناس‌و شەڕانیانە دەوەستین.
بۆسکۆ/  تۆش لەسەر هەمان ڕێبازی فەرمانداری پێش خۆت دەڕۆیت. کاتێ هێزی بێ شوماری تورکان دایان بەسەر (رودون)دا، حامیەی شار، وێڕای کەمی ژمارەیان، تا دوا زەلام شەڕیان کرد، تەنانەت تاقە زەلامێك دەرنەچوو، کە ئەم هەواڵە ناخۆشە بگەیەنێتە وڵاتانی رۆژاوایی.

**فیرنیزی/** تا دوا هەناسە دەجەنگین. وەرن با بڕۆین. ئەی کالیماتی فرناخ و لوتبەرز، هەی چەتوونی سەرکێش، لە جیاتی ئاڵتوون گوللەو ئاگرو باروتت بۆ دەنێرین... تۆش هەر داوای باج بکە، ئێمە تازە بێداربووینەتەوە، شەرەف و ئابڕوو بە خوێن دەکڕێتەوە نەك بە زێڕو ئاڵتوون (وەدەردەکەون).

(دیمەن: بازاڕە).

(ئەفسەرەکان، ئیتامۆرو کۆیلەکانی دیکە دێننە بازاڕەوە).

**ئەفسەری یەکەم/** ئەمە بازاڕەکەیە، با لێرەدا بوەستن، خەمتان نەبێ، بێ بازاڕ نابن، زوو کڕیاریان بۆ پەیدا دەبن.

**ئەفسەری دووەم/** نرخی هەر یەکێکیان وا بە پشتیەوەیە، پێویستە هەر یەکەیان ئەو نرخە بکات، دەنا نایانفرۆشین.

**ئەفسەری یەکەم/** ئەوە یارۆی جولەکە هات: ئەگەر حکومەت دەستی بەسەر ماڵ و سامانەکەیدا نەگرتبا، ئێستا هەر هەموویانی بە پارەی کاش لێدەکڕین (باراباس وەژوور دەکەوێ).

**باراباس/** (لەبەر خۆیەوە دەدوێ):

بە کوێرایی چاوی ئەو نەسرانیە بەرازخۆرە سوننەت نەکراوانەوە، گەڕاومەتەوە دۆخەکەی جارانم، وەکو جاران دەوڵەمەندم. بەڕاستی گەندە نەتەوەن! هیچ و پوچ، شەڕانی، سەرسواڵکەرو هەژارو لە برسا مردوون، کەس حیسابی هیچی بۆ نەکردوون، کەس هیچی بە کڵاوی وان نەپێواوە، بە خەیاڵی خاوی خۆیان بە تەما بوون کیژەکەم ببێت بە رەبەنیتە، بەڵام گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆم، خانوویەکم کڕیوە، لەشکۆو جوانیدا شان لە شانی کۆشکەکەی فەرماندار دەدات، بە کوێری چاوی ماڵتاییانەوە لەوێ دەژیم، (فیرنیزی)ش پشتیوانیم دەکات، دڵی نەرم دەکەم، بەڵێ دڵی خۆی و کوڕەکەشی نەرم دەکەم، چونکە ئەگەر ئەمە نەکەم تیا دەچم، من لە تیرەی (لیفی)یان نیم کە دوای ماوەیەکی کەم هەر ئازارو ئاسیوێك لە بیر دەکەن، ئێمەی جولەکە گەر بمانەوێ ، دەتوانین وەکو کسۆکان بکەوینە کلکە سووتێ، بەڵام کە ئازار دراین، دانمان گڕ کردەوە، دەگەزین ئەمما گەستن، لەگەڵ ئەوەشدا بەرواڵەت فەقیرو بەستەزمان دەڵێی مەڕی خواین. لە فلورەنسادا فێری ئەوە بووم کە وەختێ جوێنم دەدەنێ، بە سەگم بانگ دەکەن، چۆن دەستی خۆم بلێسمەوە، چۆن شانەکانم هەڵتەکێنم، چۆن وەکو هەر ڕەبەنێکی پێخاوس سەر دانەوێنم، بەو ئومێدە ئەوە دەکەم کە بە چاوی خۆم بیان بینم لە ئاغەڵ و تەویلەی حەیواناتدا لە برساندا بمرن، یان بیان بینم لە کڵێسەی ئێمەدا دەستان پان بکەنەوەو کە گەییشتنە ئاستی من تفێکیان لە دوڕ چاوان بکەم. ئەها ئەوا هات، ئەوە دون لودوفیکی کوڕی فەرماندارە وا دێت، من ئەم پیاوەم لەبەر خاتری بابە باشەکەی خۆش دەوێ (لودوفیك وەژوور دەکەوێت).

**لودوفیك/** گوتیان جووە دەوڵەمەندەکە خۆی بەم ڕێیەدا کردووە، دەچم دەی بینمەوەو لێی دەپاڕێمەوە، بەڵکو کارێکی وا دەکات ئەبیجیل بدینم، ماتیاس دەڵێت ئەبیجیل یەجگار جوانە.

**باراباس/** (لەبەر خۆیەوەو بە تەنیا): ئێستا بۆی دەسەلمێنم کە تەبیعەتی من زیاتر لە مارەوە نزیکە تا لە کۆتر، یانی زیاتر شەڕانیم تاساویلکەو گێلۆکە.

لودوفيك/  ئا ئەوە جولەكەكەیە لەوێندەر پیاسە دەكات، وەختی ئەوە هاتووە خۆم بگەیەنمە لای ئەبیجیلی شۆخ و شەنگ.
باراباس/ (لەبەر خۆیەوە): بەڵێ، بەڵێ... هەڵبەتە دەخزمەتو دایە.
لودوفيك/  باراباس بە خۆت دەزانی من كوڕی فەرماندارم.
باراباس/ خۆزگە باوكیشی بای قوربان! (لەبەر خۆیەوە) خوا راوەستاوتان نەكات، كەشكیش برای دۆیە.
لودوفيك/ بە تەمای كێوە بچیت باراباس ؟
باراباس/  بە نیازی ئەوە نیم لێرە دوور بكەومەوە، ئێمە عادەتمان وایە، كە دەگەڵ كافرانی وەكو ئێوەدا قسان دەكەین، خۆمان دەدەینە هەوای ئازاد تا دەروونمان پاك بكەینەوە، چونكە ئێمە خاوەن وەعدین.
لودوفيك/ زۆر باشە باراباس، ئەرێ ئەڵماسێك هەیەو گەرەكمە بیگەمێ، داخوا ناتوانی یارمەتیەكم بدەیت؟
باراباس/  قوربان، باوكت ئەڵماسەكانی تالان كردم، بەڵام وێڕای ئەوەش ئەڵماسێكم ماوە كە رەنگە بە كەڵكی تۆ بێت: (لەبەر خۆیەوە): مەبەستم كیژەكەمە، بەڵام ئامادەم بیخەمە سەر لێژنە دارێك و بیستووتێنم نەك دەستی ئەوی بگاتێ، سەبارەت بەویش (لودوفيك) جگە لە ژەهرو گەڕی گولی هیچی ترم بۆی نییە. قوزەڵقورت و دەردی گرانی لێدەدەم.
لودوفيك/  باشە ئەم ئەڵماسەی تۆ ئەگەر مادەیەكی پرشنگزای لێنەدەرێت، چ پرشنگ و جیلوەو بریقەیەك دەدات؟
باراباس/  ئەو ئەڵماسەی باسی دەكەم هەرگیز هیچ مادەیەكی لێنەدراوە. (لەبەر خۆیەوە) هەر مادەیەكی لێبدرێ یەكسەر دەلەوتێ ئەی لۆرد لودوفيك) پرشنگ و بریقەیەكی هەیە تا حەز بكەی جوان و لەبەر دڵانە.
لودوفيك/  باشە ئەو ئەڵماسە چوار گۆشەیە، تیژە؟
باراباس/ درێژ كۆڵەی تیژە قوربان، (لەبەر خۆیەوە: بەڵام بۆ تۆ نابێ).
لودوفيك/  من زیاتر لەبەر ئەوە خۆشم دەوێ.
باراباس/ منیش.
لودوفيك/  باشە لە شەوا دیمەنی چۆنە؟ چۆن دەنوێنێ؟
باراباس/ بە شەوان شەوق لە مانگ دەبڕێت. (بە تەنیاو لەبەر خۆیەوە): لە شەوا دوو هێندەی رۆژ دەچێتە دڵەوە.
لودوفيك/  باشە بایی چەندە؟
باراباس/  (لەبەر خۆیەوە): هەموو ژیانت، ئەگەر دەست بكەوێ. قوربان لەسەر نرخەكەی رێدەكەوین، ئەگەر بەڕاستتە فەرموو با بچین بۆ ماڵەكەم و لەوێ پێشكەشتی بكەم (لەبەر خۆیەوە): واوەیلا بە حاڵت نەیخۆی تاڵە.
لودوفيك/  نا، باراباس، دەبێ لە پێشا بیسەلمێنم كەلایەق و شایستەی ئەوم.

باراباس/ قوربان، باوکت بۆ خۆی حەلاڵی کرد، دەستی بەسەر هەموو دارو نەدارمدا گرتو بە سەڵتی لە ماڵەکەی خۆم وەدەری نام، کردی بە دێر، بە بارەگای رەبەنیتان، هەر پرسیشی پێنەکردم. گوایە بە خەیاڵی خۆی چاکەی دەگەڵ کردووم، گوناحی هەڵوەراندووم، بۆیە ئەوەی کردووە بەڵکو گوناهەکانم، گوناهە کوشندەکانم وەبیر بێنێتەوە، گوایە ئەمە شێوازی وەعزو ئامۆژگاری کەنەسییە.

لودوفیك/ بێگومان روحت بەری ئەوە دەدرویێتەوە.

باراباس/ بەڵێ بەڵێ، بەڵام هێشتا وەرزی درویێنە زۆر دووره گەورەم، وێڕای ئەوەش دەزانم کە نوێژو نزای ئەوە رەبەنیتەو رەبەنە عیبادەتچیانە کە کرێیەکی سەیر وەردەگرن، نوێژو نزای سەیرنو زەڕەیەك لە خۆیان دوور ناکەوێتەوەو بە کەڵکی کەس نایەت. هەستدەکەم هێشتا لەسەر هەوڵی خۆیان بەردەوامن، بۆیە لە کاتی خۆیدا، کاتێ دەگەنە ئەوپەڕی دەرەجەی کەماڵ، بەری رەنجی خۆیان دەدورنەوە.

لودوفیك/ باراباس تەمەشای رەبەنیتە لە خوا ترسەکانمان مەکە.

باراباس/ من ئەمە لە رووی حەماسەوە دەکەم، (لەبەر خۆیەوە): هیوادارم بتوانم لەم نزیکانەدا ئاگر لە ماڵەکە بەر بدەم، جا من، هەرچەندە حاڵی حازر ژمارەی ڕەبەنیتەکان ڕوو لە زیادییە، ئەو دێره هەر دەسووتێنم.

سەبارەت بەو ئەڵماسەش کە بۆم باس کردیت، تەشریف بێنە ماڵەوەو لەسەر نرخەکەی رێدەکەوین، هەر نەبێ لەبەر خاتری بابە خانەدانەکەت (بە تەنیاو لەبن لێوانەوە): ئەگەر نەمرم بە کوشتت دەدەم. بەڵام ئێستا دەبێ بچم بۆ بازاڕ تا کۆیلەیەك بکڕم.

لودوفیك/ باراباس منیش دەگەڵت دێم.

باراباس/ فەرموو، ئەوە بازاڕەکەیە. ئەرێ ئەم کۆیلەیە بە چەندە؟ دوو سەد ریاڵی زێڕ! جا تورکان ئەو نرخە دەکەن؟

ئەفسەری ١/ ئەوە نرخی خۆیەتی قوربان. زیادم پێ نەگوتوویت.

باراباس/ چیە؟ باشە دزی دەزانێت، وا داوای ئەو نرخە گرانە دەکەی؟ پێدەچێ دزێکی جەربەزە بێت، ئەگەر واش بێ سێ سەد پارچە زیو دێنێت، خۆ ئەگەر بشکڕدرێت، ئەوا دەبێ ویژدانی هەڵگری مۆری شاریش بێتەکڕین، تا لە پەتی سێداره رزگار بکرێت، لە رۆژانی دادگایی کردنی دزاندا خەتەرو مەترسیان زۆر دەبێت، ئەو خەڵکانەی رزگار دەبن یەجگار کەمن، کەس بەبێ بەرتیل رزگار نابێت.

لودوفیك/ باشە ئەم مەغریبییە تەنیا بایی دوو سەد پارچە زیوە.

ئەفسەری ١/ لەوە زیاتر ناهێنێ قوربان.

باراباس/ باشە بۆچی نرخی ئەم تورکییە لەو مەغریبییە زیاترە؟

ئەفسەری ١/ چونکە گەنجترەو مەزایای زیاترە.

باراباس/ چیە؟ چما بەردی فەیلەسوفانت* پێیە؟ ئەگەر پێتە فەرموو ئەوە سەرمو پێی بشکێنە.

کۆیلە/ نەخێر ئەزبەنی... دەتوانم قژ ببڕمو بتاشم.

باراباس/  باشە خولام تۆ دەمێکە دەلاکی؟

کۆیلە/  ببوورە ئەزبەنی، من لە تاق لاویدام.

باراباس/  تۆ گەنجیت؟ کەواتە دەتکڕم، ئەگەر باش بیت و بە دڵم بیت، ژنیشت بۆ دێنم.

کۆیلە/  دەخزمەتو دام ئەزبەنی. بە کەیفی دڵی خۆت خزمەتت دەکەم.

باراباس/  دوور نییە ئەم ماستە موویەکی تێدابێ، لەگینە لە ژێر پەردەی دەلاکیدا، تەماح بکەیتە ماڵەکەم و قوڕگم هەڵبڕیت. بڵێ بزانم خۆ نەساغ نیت ؟

کۆیلە/  لە گوێزی ساغ ساغترم.

باراباس/  ئەمە زۆر خراپە، پێویستە کۆیلەیەکی نەساغ بکڕم بۆ ئەوەی نانی زۆر نەخوات. تۆ بەم قوت و قەڵەویە ڕۆژی چوار کیلۆ گۆشتت دەوێ. با یەکێکی لاوازتر بدۆزمەوە.

ئەفسەری ١/  ئەمە لاوازترە! بەدڵتە؟

باراباس/  تۆ کوێندەریت ؟

ئیتامۆر/  تورکیا... لە نیمچە دوڕگەی عەرەبی گەورە بووم.

باراباس/  ئەمەیان بۆ من باشترە. سەد ریاڵ؟ دەیکڕم! هانێ ئەوە پارەکەی (پارەکەی دەدات).

ئەفسەری ١/  قوربان نیشانەیەکی پێوە بنێ تا بیناسیتەوە، ئەوجا بۆ ماڵی خۆتی ببەوە.

باراباس/  (لەبەر خۆیەوە) بەڵێ هەقە نیشانەیەکی تایبەتی پێوە بێت، چونکە بە کۆمەك و پشتیوانی من زۆر کاری ناڕەوا ئەنجام دەدات.

بە دوعا قوربان! وەرە ئەی خولام، تۆ ئیدی موڵکی منی (بە لودوفیك) سەبارەت بە ئەڵماسەکە دڵ لە دڵ مەدە دەبێ بە هی تۆ. تکادەکەم قوربان تەشریف بێننە ماڵەکەم، ئیسراحەتی خۆت وەربگرە، هەرچیم هەیە دەخزمەتودایە.

(ماتیاس و کاترین وەژوور دەکەون).

ماتیاس/  (لەبەر خۆوە): چ شتێك جولەکەو لودوفیکی کۆ کردووەتەوە؟ دەترسم ئەمە پەیوەندی بە ئەبیجیلەوە هەبێ!

باراباس/  (بە لودوفیك) وا دون ماتیاس بۆ ئێرە دێت، وس با قسە نەکەین، چونکە کچەکەمی خۆش دەوێ و کچەش حەزی لەو کردووە، بەڵام سوێندم خواردووە ئەو ئاواتەیان زندە بە چاڵ بکەم و (لەبەر خۆیەوە) تۆڵەش لە فەرماندار بسێنم. (لودوفیك وەدەردەکەوێ).

کاترین/  ئەمە جوانترین عەرەبە، وا نییە؟ قسە بکە کوڕم.

ماتیاس/  نەخێر دایکە گیان، ئەمەیان باشترە، تۆ باش تەمەشای بکە.

باراباس/  لەبەر چاوی دایکت واخۆت مەنوێنە کە دەمناسیت، بە نیازی زەماوەندەکەی تۆو ئەبیجیل نەزانێ. بڕۆ بیگەیەنەوە ماڵێ و بە خۆت وەرەوە بۆ ماڵی ئێمە وا بزانە باوکی خۆتم.. بەدوعا کوڕم.

ماتیاس/  باشە دون لودوفیك باسی چی بۆ دەکردیت ؟

باراباس/  بیبڕەوە کابرا، باسی ئەڵماسمان دەکرد، نەك ئەبیجیل .

کاترین/  ماتیاس پێم بڵێ، ئەمە یارۆی جولەکە نییە ؟

باراباس/ سەبارەت بە شەرحی کتێبی مەکابییەکان*، ئەوە لای منەو لە خزمەتتدایە.

ماتیاس/ بەڵێ دایکە خان. باسی خواستنی یەک – دوو کتێبم دەگەڵی دەکرد.

کاترین/ ماتیاس قسەی دەگەڵ مەکە، ئاسمانیش نەفرەتی لێکردوون– فەرموو بەڕێز ئەوە پارەکەت، برۆ با بڕۆین کوڕم.

ماتیاس/ کتێبەکەت لە بیر نەچێت جولەکە.

باراباس/ نا، نا، باوەڕ بکە لە بیرم ناچێ بەڕێز.

(کاترین و ماتیاسی کوڕی وەدەردەکەون)

ئەفسەری یەکەم/ وەرن. باشم فرۆشتن. وەرن بابڕۆین!

(ئەفسەرەکان و کۆیلەکان وەدەردەکەون).

باراباس/ دەی با بزانم ناوت چیە، کەی و لە کوێ لە دایکبوویت، وەزع و حاڵت، پیشەو کارت؟

ئیتامۆر/ پیاو ڕاست بڕوات گەورەم: ئەسڵ و فەسڵم سووکەو ناوم ئیتامۆرە. پێشەو کاریشم هەر چیەک تۆ بتەوێ.

باراباس/ یانی کارو پیشەیەکی تایبەتیت نیە؟ کەواتە گوێ لە من بگرە، شتی وات فێردەکەم بە عەمراتت لە بیری نەکەی، یەکەم: بەزەیی، سۆز، خۆشەویستی و هیواو ئومێدی پیاوخەڵەتێن، ترس و قەلەزراوی و ئەو جۆرە هەستانە لە دڵی خۆتدا بسڕەوە. بەزەییت بە کەسدا نەیەتەوە، بەڵام هەر کە گوێت لە ناڵەی نەسرانیان بوو لە دڵی خۆتا کەیف بکە، پێبکەنە.

ئیتامۆر/ گەورەم، ئەی شێرە پیاو هەر لەبەر ئەمە ئەو لووتەت دەپەرستم

باراباس/ ئەگەر لە من دەپرسیت و گەرەکتە بزانی من کێم، من بە شەوان دەردەچم، گیانی ئەو نەخۆشانە دەستێنم کە بەدەم ناڵە ناڵەوە لەبن دیواران کەوتوون، هەندێجار بۆ ئەوە دەردەچم کە ژەهر بکەمە بیروکانیاوانەوە، ناو بەناو قیروسیا لە چەند ڕیاڵێک دەکەم و دزە نەسرانیەکان بۆ دزی هان دەدەم. چونکە کاتێ کە دەگیرێن و بە کۆت و زنجیرەوە بە بەر ماڵەکەی مندا بۆ زندان دەبرێن و لەبەر هەیوانەکەمەوە تەمەشایان دەکەم زۆرم کەیف دێت، هەر خەنی دەبم. من لە گەنجیمدا دکتۆریم خوێند، هەوەڵجار لەسەر ئیتاڵیەکان* تەتبیقم کرد، ئیدی لەوێندەر ڕەبەنەکانم خەنی کرد ئەوەندە مردوو بنێژن، کارێکی وامکرد زێدەوانی (مجێور) کڵێساکان هەمیشە لە کاردابن، زەنگی مردووان لێبدەن، بە ڕێی گۆرستانەوە بن و گۆڕان هەڵکەنن، یانی ئاو بوەستێ ئەوان نەوەستن. دوای ئەوە بووم بە ئەندازیار، لە گەرمەی شەڕی نێوان فەرەنساو ئەڵمانیادا، وام دەنواند کە تای شارلی پێنجەم دەگرم و یارمەتی ئەو دەدەم، ئیدی بە فێڵ و دەهۆکانم دوست و دژمنم دەکوشت.. دوای ئەوە دەستم دایە کاری سووتخۆری، ئیدی بەزەبری فێڵ و دەهۆو تەفرەدان و ساختەچیاتی و کاری دەلاڵییەوە، لە زەرفیساڵێکدا زندانەکانم پڕکرد لە لات و لەوێرو نابووتان، نەخۆشخانەکان پڕبوون لە سێوی و هەتیوانی بێ داک و باب، کارێکی وام کرد مانگانە هەندێکیان شێت دەبوون. ناو بە ناویش یەکێک، دوای ئەوەی کاغەزێکی دوورو درێژی بە سینگی خۆیەوە دەناو باسی ئەوەی دەکرد چۆن من بە سووتی زۆر ئازارم داوەو پارەم لێکێشاوەتەوە، لە داخا خۆی دەخنکاند. وێڕای هەموو ئەمەش بڕوانە چۆن بە هۆی

چەوساندنەوەی ئەوانەوە، سەروەت‌و سامانەکەم لە زیادی داوە. ئەوەندەم پارە هەیە دەتوانم هەموو ئەم شارەی پێ بکڕم. ئەوە منم. دەیسا پێم بڵێ تۆ چۆن ژیانت بەسەر بردووە.

ئیتامۆر/ ئەوەی ڕاستی بێ گەورەم! من ژیانم بە سووتاندنی دێهاتی نەسرانیەکانەوە بە کەلەپچەکردنی نێرەموکان‌و بەستنەوەی کۆیلەو خوڵامان لە ناو کەشتیان بەسەربردووە. سەردەمایە خاوەن ئوتێل بووم، شەوێ بە خشکەیی خۆم دەگەیاندە ڕێبوارەکان‌و هەر لە جێدا گۆشاوگۆش سەرم دەبڕین.

جارێکی دی لە ئورشەلیم، بۆدرەیەکی ژارویم کرد بەو ئەرزەوە کە حاجیانی نەسرانی بەدەم نوێژو نزاوە چوکیان لەسەر دادەدا، هەر لەوێدا ئەژنۆیان ژاراوی دەبوو، گۆت دەبوون، کە دەم بینین، بەلەقە لەق‌و گۆچان بە دەست بۆ وڵاتی خۆ دەڕۆییشتنەوە، خەریک بوو لە پێکەنیندا دەبورامەوە.

باراباس/ زۆرباشە، کارێکی چاکت کردووە، شایستەی ڕێزو تەقدیرە. لە ئێستاوە بە هاوڕێی خۆتم بزانە. هەردووکمان جولەکەین، هەردووکمان ڕقمان لە فەڵەیە (نەسرانی)، بەڵام دڵسۆز بەو ئەم رازەت لە زار دەرنەچێت، سڕقایم بە، هەنگێ چەندت زێڕ بوێ دەتدەمێ. جارێ کەمێك لاکەوە وا لودوفیك هات.

(لودوفیك وەژووردەکەوێ. دیمەن: بەردەم ماڵەکەی باراباسە).

لودوفیك/ ئا.. باش بوو بینیمیت. کوا ئەو ئەڵماسەی بۆت باس کردم!

باراباس/ بۆم هەڵگرتوویت قوربان. فەرموو با بچینە ژوورەوە. ئەوە چیە. ئەبیجیل دەرگاکە بکەوە. (ئەبیجیل دەرگا دەکاتەوە، چەند نامەیەکی پێیە).

ئەبیجیل/ لە وەختێکی باشدا هاتییەوە بابە گیان. چەند نامەیەکت لە (ئورموس)ەوە بۆ هاتووەو پۆستە بەرەکە لە ژوورەوە چاوەڕوانە.

باراباس/ کوا نامەکانم بدەیە. (بە چپە) گوێ بگرە کچەکەم، تا دەتوانی لودوفیکی کوڕی فەرماندار بدوێنەو بلاوێنە، زۆر لەگەڵی بە لوتف بە، لێ ئاگادار بە خۆت نە دۆڕێنی. بە جۆرێ رەفتاری دەگەڵ بکە وەك ئەوەی یەکێك بێت لە خۆمان. وا بنوێنە خۆشت دەوێ، بە دەنگی بەرز سوێندی بۆ بخۆ کە خۆشت دەوێ. (بە چپە) لە زوریەت‌و نەسلی ئیبراهیم نیە.

قوربان من کارم هەیە داوای بوردن دەکەم. ئەبیجیل لە جیاتی من میوانداریی بکە.

ئەبیجیل/ هەم لەبەر خاتری تۆو هەم لەبەر خاتری خۆی میوانداری دەکەم، ماڵ ماڵی خۆیەتی.

باراباس/ (بەچپە) شتێکی دیکە کچەکەم. پێشوازی بکە، ماچی بکە، زۆر بە ناسکی قسەی دەگەڵ بکە، داوێکی جولەکانەی ئەوتۆی بۆ بنەوە، کە بەر لەوەی بێنە دەرەوە، داوای زەماوەندت لێبکات.

ئەبیجیل/ ئا... بەڵام باوکە گیان من ماتیاسم خۆش دەوێ.

باراباس/ (بەچپە) دەزانم، بە سوعبەتەوە موغازەلەی بکە، پێویستە ئەوە بکەیت. ئەمە چیە، بە سەری خۆم ئەمە دەست خەتی وەکیلەکەمە، ئێوە بچنە ژوورەوە با من بیرێك لە حیساباتی خۆ بکەمەوە. (ئەبیجیل و لودوفیك دەچنە ماڵەوە). تەواو من بڕیاری خۆم داوەو تەواو، دەبێ

لودوفيك بمريْت. وەكيلەكەم دەڵێت ئەو بازرگانەی كە پارەی سەد بۆشكە شەرابم قەرزارە هەڵاتووە، ئەم زەرەرە بۆ من ناكاتە ئەو چەقەنەیە (چەقەنەیەك لێدەدا) گویَ نادەمیَ، سەروەتو سامانم ئەوەندە زۆرە هەر لە بن نایەت. هەڵبەتە لودوفێك تا ئێستا ئەبیجیلی ماچ كردووە، دیارە ئەبیجیلیش هەنووكە سوێندی بۆ دەخوات كە خۆشی دەوێتو ئەویش سوێند بۆ ئەبیجیل دەخوات، من وەكو چۆن دڵنیام كە ئاسمان سەبروهەداری بەسەر جولەكەدا باراندووە، بەو ئاوایەش دڵنیام كە لودوفیك و ماتیاس دەمرن. بابی دژمنی سەر سەختی من بوو (ماتیاس وەژوور دەكەویَ). بۆ كویَ دون ماتیاس؟ كەمێك چاوەڕوان بكە.

ماتیاس/ چی بو كویَ؟ بۆ لای خۆشەویستە جوانەكەم، بۆ لای ئەبیجیل زیاتر هەیە؟

باراباس/ تۆ چاك دەزانیت، خواش بەو سەرەوە ئاگادارە كە بەڕاستی لێبڕاوم كیژەكەم بدەم بە تۆ.

ماتیاس: هەڵبەتە وایە باراباس، گەر وا نەبێت زوڵمێكی گەورەم لێدەكەیت.

باراباس/ خوا بەو رۆژە نەكات، بیر لە شتی وەها بكەمەوە... ببوورە كە گریان ئەوكی گرتووم، كوڕی فەرماندار بە نیازە بە تۆبزی ئەبیجیل بۆ خۆی بەرێت، ئیدی من رازی بم هەر ئەوەیەو رازی نەبم هەر ئەوەیە، نامەو بازنو موستیلەو گەوهەرانی بۆ دەنێرێت.

ماتیاس: باشە ئەبیجیل ئەو شتانە وەردەگرێت ؟

باراباس/ ئەبیجیل. نەخێر ماتیاس... بۆی دەنێرێتەوە. كە دێت بۆ ئێرەش، ئەبیجیل دەرگا لە خۆی دادەخات. بەڵام لودوفیك دەستبەردار نابێت، سوورە لەسەر ئەوەی لە كونی دەرگاكەوە بیدوێنیَ، كەچی ئەبیجیل بەغار دەچێتە بەر پەنجەرەكەو بەپەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنی تۆ دەكات نابێیتو لەبەر دەرگاكە دووری بخەیتەوەو لە كۆڵ ئەوی بكەیتەوە.

ماتیاس/ ئێی لودوفیكی غایەنو غەدار!

باراباس/ جا ئێستاكیَ كە دەهاتمەوە بۆ ماڵ، لە دوورەوە دیتم خۆی خزاندە ژوورەوە، بێگومان هەنووكە لەگەڵ ئەبیجیل دایە.

ماتیاس/ هەر ئێستا لەو ناوەی دەتارێنم. تەمبێی دەكەم.

باراباس/ نا. شتی وا مەكە، تەنانەت لە پێناوی هەموو ماڵتاشدا شتی وا مەكە. ئەگەر خاتری منت دەویَ، ماڵی من جێی شەڕ نییە، لە ماڵی مندا شەڕ مەكە. بەڵام بەخشكەیی خۆت بە ژوورا بكەو وا بنوێنە كە نەتدیوە. جا بەر لەوەی بڕوات بە خۆم ئاگاداری دەكەمەوە كە بە تەمای ئەبیجیل نەبێت. خێراكە بڕۆ وا هاتن. (لودوفیك و ئەبیجیل دووبارە وەژوور دەكەون).

ماتیاس/ ئەوە چیە؟ دەست لە نێو دەستن! من ئەمەم پیَ قەبوڵ ناكرێت.

باراباس/ ماتیاس، ئەگەر خاتری منت دەویَ، هیچ قسەیەك مەكە.

ماتیاس/ باشە بەسەر چاو، با بمێنیَ بۆ جارێكی دی، تۆڵە بەسەبرە ئەمما بە زەبرە. (خۆی بە ماڵی باراباسدا دەكات).

لودوفیك/ ئەریَ ئەوە كوڕی بێوەژنەكە نەبوو؟

باراباس/ با، ئاگات لە خۆت بیَ، سوێندی خواردووە بتكوژیَ.

لودوفیك/ دەمكوژێت... چما ئەو جووتیارە خوێڕییە شێتە؟

باراباس/ نا، نا، بەڵام ڕەنگە خەمی ئەو شتەی بێت كە لە خەونیشدا بە خەیاڵی تۆدا نایەت، خەمی ئەم كچە هیچ و پوچەی منی بێت.

لودوفیك/ بۆچی؟ باشە ئەبیجیل، ماتیاسی خۆشدەوێ ؟

باراباس/ ئەدی نابینی بەدەم بزەوە پێشوازی خۆشەویستی تۆ دەكات؟

ئەبیجیل/ (لەبەر خۆوە): حەزم لێیەتی و ئەولا تریش، من بە تۆبزی پێدەكەنم، بزەی چی و پێشوازی چی!

لودوفیك/ باراباس، تۆ بە خۆت دەزانی، من لە مێژە كچەكەتم خۆشدەوێ.

باراباس/ ئەویش، لە منداڵییەوە تۆی خۆشدەوێ.

لودوفیك/ من لە ئێستا بە دواوە ناتوانم هەستی خۆم زندانی بكەم. ناتوانم هەستی خۆم وەشێرم.

باراباس/ منیش ناتوانم ئەو سۆزە بشارمەوە كە دەربارەی تۆ هەمە.

لودوفیك/ ئەمە ئەڵماسەكەت بوو، بێژە بزانم دەمدەیتێ یان نا؟

باراباس/ بە دەستی بێنەو پیرۆزت بێت، پاكیزەو سەرمۆرە هێشتا هیچ دەستێكی بەر نەكەوتووە. ئا... بەڵام من دەزانم بابت قاییل نابێت تۆ كیژە جوویەك بخوازیت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین خاچی زێڕی نەخشاو بە نەخشێن فەلانی (نەسرانی) دەدەمێ.

لودوفیك/ من چاوم لە سەروەت و سامانەكەت نییە، چاوم لە كیژەكەتە كە زۆری ڕێز دەگرم و تاسەمەندی ڕەزامەندی تۆم.

باراباس/ من قاییلم... بەڵام با قسەشی دەگەڵ بكەم (بەچپە): دەبێ ئەم كاتولیكییە، ئەم زوڕیەتی قابیلە، ئەم ناسكە هەرزەكارە، بخەڵەتێنی، مەبەستم لودوفیكە كە بە عەمراتی تامی قوربانی جەژنی پاكی* (فصح) نە كردووەو بە حەیاتی نە خاكی كەنعان دەبینیێ و نە مەسیحی چاوەڕوان كراو*، خۆی بۆ شل بكە دەستی بدەیە، بەڵام دڵتی نەدەیتێ تا دون ماتیاس دێت.

ئەبیجیل/ چی؟ یانی شوو بە لودوفیك بكەم ؟

باراباس/ (بە چپە) هیچ تاوان و گوناح نییە ئەگەر فەڵەیەك بخەڵەتێنی، چونكە خەڵەتاندن پیشەی خودی نەسرانیانە، هەر كەسێك جولەكە نەبێت خوانەناس و بێ دینە، پەیمان شكێنی دەگەڵ خوا نەناساندا تاوان و گوناه نییە، ئەمە لۆژیكێكی تەواوە، بۆیە هیچ خەمت نەبێ كیژەكەم...

باراباس/ (ڕوو لە لودوفیك): زۆری لێپاڕامەوە، ڕازی دەبێت.

لودوفیك/ كەواتە ئەبیجیلی جوان بەڵێن و پەیمانم بدەیە.

ئەبیجیل/ چارم نییە، ناتوانم قسەی بابم بشكێنم. مەگەر گڵ لە خۆشەویستەكەمم جیا بكاتەوە.

لودوفیك/ ئۆخەی كە ئێستا بە مەرامی دڵ گەییم.

باراباس/ (لەبەر خۆیەوە): بەڵام من هێشتا نەگەییوومەتە ئاواتی دڵ، هیوادارم بیگەمێ.

ئەبیجیل/ (لەبەر خۆوە): ئەی ئەبیجیلی كلۆڵ چیت بە خۆت كرد؟

لودوفیك/ بۆچی له پڕ ڕەنگت گۆڕا ؟

ئەبیجیل/ نازانم، جارێ بە دوعا، دەبێ بڕۆم.

باراباس/ بیگرە، بەڵام نەیەڵیت یەك قسەی دی بکات.

لودوفیك/ له پڕ زمانی بەسترا، گۆڕانێکی زۆر کوتو پڕ بوو.

باراباس/ ئاه.. لێی مەگرە.. ئەوە دابو نەریتی عیبریانە. کیژان دوای مارەبڕینیان دەبێ تاوێ بگرین. ئەوە نازو مەکری کیژانە. لودوفیك جارێ وازی لێ بێنە، تۆزێ دەرفەتی بدە. تازە حەڵاڵی تۆیە، تۆ دەبیت بە میراتگرم.

لودوفیك/ یانی ئەمە دابو نەریتە ؟ عادەتی ئێوە وایە؟ تێگەیشتم. بەڵام حەزدەکەم دنیا، ئەرزو ئاسمان تاریك دابێت، هەوران بەری جوانی سروشت بگرن، بەو مەرجەی ئەبیجیل بە پەستیو خەمینی نەبینم. ئەوا ئەو خوێڕیەش هات، هەر ئێستا تەمبێ خواردووی دەکەم. (ماتیاس جارێکی دی وەژوور دەکەوێت).

باراباس/ نەکەی لودوفیك. مەمنوونی خوا بە کە تۆو ئەبیجیلم بە یەك گەیاند، لەوەی زیاتر چیت دەوێ؟

لودوفیك/ باشە، لێیگەڕێ با بڕوات (وەدەردەکەوێ).

باراباس/ ماتیاس، ئەگەر فریات نەکەوتبام، لە نێو دەرگاکەدا دەستی لێدەوەشاندی. بەڵام دەبێ مەسەلەکە لەم سنوورەدا بڕێتەوە. حەزناکەم لە ماڵەکەی مندا بیکەنە دەمەقاڵەو قەرقەشە، یان شیر لە یەکدی هەڵکێشان.

ماتیاس/ واز بێنە باراباس با بیگەمێ.

باراباس/ نا.. چونکە ئەگەر جەزرەبەیەکی بگاتێ، منیش دەبم بە شەریکی تاوانەکەت. لە دەرفەتێکی دیدا تۆڵەی لێ بستێنە.

ماتیاس/ مەرج بێ ئەمەی لێ بەسەر نەچێت، ئەگەر ئەو دڵەیم دەرنەهێنا من ماتیاس نەبم.

باراباس/ تۆ ئەوە بکە، منیش ئەبیجیلت دەدەمێ.

ماتیاس/ جا ماتیاس لەوەی پتر چی دەوێ ؟ چ خەڵاتێك لە ئەبیجیل گەورەتر دەبێت؟ خۆ لودوفیك ئیشەڵڵا یارە جوانکیلەکەم لێ زەوت ناکات؟ ژیانم لە ئەبیجیل ئازیزتر نیە. روحم لە قەبەڵێ ئەبیجیل دەکەم.

باراباس/ دڵم پێم دەڵێت هەنووکە خۆی گەیاندووەتە دایکتو هانی دەدات کۆسپ بخاتە ڕێگەی خۆشەویستییەکەت خێراکە بیگەرێ.

ماتیاس: چی؟ یانی چوو بۆ لای دایکم؟

باراباس/ بە هەرحاڵ، ئەگەر حەزدەکەی چاوەڕوان بکە تا دایکت بە خۆی دێت.

ماتیاس/ ناتوانم چاوەڕوان بکەم، ئەگەر دایکم بێت لە داخا دەمرێت (وەدەردەکەوێت).

ئەبیجیل/ باوکە من لەبەر گریان ناتوانم خوا حافیزی لێبکەم. باوکە گیان بۆ ئەمەت کرد، بۆ کردنت بە دژمنی قەستەسەری یەکدی ؟

باراباس/ جا تۆ هەقت چیە؟ ئەوە ئیشی تۆ نیە.

**ئەبیجیل/ دەبێ ئاشتیان بکەمەوە.**

**باراباس/ ئاشتیان دەکەیەوە؟ چما لە ماڵتادا جولەکە بڕاوە تا بکەویتە داوی ئەشقی بابایەکی فەڵەوە؟**

**ئەبیجیل/ من ماتیاسم خۆش دەوێ‌و شووی پێدەکەم .**

**باراباس/ بەڵێ شووی پێدەکەیت، (ئیتامۆر) بڕۆ بیبە ژوورەوە.**

**ئیتامۆر/ بەسەرچاو، هەر ئێستا (ئەبیجیل وەژووردەکەوێ).**

**باراباس/ دەی ئیتامۆر، هەنوکە پێم بێژە ڕات چیە دەرهەق بەوەی کردم ؟**

**ئیتامۆر/ ئەوەی ڕاستی بێ گەورەم! پێموایە گەرەکتە بەمە ژیانی هەردووکیان ڕاوبکەیت، وانییە؟**

**باراباس/ دروستەو، دەبێ زۆر زیرەکانە ئەو کارە ئەنجام بدەم.**

**ئیتامۆر/ ئاه، گەورەم خۆزی دەستێکی منیشی تیا دەبوو.**

**باراباس/ بە ڕاستتە؟ دەیسا دەستی تۆی تیا دەبێت. تۆ ئەم کارە ئەنجام دەدەیت. هانێ هەر ئێستا ئەم نامەیە بگەیەنە ماتیاس‌و بڵێ نامەی لودوفیکە.**

**ئیتامۆر/ ژاراوییە! وانییە؟**

**باراباس/ نا.. نا.. هەرچەندە ئەو ڕێگەیەش لەگینە، بەو ڕێگەیەش دەکرێت. بەڵام نامەی هەڕەشەیەو بە ناوی لودوفیکەوە نووسراوە.**

**ئیتامۆر/ دڵنیابە.. وای جۆش دەدەم‌و ئاگری تۆڵەی دەخەمە دڵەوە، کە وابزانێت ئەم هەڕەشە نامەیە بەڕاستی هی لودوفیکە.**

**باراباس/ بە ڕاستی ئەم ئامادەگییەتم پێ خۆشە، ئاگاداربە کاری خۆ سەری نەکەیت، نەدەیتە تانی ملهوڕی‌و بێباکی.. زیرەکانە کارەکە ئەنجام بدە.**

**ئیتامۆر/ با ئەنجامی ئەم کارەم ببێ بە مەحەکی کارەکانی ئایندەم. تاقیم بکەوە.**

**باراباس/ کەواتە بڕۆ (ئیتامۆر وەدەردەکەوێ). دەی هەنوکە دەچم بۆ لای لودوفیك، وەکو شەیتان درۆیەکی ئەوتۆ هەڵدەبەستم کە بیانکەم بە دژمنی قەستەسەری یەکدی.**

**(وەدەردەکەوێت)**

**پەردە دادەرێتەوە.**

**<u>پەراوێز:</u>**

**١- مورفیوس: کوڕی خواوەندی خەوەو بەخۆیشی خواوەندی خەونانە.**

**٢- مەکابییەکان: بنەماڵەیەکی جولەکەیە، سەرۆکەکەیان متاتیاس بوو. ئەمە پێنج کوڕی هەبوو، کوڕی سێیەمی یەهودای ناو بوو، نازناوی (مەکابی) بوو. ئەمە بوو بە جێگری باوکی، ئیدی بە تێپەڕبوونی رۆژگار خانەوادەیەك لەم بنەماڵەیە هەڵکەوت رۆڵەکانی لە هەمان کاتدا هەم بوون بە کاهین‌و هەم بە پاشا، ئەمانە تا سەردەمی هیرودس (ساڵی ٤٠پ. ز)، کە بە چەوساندنەوەی نەسرانیان مەنشوور بوو حوکمڕانی وڵاتی خۆیان کرد. دوو کتێب دەربارەی مێژووی مەکابییەکان هەیە، یەکێکیان دیرۆکی**

سالآنی ١٦٨-١٣٥پ. ز له خۆگرتووەو دووەمیان-که درێژەی یەکەم نییە-له سالی ١٨٥پ. ز دەست پێدەکات.

٣- جەژنی پاك (فصح): یەکێکە لە جەژنەکانی جولەکە.

٤- مەسیحی چاوەڕوان کراو: جوولەکەکان پێیان وایە مەسیحی ڕاستەقینە تا ئێستا لەسەر زەوی دەرنەکەوتووەو پاشان و لە ئایندەدا دەردەکەوێ.

٥- بەردی فەیلەسوفان: بەردێکی خورافییە کە پێشینان باوەڕیان وابوو، هەموو ئاسنجاوێك دەگۆڕێت بە زێڕ..

## فەسلی سێیەم

(دیمەن بەر مالی بیلامیرایە، بیلامیرا بەدیار دەکەوێ و لە بانیژەکەوە سەردەکێشێت)

بیلامیرا/ لەوەتەی شار گەمارۆ دراوە، بازاڕم داوێتیَ کزی، ئەو رۆژگارو زەمانە ڕۆیی کە بە تاقە شەوێك سەد دانە دیناری زێڕم لە تەنکەی باخەلم دەنا. ئێستا ناچارم، خۆم پاك و خاوێن و بێگەرد ڕابگرم. دەزانم جوانییەکەم هەرماوە. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە. جاران بازرگانانی ڤینیس و باداوا، نەجیم و نەجیمزادان، زانا و دانا و رۆشنبیران و لیبرالآن لە هەر چوار نکالی دنیاوە روویان تێدەکردم. خێزەرەی مشتەری وەك مێروی دەوری چەوری لێم خڕ دەبووەوە، بەلآم ئێستا هەمەو نیمە (بیلیابورزا)م هەیە، ئەویش بە نرخی نەبووە، ئەوەتا واهات.(بیلیابورزا وەژووردەکەوێت)

بیلیابورزا/ بیگرە کیژێ، ئەو پارەیەو لێی خەرج بکە.

(کیسەیەك زیوی نیشان دەدات)

بیلامیرا/ ئەمە هەمووی زیوە، ڕقم لە زیوە.

بیلیابورزا/ یارۆی جولەکە زێڕی زۆرە. ئەگەر هەندێکی لێ نەسەنم حالمان خراپ دەبێت.

بیلامیرا/ باشە چۆن ئەم کیسەیەت دەستکەوت ؟

بیلیابورزا/ لە کاتێکا بە کوچەو لاکۆلانەکاندا، بەناو باخچەکاندا رێم دەکرد، بەرێکەوت تەمەشای سەرێم کرد، سەیری ژووری گەنجینەکەی یارۆی جولەکەم کرد، کۆمەلێك کیسە پارەم بینی، ئیدی لە ژێر پەردەی تاریکی شەودا، بە کۆمەکی قولابەکانم بە دیوارەکەدا هەلگەڕام، لەو کاتەدا گوێم لە تەقوهۆڕێك بوو کە لە مالەکەوە هات، ئیدی هەر فریای ئەم کیسەیە کەوتم، بەپەلە هاتمە خوارەوەو تف ڕاکە. ئەوە خولامەکەی یارۆی جولەکەیە وا بۆ ئێرە دێ.

بیلامیرا/ کیسەکە بشارەوە.

(ئیتامۆر وەژووردەکەوێت)

بیلیابورزا/ (بە بیلامیرا): سەیری مەکە، با بڕۆین، دە فەرموو! ئەم نیگایە چییە لە چاوتەوە سەر دەکا، یەکسەر دزییەکەمان کەشف دەکەیت.

(بیلامیراو بیلیابورزا وەدەردەکەون)

ئیتامۆر/ ئاه- بە عەمرانم شتی وا جوانم نەدیتوە، بە جلەکانیا دیارە کە سۆزانیە. ئامادەم سەد ڕیاڵی زێڕ، لە ڕیاڵەکانی یارۆی جولەکە بدەم، بەو شەرتەی دەسێك سواری بم.

باش بوو، نامەکەم بە شێوەیەك گەیاند، کە بێگومان بە گژ یەکدا دەچن و یەکیش دەکوژن. ئەمە گەمەیەکی سایکولوژیە. (وەدەردەکەوێت)

(ماتیاس وەژووردەکەوێت. دیمەن: شەقامە)

ماتیاس/ ئەمە شوێنەکەیە. هەنوکە ئەبیجیل بۆی دەردەکەوێ کە ئاخۆ ماتیاس خۆشی دەوێت یان نا.

(لودوفیك بەدەم خوێندنەوەوە وەژوور دەکەوێ)

تۆ، هەی خوێڕی، بوویت بەو پیاوەی ئەم ناماقوڵیانە بۆ من بنووسیت.

لودوفیك/ نوسیوومەو ئەولا تریش، ئەگەر پیاوی ئەوە ئەرزو ئەوە گەز، فەرموو تۆڵەی خۆت بکەوە. (تێك دەگیرێن)

(باراباس لە سەرەوە سەردەکێشێت)

باراباس/ ئۆیف.. بە ڕاستی شەڕێکی دلێرانەیە، حەیفێ جەزرەبەکانیان کوشندە نییە.. دەی لودوفیك! بتڕەژم ماتیاس! ئە ئاوها (هەردووکیان دەکەون). بە ڕاستی سەلماندیان کە دوو گەنجی دلێرو شەڕڤانن.

(دەنگی هاوار لە ژوورەوە دێ) خەڵکینە فریاکەون ئەو دووانە لێکدی بکەنەوە!

باراباس/ بەڵێ لێکیان بکەنەوە، ئەها ئێستا هەردووکیان مردن: بە دوعا، بە دوعا.. (باراباس وەدەردەکەوێ). (فیرنیزی، کاترین و چەند یاوەرێك وەژووردەکەون).

فیرنیزی/ ئەمە چییە، چ دیمەنێکە؟ لودوفیکی کوڕم سەربڕاوە، کوژراوە؟ لە ئامێزی خۆمدا دەت نێژم.

کاتیرین/ ئەمە کێیە؟ ماتیاسی کوڕم کوژراوە، سەربڕاوە!

فیرنیزی/ لودوفیك، ئەگەر بە دەستی تورکان کوژرابای لەوەبوو فیرنیزی کڵۆڵ تۆڵەی بکردیباوە.

کاترین/ کوڕەکەت، کوڕەکەمی سەربڕیوەو تۆڵەی دەستێنم.

فیرنیزی/ تەماشاکە کاترین، بڕوانە کوڕەکەت چ زامیەلێکی کردووەتە جەستەی کوڕەکەم. هەموو ئازای هەر زامە.

کاترین/ ئاه.. برینم مەکولێنەوە، ئاگری خەمەکانم مەگەشێنەوە، خۆم خەمم کەم نییە.

فیرنیزی/ ئاه.. خۆزگە ئاهۆناڵەم دەبوو بە هەناسەی ژیان، بریا فرمێسکەکانم دەبوو بە خوێن، بەڵکو دەچوون بە بەری کوڕەکەما و دەژیایەوە.

کاترین/ کێ کردوونی بەگژ یەکدا؟

فیرنیزی/ نازانم، منیش زیاتر خەمباری ئەمەم.

کاترین/ کوڕەکەم، کوڕەکەتی خۆش دەویست.

فیرنیزی/ لودوفیکیش کوڕەکەی تۆی خۆش دەویست.

کاترین/ کوا ئەو شیرەم بدەیە کە کوڕەکەی کوشتووم تا منیش بە هەمان شیر خۆ بکوژم.

فیرنیزی/ نەخێر خانم، ڕاوەستە، ئەوە شیری کوڕەکەی منە، هەقە فیرنیزی بەو شیرە بێتە کوشتن.

کاترین/ ڕاوەستە. با تاقیب بکەین بزانین کێ سەبەبکاری مەرگیان بووە، بەڵکو بتوانین تۆڵەیان بسەنینەوە.

فیرنیزی/ کەواتە هەڵیان بگرن، لە یەك ئارامگەی پیرۆزیان بشارنەوەو گۆڕەکەیان هەڵبەستن، بۆ ئەوەی هەموو رۆژێك بچمە سەر گۆڕەکەیان‌و ئاهان هەڵکێشم‌و ڕوندکان بڕێژم، لە ئاسمانی دادپەروەر دەپاڕێمەوە تا سەبەبکاری ئەم تاوانە کەشف دەبێت، تا ئەو دەستانە کەشف دەبن کە ئەو جووتە دۆستەیان لێکدی کرد. دەی کاترین، خەمی من هی تۆیەو خەمی تۆ هی منە، هەردووکمان هاوخەمین (هەردوو جەنازەکە دەبنە دەرێ).

(ئیتامۆر وەژوور دەکەوێ. دیمەن ژوورێکە لە ماڵی باراباسدا).

ئیتامۆر/ ئەوەیە داو، داوێکی هێندە مەحکەم‌و توندمان بۆنانەوە تا ئێستا کەس نە دیوویەتی‌و نەبیستوویەتی. هەردوکیانمان گرتە دەمەوەو خەڵەتاندمانن. (قا قا پێدەکەنێ).

(ئەبیجیل وەژووردەکەوێ)

ئەبیجیل/ سەیرە! چی بووە ئیتامۆر؟ بەچی پێدەکەنیت؟

ئیتامۆر/ ئاه.. خانم ها. ها. ها

ئەبیجیل/ ئەوە چیە.. چیت لێقەوماوە؟

ئیتامۆر/ ئاه. ئاغام! باوکت.

ئەبیجیل/ ها!

ئیتامۆر/ ئافەرین بۆ ئاغام، خانمەکەم! ئاغام، ئازاترین سێ بەندییە، جا سڕ قایم.. لە بنەوەبڕ، کەس نیە شان لە شانی بدات.

ئەبیجیل/ وەرە نەگریسی خوبزە.. بۆچی بەو سووکیە باسی بابم دەکەیت؟

ئیتامۆر/ ئاه.. ئاغام، زیرەکی زیرەکانە، کەس بە تۆزی پێیدا ناگات.

ئەبیجیل/ لە چ روویەکەوە؟

ئیتامۆر/ گوایە نازانیت ؟

ئەبیجیل/ نەخێر، نازانم.

ئیتامۆر/ ئەدی هەواڵی کارەساتەکەی ماتیاس‌و لودوفیکت نەزانیوە ؟

ئەبیجیل/ نەخێر، کارەساتی چی؟

ئیتامۆر/ سەیرە.. شەیتان بیرۆکەیەکی خوڵقاند، ئاغام نووسییەوەو منیش یەکەمجار بردم بۆ لودوفیك‌و پاشان بردم بۆ ماتیاس. دوای ئەوە چوون بەگژ یەکدا، وەکو لە چیرۆکاندا دەگێڕدرێتەوە، بە شێوەیەکی تراجیدی ژیانی یەکتر یان بڕاندەوە.

**ئەبیجیل/** جا باوکم سەبەبکار بوو ؟

**ئیتامۆر/** من ئیتامۆرم؟

**ئەبیجیل/** بەڵێ، ئیتامۆری.

**ئیتامۆر/** جا چەند تۆ لە منایەتی من دڵنیایت، منیش ئەوەندە دڵنیام کە بابت شەڕنامەکەی نووسیو من بردم.

**ئیتامۆر/** خانم، پرسیارێکم هەیە، بە ئەرك نەبێ وەڵامم دەدەیەوە؟

**ئەبیجیل/** بڵێ، پرسیارەکەت چیە ؟

**ئیتامۆر/** پرسیارێکی تۆزێ هەستیارە. ئەرێ ڕەبەنان ناو بەناو عاشقێنی دەگەڵ ڕەبەنیتاندا ناکەن؟

**ئەبیجیل/** هەیدێ گوم بە لەبەر چاوم هەی گۆساخی بێ ئەدەب، ئەمە پرسیارەکەت بوو؟ گوم بە لەبەر چاوم.

**ئەبیجیل/** ئیتامۆر ئیشێکم هەیە بۆمی دەکەێ؟ بچۆ بۆ دێرە تازەکەی ڕەبەنیتەکان، بپرسە بزانە کەس لە ڕەبەنانی قەدیس (جاك) لەوێندەرە، پێیان بڵێ کە من تکایان لێدەکەم با بێن قسەیان دەگەڵ بکەم.

**ئیتامۆر/** وەی بەسەر چاوان، بەسەر سەر دەڕۆم خانمەکەم.

(وەدەردەکەوێ).

**ئەبیجیل/** هەی بابی دڵڕەق، ئەی باراباسی بێ بەزەیی، ئەمەت لە ژێر سەردا بوو، بۆیە ناچارت کردم، بەجیا مغازەلەی هەر یەکێکیان بکەم؟ بۆ ئەوەی هەردووکیان بکوژیت، بەم خۆشەویستیە بیانکوژیت ؟ گریمان لودوفیکت بە هۆی باوکییەوە دەبوغزاند، خۆ ماتیاس هیچ خراپەیەکی بەرانبەرت نەکردبوو، کەچی تۆ سوور بوویت لەسەر تۆڵە ئەستاندنێکی ناڕەوا، ڕاستە ڕۆژێ لە ڕۆژان بابی لودوفیك تاڵانی کردیت، دەستی بەسەر سەروەتو سامانەکەتدا گرت.. خستیتیە سەرساجی عەلی.. نەت توانی تۆڵە لە خۆی بستێنی، کوڕەکەیت کرد بە نیشانە، بە کوڕەکەشی نەوێرای، ماتیاست کرد بە گژیا، بە ماتیاس نەوەستایتو منت کرد بە قوربانی. ئێستا دڵنیام، بۆم دەرکەوتووە کە زەڕەیەك خۆشەویستی لەسەر ڕووی زەوی نییە. نە جولەکە سۆزو بە زەییان لە دڵدایەو نە تورکان ئاینو ئیمانیان هەیە. ئەوا ئیتامۆری مەلعوون دەگەڵ ڕەبەنەکەدا هاتەوە.

(ئیتامۆر دەگەڵ جاکومۆی ڕەبەن دا وەژووردەکەون)

**جاکومۆ/** سڵاوی خواتان لێ بێ ئەی پاکیزە.

**ئیتامۆر/** کەی سەری ڕێز بۆ خەڵکی دادەنەوێنی؟

**ئەبیجیل/** بەخێرێی ئەی ڕەبەنی بەڕێزو ویقار. ئیتامۆر تۆ بڕۆ.. (ئیتامۆر وەدەردەکەوێ).

ئەی بابی پیرۆز، دەستم دامێنت، فریام بکەوە، پێویستم بە یارمەتی تۆیە.

**جاکومۆ/** لە چیا؟

**ئەبیجیل/** بەڵکو پێیان دەڵێی بە ڕەبەنیتە وەرمبگرن.

جاكومۆ/ سەیرە ئەبیجیل، ئەدی ماوەیەك لەمە پێش قەبوولم بۆ وەرنەگرتیت ؟ بە خۆت وازت هێنا، حەزت لەو ژیانە ئاینییەی ئێمە نەكرد، ئەو ژیانەی كە بۆ یەزدان تەرخانە.. ئەدی بە خۆت، بە خوایشتی خۆت وازت نەهێنا!

ئەبیجیل/ ئەوسا نەفام بووم، ئەقڵم بە هیچ كوێ نەدەگەیی.. دیلو ئەسیری گەوجێنی دنیا بووم. بەڵام هەنووكە لە بۆتەی خەمەكانم قاڵ بوومەتەوە، چاوانم كراونەتەوە، جیاوازی نێوان شتەكان دەبینم، لە خۆم غەریبێ. مخابن خودی هەڵەكارم، بەناو ونگە كوشندەكانی كوفرا ملی ناو رۆیی، زۆر ڕۆیی، لە هەتاو دوور كەوتەوە، لەو هەتاوەی كە ژیانی ئەبەدی دەبەخشێت.

جاكومۆ/ كێ ئەمەی فێر كردیت ؟

ئەبیجیل/ مامێر، سەرۆكی دێرەكە.. ئامۆژگارییەكانیم زۆر لە گیان خۆشە، چونكە هەڵقوڵاوی باوەڕی بەتینی ناخیەتی.. ئاه. جاكومۆ، تكایە بمكە بە یەكێك لە (ماسێران) خوشكان، هەرچەندە شایستەی ئەوە نیم.

جاكومۆ/ بەڵام ئەبیجیل، نامەوێ جارێكی دی پەشیمان ببیتەوە، هەڵگەڕێیتەوە، چونكە پەشیمانیو هەڵگەڕانەوە باری روحت گران دەكات.

ئەبیجیل/ جارەكەی تر خەتای باوكم بوو كە پەشیمان بوومەوە.

جاكومۆ/ خەتای باوكت ؟ چۆن ؟

ئەبیجیل/ نەخێر، بمبورە (لەبەر خۆیەوە): باراباس خەمت نەبێ، دڵم دەكەم بە گۆڕی نهێنییەكانت، هیچ سڕێكی ژیانت ناكەوێتە سەر زارم، هەرچەندە شایستەی ئەوە نیت.

جاكومۆ/ دەی ئێستا بڕۆین؟

ئەبیجیل/ بەسەرچاو فەرموو با بڕۆین، دەخزمەتودام.

(وەدەردەكەون)

(باراباس دێتە ژوورەوە، هەمان دیمەنە، باراباس نامەیەك دەخوێنێتەوە.)

باراباس/ سەیرە. ئەبیجیل هەمدیس بووەتەوە بە ڕەبەنیتە؟ چیە بابت مردووە، چ خیانەتێكە، چ ستەمێكە؟ دیسان بەبێ پرسی من چووە بۆ دێری ڕەبەنیتان؟ بۆی نووسیوومو داوام لێدەكات تۆبە بكەم. تۆبە ؟ ئەمە چیە، چ نەگبەتیەكە! دەترسم بەوەی زانیبێت كە من تەگبیری كوشتنی ماتیاسو لودوفیكم كردبێت..– بێگومان وایە، بەوەی زانیوە – كەواتە كاتی ئەوە هاتووە فریا بكەوم، بەشتەكاندا بچمەوە. ئەم جیابوونەوە ئاینییە خۆی لە خۆیدا نیشانەیەكی بەڵگە نەویستە كە خۆشی ناوێم، یان ئەگەر خۆشیشی بوێم بەو كارە قاییل نییە كە كردوومە. ئەوە كێیە وا بۆ ئێرە دێت؟

(ئیتامۆر وەژووردەكەوێ)

ئەی.. ئیتامۆر وەرە! وەرە پێشەوە ئازیزەكەم، وەرە بەرەوە ئەی كولەكەی ڕوحەكەم، ئەی خزمەتكارە ئەمینەكەم، ئەی ئەمیندارو جێگەی باوەڕو متمانەم وەرە، تۆ بەشێكی لە من، تۆ ڕوحی دووەمی منیت، ئێستا هەموو هیواو ئاواتێكم هەر تۆیتو بە تۆیە، تۆ كۆڵەكەی كۆشكی بەختەوەری منیت. پێم بڵێ كەی ئەبیجیلت دیتووە؟

ئیتامۆر/  ئەمڕۆ.
باراباس/  لەگەڵ کێدا بوو ؟
ئیتامۆر/  لەگەڵ ڕەبەنێکدا بوو.
باراباس/  لەگەڵ ڕەبەن؟ ئەی لە گامی خاپینۆك، ئاخری وەزەنی خۆی کرد.
ئیتامۆر/  مەبەستت چیە ئەزبەنی؟
باراباس/  مەبەستم ئەوەیە کیژەکەی کردووم بە ڕەبەنیتە. ئێی ئیدی ناوچەوانەکەی خۆم ڕەشە! ئەبیجیل، هەی خاپینۆك، ناپاك، بێ ئەقڵو ساویلکە! با بڕوات، ملی دەشکا، لە ئێستا بە دواوە ئیتامۆر، خەفەت لە نەنگییەکانی ناخۆم، ئەو زەمانە ڕۆیی بە تەمای میراتی من بێت، قەت گەردنی ئازا ناکەم، جارێکی دی دوو پێی بەمماڵەی مندا نایەت، بە نەعلەتی دەکەم، دەبێ لە ژێر باری نەعلەتی تاڵی مندا بمرێت، وەکو چۆن قابیل کە هابیلی برای کوشت، ئادەم بە نەعلەتی کردو بەو نەعلەتەوە مرد.
ئیتامۆر/  گەورەم
باراباس/  ئیتامۆر بۆی مەپارێوە، زۆری ئەزیەت داوم، لەبەرچاوم کەوتووە، بە دڵو لە ناخا لێی بێزارم، چیم دەوێ ئەوەم بۆ بکە، دەنا گومان لە تۆش، لە دڵسۆزی تۆش دەکەم.
ئیتامۆر/ من گەورەم! سەیرە! بەڵێنت دەدەمێ، ئامادەم لە پێناوی تۆدا سەر بکەومە سەر بەردێكو خۆم بخەمە دەریاوە، سەیرە! ئامادەم لە پێناوی تۆدا ئەستۆی خۆم بشکێنم! لە پێناوی تۆدا، لەبەر خاتری تۆ هەموو شتێك دەکەم.
باراباس/  ئەی ئیتامۆری دڵسۆزو ئەمەکدار! تۆ خزمەتکاری من نیت، بەڵکو هاوڕێی منیت، من لێرەدا دەتکەم بە کوڕو تاقە میراتگری خۆم. هەرچیم هەیە لە دوای مردنم بۆ تۆ دەبێت، تا لە ژیاندا بم نیوەی موڵكو ماڵەکەم هی تۆ دەبێ، بۆ خۆت وەکو من خەرج بکە، دەست مەپارێزە، هانێ، ئەو کلیلەکانم، دوای تۆزێکی دی دەتدەمێ، بڕۆ بۆ خۆت جلو بەرگان بکڕە، تەنیا ئەوەندەت لەسەرە هەر چیت پێ دەڵێم وا بکەی. دەی جارێ بڕۆ ئەو مەنجەڵە برنجەی کە بۆ شاممان ئامادەکراوە بێنە ، لەسەر ئاگردانەکەیە.
ئیتامۆر/  بە خۆشحاڵییەوە* (لەبەر خۆوە) وادیارە ئاغام برسییەتی. بە چاوان هەر ئێستا گەورەم ..                                        (وەدەردەکەوێ)
باراباس/  ئیدی هەموو چەورەیەك بە ئاواتی دەوڵەمەندییە، با هەرگیز نەشیگاتێ، خۆ ڕێگەی خەیاڵو هیوا ناگیرێت، بەڵام وس.

(ئیتامۆر بە مەنجەڵەکەوە دەگەڕێتەوە)

ئیتامۆر/  فەرموو قوربان.
باراباس/  دەست خۆش، مراکیشت لەگەڵ خۆ هێناوە ؟
ئیتامۆر/  بەڵێ گەورەم.  پەندی پێشینانە " ئەوەی ببێ بە هاوسفرەی شەیتان دەبێ کەوچکی درێژی پێ بێ " مراکم بۆ هێناویت.

باراباس/ زۆر چاکە ئیتامۆر، هەر بەینی خۆمان بێت، من لە پێناوی تۆدا، چونکە زۆر زۆرم خۆش دەوێی، مەرگی ئەبیجیلت نیشان دەدەم، بۆ ئەوەی هەر میراتێکم لە پاش جێدەمێنێ بە تەنیا بۆ تۆ بێت‌و هیچ هەڤرکێکت نەبێت.

ئیتامۆر/ چۆن گەورەم، ئایا دەتەوێ بە ژەمە برنجێك دەرمانخواردی بکەیت؟ قوربان تۆ نازانی بەوە قەڵەوترو خڕو خەپان تر دەبێت.

باراباس/ بە ڕاست، بەڵام ئیتامۆر تۆ تەمەشا، ئەمە دەبینی؟ ئەمە بۆدرەیەکی گرانبەهاو دەگمەنە، جارێکیان لە (ئەنکونا)دا لە کابرایەکی ئیتالیم کڕی، لەش دەڕزێنێ، بەتەواوەتی ژەهراوی دەکات، بەڵام دوای خواردنی بە چل سەعاتان ئەوجا شوێنەواری دەردەکەوێت.

ئیتامۆر/ ئەرکی من چیە گەورەم ؟

باراباس/ ئەرکی تۆ ئەمەیە: لێرە، لە ماڵتا عادەت وایە لەم شەوەدا کە شەوی (قەشە جاك)ی پێ دەگوترێ، خەڵکی خێرو سەدەقەی خۆ بۆ دێری ڕەبونیتان دەنێرن. تۆش وەکو هەر خێرەومەندێك ئەم خواردنە ببەو لەوێندەری دابنە.. لەوێ ڕاڕەوێکی تاریك هەیە، ڕەبەنیتەکان دێن‌و لەو ڕاڕەوەوە بەبێ ئەوەی کەس بدینن یان لە خاوەنی سەدەقەکە بپرسن. چییان بۆ هاتبێ، دەیبەن‌و دەڕۆن.

ئیتامۆر/ لەبەر چی؟

باراباس/ پێموایە ئەمە جۆرە سرووتێکە. جا ئیتامۆر دەبێ بڕۆیت بۆ ئەوێندەرو ئەم مەنجەڵە لەوێ دابنەیت، ڕاوەستە با جارێ بڕێك بە هاراتی پێوە بکەم.

ئیتامۆر/ زۆرچاکە، با یارمەتیت بدەم گەورەم. با جارێ تامێکی بکەم.

باراباس/ باشتر، دەی تامی بکە (ئیتامۆر تامی دەکات) ها چۆنە؟

ئیتامۆر/ ئەوەی ڕاستی بێ گەورەم.. حەیفە ئەم مەنجەڵە چێشتە خەسار بکەیت.

باراباس/ وس بە ئیتامۆر.. شتی وا مەڵێ، خەسار نییە.. (بۆدرەکە دەکات بە مەنجەڵە چێشتەکەوە). خواردن هیچ نییە.. دڵنیابە هەرچی پارەو پول‌و گەنجم هەیە، بەخۆشمەوە، هەر هەمووی بۆ تۆیە.

ئیتامۆر/ زۆرچاکە گەورەم.. ئەوا ڕۆییشتم.

باراباس/ ڕاوەستە ئیتامۆر با جارێ تێکی هەڵشێلم، با کوشندە بێت وەکو ئەو جورعەیەی کە ئەسکەندەری گەورە خواردییەوەو پێی مرد. با کاریگەری ژەهرەکە وەکو شەرابی بورچیا بێ، ئەو شەرابەی کە پاپای پێ دەرمانخوارد کرا. ئەی خوێنی (هایدرا) لە مەملەکەتی دۆزەخەوە فوارە بکە، ئەی ژەهری (لیرنا)و ئەی روحی گڕکان، ئەی هەناسەی روباری کوکتیوس، ئەی ژەهری دەریاچەی دۆزەخین، هەموو بە جارێ هەڵکەن، سەرکەن، ژارو قاری خۆتان بڕێژنە ناو ئەم خۆراکەوە، ئەو کچەتیوە دەرمانخواردبکەن کە وەکو ئەهریمەن، وەکو شەیتان لە بابی هەڵگەڕایەوە.

ئیتامۆر/ (لەبەر خۆیەوە): چ بەرەکەتێکی خستە ئەم مەنجەڵەوە، ئەوەیە بەهارات، تۆ بڵێی پێشتر هیچ مەنجەڵە برنجێك ئەو هەموو بەهاراتەی پێوە کرا بێت ؟ چی لێبکەم ؟

باراباس/ ئیتامۆر، ئازیزەکەم، بڕۆ لەوێندەری دابنەو بەلەز بگەڕێوە، چونکە کاری دیکەم پێتە.
ئیتامۆر/ ئەم ژەهرە بەشی ژەهراوی کردنی یەك تەویلە ئەسپی هۆڵەندی دەکات، دەگەڵ تۆزێ بۆدرەدا بۆ ڕەبەنیتەکانی دەبەم.
باراباس/ تاعوونی ئەسپیشی بخە سەر.. دەی بڕۆ.
ئیتامۆر/ وا ڕۆییشتم.. کرێیەکەم بدەیە، چونکە من ئیشی خۆم کرد (بە مەنجەڵەکەوە وەدەردەکەوێ)
باراباس/ دەتدەمێ و ئەولاتریش، بە زیادەوە دەتدەمێ ئیتامۆر.. (وەدەردەکەوێ)..
(فیرنیزیو مارتن دل بوسکۆو سوارەکانو پاشایەکی تورك وەژووردەکەون)
(دیمەن: ناو بارەگای ئەنجوومەنی شورایە).
فیرنیزی/ سڵاو پاشای مەزن. کالیمات لە چیدایە؟ چ بایەك بەرەو بەندەری ماڵتای هەڵگرتوویت؟
پاشا/ ئەو بایەی هەموو دنیا بەڕێوە دەبات.. بای خۆشەویستی زێڕ.
فیرنیزی/ خۆشەویستی زێر گەورەی سەروەر؟ زێڕ رەنگە لە دوڕگەکانی رۆژئاوای هندا دەست بکەوێ، ماڵتا کانە زێڕی تیا نییە.
پاشا/ خەڵکی ماڵتا گوێ بگرن با ڕاسپاردەی (کالیمات)تان پێ ڕابگەیەنم. ئەو مۆڵەتەی داواتان کردبوو، تەواو بووە، بۆیە من بە نوێنەرایەتی ئەو هاتووم بۆ باجەکە.
فیرنیزی/ گوێ بگرە پاشا، بە کورتیو کرمانجی، ئێوە چیتر باج لێرە وەرناگرن، باجتان نادەینێ. چیتر کافران لەسەر خەڵكو خاکی ئێمە ناژین. پێش هەموو شتێك بە دەستی خۆمان شورەو حەساری شار دەڕوخێنین، دوڕگەکەمان دەکەین بە وێرانە، هەیکەلو پەرستگەکان وێران دەکەین. پاش ئەوەی بارو بارخانەمان لە کەشتیان بار کردو بەرەو سەقلیە وەڕێکەوتین، هەنگێ بەری دەریا بەردەدەینو بە سەر بەربەستو بەنداوەکان دەکەوێتو لافاو هەڵدەسێتو شەپۆلو پێلی زەلامو ترسناك دوڕگەکە نقوم دەکەن.
پاشا/ زۆر چاکە جەنابی فەرماندار، مادامێکی لە پەیمانو قسەی خۆت ژێوان بوویتەوە، بە هیچ جۆرێ ئامادەنین باج بدەن، باسی روخاندنی شورەو حەسارەی شار مەکە، خۆتان بەو کارەوە ئەزیەت مەدەن، چونکە سەلیم کالیمات بە خۆی دێتو بە بۆمبی مسین قوللەو بورجەکانتان وێران دەکاتو ماڵتای سەرکێشتان، بە هۆی هەڵەکانی تۆوە، بۆ تەخت دەکات. سا جارێ بە دوعا. (وەدەردەکەون)
فیرنیزی/ خوا حافیز. دەی کوڕانی ماڵتا هوشیار بن، با خۆمان بۆ هاتنی کالیمات تەیار بکەین: دەروازەی بەندەرەکان دابخەن، مەترەلۆزەکانتان بخەنە سەر پێ، مەردانە بەرەنگاریان ببنەوە، چونکە بەم وەڵامەی من، پەیمانەکەی نێوانمان هەڵوەشایەوە، جگە لە شەڕ چاوەڕوانی هیچ شتێکی دیکە نین، و هەرگیز لە شەڕ نەترساوین. (وەدەردەکەون)
(هەردوو ڕەبەن، جاکومۆو برناردین وەژووردەکەون).
(دیمەن: ناو دێرەکەیە).

**جاكومۆ/** برام.. برام هەموو ڕەبەنیتەكان دەڕشێنەوە، نەخۆشن، هیچ دەرمانێك دادیان نادات، هەموویان دەمرن.

**برناردین/** مامێر، سەرۆكی دێرەكە كەوتووەتە ئاویلكە، ناردوویەتی بە شوێنما كە ئیعترافی لێ وەربگرم.. ئاه كە ئیعترافێكی خەمناكە!

**جاكومۆ/** هەروەها خوشكە(ماسێر) ماریاش ناردویەتی بە شوێن مندا.. وا دەچم بۆ مەئواكەی.. لێرەوە نزیكە. (وەدەردەكەوێ.)

(ئەبیجیل وەژووردەكەوێت)

**برناردین/** سەیرە هەموو مردوون تەنیا ئەبیجیل نەبێ ؟

**ئەبیجیل/** منیش دەمرم، هەست بە هاتنی مەرگ دەكەم. كوا ئەو ڕەبەنەی قسەی دەگەڵ كردم؟

**برناردین/** ئاه.. چوو بۆ دیتنی ڕەبەنیتەكانی دی.

**ئەبیجیل/** من ناردبووم بە شوێنیا، بەڵام مادامێكی تۆ هاتوویت، قەیدی نییە. تۆ ببە بە باوكی روحانیم و ئیعترافم لێوەربگرە. حەزدەكەم ئەوە بزانیت وەكو كەسێكی دیندار لەم دێرەدا ژیاوم. كەسێك بووم پاك و پاكیزە، بەدین و لە خوا ترس، لە هەموو گوناحەكانم پەشیمانم، زۆریش ژێوانم. بەڵام بەر لەوەی بۆ ئێرە بێم..

**برناردین/** چیت كردووە؟

**ئەبیجیل/** خوای گەورەم، یەزدانی بەرزو باڵام زۆر توڕە كردووە، هەر ئەوەش نائومێدی كردووم، بەتەمای پاك بوونەوەی گوناحەكانم نەماوم. یەكێك لەو گوناحانە لە گشت گوناحەكانی ترم زیاتر ئازارم دەدات. تۆ دون ماتیاس و دون لودوفیكت دەناسی ؟

**برناردین/** بەڵێ، دەمناسین، چیت هەیە دەربارەیان ؟

**ئەبیجیل/** بابم ناچاری كردم بەڵێنی شووكردن بە جارێ بە هەر دووكیان بدەم. یەكەمجار بەڵێنم بە لودوفیك دا كە هەرگیز حەزم لێی نەبوو، بەڵام ماتیاسم بە دڵ و بە گیان خۆشدەویست، هەر لەبەر ئەویش، لە پێناوی ئەودا بووم بە تەركە دنیا و ڕەبەنیتە.

**برناردین/** باشە، چییان بەسەرهات ؟

**ئەبیجیل/** لەسەر خۆشەویستی من، كەوتنە دژایەتی یەكدی و بە تەگبیرو پیلانی بابم یەكیان كوشت، ئەمەش تول و تەفسیلی كارەساتەكەیە.. (نامەیەكی دەداتە دەست)

**برناردین/** تەحا لەم نەنگییە! چ دەڕندەییەكە ئەمە!

**ئەبیجیل/** من بۆیە ئەم ئیعترافەت بۆ دەكەم تا روحم ئاسوودە ببێت، بەڵام تۆ ئەم نهێنییە مەدركێنە، چونكە دەبێتە با عیسی سەری بابم.

**برناردین/** حەزدەكەم ئەوە بزانیت كە یاسای كڵێسا رێگە نادات رازی ئیعتراف و تۆبە بدركێنرێ، هەر ڕەبەنێك كاری وا بكات، رازی ئیعتراف كەشف بكات، ترۆ دەكرێت و جێگای دۆزەخە.

**ئەبیجیل/** ئەوەم بیستووە، بۆیە تكات لێدەكەم ئەم نهێنییە بپارێزە. ئاه مەرگ چنگی ناوەتە دڵم. ئەی ڕەبەنی دلۆڤان، ڕێنوێنی بابم بكە بۆ ئاینی نەسرانی، بەڵكو ئەمە خوایە لە عەزاب بخەڵەسێت. تۆ شایەتم بە كە من وەكو كیژێكی فەڵە دەمرم.

(دەمرێت).

**برناردین/** دەبێ بڕۆم بۆ لای یارۆی جولەکەو ویژدانی تەرزە کوت بکەم، وای لێبکەم لێم بترسێت.

(جاکومۆ جارێکی دی وەژوور دەکەوێتەوە).

**جاکومۆ/** ئاه.. برام، هەموو ڕەبەنیتەکان مردن، وەرە با بچین بیان نێژین.

**برناردین/** جارێ وەرە یارمەتیم بدە با ئەمە بنێژین، دوای ئەوە لەگەڵم وەرە بچینە لای یارۆی جولەکەو تەرزە کوتی ویژدانی بکەین.

**جاکومۆ/** بۆچی، چیکردووە ؟

**برناردین/** کارێکی کردووە کە بیرم دەکەوێتەوە لەرزم لێدێت.

**جاکومۆ/** واوەیلا بەحاڵی، خۆ منداڵی لە خاچ نەداوە ؟

**برناردین/** نەخێر.. بەڵام لەوە خراتری کردووە. لە کاتی ئیعتراف و تۆبەیەکدا ئەوەم بۆ دەرکەوت، بە خۆت دەزانی کەشفکردنی رازی ئیعتراف نەفرەتی بە دواوەیە. وەرە با بڕۆین.

(وەدەردەکەون).

پەردە دادەرێتەوە.

__پەراوێز:__

١- بە خۆشحاڵییەوە: بۆیە وا دەڵێت چونکە بە ئومێدە دەگەڵ ئەودا نان بخوات.

## فەسڵی چوارەم

(دیمەن: جادەیە، دەنگی زەنگان لە دوورەوە دێ)

(باراباس و ئیتامۆر وەژووردەکەون).

باراباس/ دەنگی هیچ مۆسیقایەك ناگات بە خۆشی دەنگی ئەو زەنگانەی کە بە بۆنەی مەرگی فەڵەیەکەوە لێدەدرێت، دەنگی ئەو زەنگانەی کە هەنوکە بەبۆنەی مەرگی ڕەبەنیتەکانەوە لێدەدرێت چەند خۆشە! دەنگی عادەتەن لە دەنگی هیرباری تەنەکەچیان دەچێت، ترسام نەکا ژەهرەکە کاری خۆی نەکرد بێت، یان نیشانەی نەپێکا بێ، هەموو ساڵێك لێی دەخۆن و دوایی هیچیان لێنایەت، بەڵام ئەسەحە کە هەنوکە هەموویان مردوون و تاقە یەك کەسیان بە ساغی دەرنەچوون.

ئیتامۆر/ بە ڕاستی پیاوێکی بوێری گەورەم. تۆ بڵێی ئاشکرا نەبێت ؟

باراباس/ چۆن کەشف دەبێت، ئەگەر ئێمە زمانی خۆمان بگرین ؟

ئیتامۆر/ لە من مەترسە.

باراباس/ ئەگەر شتی وا بکەی ملت هەڵدەکێشم.

ئیتامۆر/ هەقی خۆتە، سەریشم ببڕیت. دەڵێم گەورەم دێرێکی بەشکۆ لەم نزیکانەی خۆمانەوە هەیە، ڕێم بدە با هەموو ڕەبەنەکانی دەرمانخوارد بکەم.

باراباس/ پێویست ناکات، دوای مردنی ڕەبەنیتەکان، ڕەبەنەکان لە سوێی ئەوان دەمرن.

ئیتامۆر/ باشە گەورەم سوێ لە مەرگی کچەکەت ناخۆی ؟

باراباس/ هەرگیز، بەڵام خەفەتی ئەوە دەخۆم کە بە عیبرانی لە دایك بوو، بە عیبرانی ژیا، کەچی بە فەڵەیی مرد.

ئیتامۆر/ بڕوانە.. بڕوانە گەورەم.. بڕوانە ئەو جووتە ڕەبەنە کە بۆ ئێرە دێن.

(هەردوو ڕەبەن، جاکومۆ و برناردین وەژووردەکەون).

باراباس/ پێش ئەوەی بێن بۆنم کرد بوون.

ئیتامۆر/ خوا پەنامان بدات، با بڕۆین.

برناردین/ ڕاوەستە هەی جولەکەی بەدفەڕ.. نەڕۆی، پێت دەڵێم تۆبە بکە!

جاکومۆ/ گوناحی گەورەت کردووەو بەر نەفرەتو نەعلەت کەوتووی.

باراباس/ دەترسم بەوەیان زانی بێ کە ئێمە مەنجەڵە خواردنە ژاراویەکەمان ناردووە.

ئیتامۆر/ منیش لەوە دەترسم گەورەم.. تۆزێ بە نەرمی قسەیان دەگەڵ بکە.

برناردین/ باراباس تۆ...

جاکومۆ/ ڕاستە.. تۆ.

باراباس/ دروستە.. من سەروەتو سامانم کۆکردووەتەوە.. جا با کۆم کردبێتەوە، چما ئەمە چی تیایە؟

برناردین/ تۆ..

جاکومۆ/ بەڵێ... تۆ بە ڕاستی...

باراباس/ جا ئەمەی بۆ چیە؟ دەزانم بابایەکی جولەکەم.

برناردین/ کیژەکەت...

جاکومۆ/ بەڵێ، ئا، کیژەکەت...

باراباس/ ئاه.. باسی مەکەن.. ئەگەر باسی بکەن لە سوێیاندا دەمرم.

برناردین/ باش بیر بکەوە کە تۆ...

جاکومۆ/ بەڵێ، بیربکەوە کە تۆ...

باراباس/ باشە، من دان بەوەدا دەنەم کە تا ئێستا سووتخۆرێکی گەورە بووم.

برناردین/ تۆ گوناحێکت کردووە..

باراباس/ زینا ؟ بەڵام لە وڵاتێکی دیکەدا ئەوەم کردووە، ئەو سۆزانیەش نەماوە، ئەمری خوای کردووە.

برناردین/ وایە.. بەڵام باراباس بیربکەوە، ماتیاسو دون لودوفیك وەبیر خۆ بێنەوە.

باراباس/ بۆچی.. چ بەڵایەکیانە ؟

برناردین/ نامەوێ باسی ئەوە بکەم کە بە هۆی ناکۆکییەکی دەستکردەوە بە کوشت چوون.

باراباس/ (بە چپە بە ئیتامۆر دەڵێت): دیارە ئەو کچەتیوە ئیعترافی کردووە، گەر فریا نەکەوم هەردووکمان تیا دەچین، فایدەی نییە دەبێ پەنا بەرمە بەر فێڵو دەهۆیان.. ئەی ڕەبەنانی پیرۆز، روحم باری قورسی گوناحەکانم نابات، دەردم دەردێکی گەلەك گرانە، پێم بڵێن.. تازە پەشیمانیو تۆبە دادم دەدەن، ئەگەر ببم بە فەڵە هیچ بە هیچ دەکەم ؟ من بابایەکی جولەکەی دوو ئاتەشە بووم، تەنیا جوواتیم بەدین دەزانی.. بەرانبەر هەژارو بێنەوایان زۆر دڵڕەق بووم.. کەسێکی تەماعکاری چاوچنۆك بووم، ئامادەبووم ڕوحی خۆم لە پێناوی قازانجێکی حەرامدا بفرۆشم، پارەم بە سووی لە سەدا سەد دەدا. ئێستاش ئەوەندەم سەروەتو سامان هەیە، بە قەد سەروەتو سامانی تێکڕای جولەکانی ماڵتا. بەڵام سەروەتو سامان بەچی دەچێ؟ من جولەکەمو

عەزاب قەدەرو چارەنووسمە. بریا تۆبەم لێ قەبووڵ دەکراو گوناحەکانی دەسڕیمەوە! من ئامادەم تا دەمرم بخرێمە بن شەلاق، بەو مەرجەی گوناحەکانم پاک بنەوە.

ئیتامۆر/ منیش ئامادەم.. بەڵام تۆبە داد نادات.

باراباس/ من دەتوانم نوێژ بکەم، بە ڕۆژووبم، خەرقەو پەڵاس لەبەر بکەم، لێرەوە تا قودس بە چۆکان بڕۆم لێرە، لەماڵەوە دنیایەك شەرابم هەیە، عەمارو ژووری پڕ لە گەنمم هەن، کۆگای تەژی بەهاراتو دەرمانانم هەن، سەندوقی پڕ لە زێڕ: هەم قاڵبو هەم سکەم هەیە، ئەمە جگە لە مرواری خڕی ناسوفتەی گرانبەها، مەگەر هەر خوا بزانێ چەندە. کەلوپەلێکی زۆری نەفرۆشراوم لە ئەسکەندەریە هەیە. دوێنێ دوو کەشتی لێرەوە، لەم شارەوە بە ڕێکەوتن، قەولە هەزاران ڕیاڵم بۆ بێننەوە. قەرزم لە فلورەنسا، لە ڤینیس، ئەنتورب، لەندەن، بەرشەلۆنە، فرانکفۆرت، لوبك، لە مۆسکۆو لە هەموو شوێنێك هەیە. لە زۆربەی ئەو شارانەدا پارەیەکی زۆرم لە بانکەکاندا هەیە، ئامادەم لە هەر دێرێکدا تەعمید* بکرێم هەموو ئەو موڵكو ماڵەم پێشکەش بەو دێرە بکەمولەو دێرەدا بژیم.

جاکومۆ/ ئەی باراباس، ئەی پیاوی چاك وەرە دێرەکەی ئێمە.

برناردین/ نا، باراباس وەرە دێرەکەی ئێمە، تۆ بە خۆت دەزانی باراباس...

باراباس/ دەزانم، من گوناحی گەورەم کردووە. پێویستە بمکەن بەفەڵە، پێویستە هەموو سەروەتو سامانەکەم بەرن.

جاکومۆ/ باراباس، یاساو ڕێسای ئەوان زۆر قورسە.

باراباس/ دەزانم، کەواتە دێمە لای تۆ.

جاکومۆ/ ئەوانە کراس لەبەر ناکەن.. بە پێ خاوسی دەگەڕێن.

باراباس/ کەواتە لەگەڵ ئەواندا ناچم. من سوورم لەسەر ئەوەی بێمە لای ئێوە، لەسەر دەستی ئێوە تۆبە بکەمو هەموو ماڵو سامانەکەم بۆ ئێوە بێت.

جاکومۆ/ باراباس وەرە لای من.

باراباس/ جوابم کرد کەچی واز ناهێنێ، لێمی دوور بخەنەوەو پاشان لەگەڵما وەرە بۆ ماڵەوە.

برناردین/ ئەمشەو دێم بۆ لات.

باراباس/ ئەمشەو سەعات یەکی شەو وەرە بۆ ماڵەوە.

جاکومۆ/ باراباس وەڵامی دایتەوە، دە وەڵامی خۆت وەربگرەو بڕۆ، بۆ واز ناهێنی!

برناردین/ سەیرە، من بڕۆم! نەخێر تۆ بڕۆ!

جاکومۆ/ نەخێر، خۆ لەبەر خاتری تۆ ناڕۆم.

برناردین/ ناڕۆیت.. ئێستا پیشانت دەدەم چۆن دەڕۆیت هەی چەورەی ناکەس.

جاکومۆ/ تۆ بە من دەڵێی چەورەو ناکەس!

(دەست دەدەنە یەخەی یەکدی)

ئیتامۆر/ گەورەم فریاکەوە! ناو بژێیان بکە.

باراباس/ ئەمە کارێکی جوان نییە، برایان بەسە، واز بێنن، برناردین تۆ دەگەڵ ئیتامۆردا بڕۆ بۆ ماڵەکەی من، تۆ نیازی من دەزانیت، بڕۆ بە تەنیا جێمان بێڵە.

جاکومۆ/ بۆچی دەی نێریتە ماڵی خۆت ؟ لێیگەڕێ با بڕوات.

باراباس/ شتێکی دەدەمێ و دەمی دادەخەم.

(ئیتامۆر دەگەڵ برناردیندا وەدەردەکەوێ)

(باراباس لەسەر قسەکانی دەڕوات) بە عەمراتم نەمزانیوە هیچ کەسێك بە قەد ئەو خراپەی دەرهەق بە سیستەمی کەهەنووتی ڕەبەنان کردبێت: چما لە تۆ وایە باوەڕ بە قسەکانی دەکەم؟ برا تۆ ئەبیجیلت کرد بەفەڵە، ئەم چاکەیەتم لەبیر ناچێت‌و دەبێ پاداشتت بدەمەوە، جاکومۆ دوامەکەوە، ئەمشەو وەرە.

جاکومۆ/ باراباس لە کاتی تەعمیدکردنەکەتا کێ‌و کێ دەبن بە شایەدو عەڕابت ؟ چونکە دەبێ بەزووترین کات ئیعتراف بکەی.

باراباس/ بە ڕاست! خزمەتکارەکەم یەکێك دەبێت لەوانە، ئەوە بۆ هیچ ڕەبەنێکی دێرەکەتان باس مەکە.

جاکومۆ/ خەمت نەبێ باراباس. (وەدەردەکەوێت).

باراباس/ ئۆخەی، ئیدی ترسم نەما. ئەوەی ئیعترافی لە کیژەکەم وەرگرتووە ها لە ماڵەکەما. چ دەبێ ئەگەر بەر لە هاتنی جاکومۆ بیکوژم ؟ هەگبەکەم هەنوکە پیلانێکی تیایە کە ژیانی هەردووکیان دەسڕێتەوە، پیلانێك کە نە جولەکەو نە فەڵە نموونەیان نەبینیوە: یەکێکیان کیژەکەمی لە دینی جولەکە وەرگێڕا، بۆیە دەبێ بمرێت، ئەویتریان زۆر شتم لە بارەوە دەزانێ، ئەوەندەم لە بارەوە دەزانێ کە ببێت بە باعیسی سەرم ، بۆیە هیچ پێویست ناکات بژی. باشە ئەو دوو پیاوە بە چ ئەقڵێکەوە وا دەزانن من دەستبەرداری ماڵ‌و سەروەت‌و سامان‌و هەموو شتێکی خۆم دەبم تا بخزێمە کونجێکەوەو هەر نوێژ بکەم‌و ڕۆژوو بگرم‌و شەلاقکاری بکرێم؟ نا، شتی وا ناکەم.. ئەی برناردینی ڕەبەن خۆت بگرە وا هاتم. نانت دەدەمێ، شوێنت دەدەمێ‌و قسەی خۆشت بۆ دەکەم‌و پاشان بە خۆم‌و خولامە دڵسۆزەکەم... چار هەر ئەوەیە.. دەبێ ئەو کارە بکەم‌و دەشی کەم.

(ئیتامۆر وەژوورردەکەوێت).

(دیمەن: ژوورێکە لە ماڵەکەی باراباسدا)

ها ئیتامۆر، ڕەبەنەکە نووستوە ؟

ئیتامۆر/ بەڵێ، بەڵام چەندم هەوڵ لەگەڵی دا خۆی بگۆڕێت، هەر بە جلەکانیەوە خەوت. دەترسم لێمان ترسابێت‌و هەستی کردبێت شتێکمان لە ژێر سەردایە.

باراباس/ نەخێر.. ئەوە عادەتی ڕەبەنانە. گریمان بە نیازەکەی زانیوین، تازە دەتوانێ ڕابکات ؟

ئیتامۆر/ نەخێر، چەندیش هاوار بکات دەنگی ناگاتە کەس.

باراباس/ ڕاستە.. بۆیە ناردمە ئەوێندەر، پەنجەرەو دەرگای ژوورەکانی دی روو لە شەقامن.

ئیتامۆڕ/ گەورەم چاوەڕوانی چیت.. بۆچی خۆمان ماتەڵ بکەین؟ چەند حەزدەکەم بەدەم لینگە فرتێوە بیدینم.

باراباس/ وەرە بەڕێز. پشتێنەکەت بکەوەو ئەڵقەیەکی ناسکی لێدروست بکە.

(ئیتامۆڕ پشتێنەکەی دەکاتەوەو ئەڵقەیەکی تێ دەخات).

ڕابە ئەی ڕەبەن (ئەڵقەکە لە ملی دەکەن)

برناردین/ چیە.. بەتەمان بمخنکێنن ؟

ئیتامۆڕ/ بەڵێ، چونکە تو خووت بەوەگرتووە گوێ لە ئیعترافان بگریت.

باراباس/ گلەییمان لێ مەکە، گلەیی لەو پەندە بکە کە دەڵێت "ئیعتراف بکە تا لە سێدارە بدرێی" توند ڕایکێشە.

برناردین/ ئەوە چیە، ئۆباڵی کوشتنم دەخەنە ملی خۆتان ؟

باراباس/ توند ڕایکێشە.. زۆرت حەزدەکرد سەروەت و سامانەکەم بەریت، مرخت لێ خۆش کردبوو.

ئیتامۆڕ/ هەروەها ڕوحمان دەربێنی.. کەواتە ڕاکێشە. (ڕەبەنەکە دەخنکێنن) زۆر بە کارامەیی ئەنجاممان دا، هیچ شوێنەوارێکیش دیار نییە .

باراباس/ کەواتە بە دڵی خۆمان هاتە ئەنجامدان. بڕۆ بیبە سەرەوە.

ئیتامۆڕ/ نەخێر گەورەم، با تەگبیرێکی باشترت بۆ بکەم (جەنازەکە دەبات، بە دیوارەکەوە رایدەگرێت و گۆچانەکەی دەخاتە دەستی) با خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا بدات. زۆرچاکە، دەڵێی بۆ سواڵی گۆشتی بەراز وەستاوە !

باراباس/ تۆ تەمەشا، هەر دەڵێی زندووە! کێ هەست دەکات کە ئەم ڕەبەنە مردبێت؟ ئیتامۆڕی ئازیز هەنوکە سەعات چەندە؟

ئیتامۆڕ/ نزیکی یەکە.

باراباس/ کەواتە دەبێ جاکومۆ بەڕێوە بێت، دەبێ هەنوکە لەم نزیکانە بێت. (بە دوو قۆڵی وەدەردەکەون). (جاکۆمۆ وەژووردەکەوێ. دیمەن: هەمان شوێنە)

جاکومۆ/ ئەمە ئەو سەعاتەیە کە چاوەڕوانم دەکرد، دەبێ بڕۆم، دەی با بڕۆم، کە کات و ساتێکی خۆشە، لە لایەک کافرێك دێنمە سەر دینی خۆمان و، لە لایەکی دی گەنج و ماڵەکەی بۆ کڵێسا دەبەم! بەڵام پەلە مەکە! ئەرێ ئەمە برناردین نییە ؟ بەڵێ خۆیەتی، چونکە دەزانێ لەم ڕێگەیەوە دێم، بۆیە بە ئانقەست هاتووەتە سەر ڕێگام و نیازی خراپە، نایەڵێ بچم بۆ لای یارۆی جولەکە برناردین! بۆ قسە ناکەی ؟ وا دەزانی ناتبینم؟ لاکەوە لە ڕێم! تەنیا ئەوەم لێت دەوێ، لێم گەڕێ با بە ڕێی خۆما بڕۆم.. ناتەوێ لا بکەوی؟ نەخێر؟ کەواتە بە توپزی دەڕۆم. ڕاوەستە، ئەوە چیە؟ داری بۆ هەڵگرتووم. مادامێکی شەڕم پێ دەفرۆشیت هەنوکە تێت دەگەیەنم چۆن جارێکی دی ڕێگەم پێدەگریت (دارەکە لە برناردین دەستێنێ و یەکێك بە تەپڵی سەریا دەدات، جەنازەکە دەکەوێت.)

(باراباس و، ئیتامۆڕ وەژووردەکەون).

باراباس/ ئۆها! ئەوە چیە ؟ جاکومۆ چیت کرد ؟

جاکومۆ/ بەڵێ، بەر لەوەی ئەو دەستم لێبوەشێنێ، من دەستی خۆم لێیوەشاند.

باراباس/ چما ئەمە کێیە ؟ برناردینە ؟ بە داخەوە! کوژراوە!

ئیتامۆر/ بەڵێ گەورەم.. کوژراوە، تەماشا بزانە چۆن مێشکی بە کەپویدا دێتە خوارەوە.

جاکومۆ/ بەرێزینە، من کوشتم، بەڵام جگە لە ئێوە کەسی دی نەیبینیم، دەتوانم هەڵێم‌و خۆم رزگار بکەم.

باراباس/ ئەوسا من‌و خولامەکەم بە تۆمەتی شەریکی تاوان لە سێدارە دەدرێین.

ئیتامۆر/ گەورەم با ڕادەستی دادگای بکەین.

جاکومۆ/ باراباس، پیاوی چاك بە لێگەڕێ بابڕۆم.

باراباس/ نەخێر، بمبورە، یاسا دەبێ ڕێڕەوی خۆی بگرێت، ناچار دەکرێم شایەتی بدەم، هەنگێ دەڵێم برناردین سوور بوو لەسەر ئەوەی بمکات بە فەڵە، بۆیە دەرگام لە رووی داخست، ئیدی بۆ خۆی لە دەرێرا دانیشت، بەڵام من زۆر زوو لە خەو هەستام.. چونکە دەمویست وەعدە بەخیلاف دەرنەچم‌و قسەی خۆ ببەمە سەرو موڵك‌وماڵەکەم بە دێرەکەی ئێوە ببەخشم، جا لەبەر ئەوەی تۆ دێرکەوتی بەتەما بووم بۆ دێرەکەتان بڕۆم.

ئیتامۆر/ های قوڕێ. گەورەم فەڵەی چی‌و حاڵی چ! تۆ کە بە چاوی خۆت دەبینی ڕەبەنانی ئاینەکە، دەچنە پێستی شەیتانەوەو یەکتری دەکوژن، بەو حاڵەشەوە دەتەوێ ببی فەڵە ؟

باراباس/ نەخێر، کە ئەمەم بینی دڵم تۆرا، هەر بە جولەکەیی دەمێنمەوە. خودایا پەنامان بدە، چیە؟ ڕەبەن‌و بکوژ! تا ئێستا کێ دیتویەتی جولەکەیەك تاوانی وا بکات ؟

ئیتامۆر/ تەنانەت تورکیش (موسوڵمان) تاوانی لەوە گەورەتر ناکەن.

باراباس/ سبەینێ.. دادگا دەکرێتەوەو دەبێت بدرێیتە دادگا، وەرە ئیتامۆر، با پێکەوە لێرەی بەرین.

جاکومۆ/ هەی نامەردینە! من من کەسێکی ڕۆحانی پیرۆزم، نەخەڵەتابن دەستم تێوەدەن.

باراباس/ ئێمە دەستت تێوە نادەین، ئەوە ئیشی دادڤانیە، ئێمە تەنیا بۆ دادگات دەبەین. مخابن، بەڕاستی گریانم بۆ حاڵت دێ. دارەکەش هەڵگرە، دەبێ دارەکەیان نیشان بدەین، دادگا دەبێ هەموو شتێك لە بنج‌و بناوان بکات. دەبێ هەموو شتێك بزانێت.

(وەدەردەکەون)

(بیلامیراو بیلیابورزا وەژووردەکەون)

(دیمەن: بانیژەیەکە).

بیلامیرا/ ئەرێ ئیتامۆرت بینی؟

بیلیابورزا/ بەڵێ

بیلامیرا/ نامەکەی منت دایە؟

بیلیابورزا/ بەڵێ.

بیلامیرا/ ڕەئیت چیە، بە مەزەندەی تۆ دێت ؟

بیلیابورزا/  پێموایە دێت، بەڵام زۆر دڵنیا نیم چونکە کاتێ کە نامەکەی خوێندەوە دەتگوت خەڵکی جیهانێکی دییە.

بیلامیرا/  بۆچی؟

بیلیابورزا/  چونکە کۆیلەیەکی هیچ‌و پووچە، کە بینی شێرە پیاوێکی وەکو من، بە نوێنەرایەتی شۆخێکی وەکو تۆ چووە بۆ لایو سڵاوی لێدەکات، لە خۆی گۆڕا.

بیلامیرا/  باشە هیچی نەگوت؟

بیلیابورزا/  تاقە وشەیەکی ماقوڵی لە زار دەرنەهات، تەنیا سەرێکی لە قاند، وەك یەکێك بڵێت: یانی شتەکە ئاوهایە؟ ئیدی بەجێم هێشت، کە بیرم لە سیمای ترسناکی خۆ کردەوە زۆر پەشۆکام.

بیلامیرا/  باشە لە کوێ دیتت ؟

بیلیابورزا/  لەسەر ئەرزەکەی خۆم، لە دووری چل شەقاوی سێدارەکە، پێموایە، بەدەم تەمەشاکردنی ئیعدامی ڕەبەنەکەوە لە دڵی خۆیدا وێردی رزگارکردنی گەردنی خۆی دەخوێند، تەنانەت بەم پەندە کۆنە سڵاوم لە ڕەبەنەکە کرد: "ئەمڕۆ لە تۆیەو سبەی لە منە" دوای ئەوە بۆ جەلادەکەم بەجێهێشت. تەمەشاکە ئەوە ئیتامۆرە، وا دوای عەمەلیەی ئیعدامەکە، دێت.

(ئیتامۆر وەژووردەکەوێ)

ئیتامۆر/  بە عەمراتم کەسم نەدیتووە بە سەبرو ئارامی ئەم ڕەبەنەوە ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە. بەر لەوەی پەتەکە بکرێتە ملی ئامادەبووو بازبدات. پاش ئەوەی جەلادەکە کڵاوی ئیعدامی لە سەرنا، کەوتە نوێژو نزاو وێرد خوێندن وەکو ئەوەی ئەرکێکی ئاینی تری لەسەر بێت‌و بیەوێ ئەنجامی بدات. بە هەرحاڵ بۆ کوێ دەڕوات با بڕوات، بە تەما نیم بەو زووانە دووی بکەوم، ئێستا بیرم دەکەوێتەوە کە دەچووم بۆ مەیدانی ئیعدامەکە، کابرایەکم تووش بوو، سمێڵێکی پێوە بوو دەگوت باڵی قەلە ڕەشە، خەنجەرێکی بە قەدەوە بوو دەسکەکەی لە دەسکی تاوە دەچوو. نامەی ژنێکی دامێ بە نێوی بیلامیرا، بە رێزو حورمەتێکی بێ وێنەوە سڵاوی لێکردم، دەتگوت بەتەمایە بە لێو قۆندەرەکانم بسڕێت. نێوەرۆکی نامەکە ئەوە بوو کە دەبێ لە ماڵی ئەو خانمە ئامادەبم: من سەر لەو داوایە دەرناکەم، رەنگە شتێکی لەمندا بەدی کردبێت کە خۆم لە خۆمام بەدی نەکردبێت، چونکە نووسیویەتی هەر کە دیتوومی، خۆشی ویستووم، جاکێ هەیە بە دەنگی ئەم خۆشەویستییەوە نەچێت؟ ئەمە ماڵەکەیەتی، ئەوا بە خۆی هات.. باشتر وایە تا زووە بڕۆم! چونکە شایستەی ئەوەنیم هەر تەمەشاشی بکەم.

بیلیابورزا/  ئەوە ئەو بەرێزەیە کە نامەکەت بۆ نووسی.

ئیتامۆر/  (لەبەر خۆوە) بەرێز.. پێم ڕادەبوێرێت. دەبێ بابایەکی تورکی کڵۆڵ‌و داماو، کە بایی دە بەنسە، چ رێزو سەنگێکی هەبێت، ئاخر چۆلەکە خۆت چیت‌و گۆشتاوت چیە ؟ نا، نەخێر دەڕۆم.

بیلامیرا/  ئەرێ ئەم گەنجە، کوڕێکی قۆز نیە ؟

**ئیتامۆر/** (لەبەر خۆوە): دەی دیسان پێم دەڵێت گەنج و قۆز. ئەرێ بەرێز تۆ نەبوویت کە نامەیەکت بۆ گەنجە قۆزەکە هێنا بوو؟

**بیلیابورزا/** بەڵێ بەرێز من بووم. نامەکەش هی ئەم خانمە بوو، کە ئەویش وەکو من و باقی ئەندامانی خێزانەکە ئامادەیە بەبێ ئەمرو ڕای تۆ پەنجە بە ئاوا نەکات.

**بیلامیرا/** هەرچەندە شەرمی ژنانە ڕێم پێنادات، بەڵام چ بکەم بە دەستی خۆم نیەو لەوەی پتر بەخۆم ڕاناوەستم و سەبرو ئارامم بۆ تۆ نەماوە، دەی بەخێریی میوانی ئازیز، خۆشەویستە قۆزەکەم!

**ئیتامۆر/** (لەبەر خۆیەوە): خودایا چ جل و بەرگێکم لەبەرە، ئەمە چ وەزعێکە من تێی کەوتووم! لە وەزع و حاڵێکی ئاساییدا نیم.

**بیلامیرا/** بۆ کوێ، پەلەی چیتە ؟

**ئیتامۆر/** (لەبەر خۆیەوە): دەچم هەندێك پارە لە ئاغام بدزم تا خۆم پۆشتە بکەم. تا قۆز بنوێنم. تکایە بمبورە، دەبێ بڕۆم سەرپەرشتی داگرتنی بارخانەی یەکێك لە کەشتیەکان بکەم.

**بیلامیرا/** چۆن دڵت دێ بەم حاڵەوە بەجێم بهێڵی؟

**بیلیابورزا/** بەرێز، ئەگەر دەتزانی چەندی خۆش دەوێی!

**ئیتامۆر/** نەخێر، بەلامەوە گرینگ نیە چەندت خۆش دەوێم–ئەی بیلامیرای جوان و قەشەنگ، خۆزیا سەروەت و سامانەکەی ئاغامم دەبووو لە قەبەڵی تۆم دەکرد!

**بیلیابورزا/** بەرێز ئەگەر خۆت بتەوێ، دەتوانی ببی بە خاوەنی ئەو سەروەت و سامانە.

**ئیتامۆر/** ئەگەر لەسەر عاردی بوایە دەمتوانی بیگەمێ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە لەبن عاردی دەنێت، وەکو چۆن کەو هێلکەی خۆ دەبن عاردی دەنێت، بەو ئاوایە هەرچی هەیە دەیشارێتەوە.

**بیلیابورزا/** یانی مەحاڵە بدۆزرێتەوە ؟

**ئیتامۆر/** ئەرێ، مەحاڵی مەحاڵە.

**بیلامیرا/** (بە تەنیا، بە بیلیا دەڵێت): باشە تەگبیری ئەم ئاڵچاخی دەنییە چیە ؟

**بیلیابورزا/** ئەوە لێگەڕە بۆ من، (لە بن لێوانەوە): تۆ بە قسەی خۆش بیگرەو هەقت نەبێت. (بە ئیتامۆر) بەڵام تۆ کۆمەڵێك نهێنی یارۆی جولەکە دەزانیت، لەو نهێنیانەی کە ئەگەر کەشفیان بکەیت، زیانی گەورەی پێ دەگات.

**ئیتامۆر/** ڕاست دەکەی، نهێنی زۆر گەورەو خەتەرم لەلایە، تۆ سەبرێکم لێبگرە، ناچاری دەکەم نیوەی سەروەتەکەیم بۆ بنێرێت و مەمنوونیش بێت، تۆ قەڵەم و کاغەزێکم بدەیە، با نامەیەکی بۆ بنووسم، بزانە چۆن یەکسەر دەبین بە خاوەن پارە!

**بیلیابورزا/** بەلای کەمەوە داوای سەد ڕیاڵی زێڕ بکە.

**ئیتامۆر/** نەخێر یەك ملیۆن (دەنووسێت): " گەورەم باراباس. "

**بیلیابورزا/** لەبەری مەپاڕێوە، خۆ سواڵی لێناکەی! بە هەڕەشەوە بۆی بنووسە.

**ئیتامۆر/** (دەنووسێت): هێی کابرا، باراباس، "ئەمرت پێدەکەم کە سەد ڕیاڵی زێڕم بۆ ڤڕێ بکە."

**بیلیابورزا/** بەلای کەمەوە داوای دوو سەد بکە.

**ئیتامۆر/** (دەنووسێت). "داوات لێدەکەم بە هەڵگری نامەدا سێ سەد ڕیاڵم بۆ بنێرە، دەی نێری بێدەنگ دەبم، نای نێری، با هیچی تر نە نووسم، ئوباڵت بە گەردنی خۆت."

**بیلیابورزا/** پێی بڵێ ئەگینا ئیعتراف دەکەیت.

**ئیتامۆر/** (دەنووسێت): "ئەگینا لە بنی کوڵەکەکە دەدەمو هەموو شتێکت کەشف دەکەم."

دەی وەکو بروسکە بۆی دەرچۆو لە چاوتروکانێکا بگەڕێوە.

**بیلیابورزا/** خەمت نەبێ، براتم، هەمان شێوازی خۆی لەگەڵدا بەکاردێنم.

**ئیتامۆر/** بیخنکێنە، جولەکەیە جولەکە.

(بیلیابورزا نامەکە دەبات و دەڕوات).

**بیلامیرا/** دەی ئیتامۆر، دەی ناسکە پیاو، وەرە لامەوە، ئەرێ کارەکەرەکانم کوان؟ هەر ئێستاو بەپەلە زیافەتێك سازبکەن. بنێرن بۆ لای کابرای بازرگانو داوای لێبکەن جۆرەها ئاوریشمو حەریرم بۆ بنێرێت، حەیف نیە ئیتامۆری خۆشەویستم ئەو جلە کۆنانەی لەبەر بێت ؟ بەم شەپڕێویە لێرە بچێتە دەرێ ؟

**ئیتامۆر/** بە جەواهێر فرۆشەکەش بڵێ. با بێت بۆ ئێرە.

**بیلامیرا/** من مێردم نیە حەیاتەکەم.. مێرد بە تۆ دەکەم.

**ئیتامۆر/** من ڕازیم.. دەبێ ئەم وڵاتە سەخیفە بەجێ بێڵین،و بە پاپۆڕانو لە ڕێگەی دەریاوە بڕۆین بۆ وڵاتی جوانو قەشەنگی یونان، من دەبم بە جیسون* و تۆ دەبی بە خوری زێرینم. ئیدی لەوێ تا چاو بڕدەکات مافوری ڕەنگاو ڕەنگەو بەسەر چیمەنو مێرگانی بێ سنووردا ڕاخراوە، تا چاو هەتەردەکات هەر ڕەزو باخی (باخۆسە)* و سەوز دەچێتەوە، سەرانسەری دنیا تارایەکی سەوزی جوانی پۆشیوە، لەوێندەر من دەبم بە ئەدۆنیس* و تۆ بە خوابانۆی خۆشەویستیو ڤیان. لەوێندەر لە جیاتی زەلو قامیشو نەی شەکەر، چیمەنو باخو بێستانو گوڵو گوڵزار پێشوازی لە خەڵکی دەکەن، لەوێ لە ناو ئەو چڕە دارستانەدا، لە نزیکی گوندی (دیس)دا دەگەڵ مندا دەژیت، دەبیت بە یارو دلبەرو خۆشەویستی من.

**بیلامیرا/** لەگەڵ تۆدا، دەگەڵ ئیتامۆری ناسکە پیاودا، ئامادەم بۆ هەموو شوێنێ بڕۆم.

(بیلیابورزا دەزڤڕێتەوە)

**ئیتامۆر/** ها، دەنگو باست؟ زێڕەکەت هێنا؟

**بیلیابورزا/** بەڵێ.

**ئیتامۆر/** باشە بە ئاسانی زێڕەکەی دایتێ؟ مانگاکە بە ئاسانی هاتە شیر؟

**بیلیابورزا/** کە نامەکەی خوێندەوە، مۆڕەیەکی کردو لەقەیەکی بە عاردیدا کێشاو رووی وەرگێڕا، ڕیشیم گرتو خێسەیەکم لێکرد، وپێمگوت پارەکە بنێرێت باشترە، هەنگێ باوەشی پێدا کردمو دەستی لە ملم کرد.

**ئیتامۆر/** هەڵبەتە لە ترسا نەك لە خۆشەویستیا.

بیلیابورزا/  ئەوسا وەکو هەر جولەکەیەك لە قاقای پێکەنینی داو پێی گوتم کە لەبەر خاتری تۆ خۆشی دەویێم، زۆر ستایشی دڵسۆزیی تۆی کرد، دەیگوت بە ڕاستی خزمەتکارێکی ئەمین و بە ئەمەکە.

ئیتامۆر/  ئەو ناکەسە دەستێ جلی باشی بۆ نەکردم! ئەم جلانەم باشە، وانییە ؟

بیلیابورزا/  وەڵحاسڵ ئەنجام دە ڕیاڵی دامێ.

(پارەکان دەداتە ئیتامۆر)

ئیتامۆر/  تەنیا دە ڕیاڵ ؟ ڕاوەستە بۆم ئەگەر فلسێکی سوورم پێ هێشتی من ئیتامۆر نەبم.تۆ پارچە کاغەزێکم بدەیە، دنیایەك زێڕی لێدەستێنین!

بیلیابورزا/  داوای پێنج سەد ڕیاڵ بکە.

ئیتامۆر/  (دەنووسێت): "ئەی جولەکە، ئەگەر ژیانی خۆت خۆش دەوێت، پێنج سەد ڕیاڵم بۆ بنێرە، سەد ڕیاڵیش بدە بە هەڵگری نامە". پێی بڵێ هەر چۆنی بووە دەبێ ئەو پارەیەم بگاتێ.

بیلیابورزا/  خەمت نەبێت،لە منی بناسە..

ئیتامۆر/  ئەگەر پرسی ئەو هەموو پارەیەم بۆ چیە، پێی بڵێ من ئامادەنیم هیچ دێڕێك بە کەمتر لە سەد ڕیاڵی زێڕ بنووسم.

بیلیابورزا/  قوربان، وادیارە دەبیت بە شاعیرێکی دەوڵەمەند. ئەوا من ڕۆییشتم. (بە نامەکەوە وەدەردەکەوێ).

ئیتامۆر/  فەرموو ئەم پارانە لەسەر شەرەفی من خەرج بکە.

بیلامیرا/  من پارەم لاگرینگ نیە، خۆتم مەبەستە. بیلامیرا ئاوا زێڕ دەنرخێنێ (زێڕەکە توڕ دەدات)و ئاواش تۆ دەنرخێنێ (ماچی دەکات).

ئیتامۆر/ (لەبەر خۆوە) ئەڵلا لەو ماچە، بە هەزارو یەك ئاواز ختوکەی لێوم دەدات، ئەڵلا لەو نیگایانەی، چاوەکانی وەکو ستێران دەدرەوشێنەوە.

بیلامیرا/  دەی ئاشقی شەیدا، با جارێ بخۆین و بخۆێنەوەو ئەوسا بچین بنووین.

(بە دوو قۆڵی وەدەردەکەون)

(دیمەن: جادەیە)

(باراباس وەژووردەکەوێ و نامەیەك دەخوێنێتەوە)

باراباس/  "باراباس، سێ سەد ڕیاڵم بۆ بنێرە" وای لێهات، بووم بە باراباسی ڕووت. هەمووی ئۆینی ئەو سۆزانیەیە، دەنا پێشتر قەت بە باراباس ناوی نەبردووم " ئەگینا ئیتعراف دەکەم" وای لێهات؟ لێی دەوەشێتەوە. با بیگرم، بزانە ملی هەڵدەکێشم یان نا، کۆیلەیەکی خوێڕی قژ بژنی، شڕۆڵەی چاو زەقی کردۆتە سەرم، کە قسە دەکات ریشی رادەکێشێت و دوو سێ جاران بە دەوری گوێیدا بای دەدات، کۆیلەیەکی خوێڕی، دەموچاوی لەبەردەزبرەی تیژکردنەوەی شمشێری سوارچاکان دەچێت. دەستەکانی شێواون، هەندێ لە قامکەکانی بە تەواوەتی قرتاون، کە قسە دەکات دەڵێی بەرازە، لەو خوێڕیانەیە بە فێڵ دەکرێن بە مێردی سەد سۆزانی، دەبێ سێ

سەد ریاڵی پێدا بنێرم! ڕاوەستە بۆم، خۆزگە زۆر لەوێ نەدەمایەوە، با بێتەوە- ئاھ- خۆزیا لێرە دەبوو!

(بیلیا بورزا وەژووردەکەوێت)

بیلیا بورزا/ ئەی جولەکە، ھاتووم بۆ زێڕی دیکە.

باراباس/ بۆچی، ئەمەت لە گیرفانی خۆت دەرھێناوە؟ ھیچ حیسابێکت لەسەرم ماوە ؟

بیلیا بورزا/ نەخێر، بەڵام سێ سەد ریاڵ بەشی پێداویستییەکانی ئیتامۆر ناکات.

باراباس/ بەشی پێویستییەکانی ناکات ئاغام؟

بیلیا بورزا/ نەخێر ئەزبەنی، بۆیە دەبێ پێنج سەدی دیکەی بۆ بەرم.

باراباس/ باشتر وایە...

بیلیا بورزا/ قسەی باش بکە بەڕێز، ئەگەر ئەو بڕە پارەیە بنێری باشترە، بۆ خۆت باشترە.فەرموو ئەوە نامەکەیەتی. (نامەکەی دەداتێ).

باراباس/ باشە بۆچی خۆی نایەت‌و تۆ دەنێرێت؟ ئەگەر خۆی بێت باشتر نییە؟ تکام وایە پێی بڵێ با بێت پارەکە وەربگرێت، سەربارەت بەو پشکەش کە لە نامەکەدا بۆ تۆ دیاریکراوە، یەکسەر دەتدەمێ.

بیلیا بورزا/ بەڵێ – ئەدی ئەوەکەی ئەو....

باراباس/ (لەبەر خۆیەوە): دەبێ ئەم ناکەس بەچەیە لە ناو بەرم. نافەرمووی نانم دەگەڵ بخۆی؟ (لەبەر خۆوە) دەرمانخواردت دەکەم‌و دەت تۆپێنم.

بیلیا بورزا/ نەخێر، پەلەمە، پارەکەم دەدەیێ؟

باراباس/ ناتوانم، چونکە کلیلەکانم ون کردووە.

بیلیا بورزا/ ئاھ، ئەگەر مەسەلەکە کلیلە، دەتوانم قفڵەکانت بشکێنم.

باراباس/ یان بە پەنجەرەی ژووری گەنجینەکەمدا سەر بکەوی. خۆ لە مەبەستم دەگەی.

بیلیا بورزا/ زۆر باش دەگەم، بۆیە باسی گەنجینەکەتم بۆ مەکە. زێڕەکەم بدەیە با بڕۆم! ئەگینا ئەی جولەکە چاك بزانە دەتوانم بتخنکێنم!

باراباس/ (لەبەر خۆوە): نهێنییەکەی کەشف کردووم. من خەمی پێنج سەد ریاڵەکەم نییە، پێنج سەد ریاڵ بۆ من ناکاتە ھیچ، لەوە پەست نیم، ئەوەی پەستم دەکات ئەوەیە کە سوور دەزانێ من بە قەد خۆم خۆشم دەوێ، کەچی بەو گۆساخی‌و لوت بەرزییە نامەم بۆ دەنووسێت. کوڕی باش تۆ بە خۆت دەزانی من منداڵم نین، ئیدی ئەم ھەموو سەروەت‌و سامانە جگە لە ئیتامۆر بۆ کێ بە جێدێڵم!

بیلیابورزا/ ئەمە قسەی ڕووتە. من بۆ پارە ھاتووم، پارەکەم بدەیەو تەواو!

باراباس/ سڵاوی منی پێ بگەیەنە، ھەروەھا سڵاو لە خانمە بەرێزەکەشت بکە، ھەرچەندە نایناسم.

بیلیا بورزا/ بەڕێز تۆ پێم بڵێ پارەکە دەدەیت یان نا؟

باراباس/  هەر تۆو پارە بەڕێز! فەرموو ئەوە پارەکە (پارەکەی دەداتێ). (لەبەر خۆوە): سەد حەیفو مخابن بۆ ئەو هەموو زێڕە!، وەری گرەو دوعای خێر بکە (لەبەر خۆوە): وەکو چۆن من دوعای مەرگو لە سێدارەدان بۆ تۆ دەکەم. ئاه هیچ شتێك لەگەڵ خۆشەویستیدا ناکرێت، روحی پیاو دەتاسێنێ، مەگەر هەر خۆم بزانم چەندم ئیتامۆر خۆشی دەوێ! هیچ ئاغایەك ئەوەندەی من خولامی خۆی خۆش نەویستووە.

بیلیا بورزا/  دەزانم ئەزبەنی.

باراباس/  ببوورە بەڕێز، کەی گەورەم دەکەیو تەشریف دێنێتە ماڵەکەم؟

بیلیابورزا/  بەم زووانە، بەڵام ئەمە زۆر دەکەوێ لە سەرت. بە دوعا (وەدەردەکەوێ)

باراباس/  نەخێر، خوا دەکا دێیت، هەنگێ دەزانم چۆن لە کونە کەپووتی دەردێنمەوە، هەی خوێڕی. دەزانم چۆن لە کۆڵت دەکەمەوە. تائێستا هیچ جولەکەیەك ئەم عەزابەی منی دیتوە؟ خوێڕییەکی ساختەچی شڕۆڵە بێتە سەرت جارێ سێ سەد ڕیاڵو جارێکی دی پێنج سەد ڕیاڵی زێڕت لێ بسەنێ! باشە، باوابێ، پێویستە ڕێگەیەك بدۆزمەوەو هەر هەموویان بە پەلە لە ناو بەرم، لە کۆڵ خۆمیان بکەمەوە. چونکە ئیتامۆر تازە لە دەست دەرچووەو ئامادەیە هەموو نهێنییەکان کەشف بکات، ئەمەش مردنی منی لێدەکەوێتەوە.. ئا دۆزیمەوە، ڕێگەیەکی باشم دۆزییەوە: خۆم دەگۆڕمو دەڕۆم ئەو کۆیلەیە دەبینم، با بزانم ئەو بەدفەڕە چۆن بە زێڕی من ڕادەبوێرێ، تەخشانو پەخشانی دەکات.          (وەدەردەکەوێ).

(بیلامیراو ئیتامۆرو بیلیابورزا وەژووردەکەون)

(دیمەن: بانیژەیەکە لە ماڵەکەی بیلامیرادا)

بیلامیرا/  بەڵێنت دەدەمی خۆشەویستەکەم، بۆیە هەمووی دەخۆمەوە.

ئیتامۆر/  (بە گوێیدا دەچپێنێ): وام پێ دەڵێی؟ بیخۆوە، گوێت لێیە ؟

بیلامیرا/  خەمت نەبێ، چۆن دەڵێی وادەبێ.

ئیتامۆر/ بەو مەرجە دەخۆمەوە، بە سەلامەتی تۆ!

بیلامیرا/  نا، یا هەمووی دەخۆمەوە یان هیچ ناخۆمەوە.

ئیتامۆر/ فەرموو، ئەگەر منت خۆش دەوێ چۆڕبڕی بکە.

بیلامیرا/  خۆشم دەوێی! سێ پەرداخم بۆ پڕ بکە.

ئیتامۆر/ سێو شەش سەد: بە سەلامەتی تۆ دەخۆمەوە.

بیلیابورزا/  فشەیە.. لە فشەی سوارچاکێکی لێقەوماوی ئاوارە دەچێت.

ئیتامۆر/  پیاو پیاوە، دەبێ پیاوانە بخواتەوە.

بیلامیرا/  جا با ئێستا نەخبی یارۆی جولەکە هەڵدەین.

ئیتامۆر/  بە سەلامەتی جولەکەکە. بە سەلامەتی ئەو چونکە پارەم بۆ دەنێرێت.

بیلیابورزا/  باشە ئەگەر هیچ پارەیەکت بۆ نەنێرێت چدەکەی؟

ئیتامۆر/  هیچ ناکەم، بەڵام ئەوە دەزانم کە پیاوێکی جەربەزەو پیاو کوژە.

بیلامیرا/ باوەڕم نەدەکرد پیاوێکی ئەوەندە دلێرو ئازابێ.

ئیتامۆر/  ئێوە هەردووکتان ماتیاس‌و... کوڕی فەرماندارتان دەناسی، ئێمە، من‌و باراباس کوشتمانن بێئەوەی دەستیان تێوەدەین.
بیلیابورزا/  تەح.. کە کارێکی ئازایانەتان کردووە.
ئیتامۆر/  من بە خۆم ئەو مەنجەڵە خواردنەم برد کە هەموو ڕەبەنیتەکانی ژاراوی کردو کوشتنی، پێکەوە ڕەبەنێکمان خستە داوەوەو بە دوو قۆڵی خنکانمان.
بیلامیرا/  هەر هەردووکتان بە تەنیا؟
ئیتامۆر/ هەر هەردووکمان، نە کەس پێی زانی‌و نەکەسیش پێی دەزانێ.
بیلیابورزا/  (بە چپە بە بیلامیرا دەڵێت): من ئەمە دەگەیەنمە فەرماندار.
بیلامیرا/  (لەبن لێوانەوە بە بیلیابورزا دەڵێت): ئەمە دەرفەتێکی باشە، هەلەو هەڵکەوتووە، بەڵام جارێ پەلە مەکە تا هەندێ زێڕی دیکەیان لێ دەکێشینەوە. وەرە ئیتامۆری ئازیز، وەرە پێشەوە با لە ئامێزت بگرم.
ئیتامۆر/ بملاوێنە، ماچم بکە، ماچێکی دوورو درێژ، با بەدەم ئاوازی موسیقاوە لە باوەشی گەرمتا ئارام بگرم.

(باراباس خۆی گۆڕیوە، بەجلی سازڤانێکی فەرەنسییەوە وەژووردەکەوێ، عودێکی پێیەو چەپکێك گوڵی لە شەپقەکەی ناوە).

بیلامیرا/  سازڤانی فەرەنسی! دەی وەرە.. ئاوازێکی خۆشمان بۆ لێبدە.
باراباس/  با جارێ ژێی عودەکەم توند بکەمەوە.. دنگ.. دنگ..
ئیتامۆر/ کاکی فەرەنسی، دەخۆیتەوە؟
باراباس/  سوپاس ئەزبەنی.
بیلامیرا/ بیلیابورزا، بێزەحمەت بە سازڤانەکە بڵێ ئەو چەپکە گوڵەی ناو شەپقەکەیم بداتێ.
بیلیابورزا/  هێی، دەگەڵ تۆمە، دەبێ ئەو چەپکە گوڵە بدەیت بە خانمەکەم.
باراباس/  لە خزمەتودایە، ئەمرەکەی ئەزبەنی          (چەپکە گوڵەکەی دەداتێ).
بیلامیرا/  ئەڵڵا کە بۆنی خۆشە ئیتامۆر گیان!
ئیتامۆر/  دەگاتە بۆنی هەناسەی تۆ دڵدارەکەم؟ ئەو هەناسەیەی کە بۆنی هیچ گوڵە وەنەوشەیەکی ناگاتی.
بیلیابورزا/ (لەبەر خۆوە): پێموایە بۆ یەکی پان دەکەنەوە.
باراباس/  (لەبەر خۆوە): بەو جۆرە دارم بە روحی هەر هەموویاندا دا، بۆنەکەی بۆنی مەرگ بوو، چونکە ژەهرم پێوە کردبوو.
ئیتامۆر/  دەی سازڤان، سازی خۆت بژنە، دەنا..
باراباس/  ببورە، هێشتا ئاوازەکە ئامادە نیە، هەر ئێستا ئامادە دەبێت.
ئیتامۆر/ بیلیابورزا، ڕیاڵێکی بدەیەو ئەو پێکەش بۆ من تەژی بکە!
بیلیابورزا/  فەرموو ئەوە دوو ڕیاڵ، بژەنە! (پارەکەی دەداتێ).

باراباس/ (لەبەر خۆیەوە) ئەم خوێڕیە چەند خواردەیە! پشتی پێوە نەیەشاوە، ڕۆنی خۆمەو لە سمێڵی خۆمی دەداتەوە. (دەست بە ژەنین دەکات.)

بیلیابورزا/ بەڕای من سازێکی جوان دەژەنێ، تەمەشا چەند جوان پەنجە بەژییەکاندا دێنێ.

باراباس:/ (لەبەر خۆوە) عەینی تۆ، کاتێ کە پارەکانت دزیم.

بیلیابورزا/ چەند خێرا پەنجەکانی دەجوڵێنێ!

باراباس/ (لەبەر خۆوە): کە زێرەکانت لە پەنجەرەکەوە هەڵدامە خوارەوە، لە من خێرا تر بوویت.

بیلامیرا/ سازڤان، دەمێکە لەماڵتای ؟

باراباس/ دوو سێ مانگ دەبێت خانم.

ئیتامۆر/ جولەکەیەك هەیە، ناوی باراباسە، دەیناسیت؟

باراباس/ زۆر چاکی دەناسم قوربان، تۆ خزمەتکارەکەی ئەو نیت ؟

بیلیابورزا/ خزمەتکاری ئەو؟

ئیتامۆر/ زۆرم ڕق لەو دێهاتیە سەر سواڵکەرەیە، ئەمەی بۆ بگێڕەوە.

باراباس/ (لەبەر خۆوە): پێویست بە وتنی تۆ ناکات، بە خۆی دەزانێ.

ئیتامۆر/ ئەو کابرا جولەکەیە سەیرە، بە کولوی سوێرکراوو کارگو قارچکی بە هاراتکراو دەژی. لەوە زیاتر هیچی تر ناخوات.

باراباس/ (لەبەر خۆوە): هەی نامەرد، هەی کۆیلەی ناکەس بەچە، خواردنی من لە خواردنی فەرمانداریش نایابترو ناوازەترە.

ئیتامۆر/ لەوەتای خەتەنە کراوە، کراسێکی پاکی لەبەر نەکردووە.

باراباس/ (لەبەر خۆوە): هەی خوا ڕووت ڕەش بکات، نامەردی خوێڕی، من ڕۆژی دوو کەڕەت خۆم دەگۆڕم.

ئیتامۆر/ شەپقەکەی سەری هەمان ئەو شەپقەیەیە کە کاتێ یەهودا* لە ژێر دار بەیلەسانەکەدا خۆی خنکان، لێی بەجێما.

باراباس/ (لەبەر خۆوە): لە قوڕی ڕەشم نایت، ئەوە دیاری تایبەتی شای تەتەرانە.

بیلیابورزا/ بە ڕاستی کابرایەکی پیسکەو پیسە.. بۆ کوێ سازڤان؟

باراباس/ ببورە ئەزبەنی، هەستدەکەم نەخۆشم، تەواو نیم.

بیلیابورزا/ بە دوعا سازڤان. (باراباس وەدەردەکەوێ). نامەیەکی دیکەم بدەیە بۆ یارۆی جولەکە.

بیلامیرا/ تکات لێدەکەم خۆشەویستەکەم نامەیەکی دیکەی بۆ بنێرە، هەر ئێستا بینووسە، با توند بێ.

ئیتامۆر/ نا، ئەمجارەیان نامەیەکی زارەکی بۆ دەنێرم.. پێی بڵێ هەزار ڕیاڵت بداتێ، نیشان بەو نیشانەی کە ڕەبەنیتەکان حەزیان چووە برنج و خواردیان، کە برناردین بە جلەکانی خۆیەوە خەو بردییەوە. یەکێك لەو دوو نیشانەیەی بەسە.

بیلیابورزا/ لێیگەڕێ بۆ من، ئێستا لە مەبەستت حاڵی بووم.

ئیتامۆر/ مەبەستەکەم مانای خۆی هەیە . دەی (بە بیلامیرا) با بچینە ژوورەوە. روخاندنی بابایەکی جولەکە خێرە، گوناح نیە (وەدەردەکەون)

پەردە دادەرێتەوە.

<u>پەراوێز:</u>

١- تەعمید بکرێم: بکرێم بە فەڵە

٢- جیسون: ئەفسانەیەکی ڕیسكو خۆشەویستییە، قارەمانەکەی جیسونە کە دوای ئەوەی بابی دەمرێت، مامی موڵكو ماڵەکەی داگیر دەکات. ئیدی بە سواری بەرانێکی کەوڵ زێڕین دەکەوێتە ریسکانو هەوڵدەدات موڵکەکەی وەربگرێتەوە، لەو کەینو بەینەدا کەوڵەکەی لێ دەدزرێ، لە هەمان کاتدا مامی داوای لێدەکات ئەو کەوڵەی بداتێ، تا موڵکەکەی بداتەوە، ئیدی بە کۆمەکی میدیای دلبەری دەتوانێت کەوڵەکە بە دەست بێنێتەوە.

٣- باخۆس: خوای مەیە لەنك یونانیەکان

٤- ئەدونیس: گەنجێکی جوانە، ئەفرۆدیتی خواوەندی خۆشەویستیو جوانی حەزی لێدەکات، بەرازە کێویەك پەلاماری دەداتو برینداری دەکات، کە خۆین لە برینەکەی دێت، دەبێت بە گوڵێکی جوان، ئیدی لەوەوە ناوی بوو بە هاوتای گوڵو گوڵزارو مێرگو باخان.

٥- یەهودا: ناو شاگردێکی خیانەتکاری مەسیحە کە بە هۆی خیانەتەکەی ئەوەوە، مەسیح دەستگیر دەکرێتو لە خاچ دەدرێت، دوای ئەوە لە کارەکەی ژێوان بووەوە، خۆی بە دارێکەوە هەڵواسیو خۆی خنکاند.

# فەسڵی پێنجەم

(فیرنیزیو سوارەکانیو مارتن دڵ بۆسکۆ وئەفسەرەکان وەژووردەکەون).

(دیمەن: ناو ئەنجوومەنی شورایە).

فیرنیزی/ دەی دلێران، چەك هەڵگرن!ماڵتا بپارێزن،خۆ راگربن، چونکە کالیمات، لێبڕاوە، یا شارەکەمان بگرێت یان بەسەر حەسارەکانی شاراوە بمرێت.

سوارەی ١/ خەیاڵی خاوە، دەبێ بەسەر حەساری شارەوە بمرێت. هەرگیز ڕادەستی نابین.

(بیلامیراو بیلیابورزا وەژووردەکەون).

بیلامیرا/ ئۆ.. بۆ لای فەرماندارمان بەرن.

فیرنیزی/ دەری بکەن. ئەمە جندەیە، سۆزانیە.

بیلامیرا/ فەرماندار گویم لێبگرە، هەرچییەك هەم پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە، هەواڵێکم پێیە کە بکوژی کوڕەکەت ئاشکرا دەکات، ماتیاس، کوڕی تۆی نەکوشتووە، یارۆی جولەکە کوشتوویەتی.

بیلیابورزا/ جگە لە بە کوشت دانی ئەو دوو گەنجە، کیژەکەی خۆیو رەبەنیتەکانیشی دەرمانخوارد کردووە، رەبەنێکیشی خنکاندووە، ئیدی نازانم چ ئۆینێکی دیکەی لە ژێر سەردایە.

فیرنیزی/ باشه بەڵگەتان هەیە.

بیلامیرا/ ئەزبەنی بەڵگەی بە هێزمان هەیە، خزمەتکارەکەی حاڵی حازر لە ماڵی مندایە، لە ناو جێگاکەی مندایە، ئەو دەسکەلاو داردەستی بووەو هەموو ئیشەکانی بۆ جێبەجێ کردووە، ئامادەیە دان بە هەموو شتێکدا بنێت.

فیرنیزی/ بڕۆن یەکسەر بیهێنن (ئەفسەرەکان وەدەردەکەون) هەمیشە لەم جولەکەیە دەترسام.

(ئەفسەرەکان بە باراباس و ئیتامۆرەوە دەگەڕێنەوە).

باراباس/ سەگینە بەو جۆرە ڕام مەکێشن، پاڵ مەنەن خۆم دەڕۆم!

ئیتامۆر/ خۆم دەڕۆم، کاکی پۆلیس بە پێتا ناگەم، وای سکم!

باراباس/ (لەبەر خۆوە): تەنیا دوو گرام ژەهری زیاتری لەگەڵ بوایە، هەنووکە هەموو شتێ بڕابووەوە... دەستی شکاوم، کە پیاوێکی خوێڕیو بەدفەڕم!

فیرنیزی/ ئاگر بکەنەوە... ئاسن سوور بکەنەوە... ئامێری ئەشکەنجەکە بێنن.

سوارەی ١/ نەخێر گەورەم، سەبربکە، ڕەنگە ئیعتراف بکات.

باراباس / ئیعتراف بکەم... ئیعتراف چی، مەبەستتان چییە بەڕێزینە؟ کێ ئیعتراف بکات؟

فیرنیزی/ تۆو خزمەتکارە تورکەکەت، ئێوە کوڕەکەی منتان کوشتووە.

ئیتامۆر/ من دان بە تاوانی خۆمدا دەنەم گەورەم. کوڕەکەی تۆو ماتیاس هەردووکیان حەزیان لە ئەبیجیل کردبوو، باراباس ژێراو ژێر وەعدی بە هەر یەکێکیان دابوو کە ئەبیجیلی بداتێ، ئەوسا درۆنامەیەکی بە ناوی هەر یەکێکیانەوە هەڵبەستو بۆی ناردنو کردنی بە دژمن.

باراباس/ کێ ئەو درۆنانەمەیەی بۆ بردن؟

ئیتامۆر/ نایشارمەوە کە من بردم. بەڵام تۆ بڵێ کێ نووسی؟ ئەو بەخۆی. برناردینی ڕەبەنیشی خنکاند، ڕەبەنیتەکانو کچەکەی خۆیشی دەرمانخوارد کرد.

فیرنیزی/ لایبەن لەبەر چاوم! مەرگی خۆم لە چارەیدا دەبینم.

باراباس/ خەڵکی ماڵتا بوا وام پێدەکەن؟ گوێ بگرن بزانن چ دەڵێم. ئا ئەمە سۆزانیە، ئەمەش دزە، ئەوەش خزمەتکارو کۆیلەی منە، بمدەنە دادگا. ئەوانە درۆ دەکەن، هیچ حوکمێك نامگرێ.

فیرنیزی/ پێتان دەڵێمەوە، لایدەن لەبەر چاوم. بڕۆ دادگایی دەکرێیت!

باراباس/ (لە بن لێوانەوە): شەیتانینە، چیتان لە دەست دێ بیکەن، قسور مەکەن، بێ منەت بن، بە کوێرایی چاوی ئەنگۆوە هەر دەمێنمو دەژیم. هیوادارم ئەم نامەردییەیان بەسەر خۆیاندا بشکێتەوە! هیوادارم کاریگەری گوڵە ژاراوییەکان بە زووترین کات، دەربکەوێ.

(ئەفسەرەکە، باراباسو ئیتامۆرو بیلامیراو بیلیابورزا دەباتە دەرەوە).

(کاترین وەژووردەکەوێ).

کاترین/ گوایە یارۆی جولەکە ماتیاسی کوڕی کوشتووم؟ نا فیرنیزی، شتی وا نییە، کوڕەکەی تۆ کوشتی.

فیرنیزی/ خانمی بەڕێز سەبرت بێ، کابرای جولەکە تەحەدانامەیەکی درۆی بە ناوی هەر یەکێکیانەوە هەڵبەستووەو بە شەڕی داونو بە یەکتر بە کوشتی داون.

کاترین/ کوا جولەکەکە ؟ ئەو تاوانبارە لە کوێیە ؟

فیرنیزی/ لە زانداندایەو چاوەڕێی حوکمی دادگایە.

(ئەفسەری یەکەم دەگەڕێتەوە).

ئەفسەری ١/ گەورەم، سۆزانیەکەو گەوادەکەی، باراباس وخزمەتکارەکەی، هەر هەموویان مردن.

فیرنیزی/ مردن ؟

ئەفسەری ١/ بەڵێ گەورەم.. ئەوەتا چوون جەنازەی کابرای جولەکە بێنن.

مارتن دل بۆسکۆ/ بەڕاستی ئەم مردنە کوتوپڕەی زۆر سەیرە.

(ئەفسەرەکان، بە تەرمەکەی باراباسەوە دەگەڕێنەوە)

فیرنیزی/ پێت سەیر نەبێ قوربان، خوا نەهەقی قەبووڵ ناکات، مردنەکەشیان وەکو ژیانەکەیان پیس بوو، بۆیە مێشکی خۆتانی پێوە خەریك مەکەن، مردوون مردوون، دەیان نێژن‌و تەواو، بەڵام تەرمی کابرای جولەکە، فڕێ بدەنە دەرێی حەساری شار، تا ببێ بە خۆراکی داڵ‌و حەیواناتی دڕندە. دەی هەنووکە بڕۆن بەلای کاری خۆتانەوەو بە وردی ئێشکی شار بگرن.

(هەموو دەردەکەون‌و تەرمەکەی باراباس، لە عاردی بە جێدێڵن).

(باراباس هەڵدەسێتەوە. دیمەن:دەرێی حەساری شارەو تەرمەکەی باراباس فڕێ دراوە).

باراباس/ سەیرە کەس دیار نییە، ئەی ئافەرین شەرابی خەوهێن، شەرت بێ تۆڵە لەم شارە مەلعوونە بسێنم، دەبم بە چاوساغ‌و رێنوێنی کالیمات بۆ ئەوەی بێتە ناو شارەوە: نەمرم هەموو ژن‌و منداڵەکانیان بەسەر بڕین دەدەم، کڵێساکانیان بە سووتان‌و، ماڵەکانیان بەوێران کردن دەدەم، هەموو سەروەت‌و سامانەکەم وەردەگرمەوەو دەست بەسەر کێڵگەو مەزراکانمدا دەگرمەوە. هیوادارم فەرماندار بە یەخسیری بدینم،و لە کەشتییەکی چارۆکەدار بنرێ‌و سەوڵی پێ لێبدەن، بەر شەلاق بدرێ تا دەمرێت.

(کالیمات و پاشاوات‌و تورکان وەژووردەکەون).

کالیمات/ زەلام تۆ کێی؟ سیخوریت ؟

باراباس/ بەڵێ سەروەرم، من کەسێکم دەتوانم چاوساغیتان بکەم‌و شوێنێکی ئەمینتان نیشان بدەم کە بتوانن بە ئاسانی لێوەی بچنە ناو شارەوە، ناوم باراباسەو جولەکەم.

کالیمات/ باراباس! یانی تۆ ئەو جولەکەیەی کە وەکو بیستوومانە سەروەت‌و موڵك‌و ماڵەکەیان فرۆشتوویت تا باجەکەی ئێمەی لێبدەن؟

باراباس/ بەڵێ گەورەم، من دەقاو دەق ئەو کەسەم، دوای ئەوە کۆیلەیەك لە کۆیلەکانمیان بەکرێ گرت، بۆ ئەوەی هەزارویەك تاوان‌و خەتای ناهەقم بە سەرەوە بکەن بە ماڵ، دەزاندنیان پەستاوتم، بەڵام من لە دەستیان هەڵاتم.

کالیمات:/ چۆن، یانی لە زندان هەڵهاتی، زندانەکەت شکاند؟

باراباس/ نەخێر، ئەفیون‌و شەرابی باینجانم تێکەڵ کردو خواردمەوە، کە خەوم لێکەوتبوو، وایان زانی بوو مردووم، ئیدی هەڵیان دابوومە ئەم دیوی حەسارەکەوە، ئیدی ئەمە وابێ یان نا، ئەوا منی جولەکە لێرەم‌و چاوەڕوانی فەرمانی ئێوەم.

**كاليمات/** بەڕاستی كارێكی پیاوانەت كردووە. باشە باراباس تۆ پێم بڵێ، دەتوانی یارمەتیمان بدەیتو، وەكو خۆت دەڵێی ماڵتامان ڕادەست بكەیت؟

**باراباس/** دڵنیابە گەورەم، ئا لێرەدا، لە بەرانبەر بەربەستەكەدا، ڕێك لە گردە بەردینەكەدا، كەلەبەرێك هەیە، ئیدی ئەم كەناڵە بە تایبەتی بۆ زێراب و كەناڵە گشتییەكانی دیكەی شار لێدراوە، جا گوێ بگرە باسی نەخشەكەمت بۆ بكەم: لەو كاتەدا كە ئێوە هێرش بۆ حەسارو شورەكان دێنن، من لەو كەلەبەرەوە پێنج سەد سەربازر لەگەڵ خۆما دەبەمو لە ناوەڕاستی شارەوە سەر دەردێنین، ئەوسا دەروازەكان دەكەینەوە تا ئێوە وەژووربكەون، ئیدی بەو جۆرە هەموو شار دەكەوێتە دەستی ئێوە.

**كاليمات/** ئەگەر ڕاست بكەیت، دەتكەم بە فەرمانداری ماڵتا.

**باراباس/** ئەگەر ڕاستم نەكرد، بمكوژن.

**كاليمات/** زۆر باشە، خۆت شەرعی خۆت كرد، حوكمی خۆت دا. یەكسەر هێرش بەرن... (وەدەر دەكەون).

(دەنگی شەیپور لە دوورەوە بەرز دەبێتەوە. كاليماتو پاشاواتو توركانو باراباس، وەژوور دەكەن، فیرنیزیو سوارەكانیان بە دیلی لەگەڵ خۆدا هێناوە، دیمەن: مەیدانێكی شارە.)

**كاليمات/** ئەی نەسرانیانی دیلویەخسیر، ئیدی شەوكەتتان شكاو سەر بۆ دژمنی سەركەوتووتان داخەنو داوای بەزەییو بەخشین بكەن، كوا ئەسپانیای لە خۆبایی، بۆ فریاتان نەكەوت؟ قسە بكە فیرنیزی، ئەگەر قسەی خۆت برباسەرو باجەكەت دابا، لەم حاڵەت باشتر نەبوو؟

**فیرنیزی/** بڵێم چی، ئێمە دیلینو دەبێ ملكەچی ئێوە بین.

**كاليمات/** بەڵێ. خوێڕیو توریانە، دەبێ ملكەچی ئێمەبن، دەبێ لە ژێر ڕكێفی توركاندا، تەحەمولی باری قورسی قارو غەزەبی ئێمە بكەن، تۆش باراباس وەكو بەڵێنمان دابوویتێ، هەقی خۆتە ببی بە فەرماندار، برۆ لە ئێستاوە فەرمانداری شاریت، بە گوێری ئەقڵی ڕاستو دروستی خۆت مامەڵەو ڕەفتار دەگەڵ خەڵكی ماڵتادا بكە.

**باراباس/** سوپاس گەورەم.

**فیرنیزی/** ئەی ڕۆژگاری شووم، دنیای بێ وەفا، چۆن كردمت بە گەپچاڕ، خستمتە بەردەستی خیانەتكارێكی گەورەو جولەكەیەكی گڵاو! دەبێ ئاسمانی چ شتێكی لەوە خراپترمان بەسەر بێنێ ؟ دەبێ چ ڕۆژێك لەم ڕۆژە ڕەشتر بێت؟

**كاليمات/** ئێمە ئاواین، ئەوە فەرمانی ئێمەیە، ئەم پاسەوانانەشت دەدەینێ، ئێشكی خۆتیان پێ بگرە، مامەڵەت دەگەڵیان باش بێ، وەكو چۆن ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ تۆدا باش بوو. ئێستاش دەی پاشاواتی دلێر با برۆین سەرێكی ناو شاری وێران بدەینو بزانین چ وێرانكارییەكمان بەسەر هێناوە. بە دوعا ئەی جولەكەی نەبەز! بە دوعا باراباسی مەزن.

باراباس/ خوات لەگەڵ ئەی کالیمات، هەر بەختەوەر بیت. (کالیمات و پاشاواتەکان وەدەردەکەون). جا هەنووکە با مشورێکی سەلامەتی خۆم بخۆم، با جارێ هەر بۆ سەلامەتی خۆم فەرماندارو، فەرماندەو یارو یاوەرکانی بخەمە زندانەوە.

فیرنیزی/ هەی سپڵەی ناکەس بەچە! دنیا بۆ کەس نەماوە، خوا تۆڵەت لێدەستێنێ!

باراباس/ بیبەن! مەیەڵن لەوەی پتر بێتاقەت و بێزارم بکات! (سەربازە تورکەکان فیرنیزیو یارو یاوەرو سوارەکانی، وەپێش دەدەنو وەدەردەکەون)

(دیمەن: بارەگای فەرمانداره لە قەڵادا)

باراباس/ ئەی باراباس، ئیدی توانیت بە ئاینو ئۆینانی خۆت، بە فێڵو دەهۆیان پلەو پایەیەکی گەورە بە دەست بێنی، فەرماندار، دەسەڵاتێکی کەم نییە، ڕاستە ئێستا فەرمانداری ماڵتەم، بەڵام ماڵتا و خەڵکی ماڵتا حەز لە چارەم ناکەن، ڕقیان لێمە، ئەم ڕقە ژیانم دەخاتە مەترسییەوە، جا باراباسی بەستەزمان، فەرمانداری چ دادێکی تۆ دەدات کە ژیانت لە دەستی ئەواندا بێت، نا، باراباس، دەبێ جوان بیربکەیتەوە، مادامێکی بە زوڵمو هەڵە گەیشتیتە دەسەڵات، دەبێ ئازایانە بیپارێزیتو ئاقڵانە بەڕێوەی بەریت، بەلای کەمەوە بە خۆڕایی لە دەستی نەدەیت، سەروەتو سامانێکی مۆڵ بە دەست بێنی. ئەو دەسەڵاتدارەی کە دۆستو بناژۆ لە خۆی خڕ نەکاتەوەو گەنجینەکانی پڕ لە سەروەتو سامان نەکات، ئیزۆپ* گوتەنی وەکو کەرێکە بارەکەی نانو شەراب بێ، بارەکەی دابنێو بچێت بکەوێتە خواردنی وشترالوك. بەڵام باراباس وا نابێت، یەکسەر دەست بەکار دەبێت، فرسەت کە رۆیی ناگەڕێتەوە، ئەم فرسەتە لە کیس خۆت نەدەی، ئەوەی بە تەمای زۆر بێ، نابێ دەرفەت لە دەست بدات، بە ئاستەم دێر بکەوێ، نایگاتێ... ئادەی کۆنە فەرماندارم بۆ بێنن.

(پاسەوانان فیرنیزی دێننە ژوورەوە)

فیرنیزی/ بەڵێ گەورەم ؟

باراباس/ بەڵێ گەورەت، با دەستو پێوەندو کۆیلەو خزمەتکاران ئەوە فێربن. هەنووکە ئەی فەرماندار.. (بچنە دەرەوە، لەو ژوورەی تەنیشتمان چاوەڕوان بکەن)

(پاسەوانەکان وەدەردەکەن)

جا ئێستا با پێت بڵێم بۆچی بانگم کردوویت: بە خۆت دەزانی هەنووکە ژیانی تۆو بەختەوەری ماڵتا لە دەستی مندایە، باراباس بۆی هەیەو، دەتوانێ بەوپەڕی ئازادی ڕەفتاریان لەگەڵ بکات، جا ئێستا فەرماندار، بێ پێچو پەنا، ڕاستەو ڕاست پێم بڵێ بە مەزەندەی تۆچی بەسەر خۆتو ماڵتادا دێت؟ بە تەمای چیت؟

فیرنیزی/ باراباس، کە دەسەڵات بە دەست تۆوە بێت، جگە لە وێرانی ماڵتا هیچی تر نابینم، جگە لە زوڵمو زۆرو ناهەقی چاوەڕوانی هیچی دی لە تۆ ناکەم، جا من نە لە مەرگ دەترسمو نە مەراییت دەکەم.

باراباس/ جەنابی فەرماندار، هەندێ هێدی بە، توڕە مەبە. من هیچ سوودێك لە مەرگی تۆ نابینم، بۆیە هیچ ترسێکت لە خۆت نەبێ، تۆ دەژیتو بۆ منو لە پێناوی مندا دەژیت، بەڵام سەبارەت بە

**وێرانکردنی ماڵتا، پێت وا نییە ئەگەر باراباس شتی وا بکات، خۆی لە خێرو بێری ئەم شارە مەحرووم دەکات؟ من هەرچی سەروەت و سامانم هەیە خۆت گوتەنی لەم دوڕگەیە، لێرە، لە ماڵتا بە دەستم هێناوە، مادامێکی سەرکەوتنی بەردەوامم لەم شارەدا بە دەست هێناوەو هەنووکە بووم بە فەرمانداری ئێوە، نەمرم پێتانی نیشان دەدەم کە ئەم شارە لە بیرناکەم، کە دۆستی تەنگانە دەبمو، ماڵتا لە ژێر دارو پەردووان هەڵدەستێنمەوە.**

**فیرنیزی/ باوەڕناکەم، تۆ بڵێی باراباس قەرەبووی زەرەرو زیانەکانی ماڵتا بکاتەوە؟ تۆ بڵێی باراباس خێری نەسرانیانی بویٚ؟**

**باراباس:/ ئەی فەرماندار، چیم دەدەنیٚ ئەگەر ئەو تەوق و کۆتە بشکێنم کە تورکان لە ملی خۆت و خاکەکەتیان کردووە؟ چیم دەدەنیٚ ئەگەر ژیانی کالیمات بخەمە بەر دەستت، ئەگەر کارێکی وا بکەم هەموو سەربازەکانی غافڵگیر بکەیت، هەموو پیاوەکانی لە خانوویەکی دەرێی شاردا ئابڵوقە بدەیت و کارێکی وەها بکەم هەموویان ببن  بە خۆراکی ئاگر؟ ئەگەر یەکێك ئەو کارەتان بۆ بکات چی دەدەنیٚ؟**

**فیرنیزی/ تۆ ئەمە بکە، درۆمان لەگەڵ مەکە، من نامەی تایبەتی بۆ هاوولاٚتیان دەنێرم،و ئەوەندەت سەروەت و سامان بۆ کۆدەکەمەوە لە هەفتا پشتت زیاد بیٚ، تۆ ئەوە بکە، هەتا ماوی فەرمانداریشمان بە.**

**باراباس/  نەخێر، تۆ سەروەت و سامانەکەم بدەیەو بۆ خۆت ئازاد بە جەنابی فەرماندار، من ئازادت دەکەم، لەگەڵ خۆمدا بژی، بە شارا بسوڕێوەو دۆست و هاوڕێکانت بدینە، نامەیان بۆ مەنێرە، بە خۆت بچۆ بۆ لایان، با بزانم چەندت سەروەت و سامان بۆ کۆ دەکرێتەوە: فەرموو ئەوە دەستم، پەیمانت دەدەمیٚ کە ماڵتات بۆ رزگاردەکەم. ئەمەش نەخشەکەمە: من دەعوەتێکی گەورە بۆ کالیماتی گەنج ساز دەکەم، تۆش لەویٚ دەبیت، تەنیا یەك کاری بچووکم بۆ دەکەیت کە دوایی پێتی دەڵێم، کارێك کە هیچ مەترسیەکی بۆ تۆ تیا نییە، هەنگیٚ ماڵتات بۆ هەمیشە بۆ ئازادو رزگاردەکەم.**

**فیرنیزی/ ئەوەش دەستی من، وەعدی پیاو بیٚ، باوەڕم پێبکە باراباس، ئامادە دەبمو هەرچیت بویٚ دەیکەم. مەوعیدمان کەیە؟**

**باراباس/ هەر ئێستا فەرماندار، چونکە کالیمات هەرکە لە سەردانی شار بووەوە، ئیدی بە سواری کەشتی بەرەو تورکیا دەڕواتەوە.**

**فیرنیزی/  کەواتە باراباس، من دەچم پارەکەت بۆ کۆدەکەمەوەو ئێوارە لەگەڵ خۆما بۆتی دێنم.**

**باراباس/ بڕۆ، بەلاٚم دوا نەکەویت، بە دوعا فیرنیزی. (فیرنیزی وەدەردەکەوێت). من بەمجۆرە کاری خۆم ڕایی دەکەم، من نە موسوڵمانانم خۆش دەویٚ و نە نەسرانیان، دەبیٚ دەگەڵ هەردوولایاندا هەڵبکەمو بسازێم، کیٚ قازانجی زیاترم پێبگەیەنیٚ ئەوە دۆستمە، ئێمەی جولەکە هەر وا ژیاوین، ژیانێکی ماقولیشە. نەسرانیەکانیش هەر وا دەژین. زۆر چاکە هەنووکە بیر لە جێبەجێکردنی نەخشەو پلانەکەم دەکەمەوە، هەوەڵجار سەربازەکانی سەلیمی مەزن غافڵگیر دەکەم، ئەوسا خۆم بۆ میوانداری و دەعوەتەکە ئامادە دەکەم، دەبیٚ هەموو کارەکان لە یەك**

وەخت و ساتداو پێکەوە ئەنجام بدرێن. سیاسەتی پیلانگێڕی من هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك قەبووڵ ناکات، دەبێ هەر بە ئامانجە نهێنییەکانی خۆم بگەم، بە خۆم ئەنجام و ئاکامی ئامانجە پەنهانەکانی خۆم دەزانم، بزانە چۆن ڕوحیان دەبێ بە شایەدی پیلانەکەم.

(وەدەردەکەوێ)

(کالیمات و پاشاواتەکان وەژووردەکەون)

(دیمەن: دەرێی حەسارەکانی شارە).

کالیمات/ گەڕاین، بە شارا گەڕاین و بە چاوی خۆمان وێرانکاریەکانمان بینی، فەرمانمان دا ئەو بینایانە چاك بکرێنەوە کە بە تۆپخانەی ئێمە وێران بوون. ئێستا بۆم دەرکەوت کە ئەم دوڕگەیە چەند قایمە، لە ناوەڕاستی دەریای سپی ناڤینە، چوار دەوری سەنگەرو مەتەرێزە، چەندین دوڕگەی بچووکی لە پێشەوەیە، دوو بورجی بەرزی دیدەوانی هەیە کە دەڕواننە کالابریاو پشتیان لە سەقلیەیە، ئەو سەقلیەیەی کە دیونیسیۆسی سەقلی فەرمانڕەوایی دەکرد. من سەرم سوڕ دەمێنێ چۆن ئەم قەلا سەختەمان بەو ئاسانییە گرت.

(تەتەرێك وەژوور دەکەوێت)

تەتەر/ نامەیەکم لە باراباسی فەرمانداری ماڵتاوە بۆ کالیماتی مەزن هێناوە. کە بیستی کالیماتی سەروەری بەرەو دەریا تەشریفی بردووە تا بۆ تورکیا، بۆ ئیمپراتۆریەتی مەزنی عوسمانیان بگەڕێتەوە، منی بۆ خزمەتی خاوەنشکۆتان ناردووەو تکاتان لێدەکات تەشریف بۆ کۆشك و بارەگا متەوازیعەکەی بەرن و بەر لەوەی ماڵتا بەجێ بێڵن، بە گەورەیی خۆتان مشەڕەف بکەن و دەعوەتی ئەو بن و نمەکی ماڵەکەی بکەن.

کالیمات/ بچمە کۆشك و ماڵەکەی، لەوێ دەعوەتی ئەوبم؟ تەتەر من دەترسم ناندان و میوانداری هێزو دەست و پێوەندەکەم لە شارێکدا کە شەڕ وێرانی کردووە، زۆر قورس و گران بێت، بە ئاسانی هەڵنەسوڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، حەزدەکەم سەری باراباس بدەم، چونکە پیاوەتی و چاکەی بە سەرمانەوە هەیە.

تەتەر/ سەلیم بێگ... جەنابی فەرماندار لەمبارەیەوە دەڵێت مرواریەکی گەورەی پرشنگداری گرانبەهای ئەوتۆی لە عەماریدا هەیە، ئەگەر تالانفرۆشیش بکرێت، ئەوەندە پارە دەکات کە بەشی دەعوەت و میوانداری یەك دانە مانگی سەلیم و تێکڕای دەست و پێوەندو سەربازەکانی دەکات. بۆیە لە خاوەنشکۆتان دەپاڕێتەوەو تکاتان لێدەکات بەر لەوەی لەم دوڕگەیە تەشریف بەرن و بڕۆن دەعوەتەکەی قەبووڵ بکەن و بە گەورەیی خۆتان مشەڕەڤ بکەن.

کالیمات/ ئەوە هەموو سەربازە لە کوێ لە ناو ماڵتادا جێیان دەبێتەوە، مەگەر خوان لە جادەو شەقامەکانیشدا دابنرێت.

تەتەر/ سەلیم حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە دێرێك لە دەرێی شاردایەو نان و خوانی سەربازەکانت لەوێ دەبێت، بەڵام خۆت و هەموو پاشاواتەکان و دەست و پێوەندەکانت لە ماڵەکەی خۆیدا دەعوەتن.

كاليمات/ ئەگەر وابێ باشە... دەیسا خەبەر بە فەرماندار بدە کە ڕازین، نانی ئەم هاوینە ئێوارەیە لەگەڵ ئەودا دەخوێن..

تەتەر/ بەڵێ باشە گەورەم... (وەدەردەکەوێت).

كاليمات/ دەی پاشایانی دلێر... با بڕۆین بۆ خێوەتەکانمان بەڵکو خۆمان بە باشترین شێوەو رواڵەت بۆ ئاهەنگی دەعوەتە گەورەکەی فەرماندار ئامادە دەکەین. (وەدەردەکەون).

(فیرنیزیو سوارەکانو مارتن دل بوسکۆ وەژووردەکەن). (دیمەن: جادەیە).

فیرنیزی/ هاووڵاتیان لەمەدا بە قسەم بکەن، کەس لە فەرمانی من دەرنەچێت، ئاگاداربن تا گوێتان لە دەنگی تۆپە کۆنەکە نەبێت کە پیاوێکی مەشخەڵ بە دەستی وەکو ئەم مەشخەڵە دەیتەقێنێ، کەس هێرش نەکات، کە تۆپەکە تەقی هەنگێ هێرش بێننو وەرن بە هانامەوە، ئیدی یان هێندەی دی سەری خۆم بە قوڕا دەکەم یان ئێوە لەم ملکەچیو کۆیلایەتیە رزگاردەکەم.

سوارەی ١/ لە پێناوی رزگاریدا، هەموو سەرکێشییەك دەکەین، باشترنیە لەوەی بەم جۆرە بندەستی تورکان بین؟

فیرنیزی/ کەواتە رێکەوتین. دەی ئێستا بڕۆن و بڵاوەی لێبکەن.

سوارەکان/ دەی بە دوعا فەرماندەی ئازا.

(سوارەکان و دل بوسکۆ بەلایەکاو فیرنیزی بەلایەکی دیدا دەڕۆن).

(باراباس بەخۆو چەکوشێکەوە لەگەڵ چەند دارتاشێکدا وەژووردەکەوێ، باراباس زۆر مژولو جەنجاڵە)

(دیمەن: ڕاڕەوێکی ناو قەڵایە)

باراباس/ ها حەبلەکان چۆنن؟ کۆڵەکەو تەوەرەکان بە تەواوەتی قایم کراون؟ هەموو چەرخو بەکرەو گرگرەکان توند کراون؟

دارتاش ١/ هەر هەمووی قایم کراوە.

باراباس/ هەر هەمووی قایم بکەن، هیچ شتێکتان لە بیرنەچێت، دەبێ هەموو شتەکان بەو شێوەیە بێ کە نەخشەم بۆ داناوە! هەستدەکەم بە ڕاستی دەست ڕەنگینن. دەی دارتاشینە هانێ ئەو زێڕە لە بەینی خۆتاندا دابەش بکەن (پارەیان دەداتێ). بچنە خوارەوە، لە ژێر زەمینەکەدا جۆرەها شەرابی ئەسپانیو شەرابی ترێ هەیە، بە کەیفی دڵی خۆتان بخۆنەوە.

دارتاشی ١/ دەچین قوربان، زۆر سوپاس. (دارتاشەکان وەدەردەکەون).

باراباس/ ئەگەر بە دڵتان بوو، تا مەستو مڕ دەبن بخۆنەوەو پاشان بمرن، هەر من خۆشبم خوای دەکرد هەموو دنیا دەمرد. دەی سەلیم جوابم لێ بگێڕەوە دێی، هەنگێ لە هیچم کەم نابێت. (تەتەرەکە وەژووردەکەوێ) ها کوڕۆ، چی بوو؟ دێت؟

تەتەر/ دێت.. فەرمانی بۆ هەموو پیاوەکانی دەرکرد کە دابەزنە سەر کەنار،و بە ناو شەقامەکانی ماڵتا بکەون تا لە کۆشكو قەڵاکەتدا دەعوەتی تۆ بن.

باراباس/ کەواتە هەنوکە هەموو شتەکان بە دڵی خۆمە، لە هیچم کەم نییە، تەنیا پارە تالانکراوەکانی فەرماندار نەبێت، ئەوەتا وا ئەویشی هێنا.

(فیرنیزی وەژووردەکەوێ).

دەی فەرماندار بڕی پارەکە چەندە ؟

فیرنیزی/ هەر لە ڕێوە سەد هەزار جونەیهە.

باراباس/ گوتت جونەیهە فەرماندار؟ دەی مادام لەوە زیاترت لە دەستدا نییە، پێی رازی دەبم، نا با جاریێ لای خۆت بێ، تا ئەگەر وەعدەکەم نەبردە سەر نەمدەیتێ. دەیسا فەرماندار ئێستا وەرە نەخشەکەمت تێبگەیەنم، یەکەم: سەبارەت بە سەربازەکان لە پێش خۆیدا ناردوونیو حاڵی حازر وان لە دێرەکەدا، لە چەندین شوێنەوە مینم لە ژێر دێرەکەدا ناوەتەوە، ژێر دێرەکەم یەکپارچە کردووە بە بۆمبو تۆپو بەرمیلە باروت، ئەگەر ئەم تەقەمەنیانە بتەقنەوە، دێرەکە لە بنو بناغەوە هەڵدەتەکێنن، هەرچی دارو بەرد هەیە بەسەر سەربازەکاندا دەڕوخێتو زەلامیان بە ساغی دەرناچێت. بەلام کالیماتو دەستوپێوەندەکەی، لێرە، هەیوانێکی زۆر جوانم بۆ دروست کردوونو بەپەتی قایم هەڵمواسیوە، لە ژێریا چاڵێکی قووڵ قووڵم هەڵکەنیوە، کە پەتەکانی بپڕێت رێك دەکەونە ئەو چاڵەوەو جارێکی دی ئەم دنیا بە چاو نابینن. هانێ ئەم چەقۆیە بگرە (چەقۆکەی بۆ هەڵدەدات). هەرکە بینیت خۆیو پاشاواتەکانی هاتنە سەر ئەوەی دانیشن، لە بورجەکەوە ئیشارەتێك دەکرێت تا وەختی بڕینی حەبلەکەت بۆ دیاری بکات، هەروەها وەختی سووتاندنی دێرەکەش دیاری دەکات..، ئەم کارەکەت بەلاوە چۆنە ؟

فیرنیزی/ ئاه.. کاری وا هەر لەخۆت دێ. هانێ باراباس، من متمانەم پێتە، ئەوە ئەو ئەمانەتەیە کە وەعدم دایتێ.

باراباس/ نا، فەرماندار، دەبێ لە پێشا کارەکەم جێبەجێ بکەم، تا هیچ گومانێکت لە دڵدا نەمێنێ. خۆت بشارەوە واهاتن: (فیرنیزی دەگەڕێتەوەو خۆی دەشارێتەوە)

خۆشی لە خۆم، ئەمەیە بازرگانی، بازرگانیی لەوە جوانتر هەیە کە شاران بە زوڵمو غەدر بکڕیتو بەفێڵو دەهۆیان بیفرۆشیتەوە؟ خەڵکینە پێم بڵێن کێ فەندەڵ فێڵو چاوو ڕاوو تەزویرو ڕیاو ڕیاکاری لەمە گەورەتری کردووە.

(کالیماتو پاشاواتەکان وەژووردەکەون).

کالیمات/ پاشایان ئێوە تەمەشاکەن، بزانن باراباس لەو سەرەوە، لە هەیوانەکەیدا چەند مژولە، چۆن خۆی بۆ پێشوازی ئێمە ئامادە کردووە. با سلاوی لێبکەین. سلاو باراباس، ماندوو نەبی.

باراباس/ سلاو لە ئێوە کالیماتی مەزن، خێر هاتن، سەرچاوا!

فیرنیزی/ (لەبەر خۆیەوە): تۆ تەمەشا، چۆن ئەم ناکەس بەچەیە پێی ڕادەبوێرێ!

باراباس/ ئەی سەلیم کالیمات دەفەرموون بە پەیژە پەرتووتەکەماندا سەر بکەون؟

کالیمات/ باشە باراباس. وەرن پاشاوات دەی سەرکەون!

فیرنیزی/ (خۆی ئاشکرا دەکات): بوەستە کالیمات، میوانداریيەکی گەورەتر لەوەت دەکەم، کە باراباس بە تەمابوو بتکات.

(یەکێك لە سوارەکان لە ژوورەوە): جاڕی هێرش بدە!

(بانگێك لە ژوورەوە بەرزدەبێتەوە. فیرنیزی پەتەکە دەبڕێت، زەمینە (ارضية)ی هەیوانەکە دەکەوێت و باراباس دەکەوێتە ناو ئەو مەنجەڵە گەورەیەوە کە لەبنی چاڵەکەدا دانرا بوو.)

(سوارەکان و مارتن دل بوسکۆ وەژووردەکەون)

کالیمات/ سەیرە، ئەمە چییە ؟

باراباس/ ئەی هاوار، عەشرەت هاوارە! ئەی نەسرانیان هاوارە، فریام کەون!

فیرنیزی/ تەمەشاکە کالیمات، ئەم داوەی بۆ نابوویتەوە!

کالیمات/ تاوانە.. ئەمە چ خیانەتێکە! هەڵێن ئەی پاشایان.

فیرنیزی/ نەخێر سەلیم شتی وانییە.. هەڵمەیەن.. جارێ سەرەنجامی باراباس ببینن، دوای ئەوە گەر توانیتان هەڵێن.

باراباس/ ئاە.. فریاوم کەوە سەلیم! نەسرانیان هاوارە! جەنابی فەرماندار چاوەڕوانی چیت، بۆچی ڕەق ڕاوەستاوی و ڕەحمت ناجوڵێ؟

فیرنیزی/ ئەی باراباسی مەلعوون، هەی بەدفەڕ، ئەی جولەکەی بودەڵە! دەتەوێ بەزەییم بە حاڵی تۆدا بێتەوە، باوەڕ بە هاوارو پاڕانەوەت بکەم؟ شتی وانییە، ئەمە سزای خیانەتی خۆتەو دێتەوە ڕێت، خۆزیا، سەد خۆزیا ئەم ڕێگەیەت نەدەگرت و ڕێگەیەکی ترت دەگرت.

باراباس/ کەواتە یارمەتیم نادەن؟

فیرنیزی/ نەخێر هەی خوێڕی لە گام، نەخێر.

باراباس/ کەواتە دڵنیابم کە ئێوەی خوێڕی بە هانامەوە نایەن. دەی باراباس دوا هەناسەت بدە، بەگژ ئازارەکانتدا بچۆوەو بە ڕەندی و مەردی بمرە. دەیسا فەرماندار چاك بزانە من کوڕەکەتم کوشت، من ئەو تەحەدانامەیەم داڕشت و کردمن بە گژ یەکداو بە کوشتم دان. تۆش کالیمات چاك بزانە بە تەمابووم لە نێوت بەرم، ئەگەر نەخشەکەم سەری گرتبا، هەر هەمووتانم دەکرد بەگژ یەکدا ئەی نەسرانیانی سەگ و تورکانی کافر، ئەی دژمنانی جولەکە. ئاە گەرمی مەنجەڵەکە گەییە گیانم، دەڵێی دوپشکەو پێمەوە دەدات، باوکەڕۆ تەحەمول ناکرێت، ببڕێوە ئەی ژیان، بەسە تەواو بە! دەرچۆ ئەی روح، بفڕە! تۆش ئەی زمان تۆش تا دەتوانی جنێوبدە، نەفرەت، تووك و نەفرەت بکەو پاشان بمرە!

(دەمرێت).

کالیمات/ ئەی نەسرانیان پێم بڵێن ئەمە چییە؟

فیرنیزی/ ئەم نەخشەیەی بۆ لە ناو بردنی تۆ دانابوو. جا ئێستا سەلیم ئاگات لە کرداری گڵاوو نامەردانەی جولەکان بێت، ئەو کابرایە دای نابوو بەو جۆرە بتکوژێت، بەڵام من حەزم کرد رزگارت بکەم.

کالیمات/ ئەمە ئەو دەعوەتە بوو بۆی ساز دەداین؟ دەی خێراکەن با بڕۆین، نەبا داوێکی دیکەمان بۆ نرابێتەوە.

**فیرنیزی/ نا، سەلیم.. سەبرکە، پەلەت نەبێ، مادامێکی لای ئێمەی نایەڵین وا زوو بڕۆیت! خۆ ئەگەر ڕێگەشت بدەین بڕۆیت، هیچ لە مەسەلەکە نایەتە گۆڕین، چونکە تۆ ناتوانی بەبێ سەربازانی تازە، کەشتیان بەڕێ بخەیتو بەسواری کەشتی بڕۆیت.**

**کالیمات/ قسەی وانەکەی فەرماندار! ئەوە کاری تۆ نیە، سەربازەکانم هەموو لەسەر کەشتیەکانن، ئامادەو تەیار، هەنووکە چاوەڕێی منن.**

**فیرنیزی/ سەیرە.. باشە گوێت لە بانگەوازی جاڕچییەکە نەبوو کە جاڕی هێرشی دا!**

**کالیمات/ با، بەڵام مانای ئەوە چی بوو؟**

**فیرنیزی/ مانای ئەوە بوو کە لەو ساتەدا ماڵەکەمان تەقاندەوەو هەموو سەربازەکانت تیا چوون.**

**کالیمات/ تەحا لەو خیانەتە دڕندانەیە!**

**فیرنیزی/ ئەوە فێڵی جولەکانەیە، باراباس بە فێڵو تەڵەکە بازی ئێمەی بە روخان داو هەر بەفێڵو دەهۆش، بەغەدر ئێوەی ڕادەستی ئێمە کرد. تا باوکت قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانو وێرانکاریەمان بۆ نەکاتەوە کە لە خۆمانو ماڵتاتان داوە، بۆت نییە لەم شارە وەدەربکەوی.. دەبێ ماڵتا رزگار ببێت، بە تەواوەتی ئازاد ببێت، دەنا سەلیم دوو پێی ناچێتەوە تورکیا.**

**کالیمات/ نەخێر.. ئەی نەسرانیان باشتر وایە، ڕێگەم بدەن، تا بۆ تورکیا بڕۆمەوە، جا لەوێ بە خۆم هەوڵدەدەم پەیمانی ئاشتیتان دەگەڵ ببەسترێ، گلدانەوەم لێرە هیچ سوودێکی بۆتان نابێ...**

**فیرنیزی/ دڵنیابە کالیمات، دەبێ بەدیلی لێرە، لە ماڵتادا بمێنیتەوە، ئەگەر هەموو دنیا بە هاناتەوە بێن، هیچیان پێناکرێت، دەشێت بێن بە ئاوی ئوقیانووسەوە بنەنو چۆڕبڕی بکەن، بەڵام مەحاڵە ماڵتا بگرنو هەڕەشەمان لێبکەن، چونکە ئەمجارەیان بەرگری لە خۆدەکەین. دەی سوارانی دلێر بڕۆن سوپاسو ستایشی خۆتانو خوا بکەن نەك هی بەختو ڕێکەوت.**

**(وەدەردەکەون)**

**تەواو**

**پەردە دادەرێتەوە.**

**<u>پەراوێز:</u>**

**١- ئیزۆپ: کەسێتییەکە نیمچە ئەفسانەییە، دەڵێن لە سەدەی شەشەمی پ. ز ژیاوە. بە گوێرەی ئەفسانان ئیزۆپ زۆر مەتەڵو حیکایەتانی لە شێوەی دیالوگدا لە نێوان خۆیو کەسێتیەکی ئەفسانەیی دیکە بە نێوی رودوپ داناوە.**

**سەرچاوە:** یهودی مالطة، تألیف کریستوفر مارلو / ترجمة الادیب السوري نصر عبدالرحمن / تقدیم: د. زاخر غبریال.
دار الکاتب العربي للطباعة والنشر بالقاهرة/ المؤسسة المصریة العامة للتألیف والنشر/ وازرة الثقافة
روائع المسرحیات العالمیة / نصف شهریة/ یولیو ١٩٦٧/ ٤٩.

## *- کریستوفرمارلو (١٥٦٤- ١٥٩٣):

**یەکەمین درامانووسی گەورەی زەمان بوو، کە پرشنگی بلیمەتییە سەیرەکەی، جیهانی شانۆی سەردەمی ئیلیزابتی روناك کردەوە. یەکەمین تراجیدیای ئەو: تەیمور لەنگ (١٥٨٧)، لە قالبی شیعری ئازادی سفتدا دارێژراوە، کە مارلۆ لە درامانووسیدا کردی بە باو، واتە هێنایە ناو دراماوە. ئەم تراجیدیا رۆمانتیکییە کە بە دەوری تەوەری ژیانی تەیمور لەنگدا دەسووڕێتەوە، لە دوو بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا تەیموری شوان دەبێ بە رێگرێکی بە ترەف و ئاقیبەت دەگاتە پاشایی ئێران. لە بەشی دووەمدا تەیموری خوێنمژی هۆڤی بە سواری گالیسکەیەك کە دوو پاشا رایدەکێشن، بۆ بابل سەفەر دەکات، و سەرەنجام بێڕەحمی و زەبرو زەنگ و زوڵم و زۆرەکانی خۆی سەری دەخۆن. لەم تراجیدیایەدا، زەبرو زەنگ و ستەمکاری لە پاڵ ئەدەبیاتی شکۆداری مالرودا، شەپۆل دەدات.**

**تراجیدیایەکی دیکەی مارلو، جولەکەکەی ماڵتایە (١٥٨٩)، ئەمیش پڕە لە توندو تیژی. لەم تراجیدیایەدا، وێنەیەکی دراماتیکی لەمەڕ باراباسی جولەکەی دەوڵەمەند، دەگێرێت. ئەو کە سەرپێچی لە دانی باج بە حاکمی مەسیحی ماڵتا دەکات، بە نەهەق زوڵمی لێدەکرێ، و ژیانێکی توندوتیژ دەگرێتە بەر. کیژەکەی خۆی و دانشتووانی دێرێك دەکوژێت، و لەسەر توندوتیژی بەردەوام دەبێت. بەڵام سەرەنجام، بە خۆیشی بە شێوەیەکی دڵتەزێن لە مەنجەڵێك ئاوی لە کوڵدا دەمرێت.**

**باشترین شانۆنامەی مارلو بە ناوی دکتور فاستوسە (١٥٩٠)، چیرۆکە بەناوبانگەکەی فاستوس دەگێڕێتەوە کە ڕوحی خۆی لە بری بیست و چوار ساڵ ژیانی پڕ لە شکۆو دەسەڵات بە**

مفیستوفلسی شەیتان دەفرۆشێت. مارلۆ، لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، لەوێدا کە فاستوس بە نزیک بوونەوە لە مەرگ، ترس سەراپای دادەگرێت، بەرجەستەترین فەسڵی دراماتیك دەئافەرێنێ.
شاکاری مارلو، ئیدواردی دووەمە (١٥٩٣)، کە لە ژیانی ئیدواردی دووەمەوە، پاشای ئینگلستان هەڵێنجراوە. لەم شانۆنامەیەدا کە پلۆتێکی مامۆستایانەی هەیە، مارلو مامەڵەیەکی زیرەکانە ترو ئەقڵانیتری لەگەڵ لاوازی و سنووردارییەکانی بەشەردا کردووە.

## بەدحاڵی بوون

ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەمجار ساڵی (١٩٤٤)و لەسەر شانۆی (Mathurins) نمایش کراو مارسێل هیران دەری هێنا.
ئەم ئەکتەرانە بەپێی دەرکەوتنیان بەشدارییان تێدا کردووە.

١- ماریا کازارس لە دەوری مارتا.
٢- هلن ورکور- ماریا.
٣- ماری کارلف- دایك.
٤- مارسل هرزان- جان.
٥- پل ئۆتلی- خزمەتکاری پیر.

**پەردەی یەکەم**

نیوەڕۆیە. هۆڵی ئوتێلێکی لادێ. ئوتێلێکی پاکو تەمیزو ڕووناک... هەموو شتێك پاكو خاوێنو لە جێی خۆیدایە.

## دیمەنی یەکەم

دایك: دەگەڕێتەوە.

مارتا: وای پێ وتیت؟

دایك: بەڵێ.

مارتا: هەر خۆی؟

دایك: نازانم.

مارتا: باشە لە دەوڵەمەند دەچوو؟

دایك: نیگەرانی کرێکە نەبوو.

مارتا: دەوڵەمەند بێ باشتر... خۆ ئەگەر هەر خۆی بێ دەها چاکتر.

دایك: (بەوەڕسی) بەڵێ تەنیاو دەوڵەمەند، ئەمە کەم ڕێکدەکەوێ. دەبێ سەر لەنوێ تێ هەڵچینەوە.

مارتا: ڕاستە دەمێ ساڵە بێکارین، زۆربەی کات ئێرە چۆڵە. هەژارانێ کە دەمێننەوەو پارەدارانێ کە ڕێی وێڵیان دەکەوێتە ئێرە، درەنگ پەیدا دەبن.

دایك: ناشوکری مەکە مارتا. پارەداران ئەرکیان گرانەو خزمەتی زۆریان دەوێ.

مارتا: (تەماشای دەکات) پارەی چاکیش دەدەن. (بێدەنگی) دایکە تۆ نەوعێکی لە بەرچاوم. ماوەیەکە سەرت لێدەرناکەم.

دایك: ماندووم کچە باشەکەم. ماندوومو بەس. دەمەوێ تۆزێ ئیسراحەت بکەم.

مارتا: من گشت کارەکانی ماڵەوەت بۆ دەکەم ئیدی دەتوانی ئیسراحەت بکەیتو ئاسوودە بژیت.

دایك: لە ڕاستیدا من باسی ئەم جۆرە ئیسراحەتە ناکەم. نەخێر. بەڵکو ئەوەی دڵم دادەخورپێنێ، خەونی پیرێژنێکە. گشت ئاواتێکم ئارامیو ئاسوودەییە. تامەزرۆی کەمێ دڵنیاییم (نەرمە پێکەنین) ئاواتێکی هیچە مارتا. بەڵام زۆر شەو دەکەومە خولیای ئایینەوە.

مارتا: بەڵام دایە گیان تۆ ئەوەندەش پیر نیت تا ئاڵوودەی ئایین ببی. تۆ هێشتا زۆرت بە بەرەوە ماوە.

دایك: دەزانم، گاڵتە دەکەم ، مرۆڤ کە چووە نێو ساڵەوە ئیدی هێندە گوێی ناداتێ. حەز ناکات بەدەم گشت شتێکەوە بچێ. وەك تۆ ئەمە دەکەیت مارتا... دیارە ئەمەی تۆش لەگەڵ تەمەنتدا ناگونجێت. من گەڵی کیژانی هاوتەمەنی تۆ دەناسم بیر لە هیچ شتێ ناکەنەوە، جگە لە خۆشیو شادی نەبێ.

مارتا: بەڵام کەیفو شادی وان وەك خۆت دەزانی لە ئاستی کرداری شێتانەی ئێمەدا هیچ نییە.

دایك: تۆ واز لەم قسانە بێنە.

**مارتا:** (به ئەسپایی) بۆچی؟ وەك بڵێی ئەم وشانە گڕ بوون و لە پڕ لە دەمت بەربوون؟

**دایك:** چ قەیدییە. مادام من ژێوان نەبوومەتەوە. خۆ چ زیانێ بە تۆ ناگات ؟ من حەزدەکەم ناو بەناو بە ڕووگەشی و دەم بە پێکەنینەوە بتبینم.

**مارتا:** کاتی پێکەنینی منیش دێ.

**دایك:** بەڵام هەرگیز نەم دیبوویت پێبکەنی.

**مارتا:** چونکە کاتێ پێدەکەنم کە تەنیام، ساتێ پێدەکەنم کە بە تەنیام.

**دایك:** (لێی ورد دەبێتەوە) چ ڕوخسارێکی سامناکت هەیە مارتا.

**مارتا:** (لێی نزیك دەبێتەوە) یانی تۆ وانیت ؟ لە ڕوخسارم بێزار بووی؟

**دایك:** (تێی دەڕوانێ. دوای تۆزێ) وەڵڵا بڵێم چی. بەڵێ. پێموایە لێی بێزار بووم.

**مارتا:** (تووڕەیە) ئاه. دایکە! وەختێ کە پارەیەکی چاکمان پاشەکەوت کردو توانیمان ئەم شوێنە چەپەکە بەجێ بهێڵین. لە کۆڵ ئەم شڕە ئوتیلە ببینەوە. ئەم شارە خەمبارە هەمیشە بێ بارانە، ئەم شارە هەمیشە سێبەرە لە هزرو بیری خۆمان بسڕینەوە. ئەو ڕۆژە بێت خۆمان لە بەرانبەر دەریادا ببینینەوە، ئەو دەریایەی لە مێژە خەونی پێوە دەبینم... ئا لەو ڕۆژەدا من بە پێکەنینەوە دەبینی. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین بە کەماڵی ئیسراحەت لە قەراغی دەریادا بژین، پارەی زۆرمان دەوێ... هەر بۆیە نابێ لە وشە بترسین. دەبێ ئەوپەڕی هەوڵی لەگەڵدا بدەین. ئەو بەپێی خۆی هاتووە بۆ ئوتێلەکەمان... خۆ ئەگەر دەوڵەمەندێکی کۆك بێ ئەوا ئازادیی من دێتە دی... لە ڕێگەی ئەوەوە دێتە دی. ئەو سەرەتای وەدیهاتنی ئەو خەون و ئارەزووەم دەبێ. دایکە قسانت دەگەڵ کرد ؟ زۆر لەگەڵیدا وەستایت؟

**دایك:** نەخێر. تەنیا یەك دوو قسەی سەر پێیی و بەس.

**مارتا:** باشە، کە داوای ژووری کرد باش دیقەتت دا ؟

**دایك:** نازانم چاوم کزە، لە ڕاستیدا هەر سەیریشم نەکرد. بەتەجروبە بۆم دەرکەوتووە کە چاکتر وایە مرۆڤ سەیریان نەکات. چونکە کوشتنی کەسێك نەیناسیت ئاسانترە لە کوشتنی کەسێك بیناسی (بێدەنگییەکی کەم) ئێستا دڵت ڕەحەت بوو؟ چیدی ناڵێی من هێشتا لە وشە دەترسم.

**مارتا:** بەڵێ ئەمەم پێخۆشە. من حەز لە چاوڕاو ناکەم. تاوان تاوانە... دەبێ ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆماندا. بزانین چیمان دەوێ. پێموایە کە لەگەڵ ئەو ڕێبوارەدا قسانت دەکرد، بیرت لەلای تاوانەکە بوو.

**دایك:** نەخێر، ڕاست نییە گەر بڵێم بیرم لای تاوانەکە بوو. لەوانەیە تەنیا بەزەبری خوو پێوەگرتنەوە بیرم لێکردبێتەوە. خوو هێزێکی گەورەو باڵا دەستە.

**مارتا:** خوو؟ تۆ ئێستا وتت هەلی گونجاو و لەبار کەم ڕێکدەکەوێ؟

**دایك:** بێگومان. بەڵام خووو عادەت لە تاوانی دووەمەوە، دەست پێدەکات. لە تاوانی یەکەمدا وەك ئەوەیە هیچت نەکردبێ، بەڵام شتێك لە ناوەوەتدا هەرەس دێنێ و تەواودەبێ، ئەگەر بۆ جاری دووەم تاوانت کرد، دەبێ بەخووو عادەت. تاوانی یەکەم هەموو ڕۆژێ دووبارە نابێتەوە. کەم ڕێکدەکەوێ. ماوەیەکی زۆر دەکەوێتە نێوان دوو تاوانەوە. جا لەو ماوەیەدا تەنیا

یادکردنەوەمان بۆ دەمێنێتەوە. یادکردنەوەش خوو دروست دەکاتو دەیچەسپێنێ. هەر بەحوکمی عادەت بوو، بە چاکی سەیری ئەو کابرایەم نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم کرد لەگەڵ ئینسانێکدا دەدوێم کە بە مەرگ مەحکووومە، لەگەڵ نێچیرێکدا دەدوێم.

مارتا: هەر چۆنێ بێ، دەبێ بیکوژین دایە.

دایک: (زۆر بە ئاسپایی) ئاه. بێگومان دەبێ بیکوژین.

مارتا: بۆچی بەم شێوە سەیرە ئەوەت وت؟

دایک: ئەوی ڕاستی بێ زۆر ماندووم. لە گەڵ ئەوەشدا بەشداریی کوشتنی ئەم پیاوە دەکەم. بەڵام با دوا نێچیرمان بێ. کوشتن کارێکی سەختە. گەڵی دژوارە. هەرچەند هێندە دەربەست نیم کە لە قەراغی دەریادا بمرم، لێرە، یان لەوێ... بەڵام ئاواتە خوازم هەرکە لە کوشتنی بووینەوە، بۆ یەکجاری بڕۆین.

مارتا: وا دەکەین. جا ئەو کاتە چەند شادمان دەبین. بەڵێ شاد دەبین! جا بۆ خۆت پێبکەنە. خەمی دڵت بەبادا بدە. زۆر نەماوە. ئێمە نایکوژین. چایەکەی دەخواتەوەو دەنوێ، کە ئێمە دەیبەین بۆ رووبارەکە، ئەو هێشتا زیندوو زیندووە. دوای ئەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان دوای ماوەیەکی زۆر لە یەکێك لە بەربەستەکاندا دەدۆزرێتەوە. لەگەڵ کەسانێ کە وەك ئەو بیریان کردۆتەوە. ژیانیان بەلاوە پووچ بووەو نەیان ویستووە درێژەی پێبدەنو خۆیان داوەتە دەم ئاوەکەوەو خنکاون. ساڵی پارت بیرە کە سەیرمان دەکرد. بەربەستەکانیان پاك دەکردەوە، پێم وتیت ئەوانەی ئێمە دەیانکوژین بەختەوەرترن لەوانەی بەردەوام دەبن لە ژیان. ئەوانەی بەردەوام تاڵاوو ئازار دەچێژن... ئازاری ئەوانەی ئێمە دەیانکوژین کەمترە لە هی ئەوانەی درێژە بە ژیان دەدەن: ژیان سەختگیرترە لەگەڵ بەشەردا، وەك لە ئێمە لەگەڵ ئەوانەی دەیانکوژین؟ کەواتە نا ئومێد مەبە. بەم زووانە ئاسوودە دەبیتو لێرە دەڕۆینو منیش بەوەی کە هەرگیز نەم دیتووە دەگەم.

دایک: بەڵێ مارتا نائومێد نابم، قسەکانت دەربارەی ئەوانەی دەیانکوژین ڕاستە. کە هەست دەکەم ئازار ناچێژن خۆشحاڵ دەبم. زەحمەتە ئەم کارە بە تاوان بزانرێ. نا هەرگیز تاوان نییە تەنیا تەدەخولێکەو بەس. پەنجەیەکەو دەخرێتە کارو یارمەتیی ئەو کەسانەی پێدەدەین کە نایانناسین.

لە ڕاستیدا ژیان زۆر لە ئێمە دڵڕەقترە بەرانبەر بە ئینسان. ژیان زۆر لە ئێمە زیاتر ئازاری ئینسان دەدات. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ... کە ئەم کارە دەکەم هەست بە تاوان ناکەم. تەنیا هەست بە ماندوویێتی دەکەم. من زۆر ماندووم.

*"خزمەتکارە پیرەکە دێتە ژوورەوە. دەچێ لە پشت مێزەکەوە دادەنیشێت. لە جێی خۆی ناجووڵێتو چ قسەیەك ناکات تا (جان) دێتە ژوورەوە".*

مارتا: کام ژووری بدەینێ؟

دایک: هەر ژوورێ بێ. بە مەرجێ لە قاتی سەرەوە بێ.

مارتا: بەڵێ، جارەکەی پێشوو زۆر ماندوو بووین تا لاشەکەمان لە سەرەوە هێنایە خوارەوە. (بۆ یەکەمجار دادەنیشێت) دایە ڕاستە گوایە لمی قەراغ دەریا ئەوەندە گەرمە پێی بنیادەم دەسووتێنێ؟.

دایك: تۆ خۆت دەزانی من نەچوومەتە هیچ قەراغێ، بەڵام بۆیان گێڕامەتەوە کە هەتاوی ئەوێ هەموو شتێك جۆش دەدات.

مارتا: لە کتێبێکدا خوێندوومەتەوە کە هەتاوی ئەوێ هەموو شتێ هەڵدەلووشێ. تەنانەت ڕۆحی خەڵکیش لەشولاری زێڕینیان دەداتێ، بەڵام پووچەڵ و بێ ناوەڕۆك. چ ژیانێکی تێدا نییە.

دایك: باشە هەر لەبەر ئەوە خەونی پێوە دەبینی؟ لەبەر ئەمە ئاواتە خوازی بۆ ئەوێ بچیت؟

مارتا: بەڵێ من ئیدی بەسمەو نامەوێ لەوەی پتر ڕۆحم بە کۆڵمەوە بێ... بارێکی قورسە... لێی بێزارم، بێزوو بەوەوە دەکەم کە لەو وڵاتەدا بژیمو ڕۆحی خۆم بکوژم. هەموو پرسیارەکان بەر لەوەی بگەنە سەر زارم، بکوژم، من لێرەدا غەریبم.

دایك: بەڵام بەداخەوە هێشتا زۆرمان لە پێشە! ئەگەر شتەکان بە باشی چوونە سەر ئەوا لەگەڵتدا دێم، بەڵام من وەك تۆ نیم. ناتوانم داوای ئەوە بکەم کە بچم بۆ شوێنێ، هەست بکەم بەشێکم لەو شوێنەو خەڵکی ئەوێم. دوای ئەوەش ئینسان پاش تەمەنێك ئیدی دەزانێ هەموو شوێنێك هەر لە یەك دەچێ و چ ئارامیو ئاسوودەییەك بۆ ئینسان لەم عالەمەدا نییە. لەم خانووەدا ژیاین ، چەندین و چەندین بیرەوەریو یادگارمان تێدا کۆکردەوە. با وەك ئەمەکدارییەك ئەوە بڵێم هەندێجار هەست بە ئاسوودەیی دەکەم تێیداو خەوم لێدەکەوێ. ئەگەر خەو هەبێ، بە هەرحاڵ خانوویەکی پیرۆزە. ***(هەڵدەستێ و بەرەو دەرگا دەچێ)*** مارتا هەر ئێستا هەموو شتێ ئامادە بکە، ***(بێدەنگی)*** ئەگەر مەسەلەکە ئەوە دێنێ. ***(مارتا چاودێریی دەکات کە دەردەچێ. ئەویش لە دەرگایەکی دییەوە دەردەچێ).***

## دیمەنی دووەم

***( خزمەتکارە پیرەکە دەچێتە بەر پەنجەرەکە. جان و ماریا دەبینێ، خۆی مات دەدا، بۆ چەند چرکەیەك بەتەنێ دەمێنێتەوە، جان دێتە ژوورەوە. هەڵوەستەیەك دەکات. سەیری دەوروبەری خۆی دەکات. لە قاوشەکەداو لە پشت پەنجەرەکەوە کابرای پیرەمێرد دەبینێ. )***

جان: ئەوە کەس لێرە نییە؟ ***(کابرای پیرە خێسەیەکی لێدەکات. بەسەر شانۆکەدا تێدەپەڕێ و دەردەچێ).***

## دیمەنی سێیەم

***(ماریا دێتە ژوورەوە. جان بە خێرایی ئاوڕی لێدەداتەوە)***

جان: بە دوای مندا هاتیت؟

ماریا: ببوورە، نەمتوانی. ڕەنگە ئێستا بڕۆم، بەڵام تکایە ماوەم بدە با سەیرێکی جێگاکەت بکەم...

جان: ئاخر ڕەنگە یەکێك بێ بەسەرداو ئەوجا بوونی تۆ لێرەدا هەموو نەخشەکەم هەڵوەشێنێتەوە.

ماریا: تکایە جان. لێم گەڕێ تا یەکێك دێو من بەوت دەناسێنم. دەزانم تۆ حەز ناکەیت... *(جان بەزویری ڕوو وەردەگێڕێ. بێدەنگییەکی کەم. ماریا چاو بە ژوورەکەدا دەگێڕێ)* کەواتە ئەمە ژوورەکەیە؟

جان: بەڵێ ئەمەماڵەکەیە. ئەمە ئەو دەرگایەیە کە بیست ساڵ لەمەوبەر لێی هاتمە دەرێ. خوشکەکەم ئەوساکە هێشتا بچووك بوو. لەو سووچەدا یاریی دەکرد. کە ڕۆیشتم، دایکم ماچی نەکردم. منیش ئەوساکە گوێم پێ نەدا.

ماریا: جان من باوەڕناکەم نەتناسنەوە، هیچ دایکێ نییە جگەرگۆشەی خۆی نەناسێتەوە، مەگەر چۆنها.

جان: ڕەنگە، بەڵام بیست ساڵ یەکجار زۆرە. بنیادەم زۆر دەگۆڕێ. لەوەتەی من ڕۆیشتووم ژیان هەر درێژەی هەیە. دایکم پیر بووەو چاوی کز بووە. بەزەحمەت ناسیمەوە.

ماریا: *(بەبێ سەبری)* دەزانم. بەڵام تۆ لە دەرگاوە هاتوویتەتە ژوورێ، سڵاوت کردووەو دانیشتوویت. ئەم ژوورە لەوە ناچێ کە تۆ باست دەکرد.

جان: بەڵێ... بە هەڵەدا چووبووم. بەبێ خوڵکو خوو پێشوازییان کردم، بوتڵێ بیرەم داوا کردو بۆیان هێنام. سەیریان کردم، بەڵام نەیان دیتمو نەیان ناسیمەوە. خەیاڵم نەدەکرد شتەکان بەم ڕادەیە ئاڵۆز بن.

ماریا: بەڵام ئەگەر خۆت پێ بناساندبانو ڕاستییەکەت پێ وتبان هیچ شتێ ئاڵۆز نەدەبوو، هەموو شتێ ئاوەڕۆی خۆی وەردەگرت.

جان: ڕاستە، بەڵام من چاوەڕێی گەلێ شت بووم. چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد زۆر بە گەرمی پێشوازیم لێبکەنو بە دیداری کوڕەکەیان شادبنەوە... ڕاستە بیرەیان دامێ، بەڵام بەپارە. هەر ئەوەش زمانی لە گۆ خستم، ئیدی بڕیارم دا وازبێنم کە شتەکان ڕەوتی ئاسایی خۆیان وەربگرن، وەك چۆن ئێستا وەری گرتووە.

ماریا: پێویستی بەوە نەدەکرد، من هزرە غەریبەکانت دەناسم، ئەمە هەندێکیانە– تۆ دەبوو یەك وشەت بدرکاندایە– ئیدی هەموو شتێ بە گوێرەی دڵی خۆت دەبوو.

جان: نا، ماریا، ئەمە بیرکردنەوەو نەخشەی من نەبوو... بەڵکو پێویست بوو وابێ. زروفەکە وای سەپاند. جگە لەمەش پەلەم نییە. من هاتووم هەندێ پارەو گەر بتوانم خۆشیو شادییان پێ ببەخشم. کە زانیم بابم مردووە هەستم کرد بەرپرسیارم بەرانبەر بەم دوو ئافرەتە. بۆیە دەبێ ئەوەی پێویستەو لەسەرمە بیکەم. بەڵام مەسەلەکەش هێندە سانا نییە وەك هەندێ کەس لێی تێ دەگەن. شتێکی ئاسان نییە بنیادەم بۆ ماڵی خۆی بگەڕێتەوە، بۆ ماڵی خۆی حاڵی دەبی، ماوەیەکی دەوێ تا بنیادەم لە بێگانەیەکەوە دەبێ بە کوڕو دەناسرێتەوە.

ماریا: بەڵام بۆچی یەك کەڕەت خۆتیان پێ ناناسێنی؟ هەندێ شت پێویستی بەوەیە زوو پەردەی لەسەر لادەیت، گەر دەتەوێ بتناسنەوە لەوەی هاسانتر نییە کە نێوی خۆتیان پێ بڵێی.

ئەگینا بەم خۆ دزینەوەیە هیچ بەهیچ ناکەیتو شتەکان ئاڵۆز دەکەیت. تۆ کە وەك بێگانەیەك خۆت نواندووە، چۆن ڕەفتاری بێگانەت لەگەڵدا نەکەن؟ نەخێر. گیانەکەم کارێکی چاکت نەکردووە. ئەم ڕەفتارەت هەڵەیە.

جان: ماریا تکات لێدەکەم! مەسەلەکە بەم ڕادەیەش ترسناك نییە. جگە لەوەش ئەم خۆگۆڕینە لەگەڵ ڕەوتی نەخشەکەمدا دەگونجێ. لەم ماوەیەدا بە تەواوی ئاشنای حاڵو گوزەرانیان دەبم. ئەوجا چاکترین ڕێگا بۆ شادکردنیان هەڵدەبژێرم. دوای ئەمەش بیر لە ڕێگایەك دەکەمەوە کە بتوانن بەهۆیەوە بمناسنەوە. وەك دەبینی مەسەلەکە ئاسانەو پێویستی بە هەڵبژاردنی وشەی گونجاوەو بەس.

ماریا: نەخێر. تەنیا یەك ڕێگا هەیە بۆ هەموو ئینسانێکی ژیرو ئاقڵ ئەویش ئەوەیە زۆر بە ئاسایی بڵێی دایکە من کوڕەکەتمو مەسەلەی قسەکردن بە ساتی خۆناساندنەکە بسپێرە... ئەوسا دڵ دەکرێتەوەو وشە، خۆی لە دایك دەبێو دێتە دەربڕین.

جان: بەڵام دڵیش ئەوەندە سادە نییە.

ماریا: وێڕای ئەوەش زمانی دڵ زمانێکی ئاسانە. گەلێ زەحمەت نییە بڵێی "من کوڕەکەتانم. ئەمەش ژنەکەمە لە وڵاتێکدا ژیاین کە خۆشمان ویست. چونکە هەتاوی لێ نابینرێ، چوار دەوری دەریاو ئاوە، بەڵام لەوێ یەك شتمان کەم بوو تا شادیمان تەواو دروست بێ، ئەویش تۆو دووری لە تۆ بوو، من بەبێ تۆ ناژیم دایکە گیان."

جان: غەدرم لێ مەکە ماریا. ئەوەندەش پێویستم بەوان نییە، بەڵام من دەمزانی ئەوان پێویستیان بەمنە، مرۆڤ نابێ بە تەنیاو هەر بۆ خۆی بژی، ***(بێدەنگییەکی کەم. ماریا ڕووی لێ وەردەگێڕێ)***

ماریا: لەوانەیە قسەکەی تۆ ڕاست بێ. بمبەخشە، بەڵام لەوەتەی هاتووینەتە ئێرە زۆر بە گومانو هەراسانم... لەوەتەی گەیشتووینەتە ئێرە ڕوویەکی گەشو خۆشم نەدیوە... ئەم ئەورووپایەی کە شانازیی پێوە دەکەیت زۆر خەمبارو کلۆڵە. خۆ لەوەتەی هاتووینەتە ئێرە نەمدیوی تاقە جارێ پێبکەنی، هەمیشە مێشکم هیلاكو دڵم نیگەرانە، ئاه جان گیان ئاخر بۆچی لە وڵاتی خۆمت هەڵفریواند؟ با بڕۆینەوە، جان، لێرەدا شادی بە خۆمانەوە نابینین.

جان: شادی هەموو شتێ نییە! هەروەها مرۆڤ ئەرکیشی بەسەر شانەوەیەو ئەرکی منیش گەڕانەوەیە بۆ باوەشی دایکمو وڵاتەکەم. ***(ماریا حەرەکەیەك دەکاتو دەیەوێ وەڵامی بداتەوە... جان قسەکەی پێ دەبڕێ... ترپەی پێ دێت)*** یەکێك هات، تکات لێدەکەم بڕۆ ماریا.

ماریا: نەخێر ناتوانم، بەلای کەمەوە ئێستا ناتوانم.

جان: ***(لە کاتێکدا ترپەی پێیەکان نزیکتر دەبێتەوە)*** بچۆ ئەوێوە ***(بە هێمنی دەیکاتە پشت دەرگای داوە)***

## دیمەنی چوارەم

*( دەرگای دواوە دەکرێتەوە. خزمەتکارە پیرەکە بێ ئەوەی ماریا ببینێ دێتە ژوورێ. بەسەر شانۆکەدا تێدەپەڕێو لە دەرگای چوونە دەرەوەوە دەچێتە دەرێ).*

جان: دەی ئێستا زوو بڕۆ... بەڕێکەوت کابرا نەبینیت. بەخت یارمە.

ماریا: تکات لێدەکەم با بمێنمەوە. بەڵێنت دەدەمێ کە چ قسان نەکەم. تەنیا لەگەڵتدا دەمێنمەوە تا یەکدی دەناسنەوە.

جان: نەء . فریوم دەدەیت. ئاشکرام دەکەیت. *( دەگەڕێتەوەو دەڕوات. دوایی دێتەوە بۆ لای جانو سەیری دەکات)*

ماریا: جان ئەوە بۆ پێنج ساڵ دەچێ کە ئێمە ژنو مێردین.

جان: بەڵێ... زۆر زوو بوو بە پێنج ساڵ.

ماریا: *(چاوی داخستووە)* ئەمە یەکەم شەوە لە یەکدی جیا دەبینەوە. *(جان هیچ ناڵێ. ماریا چاو هەڵدەبڕێو بەتاسەوە لێی ورد دەبێتەوە)* من هەموو شتێکی تۆم خۆش ویستووە، بگرە تەنانەت ئەو شتانەی لێشی تێ نەگەییوم. دەزانم هەرگیز بە ئاواتەوە نەبووم وەك ئەمەی کە هەیت، جیاوازتر بی. ئایا ڕۆژێ لە ڕۆژان لەو ژنانە بووم کە مێردەکانیان سەغڵەت دەکەن؟ بەڵام ئێستا خەریکە لە ترساندا دەمرم، زۆر لەو جێگا چۆڵەی کە دەمنێری بۆی دەترسم.دەترسم بەجێم بێڵی.

جان: بەڵام دڵنیایی و متمانەت بە خۆشەویستی من، لە گشت ئەم ترسە گەورە ترە؟

ماریا: من گومانم لە خۆشەویستیت نییە، بەڵام خۆشەویستیت بەس نییە. بەڵام خەونەکانت... یان ئەرکەکانت کە هەردووکیان یەك شتن زۆرجار لە منت دوور دەخەنەوە، لەم کاتانەدا لەوە دەچێ بتەوێ خۆت لەمن ڕزگار بکەیت. بەڵام من نامەوێ لە تۆ ڕزگار ببم. ئەم شەوەش... *(بەگریانەوە خۆی پێوە دەنووسێنێ)* ئەم شەوە بەبێ تۆ هەڵناکەم. ئاه قەد ئەم شەوەم لێ بەسەر ناچێ.

جان: *( بەتوندی بەخۆیەوەی دەگوشێ)* ماریا ئەم ڕەفتارەت منداڵانەیە.

ماریا: بەڵێ منداڵانەیە، ئێمە لەوێ چەند خۆشحاڵ بووین! ئاخر من چ گوناحێکم نییە، ئەگەر شەوانی ئەم شارە بمترسێنێ. نامەوێ بە تەنیا جێم بێڵی.

جان: ئاخر تۆ تێبگەو بزانە کە من قەولم داوەو دەبێ قەولەکەم ببەمە سەر.

ماریا: قەولی چی؟

جان: ئەو قەولەی لەگەڵ خۆمدا کردم، ئەو قەولەی کە زانیم دایکم پێویستی بەمنە.

ماریا: تۆ قەولێکی دیت داوە کە دەبێ ئەویش بگەیەنیتە سەر.

جان: کام قەول؟

ماریا: ئەو قەولەی بەمنت دا، ڕۆژەکە کە بەڵێنت دا لەگەڵمدا بژیت.

جان: نیازم وایە هەردوو قەولەکە بگەیەنمە سەر. من داوای یەك شتی بچووکم لە تۆ کردووە، دڵم لی پیس مەکە، وا مەزانە ئەوەی کە من نیازمە بیکەم هەوەس بێ، من هەمووی داوای ئەم

ئێوارەیەو شەوێ تا بەیانیم لێ کردوویت. دەتوانم لەم ماوەیەدا خۆم بناسمو هەوڵ بدەم خۆشەویستەکانم چاکتر بناسمو بتوانم شادیان بکەم.

ماریا: *(سەر دەلەقێنێ)* جیابوونەوە شتێکە، تەنیا ئەوانە هەستی پێدەکەن کە بەڕاستی یەکیان خۆش دەوێ.

جان: دڵڕەق، تۆ خۆت چاك دەزانی من بەڕاستی خۆشم دەوێی.

ماریا: نا، پیاوان هەرگیز خۆشەویستیی ڕاستەقینە نازانن. هیچ شتێ ڕازییان ناکات. ئەوەی کە چاکی دەزانن خەون بینینە، دۆزینەوەی ئەرکی نوێیە. گەڕانە بە دوای وڵاتی نوێداو خانووی تازە دروست بکەن.

کەچی ئێمەی ژنان دەزانین تەمەن کورتە، بۆیە پەلەمان بۆ خۆشەویستییە. تا خۆشەویستانمان لە ئامێز بگرینو دەستیان لە ئەستۆ بکەین. بێ ئەوان هەڵناکەینو پەنا وەبەر گریان دەبەین، کەسێ کە خۆشەویستی بکات، خەون بە شتێکی دییەوە نابینێ.

جان: تۆ دەتەوێ چێ بڵێی گیانەکەم! مەسەلەکە تەنیا یارمەتیدانی دایکمو شادکردنیەتیو بەس. بەڵام پێویستە بەو شێوەیە سەیری خەونو ئەرکەکانم بکەیت کە هەن، چونکە من بەبێ خەونو ئەرك هیچ نیم، خۆ ئەگەر ئەوانەم نەبێ تۆش خۆشت ناوێم.

ماریا: *(لە پڕ بە تووڕەیی، پشتی تێدەکات)* دەزانم هەمیشە بیانووەکانت بەهێزنو دەتوانی قەناعەتم پێ بکەیت، بەڵام من ئیدی گوێت لێناگرم. نامەوێ گوێم لەم دەنگە بێ کە چاکی دەناسمەوە، ئەمە دەنگی تەنیاییە نەك دەنگو سەدای خۆشەویستی.

جان: *(لە پشتییەوە دەوەستێ)* با واز لەم قسانە بێنین ماریا. ئومێدەوارم لێرە بڕۆیت تا بتوانم شتەکان چاکتر لە مێشکی خۆمدا گەڵاڵە بکەم. ئەم مەسەلەیە ئەوەندەش سامناك نییە، داوای شتێکی نابەجێ ناکەم، وا بزانم ئەگەر لە ژوورێکدا بنووم کە دایکمی تێدا دەنوێ مەسەلەیەکی گرینگ نییە. من ئەوەی پێویستە بیکەم دەیکەم. ئەوی تری لەسەر خوا. خوا دەیزانێ من لە تەواوی ئەم کارانەدا تۆ فەرامۆش ناکەم. ئەوەندە هەیە بنیادەم ناتوانێ لە فەرامۆشیدا یان لە دووریی وڵات خۆشبەخت بێ. بنیادەم ناتوانێ هەمیشە هەر نامۆ بێ. بۆیە دەمەوێ وڵاتەکەم وەدەست بێنمەوە. شادی بەو کەسانە ببەخشم کە خۆشم دەوێن. وەك دەزانی ئەمە شتێکی زۆر نییە.

ماریا: تۆ دەتوانی هەموو ئەم کارانە بەشێوەیەکی سادە ئەنجام بدەیت، بەڵام شێوەکەت ئاڵۆزەو ڕووناکییەکی لە دواوە نابینم.

جان: چاکترین شێوەیە. چونکە تاقە ڕێگایە بۆ ئەوەی بزانم هەقی خۆمە کە ئەم خەونانە ببینم یان نا.

ماریا: ئومێدەوارم هەقت بێ، بەڵام من چ خەونو خەیاڵێکم نییە جگە لەوەی لەو وڵاتەدا بم کە تێیدا خۆشبەخت بووین. چ ئەرکێکیشم نییە جگە لە تۆ.

جان: *(لە ئامێزی دەگرێ)* کەواتە لێمگەڕێ با کاری خۆم بکەمو هەر کە ئەو وشانەم دۆزییەوە کە شادی بخاتە دڵی هەموو لایەکەوە بەزووترین کات بۆ لات دەگەڕێمەوە.

ماریا: *(بەساردییەوە)* ئاه! کەواتە لەسەر خەون و خەیاڵەکانت برۆ، مادام من خۆشم دەوێی هیچ شتێ گرینگ نییە! من وەختێ کە تۆم لەلا بی هەست بە نائومێدی ناکەم. سەبر دەکەم تا لە گرێکانت ڕزگار دەبی و ئەوسا نۆرەی من دێت. ئەوەی ئەوڕۆکە من نیگەران دەکا ئەوەیە کە دڵنیام لە خۆشەویستیت و دڵنیام بۆ لام دەگەڕێیتەوە. بۆیە خۆشەویستی پیاوان خۆشەویستییەکی سەختە و دڵ دەتەزێنێ. پیاوان بەوە ناسراون کە ئامادەن لە پێناوی قسەیەکی خۆیاندا بەنرخترین شت لە دەست بدەن و وازی لێ بهێنن.

جان: *(دەموچاوی دەنێو هەردوو لەپی دەنێ و بۆی پێدەکەنێ)* ئەوەی دەیڵێی ڕاستە ماریا گیان، بەڵام تکایە لێم تێبگە... وەك تۆ خەیاڵ دەکەی ئەوەندە لە خەتەردا نیم، من ئەوەی دەمەوێ دەیکەم و دڵنیام، دوای ئەمەش تۆ ئەوشۆ دەمنێریتە لای خوشك و دایکەکەم و شتەکەش هێندە جێی گومان نییە.

ماریا: *(لێی جیا دەبێتەوە)* چاکە بە دوعا هیوادارم خۆشەویستیم بتپارێزێ.

*(بەرەو دەرگا دەچێ، دەوەستێ دەستی پاڕانەوە بەرز دەکاتەوە)* بەڵام بڕوانە من چەند کلۆڵم، تۆ دەکەویتە شوێن ملهوڕیی خۆت و من حەواڵەی دوورگەی چاوەڕوانی دەکەیت.

*(کەمێ گومان دەکات، ئەوجا دەڕوات)*

## دیمەنی پێنجەم

*(جان دادەنیشێت، خزمەتکارە پیرەکە دێتە ژوورەوەو دەرگا بەوازی دەهێڵێتەوە تا ماریا بێتە ژوورێ ئەوجا خۆی دەڕوات)*

جان: ڕۆژ باش. ژوورێکم دەوێ.

مارتا: دەزانم وا بۆتی ئامادە دەکەن، دەبێ بەر لەوە نێوت لە دەفتەری ئوتێلەکە قەید بکەم *(دەچێ دەفتەرەکە دێنێ و دەگەڕێتەوە)*

جان: خزمەتکارێکی سەیرتان هەیە.

مارتا: تۆ یەکەم کەسیت کە گلەیی لێ دەکەیت، زۆر بە چاکی کارەکانی ئەنجام دەدات.

جان: ئا، ئەمە گلەیی نەبوو. بەڵکو سەرنجێك بوو و بەس. لە مرۆڤی ئاسایی ناچێت. لاڵە؟

مارتا: تەواو نەء ...

جان: یانی قسان دەکات؟

مارتا: زۆر کەم، تەنیا لە کاتی زۆر پێویستدا.

جان: بە هەرحاڵ لەوە ناچێ ئەوەی پێی دەوترێ بیژنەوێ.

مارتا: تۆزێ گوێی گرانە، ئێستاش ناو و نازناوەکەتم پێ بڵێ.

جان: هاسك، کارل.

مارتا: کارل و بەس؟

جان: بەڵێ.

مارتا: بەروارو شوێنی لە دایکبوونت؟

جان: ٣٨ساڵ.

مارتا: ئەی لە کوێ لە دایك بوویت؟

جان: لە بوهم.

مارتا: پیشەت؟

جان: نیمە.

مارتا: دیارە زۆر دەوڵەمەندیت یان زۆر هەژاریت، بۆیە دەتوانی بەبێ کار بژیت.

جان: ***(پێدەکەنێ)*** زۆر هەژار نیمو لەبەر گەلێ هۆ وا خۆشحاڵم.

مارتا: ***(بەلەمجەیەکی جیاتر)*** پێموایە چیکیت؟

جان: زۆر تەواوە.

مارتا: شوێنی دانیشتنی هەمیشەییت؟

جان: بوهم.

مارتا: لەوێوە هاتوویت؟

جان: نەء لە باشوورەوە دێم... ***(مارتا وەك بڵێی تێ ناگات)*** لە دەریاوە.

مارتا: دەزانم. ***(دوای تۆزێ)*** زۆر دەچی بۆ ئەوێ؟

جان: تا ڕادەیەك.

مارتا: ***(کەمێ بیردەکاتەوە ئەوجا لەسەری دەڕوات)*** مەبەستتان لەم سەفەرە چییە...؟

جان: نازانم، بە گەلێ شتەوە بەندە.

مارتا: دەتەوێ لێرە بمێنیتەوە.

جان: نازانم، ئەمەش بە هەندێ شتەوە بەندە کە لێرەدا دەیاندۆزمەوە.

مارتا: ئەمە گرنگ نییە، کەس چاوەڕوانت دەکات؟

جان: نەخێر.

مارتا: ناسنامەت هەیە ؟

جان: بەڵێ دەتوانم نیشانتی بدەم.

مارتا: زەحمەت مەکێشە. هێندە بەسە کە بنووسم پاسەپۆرتە یان ناسنامە.

جان: ***(بە دوودڵی)*** پاسەپۆرتە هانێ، ***(مارتا دەیگرێ بە دەستەوە. بەڵام دیارە کە بیر لە شتێکی دی دەکاتەوە. خزمەتکارەکە دێتە بەر دەرگاکە )***

مارتا: نا. بانگم نەکردوویت ***(خزمەتکارەکە دەچێتە دەرێ. مارتا پاسەپۆرتەکە دەداتەوە بە جان... مارتا بیری پەرتە)*** باشە کە بگەڕێییتەوە لە نزیکی دەریادا دەژیت؟

جان: بەڵێ،

***(مارتا هەڵدەستێ. دەفتەرەکەی ڕێك دەخاتەوە... دەیکاتەوە، دەست بە نووسین دەکاتو لێ دەبێتەوەو دەفتەرەکە لەبەردەم خۆی دادەنێ)***

مارتا: ***(لە پڕو بە مۆنییەوە)*** ئاه، بیرم چوو؟ خێزانت هەیە؟

جان: هەمبوو، بەڵام ماوەیەکە جیم هێشتووە.

مارتا: مەبەستم ئەمە نەبوو... ویستم بپرسم. ئایا ژنت هێناوە؟

جان: بۆ ئەم پرسیارەم لێدەکەیت؟ قەت ڕێك نەکەوتووە لە هیچ ئوتێلێ ئەم پرسیارەم لێ بکرێ.

مارتا: پۆلیس ئەمەیان لێ دەوێین.

جان: پرسیارێکی سەیرە، بەڵێ ژنم هێناوە. دەبوو ئەڵقەکەی پەنجەت دیبام.

مارتا: نەمبینی. بۆ ئەوە دانەنیشتووم سەیری پەنجەی تۆ بکەم. من دانیشتووم وەرەقەکەت پڕ بکەمەوە دەتوانی ئەدرەسی ژنەکەتم بدەیتێ؟

جان: لە وڵاتی خۆیەتی.

مارتا: تەواو *(دەفتەرەکەی دادەخاتەوە)* تا ژوورەکەت ئامادە دەبێ حەزدەکەی شتێك بخۆیتەوە؟

جان: نەخێر لێرەدا چاوەڕوان دەکەم هیوادارم سەغڵەتت نەکەم.

مارتا: بۆ سەغڵەتم دەکەیت، ئەم هۆڵە تایبەتە بە پێشوازیی میوانان.

جان: بەڵێ، بەڵام لەوانەیە تاقە میوانێ لە کۆمەڵە میوانێ ناخۆشتر بێ.

مارتا: *(بەدەم ڕێکخستنی دەفتەرەکەیەوە)* بۆچی؟ خۆ تۆ دانانیشیت حەکایەتت بۆ بگێڕمەوە؟ دەبێ ئەوە بزانیت من نامەوێ ببم بە گاڵتەچیی هیچ کەسێك، خەڵکی ئێرە دەمێکە ئێمە دەناسن و ئەمە دەزانن. تۆش بەم زووانە بۆت دەردەکەوێ کە ئوتێلێکی ئارام و بێدەنگت هەڵبژاردووە. خەڵکی زۆر کەم ڕوو لێرە دەکەن...

جان: کەوابێ کارەکەت چ قازانجێکی نییە.

مارتا: ئێمە لێرەدا دەرامەتی زۆرمان لە دەست داوە، بەڵام ئارامیمان دەست کەوتووە کە هەموو شتێ دێنێ. جگە لەمەش لەوانەیە مێوانێکی ڕێکوپێك لە دەیانی بێ سوود چاکتر بێ. بۆیە ئێمە بە دوای میوانی چاك و سوودبەخشدا دەگەڕێین.

جان: بەڵام... *(دوو دڵە)* ژیان بەم حاڵەی ئێوە ڕەنگە ناخۆش بێ؟ هەست بە تەنیایی و گۆشە گیری ناکەن؟

مارتا: *(تووڕە بووە)* وەڵامی ئەمەت نادەمەوە. چونکە وادیارە شووڵی لێ هەڵدەکێشیت؟ ئەوەش بزانە کە تۆ هاتوویتەتە ئێرە تەنیا مافی میوانت هەیەو بەس. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەمتەرخەمی لە خزمەتکردنت دەکەین. تا بتوانین خزمەتت دەکەین. بەلامانەوەش سەیر دەبێ گەر لەم بارەیەوە گلەییەکت هەبێ. بۆیە لە مافی خۆت زیاتر وەرناگری، تۆ بۆت نییە خەمی تەنیایی ئێمە بخۆیت و پرسیاری زیاد بکەیت. جا تکایە لە سنووری مافی خۆت دەرمەچۆ.

جان: ببورە مەبەستم ئەوە نەبوو تووڕەت بکەم. تەنیا ویستم بتدوێنم، چونکە وام هەست کرد هێندەش بەیەکدی بێگانە نین وەك تۆ دەیبینی.

مارتا. وادیارە ئەوەی وتم دەبێ دووبارەی بکەمەوە. مەسەلە ئەوە نییە تووڕەم بکەیت یان نا. مادام دەتەوێ جۆرێکی تایبەت بیت لەگەڵ مندا هەق نییە وا بی، دەبێ شتەکانت بۆ ڕوون بکەمەوە، باوەڕ مەکە ،من تووڕە نەبووم. لە بەرژەوەندیی هەردوولامانە، هی تۆو هی منیش کە دووربین لە یەکدی. خۆ ئەگەر هەر سووریشی لەسەر ڕەفتاری خۆت کە ڕەفتاری میوان نییە. ئەوا

زۆر ئاسايييه جێت نەكەينەوە، بەڵام وەك بزانم ئەوە دەزانيت كە دوو ئافرەت ژوورێكی كرێ بەتۆ دەدەن ناچار نين لەمە زياترت لەگەڵ بكەن‌و بتهێننە ناو ژيانی خۆيانەوە... ئەگەر ئەمە ڕەچاو بكەيت ئەوا هەموو شتێ ئاسايی دەبێ‌و ئاوەڕۆی خۆی وەردەگرێ.

جان: زۆر ڕاستە، دان بەوەدا دەنێم كە ڕەفتارەكەم لە جێی خۆيدا نەبوو.

مارتا: ئێستاش هيچ نەبووە. تۆ يەكەم كەس نيت ئەم پرسيارانەی كردبێ، بەڵام من هەميشە هەڵويستی خۆم ڕوون دەكردەوەو شتەكە دەبڕايەوە.

جان: هەر وايە، تۆ هەڵوێستی خۆت ڕوون كردەوە. پێموايە من ئێستا دەبێ بێدەنگ ببم.

مارتا: هەرگيز، قسە بكە، بەڵام وەك ميوانێ.

جان: ميوان چۆن قسان دەكات؟

مارتا: زۆربەی ميوانەكان دەربارەی هەموو شتێ قسانمان بۆ دەكەن. وەك سياسەت، سەفەركردن‌و شتی تريش، بەڵام باسی نە من نە دايكم ناكەن. كە لە ڕاستيدا دەبێ وابێ. هەندێ جار هەندێكيان باسی ژيانی تايبەتی خۆيانمان بۆ دەكەن ديارە ئەمە شتێكە تايبەت بە خۆيانەوە. بێگومان گوێگرتن لە ميوان خۆی لە خۆيدا ئەركی ئێمەيە... چونكە پارەيان لێ وەردەگرين... بەڵام كە پارەيان لێ وەردەگرين مانای وانييە وەڵامی هەموو پرسيارێكيان بدەينەوە. گەرچی دايكم هەندێجار لە ڕووی كەمتەرخەمييەوە وەڵامی هەندێ پرسيار دەداتەوە، بەڵام من هەرگيز ئەمە ناكەم. ئەگەر تۆ ئەم مەرجە ڕەچاو بكەيت ئەوا گشت شتێك ڕەوتی ئاسايی خۆی وەردەگرێ‌و وا بزانە هيچ نەبووەو ئەوساكە گوێت لێ دەگرين. لەوەش خۆشتر نييە وەختێ بنيادەم باسی خۆی دەكات، يەكێ هەبێ گوێ لە قسەكانی بگرێ.

جان: دەترسم، عادەتی ئەوەم نەبێ باسی خۆم بكەم. جگە لەوەش چ پێويست ناكا باسی خۆم بكەم. بەڵام ئەگەر بۆ ماوەيەكی كەم لێرە مامەوە ئەوا ڕەنگە هێندێ شتم دەربارە بزانيت. خۆ ئەگەر زۆر مامەوە ئەوا بێ ئەوەی باسی خۆم بكەم شتم دەربارە دەزانيت‌و دەمناسيت.

مارتا: هيوادارم لە قسەكانم تووڕە نەبووبی، بەهەرحاڵ هەقی تووڕەبوونت نييە. من هەميشە قسەم لە ڕوو بووەو ئەمەش چاكترە. چاكتر وايە لەو سنوورەدا ڕاتبگرم كە دەبێتە تێكچوونی نێوانمان. پێموايە ڕەفتارەكەم چ خەوشێكی تێدا نييە، چونكە بەر لە ئەمڕۆ نە تۆ منت ناسيوەو نە منيش تۆم ناسيوەو هيچ پێوەندييەك بەيەكمانەوە نابەستێت. بە ئومێدی ئەوەش نيم-بەداخەوە كە ئەمە دەڵێم-بە ئومێدی ئەوەش نيم پێوەنديمان لەوە پتەوتر بێ.

جان: چ قەيدييە. منيش دەتبەخشم. لە ڕاستيشدا دۆستايەتی‌و پێوەندی هەروا زوو بە زوو چێ نابێ، دەبێ بنيادەم بۆی تێبكۆشێت. ئێستاش گەر بەڕای تۆ هەموو شتێكی نێوانمان ڕوون بووەتەوە، من بەوە خۆشحاڵم. ***(دايك دێتە ژوورەوە)***

## ديمەنی شەشەم

دايك: ئێوارەت باش كاكە. ژوورەكەت ئامادەيە.

جان: زۆر سوپاست دەكەم خانم. ***(دايك دادەنيشێت)***

دایك: *(بە مارتا)* ئەنکێتەکەت پڕ کردەوە؟

مارتا: بەڵێ پڕم کردەوە.

دایك: دەتوانم ببینم؟ بمانبەخشە کاکە چونکە پۆلیسی ئێرە بەزەبرن. ئاه! سەیرکە کچەکەم بیری چووە ئەم خانەیە پڕ بکاتەوە. بە ئیش بۆ ئێرە هاتوویت ؟ یان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی یان هەروا بە سیاحەت؟

جان: با بڵێین بە سیاحەت.

دایك: بێگومان بۆ سەردانی دێر هاتوویت. زۆر باسی دێرەکەی ئێمە دەکەن.

جان: بەڵێ لە ڕاستیدا زۆریان بۆ باس کردووم. بۆیە هاتووم جارێکی دیش ئەم وڵاتە ببینم. بیرەوەری و یادو، کاری زۆرم لەم وڵاتەدا هەیە.

دایك: لەوەوپێش لێرە ژیاویت ؟

جان: نەخێر، بەڵام جارێك بەڕێکەوت بە ئێرەدا تێ پەڕیومو لەوساوە هەر لە بیرم ماوە.

دایك: لەگەڵ ئەوەشدا شارەکەی ئێمە شارێکی چکۆڵەی ئاساییە.

جان: ڕاستە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من خۆشم دەوێ و لەوساوە کە گەییومەتە ئێرە وا هەست دەکەم کە لە ماڵی خۆمدام.

دایك: نیازت وایە زۆر بمێنیتەوە؟

جان: نازانم. ڕەنگە ئەم وەڵامەت بەلاوە سەیر بێ، بەڵام لە ڕاستیدا نازانم... ئینسان بۆ ئەوەی لە جێیەك بمێنێتەوە دەبێ دۆستو برادەری لەو جێیە هەبێ، خەڵکانێ کە خۆشی بوێن، ئەگینا هەموو شوێنەکان وەك یەکن. جا لە بەر ئەوەی نازانم ئایا لێرەدا پێشوازیم لێدەکرێ یان نا، ناتوانم پرۆژەکانی خۆم دیاری بکەم.

دایك: ئەم قسەیەت کەمێك ئاڵۆزە.

جان: دەزانم، بەڵام ناتوانم لەوە چاکتر باسی خۆم بکەم.

دایك: بە هەرحاڵ پێموایە زوو لێرە تێر بوویت.

جان: نەخێر، من خاوەنی دڵێکی ئەمەکدارم، زوو یادگار بۆ خۆم دروست دەکەم، ئەگەر مۆڵەتم بۆ بڕەخسێ.

مارتا: بەڵام دڵ لێرەدا جێی نییە.

جان: *(بێ ئەوەی لەوە بچێ گوێی لێ بووبێ بە دایك دەڵێ)* لەوە دەچێ گەلێ دەردەسەریت بەسەرهاتبێ و نائومێدی کردبیت ؟ وادیارە دەمێکە لەم ئوتێلەدا کار دەکەیت ؟

دایك: دەمێکە، ساڵەهای ساڵە... هێندە لە مێژە خۆشم نازانم لە کەیەوەیە... ئەمەش کچمە، بە درێژایی ئەم هەموو ساڵانە هەر لەگەڵمدا بووە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە دەزانم کچمە ئەگینا تا ئێستا ئەویشم لە بیر دەچوو.

مارتا: ڕاستە دایکە، بەڵام هەق نییە ئەمانەی بۆ باس بکەیت.

دایك: بۆچی؟

جان: *(بەپەلە)* لێی گەڕێ. زۆر بەچاکی لە هەستەکانت تێدەگەم خانم، ئەمە هەستێکە لە ئاخرو ئۆخری تەمەنێکی پڕ لە دەردو ڕەنجدا یەخانگیری ئینسان دەبێ... لەوانەیە ئەگەر تۆش وەك هەر ئافرەتێ پشتت بە یارمەتی دەرێ ئەستووربایە ڕەنگە گەر پیاوت هەباو یارمەتیی دابایت هەموو ئەمانە بگۆڕانایە؟

دایك: پیاوم هەبوو... بەڵام ئەو کاتانە ئیش ئەوەندە زۆرو زەحمەت بوو، بە هەردووکمان بەمن‌و مێردەکەم پێ ڕانەدەگەیشتین. تەنانەت ماوەی ئەوەمان نەبوو کە بیر لەیەك بکەینەوە... پێموایە پێش ئەوەی کە بمرێ لە بیرم بردبووەوە.

جان: لەمەش حاڵی دەبم... بەڵام... *(پاش تۆزێ دوو دڵی)*... لەوانەیە گەر کوڕێکت هەبایەو دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کردبان. لە بیرت نەکردایە ؟

مارتا: دایکە کارمان زۆرە.

دایك: کوڕ! ئاه من زۆر پیرم! پیرێژنان تەنانەت ئەوەشیان بیر نامێنێ کە کوڕەکانیان خۆش بوێ... دڵ لەگەڵ ڕۆژگاردا دەسوێ کاکە گیان.

جان: ڕاستە، بەڵام من دەزانم هەرگیز ئەو فەرامۆش ناکات.

مارتا: *(لە نێوانیاندا دەوەستێ)* گەر کوڕێکیش بێ بۆ ئێرە هەر بەو چاوەوە سەیر دەکرێ کە سەیری میوانێکی ڕەوتەنی پێ دەکرێ‌و هەر هەمان ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ. تەنیا خۆشەویستی دەبینێ‌و بەس ئەو خۆشەویستییەی کە لە سنووری میوانداریيەکی ئاسایی تێ ناپەڕێ. هەر کەسێ هاتبێتە ئێرە ڕێزی گیراوە. هەمووشیان ڕازی بوون‌و کرێی ژووری خۆیان داوەو کلیلەکەمان داونەتێ‌و باسی دڵی خۆیان نەکردووە *(کەمێ بێدەنگی)* ئەم ڕەفتارەش کارەکەی ئێمە ئاسان دەکات.

دایك: واز لەوە بێنە.

جان: *(بەدەم بیرکردنەوەوە)* باشە زۆر لێرە دەمانەوە؟.

مارتا: هەندێکیان زۆر زۆر. ئەوەی لەسەرمان بووە بۆمان کردوون... دەوڵەمەندەکانیان هەر دوای یەکەم شەو ڕۆیشتوون. هەرچەند ئێمە چ خراپەیەکمان بۆ نەبوون.

جان: من زۆر دەوڵەمەندم، گەر پێتان خۆش بێ لام وایە تا ماوەیەك دەمێنمەوە. ئا بیرم چوو ئەوەتان پێ بڵێم کە پێشەکی کرێی ژوورەکەتان دەدەمێ.

دایك: ئاه، ئێمە هەرگیز داوای ئەمەمان نەکردووە.

مارتا: ئەگەر دەوڵەمەندی دەتوانی وا بکەیت، بەڵام تکایە لەوەی پتر باسی دڵی خۆت مەکە، چونکە ئێمە ناتوانین لەو ڕووەوە هیچت بۆ بکەین، قسەکانت هێندە ماندووی کردم دەمویست داوای لێبوردنت لێبکەم تەشریف بەرن‌و بڕۆن. ئێستا کلیلەکەت وەربگرەو بچۆ لە ژوورەکەتدا پشوو بدە. لێ ئەمەش بزانە تۆ لەماڵێکدایت دەرمانی دڵی تێدا نییە، ساڵانی دوورو درێژ بەسەر ئەم شوێنە بچووکەی ئەوروپای ناوەڕاستدا تێپەڕیوە، هەموو فێنکییەکی ئەم ماڵەی هەڵمژیوە. هەموو هەستێکی دۆستایەتیی کوشتووە.

ئـەم راسـتییەت بـۆ دووپـات دەکەمـەوە، تـۆ لێـرەدا بـە هـیچ جـۆرێ شـتێ نـابینی کـە لـە خۆشەویستییەوە نزیك بێ. هەر بە ئەندازەی میوانێك رەفتارەت لەگەڵدا دەکرێ. نە سۆزو نە هەستت پێ نابەخشین. کەواتە کلیلەکەت وەربگرەو ئەم قسەیەی منت بیر نەچێ. تۆ میوانێکی رەوتەنیت و لەلای ئێمە لات داوە. کە جێمان کردوویتەوەو پێشوازیمان لێکردوویت لەبەر ئەوەیە کە پارە دەدەیت و بۆ بەرژەوەندی خۆمان جێمان کردوویتەوە. *(جان کلیلەکە وەردەگرێ. کە مارتا دەردەچێ جان سەیری دەکات).*

دایك: گوێ بە قسەکانی مەدە، بەڵام هەندێ شت هەن مارتا تەحەمولیان ناکات. *(دەیەوێ هەستێ. جان دەچێتە پێشەوە کە یارمەتیی بدات)* قەیدی نییە کوڕم. هێندەش پیر نیم سەیری دەستەکانم بکە، هێشتا بەهێزن، دەتوانن قاچی زەلامێ بەرهەق بکەن. *(بێدەنگییەکی کەم. جان دەڕوانێتە کلیلەکان)* قسەکانم خستیانیتە بیر کردنەوەوە؟

جان: نەء ببەخشە، باش گوێم لێ نەگرتبوویت، بەڵام پێم بڵێ. بۆ ئێستاکێ بە (کوڕم) بانگت کردم؟

دایك: ئاه، خەیاڵم پەرتە ئەمەم لە رووی رابینینەوە نەوت، شتێ بوو بە زمانمدا هات.

جان: *(دوای تۆزێ)* دەتوانم بچم بۆ ژوورەکەم؟

دایك: فەرموو کاکە خزمەتکارەکە لە راڕەوەکە چاوەنۆڕتە *(جان سەیری دەکات و دەیەوێ قسان بکات)* چ شتێکی ترت پێویستە؟

جان: *(بە دوو دڵی)* نەخێر خانم.... بەڵام سوپاس بۆ ئەو پێشوازییەت.

## دیمەنی حەوتەم

*(دایك بە تەنیایە. دادەنیشێتەوە، دەستەکانی دەخاتە سەر مێزەکەو لێیان رادەمێنێ)*

دایك: شتێکی سەیرم کرد. بۆ باسی دەستەکانم بۆ کرد؟ خۆ ئەگەر سەیری کردبان لەوانەیە ئەوەی لە قسەکانی مارتادا هەستی پێ نەکرد، بە دەستی مندا هەستی پێ بکردایە. بەڵام بۆچی ئەم کابرایە هێندە سوورە لەسەر مردن و، من لە کوشتن دوور دەکەومەوە؟ چەندم حەز دەکرد بڕۆیشتباو من توانیبام ئەو شەویش بە ئاسوودەیی رابکشێم و بخەوم. پیر بووم! تاقەتی ئەوەم نەماوە جارێکی دی بەم دەستانە قاچی زەلامێ لە ئەژنۆوە بگرم و هەست بە گینگڵی لەشی بکەم، تا دەیگەیێنینە رووبارەکە. ناتوانم تورِی بدەمە ئاوەکەوە، بازووەکانم هێزیان تێدا نەماوە. پیر بووم... بەڵام ئەمە هەر دەبێ ببێ! خۆی سوورە لەسەر مردن. نێچیرێکی نایابەو ئاسوودەی دەکەم. ئەم خەوەی پێ دەبەخشم کە تامەزرۆیم، بەم جۆرە.... *(لە پڕ مارتا دێتە ژوورەوە)...*

## دیمەنی هەشتەم

مارتا: دیسان کەوتیتە خەون دیتن، لە کاتێکدا دەزانیت ئەم هەموو کارەمان هەیە.

دایك: بیرم لەم پیاوە دەکردەوە. یان بە شێوەیەکی دی بیرم لە خۆم دەکردەوە.

مارتا: باشتر وایە بیر لە سبەینێ بکەینەوە. جگە لەمەش سەیر کردنی ئەم کابرایە کە ئەم هەموو خەیاڵاتەت لەلا دروستبکات، بەچی دەچێت ؟ تۆ خۆت وتت کوشتنی کەسێ کە نەیناسیت زۆر ئاسانترە لە کوشتنی کەسێ کە بیناسیت .

دایك: ئەمە قسەی باوکتە مارتا، منیش هێشتا بیرمە، بەڵام من دەمەوێ دڵنیابم کە ئەمە دوا جارە ناچار بین ژێر بین... سەیرە! باوکت ئەم قسەیەی دەکرد بۆ ئەوەی ترسی پۆلیس لە خۆی دوور بخاتەوە، بەڵام تۆ بۆ ئەوە بە کاری دێنێ تا راچەنینی ویژدان لە ناخمدا بمرێنی... ئەو راچەنینەی هەندێجار لە ناخمدا بڵاچە دەدات.

مارتا: ئەوەی تۆ نێوی ڕاچەنینی ویژدانی لێ دەنێی، ئارەزوویەکی تری خەوتنە، وەنەوزەکانت بخەی سبەینێ، دوای ئەوە چۆنت دەوێ وا بکە.

دایك: دەزانم هەق بە تۆیە، بەڵام بۆچی ڕێکەوت نێچیری ئەوتۆمان بۆ دەنێری کە هەرگیز لەگەڵماندا ناگونجێ ؟

مارتا: چ ڕێکەوتێ لە گۆڕێدا نییە... بەڵام لە راستیدا ئەم ڕێبوارە زۆر گێژو وێژەو دڵپاك دیارە... بەڵام وریا بە، هەرگیز ئەوە بە چاك نازانم جەلاد گیروگرفتەکانی بۆ نێچیر باس بکات، هەر ماقووڵیش نییە ئەوە بکات. ئەمە خەمبارم دەکا، بۆیە کە دەست پێدەکەین و داخی خۆم بەسەر گەوجێتیی ئەم جۆرە پیاوەدا دەڕێژم، هەست بە جۆرە ئاسوودەییەك دەکەم.

دایك: ئەم کارەش چاك نییە. جاران نە تووڕەیی و نە بەزەییمان تێکەڵ بە کارەکانمان نەدەکرد، بەڵام ئەوشۆ من شەکەتم و تۆ تووڕە. ئاخۆ ناچارین لە سایەی زروفێکی ئاوهادا ئەنجامی بدەین و پەیمانەکەی خۆمان لە بیربەرینەوەو چاوپۆشی لە گشت ماقووڵێ بکەین لە پێناوی هەندێ پارەدا؟

مارتا: نەك لە پێناوی هەندێ پارەدا ، بەڵکو لە پێناوی خانوویەکی ڕێکوپێکی قەراغ دەریاداو لە پێناوی فەرامۆشکردنی ئەم شارە نەگریسەدا. رەنگە لە ژیان بێزار بووبی. بەڵام منیش بێزارم لەوەی لەم شوێنە تەنگەدا بمرم، رەنگە لە یەك مانگی دی پتر هەڵنەکەم. هەردووکمان لەم ئوتێلە وەڕس بووین. تۆ کە پیربوویت تەنیا ئەوەت مەبەستە چاو لێك بنەیت و ئەم شوێنەت بیر بچێ، بەڵام من هێشتا کە هەندێ ئارەزووی گەنجیم هەیە یان هەست بە هەندێ کەڵکەڵەی بیست ساڵانە دەکەم دەمەوێ بەجۆرێ کاربکەم کە ئەم ڕەنجدان و ماندووبوونە بۆ هەمیشە بەجێ بهێڵم. دەبێ تۆ لەم بارەیەوە کۆمەکم بکەیت... تۆیەك کە منت هێنایە دنیا و ژیانەوە، ئەویش لە وڵاتێکدا کە لە هەورو تەمومژ زیاتر هیچی تر ناناسێت، نەك لە وڵاتێکی تەژی تیشك و هەتاو.

دایك: مارتا هەندێجار خۆزیا دەخوازم تۆش وەك براکەت فەرامۆشم بکەیت. نەك بەم شێوەی تاوانبارکردنە بمدوێنێ.

مارتا: بەڵام تۆ خۆت چاك دەزانی مەبەستم ئەوە نییە داخت بدەمێ. ***(بێدەنگییەکی کەم ئەمجا بە توندی)*** تۆ نەبای چیم دەکرد؟ گەر لە تۆ دووربام چم بەسەر دەهات؟ من دڵنیات دەکەم نەمدەتوانی هەرگیز فەرامۆشت بکەم. خۆ ئەگەر ئەم ژیانە سەختەی تێی کەوتووین هەندێجار مۆڵەتم نادات وەك پێویست ڕیزت لێبنەم. ئەوا داوای بووردنت لێدەکەم.

دایك: تۆ کیژێکی چاکیت مارتا، یەکێکی لەو کیژانەی کە گشت دایکێ شانازیی پێوە دەکات. ئەو بەد حاڵییەی لە نێوانماندایە، هۆی پیریی منە، چونکە تەمەنی زۆر مایەی بەدحاڵیی نێوان جەوان و پیرانە، بەڵام دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم کە ویستم پێت بڵێم ( ئەو شۆ نا ).

مارتا: چی! چاوەڕێی سبەی بکەین؟ تۆ خۆت دەزانی کە تا ئێستا هەرگیز ڕەفتاری وات نەکردووە. دەشزانی کە نابێ بواری بدەین خەڵکی ببینێ و پێوەندییان لەگەڵدا پەیدا بکات. نەخێر دەبێ تا زووە و مادام کەوتووەتە بەردەستمان، دەست پێبکەین.

دایك: لەوانەیە، نازانم... بەڵام ئەگەر ئەوشۆ وازی لێ بێنین تەنیا ئەوشۆ، هەست بە ئاسوودەیی دەکەین و بەسەربەستی هەناسە دەدەین، لەزەت لەو ئاشتییە دەبینین کە دەڵێن لە ناوجەرگەی خراوترین تاواندایە. لەوانەیە ڕزگار بوونمانی تێدا بێ.

مارتا: ڕزگاربوونمان؟ چ بێهوودەیە ئەوەی کە دەیڵێی؟ من بە ئاواتەوە بووم، ئاواتت تاقانە ئاواتت ئەوە بێ دوای ئەوەی لەم کارەی ئەمشەو دەبینەوە بە ئەندازەی پێویست بنووی.

دایك: من ئەو ئاوات و ئومێدی نووستنە نێو دەنێم ڕزگار بوون.

مارتا: زۆرچاکە. دە من سوێندت بۆ دەخۆم کە ڕزگاریمان لە دەستی خۆماندایە. دایکە، دایە: پێویستە بە یەکجاری دوودڵی وەلاوە بنەین. ئەمەش یان ئەوشۆ دەکرێ یان هەرگیز نایەتە دی.

(پەردە)

## پەردەی دووەم

## دیمەنی یەکەم

***( ژووری نوستن لە ئوتێلەکەدا. تاریکیی شەو وردە وردە ژوورەکە داگیر دەکات، جان لەبەر پەنجەرەکەدا وێستاوە و سەرسامانە دەڕوانێتە دەرێ.)***

جان: ماریا هەقی بوو. ئێوارە و ئەم ساتە زۆر دژوارە. ***(دوای کەمێ بێدەنگی)*** ئێستا بە تەنیا لە ژوورێکی دیدا بە دڵی تەنگ، بیر لە چی دەکاتەوە، چی نیازە ؟ لەسەر کورسییەك دانیشتووە، ناگری، بەڵام دڵی لە سەهۆڵ ساردترە. شەو هێرش دێنێ... لەگەڵ شەودا ئەستێرەی هیوا لە بەرۆکی ئاسمانی شادی دەدا... بەڵام لێرە... ***(چاو بەژوورەکەدا دەگێڕێ)*** بۆ هەست بەم هەموو نیگەرانییە دەکەم؟ پێویست بەوە ناکات. دەبێ کارەکەم تەواوبکەم. ئەگەر پیاو دەستی دایە کارێکەوە تا تەواوی نەکات ئاسوودە نابێ. لەم ژوورەدا هەموو شتێ یەك لایی دەکەینەوە.

***(بەتوندی لە دەرگا دەدرێ. مارتا دێتە ژوورەوە)***.

مارتا: هیوادارم نەبووبم بەمایەی سەخڵەتیت، دەمەوێ خاولییەکانت بۆ بگۆڕم.

جان: ئاه، وابزانم کراوە.

مارتا: نەخێر، ئەو پیرەمێردەی کارمان لەلا دەکات خەیاڵی پەرتە و هەندێجار ئەم شتانە لە بیر دەکات.

جان: بە هەرحاڵ گرینگ نییە... حەزم دەکرد پێت بڵێم تۆ سەخڵەتم ناکەیت، بەڵام زات ناکەم.

مارتا: لەبەر چی؟

جان: چونکە تۆ ڕێگای ئەوەت نەدام ئەوە بڵێم... لە... قەرارەکەماندا.

مارتا: دەبینی؟ تۆ وەك خەڵکی وەڵام نادەیتەوە، تەنانەت کاتێ کە دەتەوێ شتەکان ڕوون بکەیتەوە...

جان: *(بەزەردەخەنەوە)* بەداخەوەم، خۆم تاقی دەکەمەوە، سەر لە نوێ هەوڵدەدەم. بەڵام تکایە مۆڵەتم بدە.

مارتا: *(بەدەم کارکردنەوە)* بەڵێ سەرلە نوێ هەوڵبدە *(جان وەردەچەرخێ لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێتە دەرێ، پشتی لە مارتایە. مارتا لێی ورد دەبێتەوە. بەدەم کارکردنەوە درێژە بە قسەکانی دەدات)* ببەخشە قوربان ژوورەکە ئەوەندە چاك نییە کە دڵت بیگرێ.

جان: بەڵام پاك‌و خاوێنە. ئەمەش نرخی خۆی هەیە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لەمێژ نییە کە بۆیەتان کردووەتەوە؟

مارتا: ڕاستە، بەڕای تۆ چۆنە؟

جان: خراپ نییە.

مارتا: لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ لە میوانەکان گلەییان لە نەبوونی ئاوە. ناهەقیشیان نییە. دەبوو گڵۆپێك بەسەر قەرەوێڵەکەوە هەبێ. ماوەیەکە نیازمانە بۆی دابنێین. چونکە ئەوانەی لەسەر ئەوە ڕاهاتوون بەدەم ڕاکشانەوە شتێك بخوێننەوە لایان ناخۆشە هەستن‌و گڵۆپی ژوورەکە وەکوژێنن.

جان: *(ئاوڕی لێ دەداتەوە)* ڕاستە، بەڵام من بیرم لەمە نەکردبووەوە، بەڵام ئەمە شتێکی ئەوەندەش گرنگ نییە کە پیاو پێی سەغڵەت بێ.

مارتا: پیاوەتیی خۆتە، سوپاسی هەستت دەکەم کە کەموکوڕی ئوتێلەکەمان ئاسایی وەردەگری‌و گوێی نادەیتێ، وا دیارە تۆ بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەوە کە ناسیومن شتەکانت زۆر ئاسایی وەرگرتووە.

جان: هەرچەند قەرارمان لە نێواندایە، بەڵام مۆڵەتم بدە با بەپێچەوانەی قەرارەکەمانەوە بڵێم کە تۆ ئادەمییەکی سەیری، قەت ڕێ نەکەوتووە تووشی خاوەن ئوتێلێ بووبم کە کەموکوڕیی ئوتێلەکەی خۆی بڵێ... وا دیارە تۆ دەتەوێ قەناعەتم پێبکەیت کە ئێرە بەجێ بێڵم.

مارتا: هەرگیز بیرم لەمە نەکردووەتەوە. *(کتوپڕ بڕیاری خۆی دا)* بەڵام لە ڕاستییدا دایکم‌و من حەزمان بە هاتنت نەکرد.

جان: هەستم بەمە کرد، بەڵام سەرم لە هۆیەکەی دەرناچێت. ناشێت وا گومان بکەن کە پارەی کرێکەم بۆ نادرێ. وا بزانم ڕواڵەتیشم لەوە ناچێت نزیکبوونەوە لێم زیان بەخش بێت.

مارتا: نەخێر. مەسەلە ئەمە نییە؟ گەر ڕاستت دەوێ ڕواڵەتت نەك هەر لە هی پیاو خراپ ناچێت... بەڵکو پاکی‌و بێ گوناحیت لێدەبارێ، بەڵام مەبەستی ئێمە شتێکی دییە. ماوەیەکە دەمانەوێ لێرە بار بکەین‌و ئوتێلەکەمان دابخەین... دیارە ئەم کارە بۆ ئێمە ئاسانە‌و هیچی تێ ناچێت. چونکە میوانمان زۆر کەمە بەڵام نەگەیشتووینەتە بڕیارێکی تەواو، هاتنی تۆ وەك ئاگرکردنەوەیەك بوو دەربارەی ئەم ڕاستییە بۆ ئێمە کە بە ئەندازەی پێویست چاوەڕوانمان کردووە‌و کاتی بارکردنمان هاتووە.

جان: یانی مەبەستت ئەوەیە کە دەتانەوێ بڕۆم ؟

مارتا: ئێمە وەك پێم وتیت ناتوانین بڕیاری بنجبڕ لەسەر ئەوە بدەین. بەتایبەتی من ناتوانم بگەمە بڕیارێك. هەموو شتێ وەستاوەتە سەر من، بەڵام هێشتا نەگەییومەتە هیچ بڕیارێك.

جان: بەڵام تکایە لە بیرت نەچێ کە من نامەوێ ببم بە بار بەسەر ئێوەوە... لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ بڵێم یەك دوو ڕۆژێ لێرە دەمێنمەوە. هەندێ کاروبارم هەیە دەمەوێ بەر لە ڕۆیشتن جێبەجێی بکەم، کە هاتم بۆ ئێرە لە دڵی خۆمدا وتم لێرە ئاسوودەیی و دڵنیایی پێویست وەدەست دێنم.

مارتا: سوپاس بۆ ئەو متمانەیەی کە بە ئێمەت هەیە، دڵنیات دەکەم گەر دەتەوێ وەمێنی، بمێنەوە (*بێدەنگییەکی کەم، بە دوو دڵی بەرەو دەرگە دەچێ. بەڵام دەوەستێ*) دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوویت؟

جان: بەڵێ، گەر پێویست بکات.

مارتا: دەبێ وڵاتێکی خۆش بێ، وانییە؟

جان: (*لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێ*) بەڵێ وڵاتێکی زۆر جوانە.

مارتا: دەڵێن قەراغ و کۆرنیشی چۆڵ و ئارامی زۆرە ؟

جان: ڕاستە، هیچ شتێکی لێ نییە، کە ئینسانت بیر بخاتەوە. هەندێجار بەیانیانی زوو شوێن پێی باڵندە بەسەر لمەکانەوە دەبینی. ئەمە تاقە نیشانەیەکی ژیانە لەوێ، کەچی ئێواران...

مارتا: ئێواران چی قوربان؟

جان: کەنارو کۆرنیشەکان قەرەباڵغ دەبن، بەڵێ وڵاتێکی خۆشە، جوانە.

مارتا: (*شێوەی قسەکردنی دەگۆڕێ*) گەلێ جار بیرم لێکردۆتەوە، میوانەکانیش زۆریان باسی ئەوێ بۆ کردووم، ئەوەندەی بۆم لوابێ دەربارەیم خوێندووەتەوە. زۆرجار وەك ئەوڕۆ لە میانی بەهاری تاڵی ئێرەوە، بەدەریاو گوڵ و گوڵستانی ئەوێوە خەونم بینیوە. (*دوای تۆزێ بەکێوییەتیەکەوە*) ئەوەی کە لە خەیاڵمدا دروست بووە وای لێکردووم ئەمانەی دەوروبەرم نەبینم و بێزارم دەکات (*جان سەیری دەکات ، بە ئارامی و سەلاری لە بەردەمی دادەنیشێت*).

جان: حاڵی دەبم. بەهاری ئەوێ مرۆڤ ڕادەکێشێت، گوڵ بە هەزاران دەپشکوێ و لقوپۆپ بەسەر دیوارەکاندا دەهاوێژێ، ئەگەر یەك سەعات لەسەر ئەو تەپۆڵکانەی دەوری شارەکەی ئێمە گەشت بکەیت، هەموو جلوبەرگەکەت دەبێ بەشیلەی گوڵەوە. (*مارتاش دادەنیشێت*).

مارتا: کە خۆشە! ئەوەی ئێمە لێرە پێی دەڵێین بەهار، گوڵێك و دوو خونچەیە. ئەویش لە باخی دێرەکەدا دەڕوێ (*بە ڕقەوە*) ئەوە بەسە بۆ بزواندنی دڵی پیاوان لەم بەشەی عالەمدا. دڵیان وەك ئەو گوڵانە وایە، بایەکی تۆزێ توند هەڵی دەوەرێنێ، بەهارەکەیشیان لە گوێرەی خۆیانە.

جان: تۆ تۆزێ زاڵمانە حوکم دەدەیت. گەرچی لێرە بەهارتان نییە، بەڵام پاییز هەیە.

مارتا: جا پاییز چییە ؟

جان: بەهاری دووەمە، لە پاییزدا هەموو گەڵاکان وەك گوڵن *(دەڕوانێتە مارتا)* ڕەنگە ئەمە هەمان شت بێ لەگەڵ هەندێ دڵدا، لەوانەیە شکۆفە بکاتو پێ بگات گەر یارمەتیی بدەیتو لە یارمەتیدانی کۆڵ نەدەیت.

مارتا: من ئیدی تاقەتم چووەو ناتوانم لەم ئەوروپا خەمبارەدا بژیم، پاییزی لە بەهار دەچێ، بەهاریشی زۆر زۆر وشکە. نەخێر ، چونکە من لەگەڵ ئەو وڵاتەی دی دام، بیری لێ دەکەمەوەو بەخەیاڵ بۆ ئەو دەژیم. ئەو وڵاتەی هاوینی وەك گڕی بریسکەدار هێرش دێنێ، زستانی ئەوەندە تەڕو پڕ بارانە شارەکان نقوم دەکا *(بێدەنگی، جان لێی ڕادەمێنێ. مارتا هەست بەمە دەکات. هەڵدەستێو پاڵ بە کورسییەکەوە دەنێ)* بۆ سەیرم دەکەیت؟

جان: بمبوورە، وامزانی دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی کەم قەرارەکەمان فەرامۆش کرد دەتوانم ئەوە بکەم، بەڕای من بۆ یەکمجار– گەر بشێت بڵێم – بەشێوەیەکی هەندێ ئینسانی لەگەڵم دوایت.

مارتا: *(بەتوندی)* بێگومان بەهەڵەدا چوویتو وانییە، گەر واش بێ هەقی ئەوەت نییە بەمە خۆشحاڵ بی، ئەوەی تۆ نێوی دەنێی ئینسانی چاکترین شتێ نییە لە مندا. ئەوەی کە ئینسانییە لە مندا ئەوەیە کە حەزی لێدەکەمو دەمەوێ بۆ وەدیهێنانی حەزو ویستەکانم، هەموو کۆسپێکی سەر ڕێگام تەخت بکەم.

جان: *(بەزەردەخەوە)* پێموایە من لەم حەزو تووڕەییە تێ دەگەم، پێموایە لێشی ناترسم، چونکە من نابمە کۆسپ لە ڕێگای ئارەزووەکانی تۆدا. چ بەرژەوەندییەکیشم لەوەدا نییە کە ڕێ لە حەزو ئارەزووەکانی تۆ بگرم.

مارتا: هەڵبەتە... بەڵکو هەقی ئەوەشت نییە ڕاستییەکەی بزانیت.

جان: بەڵام بۆچی؟

مارتا: چونکە ئەمە ماقوڵییەتە، چونکە نامەوێ ئاگاداری پرۆژەکانم بی.

جان: گەر تێبگەم. یانی دیسان گەڕاینەوە سەر قەرارەکەمان؟

مارتا: بەڵێ، کە فەرامۆشمانیش کرد هەڵە بوو، ئەوە ئەنجامەکەیەتی کە بە چاوی خۆت دەیبینی. سوپاست دەکەم کە باسی وڵاتەکەی خۆتت بۆ کردم ، داوای لێبوردنت لێدەکەم گەر لە کاتم گرتبیت. *(بەرەو دەرگا دەچێ)* وێڕای ئەوەش بەلای منەوە وەختەکەمان بەفیڕۆ نەدا، ئەم قسانە هەندێ ئاواتو ئارەزوویان لە لا جۆش دامەوە کە بەرەو دامرکانەوە دەچوون. خۆ ئەگەر بەڕاستی سووری لێرە بمێنیتەوە، ئەوا بێ ئەوەی پێ بزانی مانەوەت بۆ خۆت مسۆگەر کرد، چونکە کە من هاتمە ئەم ژوورەوە بڕیارم دابوو داوات لێبکەم بڕۆیت، بەڵام وەك دەبینی ختووکەی هەستە ئینسانییەکانت دام، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئێستا داوات لێدەکەم بمێنیتەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستیم بەرانبەر بە دەریاو هەتاو. *(جان ماوەیەك بەبێدەنگی سەیری دەکا).*

جان: *(بە ئەسپایی)* تۆ بەشێوەیەکی سەیر دەئاخڤی، لەگەڵ ئەوەشدا گەر دایکت ڕازی بێ بە مانەوەم ،دەمێنمەوە.

مارتا: ئەوەی من ئارەزووی دەکەمو دەمەوێ، دایکم نایەوێو ئارەزووی ناکات. دیارە ئاساییشە. ئەو بیر لە دەریا و قەراغو کۆرنیشی چۆڵو ئارام ناکاتەوە تا مانەوەت لێرە پەسەند بکات، بەڵام وێڕای ئەوەش دایکم دڵی من ناشکێنێ، بۆیە وا بزانە شتەکە بڕاوەتەوە.

جان: کەواتە هیوادارم بە هەڵەدا نەچووبم، یەکێکتان دەیەوێ لە پێناوی پارەدا بمێنمەوەو ئەویدیتان مانەوەو نەمانەوەمی بەلاوە گرنگ نییە؟

مارتا: باشە میوان لەوە زیاتر چیی دەوێ؟ هەڵبەتە قسەکەشت دۆغرییە *(دەرگا دەکاتەوە)*.

جان: شادم بەوەی گەیشتینە ئەم سەرەنجامە. لەگەڵ ئەوەشدا تکایە تووڕە مەبە گەر بڵێم هەموو شتێ لێرەدا غەریبە. کەسەکان، چۆنیەتی قسە کردنیان، بەڕاستی ئەمماڵە غەریبە.

مارتا: لەوانەیە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ غەریبیو سەیری ڕەفتاری خۆت لێرەدا. *(دەردەچێ)*

## دیمەنی دووەم

جان: *(سەیری دەرگا دەکات)* ڕەنگە ڕاست بکات، نازانم *(بەرەو چرپاکە دەچێو دادەنیشێت)* بەڵام ڕەفتاری ئەم کیژە ئارەزووی ئەوەی لە ناخمدا بزواند هەر ئێستا بکەومە ڕێو بگەڕێمەوە بۆ لای ماریاو باوەشی شادییە هاوبەشەکەمان. بەڕاستی گەوجانە ڕەفتارم کرد. ئاخر من لێرەدا چی دەکەم؟ بۆچی هاتم؟ بەڵام نا، بەبێ هۆ نە هاتووم. من ئەرکم لە ئەستۆیە، ئەرك بەرانبەر بە دایكو خوشكم. دەمێ بوو پشتگوێم خستبوون، من تاقانەیانم، هەر من دەتوانم شتێکیان بۆ بکەمو تۆڵەی ئەو خەم ساردییەم بکەمەوە. ماقووڵ نییە لە حاڵەتی وەهادا کتوپڕ بڵێم *(من کوڕەکەتم دایکە) دەبێ* وای لێبکەم خۆشی بوێم. *(هەڵدەستێ)* بەڵێ دەبێ هەر لەم ژوورەیدا شتەکان یەك لایی بکەمەوە. بەڵام بەڕاستی ژوورێکی کەساسو ساردو شێواوە، سەری لێ دەرناکەم. هەموو شتێ گۆڕاوە، وەك ژووری هەموو ئەو ئوتێلە ئاساییانەیە کە ڕێبوارێ بۆ شەوێ یان چەند شەوێ ڕێی تێدەکەوێ. ئەمەش دایكو خۆشکەکەمن. پێموایە بە ئەندازەی پێویست تێکەڵیان بوومەوە. بەڕای من ئێستا یەك پرسیار ماوە کە دەبێ بیدۆزمەوە. لەوانەیە ئەوەش لێرەدا بدۆزمەوە *(لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرێ دەکات)* هەور بەری ئاسمانی گرتووە. لە زۆربەی ژووری ئوتێلەکاندا گوزەراندنی بولێڵو زەردەپەڕی ئێواری بۆ پیاوی تەنیا سەختو دژوارە. ئێستاش خەمی دێرینم وەك زامێ قەتماغەی بەستبێو بچووکترین ئازار بیهێنێتەوە سوێ، بووە بەمیوان. ئەوا دیسان ئەو هەستە ئاڵۆزە لە دڵمدا سەری هەڵدایەوە. هەستی نیگەرانیو دڵەڕاوکێی ئەو هەستەی لە کاتی تەنیاییو دەست بەتاڵیدا چەکەرە دەکا، ئەوەتا لە ناخمدا دەبزوێو وئارام ناگرێ، دەزانم چییە، ترس ترسی تەنیایی هەمیشەیی. ترسێ کە وەڵامی نییە، کێ لە ژووری ئوتێلێکدا وەڵامم دەداتەوە؟ *(دەچێ بەلای زەنگەکەوە، دەسڵەمێتەوە، ئەوجا لە زەنگ دەدات، تۆزێ بێدەنگی. ئەوجا دەنگی پێ دەبیسترێ، لە دەرگا دەدرێ، دەرگا دەکرێتەوە. لەبەر دەرگادا کابرای خزمەتکاری پیر دەبینرێ، بێ ورتەو بێ جووڵە دەوەستێ)*.

جان: هیچ. بمبەخشە. زەنگەکەم تاقی کردەوە تا بزانم ئەگەر زەنگ لێبدەم کەس بەدەنگمەوە دێ یان نا. *(پیرەمێردەکە مۆڕەیەکی لێدەکات ئەوجا دەرگا پێوە دەدا، دەنگی هەنگاوەکانی دوور دەکەوێتەوە).*

## دیمەنی سێیەم

جان: زەنگەکە کار دەکات، بەڵام ئەم کابرایە قسان ناکات. ناشێ ئەمە وەڵام بزانێ. *(دەڕوانێتە ئاسمان)* تاریکی خەریکە زەوی دەپێچێتەوە. چی بکەم؟ کامیان ڕاستە، ماریا یان خەونەکانم؟ *(دووجار لە دەرگا دەدرێ، مارتای خوشکی بەسینییەکەوە دێتە ژوورەوە)*.

## دیمەنی چوارەم

جان: ئەوە چییە؟

مارتا: ئەو چایەیە کە داوات کرد بوو.

جان: بەڵام من داوای هیچم نەکرد بوو.

مارتا: ئاھ ؟ کەواتە مامە پیرە خراپ حاڵی بووە، زۆربەی شتەکان بە پێچەوانەوە تێدەگات، بەڵام پێموایە مادام چایەکە هاتووە، حەزی لێدەکەیت *(سینییەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ. جان حەرەکەیەکی نامەفهووم دەکات)* گوێ مەدەرێ نایخەینە سەر حیسابەکەت.

جان: ئاھ! لەبەر ئەمە نییە کەواتە باشە بۆم بێنە چاکیی خۆتە.

مارتا: ببوورە.... ئێمە ئەوەی دەیکەین بۆ بەرژەوەندیی خۆمانە.

جان: بەڵام لە ڕاستیدا من هیچ قازانجو بەرژەوەندییەك لەمەدا نابینم کە چایم بۆ بێنیو نەیخەیتە سەر حیسابەکە.

مارتا: بەڵام هەڵەیت، لەوانەیە سەبارەت بە پیاڵە چایەك میوانێ لە ئوتێلەکەماندا گل بدەینەوە. *(دەچێتە دەرێ).*

## دیمەنی پێنجەم

*( جان پیاڵەکە هەڵدەگرێ، سەیرێکی دەکات، دووبارە دایدەنێتەوە )*

جان: ئەمەیە پێشوازیی گەڕانەوەی کوڕ، پەرداخێ بیرە، بەڵام بە پارە، پیاڵە چایەك ئەویش بۆ هێشتنەوەی میوان. بەڵام دیسان هەر من خەتابارم کە ناتوانم هەنگاوی دروست بنێم، وشەی گونجاو بدۆزمەوە. هەرچەند ئەم کیژە ڕووبەڕووم دەبێتەوەو بەم شێوەیە قسانم لەگەڵ دەکات هەرچی دەکەمو دەکۆشم وشەی لەبارو گونجاوم بۆ نایەتو نایەت. ئەو بە ئاسانی بۆی دێت، چونکە دەوری ئەو لە هی من ئاسانترە، وشەی بەرپەرچدانەوەو لێك دابڕان ئاسانترە لە وشەی نەوازش و سەر لە نوێ پێوەندیکردن. *( پیاڵە چایەکە هەڵدەگرێ، سەیرێکی دەکاتو بە دەنگێکی نزمی شێواو درێژە بە قسەکانی دەدات)* خوایە یارمەتیم بدە تا وشەی لەبارو گونجاوم بۆ بێ، یان کارێ بکە واز لەم کارە بێهوودەیە بێنمو بگەڕێمەوە باوەشی خۆشەویستی ماریا.

***(پیاڵەکە بۆ دەمی دەبات)*** ئەمەیە پێشوازیی گەرموگوڕ، بەلای کەمەوە دەبێ لەبەر چاوم بێ‌و بە گوێرەی خۆی بایەخی بدەمێ، هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانم بەردەوام بم لە بینینی دەورەکەم‌و ئێرە بەجێ بهێڵم. ***(دەیخواتەوە، بە توندی لە دەرگا دەدرێ)*** کێیە؟ ***(دەرگا دەکرێتەوەو دایک دێتە ژوورەوە).***

## دیمەنی شەشەم

**دایک: ببوورە قوربان، کیژەکەم پێی وتم چای بۆ هێناویت.**

**جان: ئەوەتا.**

**دایک: خواردتەوە؟**

**جان: بەڵێ، بۆ؟**

**دایک: ببوورە، هاتم پیاڵە و سینییەکە بەرمەوە.**

**جان: *(بە زەردەخەنەوە)* بە داخەوەم وادیارە ئەم پیاڵە چایە بووە مایەی نیگەرانی و جەنجاڵی**

**دایک: مەسەلەکە ئەمە نییە، چایەکە بۆ تۆ نەبوو.**

**جان: ئاوها، دەڵێم من داوام نەکرد بوو!**

**دایک: *(بەشەکەتی)* بەڵێ بۆ تۆ نەبوو بۆیە ئەگەر ... بە هەرحاڵ خواردتەوە یان نا گرینگ نییە.**

**جان: *(بەسەرسامی)* زۆر بە داخەوەم، کیژەکەت سوور بوو لەسەر جێهێشتنی و منیش نەمزانی...**

**دایک: منیش بە داخەوەم، بەڵام تکایە تەوازۆ مەیەنەوە... هەڵەیەك بوو و روویدا.**

***(پیاڵەکە دەخاتە سەر سینییەکە و بەرەو دەرگا دەکەوێتە ڕێ).***

**جان: خانم!**

**دایک: بەڵێ؟**

**جان: دیسانەوە داوای بوردن دەکەم، ئێستا گەییمە قەناعەت‌و لەوانەیە ئەوشۆ دوای نانخواردن بڕۆم... هەڵبەت کرێی ژوورەکەش دەدەم... *(دایک بەسەرسامی تێی دەڕوانێ)* دەزانم سەرت لەم بڕیارەی من سوڕ دەمێنێ. بەڵام قەت وا خەیاڵ نەکەی کە تۆ بەرپرسیاری ئەمەیت. من جگە لە ڕێز، ڕێزو خۆشەویستی چ شتێکی دیم بەرانبەر بە تۆ نییە، بەڵام با بە ئاشکرا پێت بڵێم لێرەدا هەست بە ئاسوودەیی ناکەم، حەز دەکەم لەوەی پتر لێرە نەمێنمەوە.**

**دایک: *(بە ئاسپایی)* گرنگ نییە، تەواو ئازادیت، بەڵام لەوانەیە لە ئێستاوە تا کاتێ شێوکردن بیرت بگۆڕی، هەندێجار مرۆڤ شوێن هەستێکی کوتوپڕی خۆی دەکەوێ، بەڵام زۆر نابا دەگاتە بڕیارێ لەگەڵ زرووفە تازەکەدا دەگونجێ.**

**جان: باوەڕناکەم خانم، بەڵام تکایە وانەزانیت من لە تۆ ڕەنجابم، بە پێچەوانەوە من زۆر منەتباری تۆم کە وەك پێویست خوڵکت کردم، هەستم کرد زۆر لەگەڵمدا باش بوویت.**

**دایک: ئەوە شتێکی ئاسایی بوو قوربان، لەوانەیە خۆشت باش بزانی کە من چ شتێکم لەگەڵ تۆدا نییە تا دوژمنایەتیت بکەم.**

جان: *(بەسۆزێکی تاساوەوە)* لە ڕاستیدا کە من ئەمەت پێ دەڵێم بۆ ئەوەیە بە خۆشی لە یەکدی جودابینەوە، لەوانەشە جارێکی تر بێمەوە. ڕەنگە دڵنیاش بم لەوەی دێمەوە، بێگومان بەیەکدی بینینەوەمان شاد دەبین، بەڵام ئێستا هەست دەکەم من هەڵەم کرد، چ شتێ لە گۆڕێدا نییە کە مایەی مانەوەم بێ لێرە. بۆ ئەوەی هیچت لە دڵدا نەمێنێ– ڕەنگە سەریشت لەم قسەیە سوڕ بمێنێ– هەست دەکەم ئێرە ماڵی من نییە، غەریبم تێیدا.

*(دایکی هەر بەو دەقەوە سەیری دەکات)*

دایك: تێدەگەم، بەڵام مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە ئەم هەستە دەکات، پێموایە تۆ لە دۆزینەوەی ئەمەدا دواکەوتوویت؟

جان: ڕاستە، بەڵام وەك دەبینی تۆزێ ورم. من بۆ کارێکی بەپەلە بۆ ئەوروپا هاتم. پێموایە ئەوەی کە ئێستا هەستی پێدەکەم جگە لە هیوابڕانی ئینسانێ زیاتر چیدی نییە، ئینسانێ بۆ شوێنێ بگەڕێتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تێیدا ژیا بێ... پێموایە ئەم حاڵەتەم ڕەچاو دەکەیت.

دایك: ڕەچاوی دەکەم. هیوادارم کارەکانت جێبەجێ ببێ. پێموایە لە لایەن ئێمەوە چ درێغییەکت بەرانبەر نەکرا بێ.

جان: ڕاستە، من هەرگیز گلەیی لە ئێوە ناکەم. یەکەمجار تووشی ئێوە بووم بۆیە پێموابوو ڕێکەوتی هەندێ گیروگرفت بووم... هەستم بەمە کرد، بەڵام من خەتابارم، من هێشتا هەر نەشارەزام و بەچارەی ئێوەو شارەکە ڕانەهاتووم.

دایك: ئیتر ئەمە دنیایە. هەرکە ئینسان بەهەڵە دەستی پێکرد ئیدی هەر بەهەڵەدا دەڕوات. بڕوام پێبکە ئەمە منیشی ناڕەحەت کرد، بەڵام بەخۆم دەڵێم، نەمتوانی هیچ شتێ بکەم، ئیتر گرنگ نییە.

جان: بەڕاستی سوپاسی هەستت دەکەم کە بەشداری خەمەکانت کردم و هەوڵت دا لێم تێ بگەی، نازانم بە چ شێوەیەك سوپاسی ئەو هەڵویستەت بکەم بەرانبەر بەمن *(بۆ لایەوە دەچێ)* لە ڕاستیدا من...

دایك: ئاه، ئەوەی تۆ ناوی دەنەیت هەڵوێست شتێکی زۆر ئاساییەو ئەرکی سەرشانمە دڵی میوانەکانم ڕابگرم.

جان: *(بە نائومێدییەوە)* هەقتە. *(بێدەنگییەکی کورت)* بە هەرحاڵ دەبێ داوای بووردنت لێبکەم ئەگەر پێت ناخۆش نەبێ زەرەرەکەت بۆ دەبژێرم *(دەست بەنێوچەوانی خۆیدا دێنێ. زۆر ماندوو دیارە. بەسستی قسان دەکات)* تۆ هیلاك بوویت و ئەزیەتت کێشاوە، بۆیە چاکتر وایە...

دایك: ئەوەی کردوومە شتێکی ئاساییەو لە هەموو بۆنەیەکی وەهادا کردوومە، هیچ جۆرە زیانێکمان لێ نەکەوتووە تا بۆمانی ببژێری. ئێمە بەداخەوەین بۆ ڕۆیشتنت، دیارە کە بە ئارەزووی خۆتیشە. ئێمە بۆ ئەوە بەداخەوە نین کە خراپەیەکمان لەگەڵ کردبیت.

جان: *(پاڵ دەدا بەمێزەکەوە)* ئاه! گرنگ ئەوەیە بەبێ زیزبوون لە یەکدی جوودا دەبینەوە. زۆر شادم بەوەی جێت دەهێڵم و شوێنەوارێکی چاکم لە دڵا جێ هێشتوویت. من هەرگیز ئەم ماڵەی تۆ لە یاد ناکەم. هیوادارم کە جارێکی دی هاتمەوە بۆ ئێرە لە بارێکی دەروونیی ئەوتۆدا بم،

خۆشت بوێم. ***(دایك بەورتە ورت بەرەو دەرگا دەچێ)*** خانم ***(دایك دەگەڕێتەوە. جان زۆر بە زەحمەت قسان دەکا، بەڵام زۆر ئاسانتر لەو کاتەی دەستی بە قسان کرد، قسەکەی تەواو دەکات)*** ویستم ***(دەوەستێ)***... داوای بووردنت لێبکەم. سەفەرەکە ماندووی کردووم ***(لەسەر جێگاکە دادەنیشێت)*** ویستم بەلای کەمەوە سوپاست بکەم بۆ ئەو چایەی داتمێ، بۆ ئەو پێشوازییەی لێت کردم. حەز دەکەم ئەوەش بزانی کە ئەم ماڵە بەجێ دێڵم، وەکو میوانێکی نامۆو بێگانە جێی ناهێڵم.

دایك: ببوورە قوربان، ئێمە شتێکی ئەوتۆمان نەکردووە شایانی سوپاس بێ، بۆ مەسەلەی چایەکەش تکایە گومانی خەراپ مەکە، چونکە بۆ تۆ نەبوو... بەڵام ئینسان لەسەر شتێ کە بە هەڵە ئەنجامی داوە، سوپاس بکرێ ناخۆشە. ***(دەچێتە دەرێ)***

## دیمەنی حەوتەم

***(کە ئەو دەڕوات، جان سەیری دەکات، دەیەوێ بجوولێ، بەڵام ناتوانێ، ئانیشکی لەسەر بالیفەکە دادەدا، لەوە دەچێ لە دەستو پێ بکەوێ).***

جان: بەڵێ مەسەلەکە ئاسانە، دەبێ بە ئاسانیو ڕاستەوخۆ چارەسەری بکەم. سبەینێ لەگەڵ ماریادا دەگەڕێمەوەو پێی دەڵێم (من کوڕەکەتم) بەم شێوەیە کەس نییە بەرهەڵستی ئەوەم لێ بکات کە شادی بکەم! ماریا ڕاستی دەکرد... ئێستا زانیم. ***(هەناسەیەك هەڵدەکێشێتو پشت بە سەرینەکەوە دەدا)*** ئاه، ئەم شەوە نامۆیە نامۆ... هەموو شتێ دوورەو نایگەمێ. ***(بە تەواوی لەسەر جێگاکەی ڕاکشاوە، بە ئاستەم نووزەی دێ)*** بەڵێ یان نا؟ ***(تۆزێ دەجوولێ، دەخەوێ. ژوورەکە زۆر تاریکە. بێدەنگییەکی درێژ. دەرگا دەکرێتەوە، هەردوو ئافرەتەکە دێنە ژوورەوە، مارتا چرایەکی بەدەستەوەیە).***

## دیمەنی هەشتەم

مارتا: ***(چراکە هەڵدەبڕێ، جەستەی کابرا نووستووەکە دەردەکەوێ. بەچپە دەڵێ)*** زۆرچاکە هەموو شتێ بە دڵی خۆمانە!

دایك: ***(بە دەنگێکی نزم کە وردە وردە بەرزتر دەبێ)*** نا مارتا. من حەزناکەم بەم شێوەیە... تۆ ئەم کارەت پێکردم. تۆ دەستت پێ کردو منت بەشدار کرد تا نەتوانم ژێوان ببمەوە. من حەز لەم ڕەفتارەت ناکەم کە منی پێ کۆتو زنجیر دەکەیت.

مارتا: ئەم ڕەفتارەی من هەموو شتەکان ئاسان دەکات، ئەگەر ڕێیەکی باشتر شك دەبەی بیڵێ با پێڕەوی لێبکەین، بەڵام تۆ تا ئێستا لەسەر بڕیارێ نەگیرساویتەوە، بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی یارمەتیت بدەمو یەکەم هەنگاوت پێ بنەم.

دایك: دەزانم مەسەلەکە بایەخێکی ئەوتۆی نییە– ئەم بێ یان یەکێکی دی– ئەمڕۆ بێ یان ڕۆژێکی دی– ئەوشۆ بێ یان شەوێکی دی– هەر دەبێ ئەم مەسەلەیە تەواو ببێ. وێڕای ئەوەش حەز بەتەواوکردنی ناکەم.

مارتا: بەسە، بیر لە سبەینێ بکەوە، خێراتر کاربکە. بە تەواوبوونی ئەم شەو ئازادیی ئێمە دەست پێ دەکات. ***( دوگمەی پاڵتۆکەی جان دەکاتەوە، جزدانەکەی دەردێنێو پارەکەی دژمێرێ.)***

دایک: چۆن خەوێکی لێکەوتووە مارتا!

مارتا: وەك هەموو ئەوانیدی نووستووە... دەی با بڕۆین.

دایک: کەمێ ڕاوەستە. شتێکی سەیر نییە پیاو بە نووستوویی ئەوەندە غەریب بێ؟

مارتا: ئەمە پشوویەکە، تووشی دەبن بەر لەوەی ببنەوە بە دڕندەو مەیموون.

دایک: ***(بەڕامانەوە)*** نەخێر پیاوان ئەوەندەش شت نین وەك خۆیان هەست دەکەن. کە دەخەون ئیدی سیمایان لە هەموو گوزارشتێ ڕووت دەبێتەوە نەسۆز، نە تووڕەیی، بەڵام تۆ تێم ناگەیت مارتا.

مارتا: بەڵێ، لێت تێناگەم، ئەوەندە دەزانم وەختی خۆمان بەفیڕۆ دەدەین.

دایک: ***(بەچەشنە تەوسێکی بێزارییەوە)*** جا پەلەمان چییە ؟ بە پێچەوانەوە، گرنگترین بەشی کارەکەمان ئەنجامداوە. دەتوانین پشوو بدەین. کارەکە خۆی گرنگ نییە، بەڵکو سەرەتاو دەستپێکردنە. مادام دەستت پێ کردو بەشی یەکەمت ئەنجام داو هاتیتەوە سەرخۆ، ئیدی بۆ خۆت سەغڵەت دەکەیت؟ ئایا مەسەلەکە ئەم هەموو هیلاکبوونە دێنێ؟

مارتا: هیچ شتێ، هیچ ناهێنێ، بەڵام چاك وایە بەردەوام ببینو بەتەواوی لێ ببینەوەو چ پرسیارێ نەمێنێ لە خۆمانی بکەین.

دایک: ***(بە ئارامی)*** با دانیشین مارتا.

مارتا: لێرە؟ لە نزیکی ئەودا؟

دایک: بەڵێ، بۆ نەء ؟ نووستووە، بێداریش نابێتەوە تا لێمان بپرسێ کە لێرە چی دەکەین. خۆ خەڵکیو عالەمیش لە پشتی ئەم دەرگا داخراوەوە هیچ بوونێکیان نییە. کەواتە بۆ پێکەوە سوود لەم کاتە ئارامە نەبینین؟

مارتا: تۆ گاڵتە دەکەیتو ئێستا نۆرەی منە کە حەز لەم کارە نەکەم.

دایک: تۆ هەڵەیت بە هیچ جۆرێ ئارەزووی گاڵتەکردنم نییە، بەڵکو دەمەوێ خۆم هێور بکەمەوە، کەچی تۆ خۆت هیلاك دەکەیت. با دابنیشین... ***(بە توندی پێدەکەنێ)***... تۆ سەیری ئەم پیاوە بکە. بە نووستوویی زۆر بێ گوناحترە وەك لە کاتی بێداریو قسەکردن. بۆ خۆی دەستی لە دنیا شۆرد. لە ئێستا بەدواوە ئاسوودەو بێ خەم دەبێ. لە خەوێکی جەنجاڵی پڕ لە خەونی ڕەنگاو ڕەنگەوە دەگوازێتەوە بۆ خەوێکی بێ خەون. لەمەودوا هەست بەو خەمو پەژارەو ئازارانە ناکا کە ئێمە هەستی پێ دەکەین.

مارتا: بێ گوناحیو پاکی خەوی خۆی هەیە، خەوێ کە پڕ بە پێستی بێ گوناحییە. من قینم لەم پیاوە نەبوو، بۆیە خۆشحاڵم کە بەبێ دەردو ئازار دەمرێ، بەڵام حەز ناکەم هەر بەدیارییەوە دانیشمو سەیری بکەم. بە پێویستی نازانم سەیری پیاوێ بکەین کە دوای تۆزێکی دی دەیبەین.

دایك: *(سەر دەلەقێنێ‌و بەدەنگێکی نزم دەڵێ)* لە کاتی خۆیدا دەیبەین پەلەمان چییە؟ خۆ ئەگەر سەیریشی بکەین ئەو چ زیانێ ناکات، هێشتا نەمردووە. خەوتن، مردن نییە. بەڵێ مارتا. تەماشای بکە. لە ساتێکدا دەژی چ دەسەلاتێکی بەسەر چارەنووسی خۆیدا نییە. هیواو ئاواتەکانی ژیانی کەوتۆتە دەست کەسانی دی. با ئەم دەستانە بەبێ دەنگی وەك بەرەبەیان، بێ ئەوەی بزانێ چووەتە قۆناغێکی تازەی ژیانەوە، بەڵام ئەگەر بەرەو ئەو بجووڵێ وەك قولاپ لە قاچەکانی گیر ببێ، ئەوسا هەتا هەتایە لە گۆڕێکی تەنیادا ڕادەکشێت.

مارتا: *(لەپڕ هەڵدەستێ)* دایکە تۆ ئەوەت بیرچووە کە هەموو شەوێك کۆتایی دێت‌و ئێمەش کاری زۆرمان بەدەستەوەیە. دەبێ کاغەزەکانی گیرفانی بپشکنین‌و خۆشی ببەینە ژوورەکەی خوارەوە. دەبێ چراکان خامۆش بکەین‌و بە ئەندازەی پێویست چاودێری دەرگا بکەین.

دایك: بەڵێ کاری زۆرمان لەبەردەمە. هەر ئەمەشە جاوازییەکەی نێوان ئێمەو ئەو. ئەو بۆ خۆی ئیسراحەتی کرد، لە باری قورسی ژیان ڕزگار بوو، ئیدی خەم لە هیچ ناخوات، بیر ناکاتەوە، خۆی ماندوو ناکات. خاچی ژیانی لەملی خۆی داکەندو ئاسوودە بوو، کەچی منی پیرو شەکەت هەست دەکەم شادیم لەم کارەدایە. ئا لێرەدایە.

مارتا: کاتی ئەوەمان نییە باسی شادی بکەین‌و شادی لە کوێ‌و لە چی دایە. چاودێری دەرگاکە دەکەین... خۆ ئەگەر لە هەموو شتێکیش دڵنیا ببین. هێشتا هەر کاری زۆرمان لەبەردەمدایە، دەبێ بچین بۆ قەراخی دەریاکە. بە جوانی قەراغەکە بگەڕێین نەوەك سەرخۆشێکی نووستوو بمانبینێ. ئەوجا بەپەلە هەڵی دەگرین بۆ ئەوێ – دەزانی ئەم کارە چ هەوڵێکی دەوێ؟ ناچارین قۆناغ بە قۆناغ بیبەین، کە گەیاندمانە قەراغەکە، دەبێ تا بۆمان دەکرێ‌و دەتوانین فڕێی بدەینە قووڵایی دەریاکەوە، با جارێکی دیش ئەوەت پێ بڵێم کە شەو هەمیشەیی نییە.

دایك: بەڵێ کارێکی زۆرمان لەبەردەرمە، هەرچەند بیردەکەمەوە تەنیا بیرکردنەوە ماندووم دەکات. بەڕاستی شەکەت بووم. ناتوانم بەردەوام بم، توانای بەردەوامبوونم نییە، بەڵام ئەم پیاوە ملی داوەتە خەت، گومان ناکات، چێژ لە خەوی خۆی وەردەگرێ. ئەگەر هەڵی بسێنین سەر لەنوێ ژیان دەست پێدەکاتەوە. ئەوەی لەودا بۆم دەرکەوتووە وەك پیاوانی دی هەرگیز دانامرکێتەوە، بۆیە هەست دەکەم کە دەبێ بۆ ئەوێی بگوازینەوەو بە قووڵایی دەریاو تووڕەیی شەپۆلی بسپێرین *(هەناسەیەك هەڵدەکێشێ)*، بەڵام مایەی داخە کە ڕزگارکردنی پیاوێ لە شتە قۆڕو تڕوهاتەکان ئەم گشت ئەرك‌و ئەزیەتەی بوێ تا بە ئارامی‌و ئاشتیی بسپێرین.

مارتا: دایکە، وابزانم وڕێنە دەکەیت؟ جارێکی دیش دووپاتی دەکەمەوە کە هێشتا زۆرمان لەبەردەمە، تەنانەت ئەگەر فڕێمان دایە دەریاکەشەوە دەبێ شوێنەواری لەسەر کەناری دەریاکە بسڕینەوە. شوێن پێکانی خۆمان نەهێڵین. کات بەسەر دەچێ ئەگەر پەلە نەکەین فریا ناکەوین. بۆ دەتەوێ لە پاڵ ئەم کابرایەدا ڕاکشێیت. سەیری بکەیت، گەرچی چاوت ئەوەندە کزە کە بە تەواوی نایبینی، وێڕای ئەوەش سووری لەسەر ئەم کارە بێ سوودەت.

دایك: مارتا! ئەرێ زانیت، دەیویست ئەوشۆ بڕوات ؟

مارتا: نەء ، نەمزانی، بەڵام بشمزانیبایە هەر ئەم ڕەفتارەم دەکرد، چونکە بڕیارێ بوو دابووم.

دایك: هەر تۆزێ لەمەوبەر ئەوەی پێ وتم نەمزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە.

مارتا: ئاها! کەواتە قسەت لەگەڵیدا کرد؟

دایك: کە وتت چایەکت بۆ بردووە، چووم بۆ لای، دەمویست نەیەڵم بیخواتەوە. ئەگەر زووتر بچوومایە فریا دەکەوتم، بەڵام چایەکەی خوارد بووەوە، ئیدی منیش شتەکانم بەڕەوتی ئاسایی خۆیان سپارد، بەتایبەتی کە خواردبوویەوە ئیدی هیچ شتێ گرنگ نەبوو.

مارتا: کە هێشتا هەر لەسەر هەمان هەستی خۆتی. من بەڕاستی نازانم لەوەی پتر ماتڵ ببین هەستە یارمەتیم بدەو لەم کارە سەختە ڕزگارم بکە.

دایك: (*هەڵدەستێ*) ئامادەم، دەبێ یارمەتیت بدەمو یارمەتیشت دەدەم، بەڵام تۆزێ مۆڵەتم بدە، ئاخر من پیرمو تاقەتی تۆم نییە، ناتوانم وەك تۆ گورجوگۆڵ بم. تۆ لە بەیانییەوە تا ئێستا وچانێکت نەداوە، بەڵام من ناتوانم وابم. تەنانەت ئەم پیاوەش نەیتوانی وەك تۆ بێو شان بەشانی تۆ بڕوات. بڕیاری دابوو بڕوات، بەڵام هێشتا بڕیارەکەی بە تەواوی نەدابوو، تۆ چایەکەت فریای خست.

مارتا: بەڵام با ئەوەت پێ بڵێم کە ئەو وای لێ کردم وا زوو بەزوو بڕیاری خۆم بدەم. ئەوەندە باسی ئەو وڵاتەی بۆ کردم کە لە مێژە تامەزرۆیم، ئەوەندە ختووکەی سۆزی دامو تامی تامی دامەوە دڵم لە ئاستی ڕەق بوو. ئەمەیە پاداشتی پاکیو بێ گوناحی.

دایك: لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بەوە کردبوو کە شتێکمان لە ژێر سەردایە مارتا. پێی وتم هەست دەکات ئەم ماڵە ماڵی خۆی نییە... بێگانەیە تێیدا.

مارتا: (*بەبێ توانایی‌و بێ سەبرییەوە*) هەڵبەتە ماڵی ئەو نییە. ماڵی هیچ کەسێك نییە. کەس لەم ماڵەدا هەرگیز هەست بە ئاسوودەییو دڵنیایی ناکا. خۆ ئەگەر زووتر ئەمەی دەرك کردبا ئەوا خۆشیو ئێمەشی لەگەڵ خۆیدا قوتار دەکرد، ئەوەی لە کۆڵ دەکردینەوە کە پێی بسەلمێنین ئەم ژوورە بۆ نووستنەو ئەم عالەمە بۆ مەرگە، خێراکە دایکە تۆبی ئەو خوایەی هەندێجار هانای بۆ دەبەیت خێراکە با کارەکەمان تەواو بکەین. (*دایك هەنگاوێ لە چرپایەکە نزیك دەبێتەوە*)

دایك: چاکە مارتا با دەست پێ بکەین، بەڵام هەست دەکەم هەرگیز بەیان نادات.

(پەردە)

## پەردەی سێیەم

## دیمەنی یەکەم

*(هۆڵی ئوتێلێکە. دایك، مارتا ، خزمەتکارە پیرەکە، لەسەر شانۆن. پیرەمێردەکە هۆڵەکە دەماڵێو پاك دەکاتەوە. مارتا لە پشت مێزەکەوە قژی ڕێك دەخاتو بۆ پشتەوەی هەڵدەداتەوە. دایك بەرەو دەرگا دەچێت)*

مارتا: ئەوا بەیانی داو ئەم شەوە کۆتایی هات.

دایك: بەڵێ سبەینێ هەست بەڕەزامەندیی ئەنجامی کارەکەمان دەکەم، بەڵام ئێستا تەنیا هەست بەشەکەتی دەکەم کە شەوێکی سەختو دژوار بوو؟

مارتا: بەڵام من ئەوا بۆ چەند ساڵێ دەچێ بۆ یەکەمین جارە هەست بە ئازادی دەکەم. هەرگیز بەم ئاسانییە پیاوم نەکوشتووە، خەریکە گوێم لە هاژەی شەپۆڵەکانی دەریا دەبێ. هەستدەکەم خەریکە لە خۆشییان بگریم.

دایك: چاکە مارتا، زۆر چاکە، بەڵام من هێندە هەست بەپیری خۆم دەکەم کە هەرگیز ناتوانم بەشداری شادیی تۆ بکەم، بەڵام ڕەنگە بۆ سبەینێ چاك ببم.

مارتا: بەڵێ هەموو شتێ چاك دەبێ، بەڵام تکات لێدەکەم بەس سکاڵاو گلەیی بکە، مۆڵەتم بدە چێژ لە شادییەکەم وەربگرم. ئەم بەیانییە وا هەست دەکەم کە بوومەتەوە بە کچۆڵەی جاران. هەست دەکەم خوێنم جماوە. حەز دەکەم ڕابکەمو گۆرانی بچڕم. ئاه! بەڵام پێم بڵێ *(دەوەستێ)*

دایك: چی بوو مارتا ؟ لێت تێناگەم.

مارتا: دوێنێ... *(دەوەستێ ئەوجا بە گەرمی)* پێم بڵێ ئەرێ هێشتا جوانم؟

دایك: بەڵێ ئەم بەیانییە جوانی. تاوان خۆشە، هەندێ کەس جوان دەکات.

مارتا: تاوانی چی! چیدی گوێ بە تاوان نادەین! من سەر لەنوێ لە دایك بوومەتەوە. دەمەوێ بچم بۆ ئەو شارەی تێیدا شاد دەبم.

دایك: دەی. من دەمەوێ ئیسراحەت بکەم. زۆر شادم کە دەتبینم بە دەم ژیانەوە پێدەکەنی. ئەمە قەرەبووی هەموو ئەو شەوانەیە کە ئێشکمان تێدا دەگرتو دەمانویست ئەو شەوانە تۆ شاد بکەنو بە ئاواتت بگەیەنن. ئەنجام ئەوڕۆ بەیانی ئیسراحەتم کرد. تەنیا هەست بەوە دەکەم کە شەو زۆر بە سەختی تێ دەپەڕی.

مارتا: چ قەیدییە! لە تۆڵەی ئەوەدا ئەوڕۆ ڕۆژێکی گەورەیە. ئەهای پیرەمێرد ئاگادار بە کاغەزو شتی ئەو ڕێبوارەمان لێ نەکەوتبێ. بڕۆ کۆیان بکەوەو تاقیبێ بکە. *(دایك دەچێتە دەرێ. پیرەمێردەکە دەچێتە ژێر مێزێكو پاسەپۆرتی کوڕەکە دەردێنێ، دەیکاتەوە، سەیرێکی دەکاو هەر بە کراوەیی دەیهێنێو دەیداتە دەست مارتا)*.

مارتا: من چ کارێکم پێی نییە. لەلایەکەوە دای بنێ. هەموویان پێکەوە دەسووتێنین. *(پیرەمێردەکە بە هەمان شێوە پاسەپۆرتەکەی بە دەستەوەیە، مارتا لێی وەردەگرێ)*.

مارتا: ئەمە چییە ؟ *(پیرەمێردەکە دەچێتە دەرێ، مارتا ماوەیەکی زۆر بێ ئەوەی چ کاردانەوەیەك نیشان بدا. دەیخوێنێتەوە، بە دەنگێکی بە ڕواڵەت ئارام بانگ دەکات)* دایکە!

دایك: *(سەر لە نوێ)* دیسان چیت دەوێ؟

مارتا: وەرە *(دایك دێتە ژوورەوە. مارتا پاسەپۆرتەکەی دەداتە دەست)*.

دایك: *(بە دەنگێکی ئاساییو بێ هەڵچوون)* بەڵێ دەمزانی ڕۆژێ دێو بەسەر خۆماندا دەشکێتەوەو کۆتاییمان پێ دێنێ. کۆتایی بە هەموو شتێ دێنێ. مارتا وازم لێ بێنە. بەشی خۆم ژیام. لە کوڕەکەم پتر ژیام. نەم ناسییەوەو کوشتم. ئێستاش دەتوانم بچم بۆ لایو لە قووڵایی دەریادا پێی بگەمەوە... لە قووڵایی دەریادا کە ئێستا گژوگیا ڕوویان داپۆشیوە.

مارتا: دایکە ناشێ بڕۆیت‌و بە تەنیا جێم بهێڵی؟

دایك: مارتا گیان تۆ چاکترین کچ بووی بۆ من. بەداخەوەم کە جێت دەهێڵم، ئەگەر وشەی داخ واتایەکی هەبێ! من دەبێ ئەوە بڵێم تۆ بەشێوەی تایبەتی خۆت باشترین کچ بووی بۆ من. هەمیشە وەك پێویست ڕێزت گرتووم. بەڵام ئیدی وەڕس بووم. دڵە پیرەکەم ئەو دڵەی کە گوێ بە هیچ نادات. ئەمڕۆکە واتای مەستی‌و برژانی زانی، لەوە پتر هەڵناکەم. بەڵێ نەمناسییەوە. کوڕەکەی خۆمم نەناسییەوە، کە دایکێ نەتوانێ کوڕی خۆی بناسێتەوە مانای ئەوەیە وەك دایکێ دەوری تەواو بووە. ئیدی من لەسەر زەویدا دەورم نەما.

مارتا: نا مادام کیژێکی هەبێ‌و ئاواتەکانی نەهاتبنە دی‌و شادی‌و بەختەوەریی کچەکە بەدایکییەوە بەند بێ، کە گوێم لەم قەوانە تازەیەت دەبێ ئەی ئەو کەسەی فێرت کردم گوێ بە هیچ نەدەم، خەریکە دڵم شەق دەبات، خۆزگاکانم تەرتەو وەرتە دەبن.

دایك: (بەهەمان دەنگ) ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە لەم عالەمەی ئێمەدا نکوڵی لە هەموو شتێ بکەین، بەڵام هەندێ شت هەن نکوڵییان لێ ناکرێ. لەم سەر زەمینەی کە ئێمە تێیدا دەژین ناتوانین متمانە بەهیچ شتێ بکەین. وێڕای ئەوەش هێندێ شتی تێیدایە کە هەیەو نکوڵی لێ ناکرێ. *(بە گەرمی)* ئێستاش خۆشەویستی دایك بۆ کوڕەکەی حەقیقەتی ڕاستەقینەی منە.

مارتا: کەواتە دڵت جێی خۆشەویستی کچی تێدا نەماوە.

دایك: مارتا نامەوێ دڵت بشکێنم. بەڵام خۆشەویستی کچ وەك هی کوڕ نییە. خۆشەویستی کچ لە دڵی دایکدا کەمترە لە هی کوڕ. من ئێستا ناتوانم بەبێ خۆشەویستی کوڕەکەم بژیم.

مارتا: خۆشەویستییەکی جوانە، ئەو کوڕەی بیست ساڵ فەرامۆشی کردبوویت!

دایك: بەڵێ خۆشەویستییەکی جوان بوو بیست دانە ساڵ بەبێ دەنگی خۆی ڕاگرت‌و ئاقیبەت بۆ لای دایکی گەڕایەوە. لەوە دەچوو ئەو ئەمی فەرامۆش کرد بێ‌و ئەمیش ئەوی فەرامۆش کرد بێ. چ دەڵێی بیڵێ بەڵام خۆشەویستییەکی جوان بوو، بەڵێ من ئەمەی تێدا دەبینم. خۆشەویستییەکی جوان بوو. تەنیا جوانییەکەیم بەسە مادام ناتوانم بەبێ ئەو بژیم. *(هەڵدەستێ)*.

مارتا: مەحاڵە. ئەم قسەیەی تۆ زادەی هەڵچوون نەبێ، زادەی بیر نەکردنەوە نەبێ لە کچەکەت.

دایك: نەخێر بیرم لە تۆ نەکردووەتەوە. لە پێناوی تۆدا هەڵنەچووم. چونکە من شایستەی هەموو سزایەکم ئەوا بە سزای خۆشم گەیشتم. مارتا بێگومان ئەمە ئەنجامی هەموو بکوژێکە: پووچەڵبوونی ناخ، قاتوقڕی بێ هیچ جۆرە ئایندەیەك. بۆیە کۆمەڵگا لێیان ڕزگار دەبێ چونکە بە کەڵکی هیچ شتێ نایەن.

مارتا: *(بەرەو دایکی دەچێ‌و بەتوندی)* تۆ لەمەوپێش قسەی وات نەدەکرد... تۆ بە درێژایی ئەم هەموو ساڵانە هەمیشە پاڵپشتی منت دەکرد. بەدەستێکی پۆڵایین قاچی ئەوانەت دەگرت کە دەمان کوشتن. ئەوسا بیرت لە ئازادی یان دۆزەخ نەدەکردەوە. درێژەت دەدایێ. ئێستا نازانم کوڕەکەت چ شتێکی لە تۆدا گۆڕیوە؟

دایك: ڕاستە، درێژەم بە کاری خۆم دەدا، بەڵام تەنیا بە حوکمی ڕاهاتن بوو، هەڵبەت ئەو ڕاهاتنەش چ جیاوازییەکی لەگەڵ مەرگدا نییە، ئەگەر تووشی ئەزموونێکی دڵتەزێن نەبام هەرگیز نەدەگۆڕام. کوڕەکەم ئەوەی لە مندا گۆڕی. ***(مارتا حەرەکەیەك دەکات وەك ئەوەی بیەوێ قسان بکا)*** دەزانم قسەکانم ماقووڵ نین، چونکە تاوانبار هەست بە ئازار ناکات. بەڵام ئەوەی من هەستی پێدەکەم وەك ئازاری ئەو دایکانە نییە کە جگەریان دەسووتێ و شیوەن بۆ کوڕەکانیان دەکەن. من نە هاوار دەکەمو نە دەگریم. ئازارەکەم ئازاری هەستکردنە بە خۆشەویستی، ئەو خۆشەویستییەی لە نوێ لە دڵمدا دەژێتەوە. هەرچەند ئازارێکی سەختە، دەشزانم ماقووڵ نییە ***(بە دەنگێکی تازە)*** بەڵام عالەم خۆی لە خۆیدا ماقووڵ نییە، هەقی خۆمە جاڕی ناماقووڵیی عالەم بدەم، دوای ئەوەی هەموویم تاقی کردەوە لە ڕۆژی دروستبوونییەوە تا ڕووخانو نەمانی هەروا هاتووە. ***(بەرەو دەرگا دەکەوێتە ڕێ. مارتا پێشی دەکەوێو ڕێی لێ دەگرێ).***

مارتا: نە دایکە، نابێ بەجێم بهێڵی، بیرت نەچێ من ئەو کەسەم کە لەگەڵتدا مامەوە، ئەو جێی هێشتیتو فەرامۆشی کردیت، من عومرێکی تەواو لەگەڵتدا بووم، کەچی ئەو بەبێ دەنگی بە فەرامۆشی سپاردیت. پێویستە حیسابێ بۆ ئەمە بکەیتو بەرەو لای من بێی نەك بەرەو لای ئەو بچیت.

دایك: ***(بە ناسکی)*** ڕاستە مارتا، بەڵام من ئەوم کوشت! ***(مارتا ئاوڕێ دەداتەوە، لەوە دەچێ سەیری دەرگا بکات.)***

مارتا: ***(دوای تۆزێ بێدەنگی بە هەڵچوونەوە)*** ئەوەی لە ژیاندا پێویست بوو بەو درابوو. وێڕای ئەوەش ڕۆیشتو وڵاتی خۆی بەجێ هێشت، وڵاتانی تری ناسی، دەریای بڕی . لەگەڵ ئەو کەسانەدا ژیاو تێکەڵ بوو کە هەست بە ئازادی دەکەنو تێیدا دەژین... بەڵام من لێرەدا مامەوەو دڵی خۆم دەرخواردی سێبەر دا، بێکەسو ژیانێکی بێ مانا لە گۆڕێکی ناو جەرگەی ئەورووپادا زیندە بەچاڵ کرام، بوو بە عەزرەتی دڵم پیاوێ تاقە پیاوێ ماچم بکات، کەسێ بەڕووتی نەیبینیم، تەنانەت تۆش دایە سوێندت بۆ دەخۆم دایە دەبێ تۆڵەی ئەو هەموو دەردو ڕەنجەم بکەمەوە، بەڵام تۆ ئەوەتا دەبینی خەریکە ئاواتەکەم دێنمە دیو بە ئارەزووەکانم دەگەم، هەرگیز نابێ بەبیانووی ئەوەی پیاوێ کوژراوە بەجێم بهێڵی، لێم تێبگە دایکە، ئەوەش بزانە هەر کەسێ بە خۆشی بژی، گوێ بەمەرگ نادات، دەتوانین هەردووکمان فەرامۆشی بکەین. من برایەك لە بیر بکەمو تۆش کوڕێك لە بیر بەریتەوە. ئەوەی ڕووی دا گرنگ نەبوو، ئەو بەکامی دڵی خۆی ژیا. هەموو خۆشییەکی ژیانی چەشت، بەڵام من تا ئێستا ئۆخەیم نەکردووەو تامی ژیانم نەزانیوە کەچی ئەوەتا تۆ لێمی تێکدەدەیت. ئایا ڕەوایە لە خۆشەویستی تۆ بێ بەش ببم؟ هەقی ئەوەی هەیە بەرەو ناخی دەریا، ناخی تاریكو بەستەڵەکی دەریات ببا ؟ ***(بەبێ دەنگی دەڕواننە یەکدی. مارتا چاو دادەخاتو زۆر بە نزمی قسان دەکات)*** من تەماحکار نیم، داوای زۆر ناکەم، تەنیا کەمێ ژیانم دەوێ، دایکە هەندێ وشە هەن ناتوانم بە کاریان بێنم، خۆیان بە دەستەوە نادەن. بەڵام... ئەگەر سەرلەنوێ منو تۆ دەست پێ بکەینەوە لات وا نییە ڕۆژگارمان شیرینتر بێ؟

دایك: تۆ ناسی بووتەوە؟

مارتا: نەخێر نەمناسییەوە. کەمترین ڕواڵەت و شێوەیم لە بیر نەما بوو، ئیدی شتەکە ڕوویداو بڕایەوە، تۆ خۆت لەمەو پێش وتت: ئەم عالەمە ماقووڵ نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو ئەو پرسیارەت کردبا، چونکە من ئێستا دڵنیام کە ئەگەر بشم ناسیبا هیچ شتێ نەدەگۆڕا.

دایك: ماقووڵ نییە، هیچ ئینسانێ نییە تەنیا هەر شەڕ بێ، بگرە گەورەترین تاوانبار هەندێجار دڵی تەژی سۆز دەبێ و قێز لە چەك دەکاتەوە.

مارتا: منیش ئەو جارو ساتانە دەناسم، بەڵام سەر بۆ برایەکی نەناس دانانەوێنم.

دایك: کەواتە سەر بۆ کێ دادەنەوێنی؟

مارتا: *(سەر دادەنەوێنێ)* بۆ تۆ دایکە گیان *(بێدەنگییەکی کەم)*.

دایك: *(بە ئەسپایی)* بەڵام تازە درەنگە مارتا. ئیدی هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ ناکرێ. *(تۆزێ ئاوڕ دەداتەوە)* بەڵام بۆ قسەی نەکرد؟ بۆ بێدەنگ بوو؟ بێدەنگی کوشندەیە، بەڵام خۆ قسەکردنیش هەر کوشندەیە. ئەو تۆزە قسەیەی کرد مەرگەکەی خێراترو نزیکتر کردەوە *(ئاوڕ لە کچەکەی دەداتەوە)* ئەوە دەگریت مارتا؟ بەڵام تۆ نازانی گریان چۆن دەبێ، لە بیرتە کە لە ئامێزم دەگرتیت و ماچم دەکردیت؟

مارتا: نەخێر دایکە.

دایك: هەقتە، چونکە لەمێژە، منیش هەر زوو ئەوەم لە بیر چووەوە کە چۆن دایك کیژەکەی لە ئامێز دەگرێ، بەڵام من دەستبەرداری خۆشەویستیت نەبووم *(بە نەرمی مارتا دەخاتە لاوە مارتاش وردە وردە ڕێگای دەدات)* ئێستا هەست بەوە دەکەم براکەت ئەم خۆشەویستییەی لە ناخمدا بێدار کردەوە، براکەتم کوشت. دەبێ ئەم خۆشەویستییەش بکوژم. بیکوژم و خۆشمی لەگەڵدا بکوژم. *(ڕێگا لە بەردەمیدا وازەو دەتوانێ تێ بپەڕێ)*.

مارتا: *(دەموچاوی دەخاتە نێو هەردوو لەپی)* بەڵام ئێستا چ شتێ لە خەم و پەژارەی کچەکەت بەهێزترە؟

دایك: ڕەنگە شەکەتی و... تینوێتی و... *(دەچێتە دەرێ بێ ئەوەی کچەکەی ڕێی لێ بگرێ)*.

## دیمەنی دووەم

*(ماریا بەرەو دەرگا ڕادەکات، بەتوندی پێوەی دەدات و لەسەرخۆ کلیلی دەدات و دەست بە هاوار دەکات)*

مارتا: نەخێر، من چیم داوە بەسەر براکەمەوە؟ هیچ کەچی بووم بە بێگانەی ماڵی خۆم. شوێنێ نییە سەری تێدا بنێمەوە، دایکیشم وازی لێهێنام. ئای لەم ستەمە! چەند زوڵم لە بێ گوناحان دەکەن! ئەو بە هەموو خواستێکی خۆی گەیی، کەچی من هیچم نەبینیووە. بە تەنیا جێیان هێشتم. دوور لەو دەریایەی کە ئەوەندە شەیدایم. ئاه کە بەغیلی بەو دەبەم ، بە درێژایی تەمەنم چاوەڕێی ئەو شەپۆلە بووم کە هەڵم بگرێ بۆ دوور، بۆ ئەو شوێنەی دڵم دەیەوێ بەڵام وا نایەت و نایەت. لێرەدا دەمێنمەوە. ئەمە چارەنووسمەو بەخت و نێوچەوان... کەچی ئەو هەموو وڵات و میللەتانە، ئەم هەموو دەشت و کێوانەی بەری بای دەریا دەگرن، چواردەوریان داوم *(بە دەنگی*

*نزمتر) هەندێ* شوێن هەن هەرچەند لە دەریاوە دوورن، بەڵام بای ئێواران هەندێجار بۆنی گیای دەریای بەسەردا دێنێ. کەناره شێدارەکان وەبیری مرۆڤ دێنێتەوە، بەڵام بای دەریا ناگاتە ئێرە. هەرگیز هەرگیز بە ئاوات و خۆزگەکانم ناگەم، گوێ دەنێم بەزەوییەوە کەچی گوێم لە دەست لەملانی کێوی بەفرو شەپۆلی دەریا نابێ، من دوورم زۆر دوورم لە هەموو ئەو شتانەوە کە خۆشم دەوێن. من قینم لێیەتی، قینم لەوە، چونکە بەمرازی دڵی خۆی گەیی! بەڵام من هیچ پەنایەکم نییە جگە لەم شارە خەمناکەی کە ئاسمانەکەی بێ کوتاییە. کە برسیم دەبێ تەنیا هەرزن شك دەبەم، کە تێرم بکات، خوێنیش تینوێتیم دەشکێنێ، ئەو خوێنەی دەیڕێژم. ئا ئەمەیە نرخی خۆشەویستیی دایکان! بەڵام من کەس خۆشی ناوێم، دایکم خۆشی ناوێم. دەی سا خۆزگە دەمرێ، با بڕواو جێم بێڵێ، با بە تەنیا لەگەڵ تووڕەیی خۆمدا، لەگەڵ تووڕەیی ڕەوامدا بەجێم بێڵێ! چاوی پاڕانەوە نابڕمە خوا! لە سەرەمەرگدا تۆبەو داوای بەخشین ناکەم، لەوێ مرۆڤ دەتوانێ ڕابکات و بە ئازادی هەناسە بدات و بەدەنی بەبەدەنی پیاوێکەوە بچەسپێنێ و چۆن ڕێك کەوت خۆی بداتە دەم شەپۆڵەوە، لەوێدا لەو وڵاتەی کە دەریا چوار دەوری گرتووە دەسەڵاتی خوا نامێنێ. بەڵام لێرەدا چۆن و بە هەر لایەکدا دەڕوانی دەبێ چاو دابخەیت، هەموو شتێ هەر پۆلیسەو ئازادی دەخنکێنێ. من قینم لەم عالەمە تەنگەبەرەیە. کە هەناسەمان لەبەر دەبڕێ و ناچارمان دەکات، هەمیشە دەستەو دوعا لەبەر خوا بپاڕێینەوە نیگاکانمان بە سواڵکردن ڕابهێنین. کەس لایەنگریم ناکات دە منیش یاخی دەبم لەم ستەمەی لێم کراوە، چۆك دانادەم هەڵیان خەڵەتاندم، من لە شوێن بێ بەش و لە دایك بێ بەریم. هیچم بۆ نەماوەتەوە جگە لە تاوانەکانم کەواتە دەبێ ئەم عالەمە بەجێ بهێڵم و بە هیچ ڕازی نەبم. *(لە دەرگا دەدرێ).*

## دیمەنی سێیەم

مارتا: کێیە؟

ماریا: ڕێبوارم، میوانم.

مارتا: ئیدی میوان ڕاناگرین.

ماریا: بەڵام مێردەکەم لێرەیەو بۆ لای ئەو هاتووم *(دێتە ژوورەوە).*

مارتا: *(سەیر دەکات)* مێردەکەت کێیە؟

ماریا: دوێنێ هاتبوو بۆ ئێرە، قەرار بوو ئەمڕۆ بەیانییەکەی سەرم لێ بدات. کەچی نازانم بۆ سەری لێ نەدام.

مارتا: بەڵام ئەو وتی ژنەکەی لە هەندەرانە.

ماریا: هۆی تایبەتی بۆ ئەو قسەیەی هەبووە، بەڵام بەڵێنمان دابوو کە ئەم بەیانییە یەکدی ببینین.

مارتا: *(هێشتا هەر سەیری دەکات)* بەڕاستی کارێکی دژوارە، مێردەکەت لێرە نەماوە.

ماریا: ئەوە دەڵێی چی؟ مەگەر لێرە ژووری بەکرێ نەگرتبوو؟

مارتا: بەڵێ، بەڵام هەر شەوێ ڕۆیی.

ماریا: باوەڕناکەم، چونکە دەزانم بۆچی پابەندی ئەم ماڵە بوو. بەڵام قسەکانی تۆ دەمترسێنێت، پێم بڵێ مەبەستت چییە؟

مارتا: هیچ مەبەستێکم نییە، ئەوەندە هەیە مێردەکەت لێرە نەماوە.

ماریا: بەڵام بەبێ من ناڕوات. من لێت تێناگەم. باشە پێی وتیت بەیەکجاری دەڕوات یان دەگەڕێتەوە؟

مارتا: بەیەکجاری ڕۆیی.

ماریا: گوێ بگرە، من لە دوێنێوە تا ئێستا لەم وڵاتە بێگانەیەدا بەدەم چاوەڕوانی ئەوەوە دەتلێمەوەو سەبرم لێ بڕاوەو، ئێستاش بڕیارم داوە تا مێردەکەم نەبینم یان شوێنەکەی نەزانم لێرە ناڕۆم.

مارتا: من چوزانم؟ ئەمە پێوەندی بەخۆتو مێردەکەتەوە هەیەو هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نییە.

ماریا: تۆ هەڵەیت پێوەندی بەتۆشەوە هەیە، زۆریش پێوەندیی بەتۆوە هەیە. نازانم مێردەکەم بەم قسانەی ئێستای من ڕازییە، یان نا، بەڵام من لەم گاڵتە بازاڕو یارییە بێهودانە بێزار بووم. بۆیە بە ئاشکرا پێت دەڵێم ئەو پیاوەی دوێنێ هاتبووە ئێرە، براکەت بوو، ئەو برایەی چەندین ساڵە نەتبینیوەو گوێت لە قسەی نەبووە.

مارتا: دەزانم.

ماریا: *(بە تووڕەیی)* کەواتە چی ڕوویداوە؟ کە لە یەکدی ئاشکرابوون ئەی بۆ براکەت لێرە نەماوە؟ پێشوازیتان لێ نەکرد؟ تۆو دایکت بەهاتنەوەی شاد نەبوون؟

مارتا: براکەم لێرە نەماوە، چونکە مردووە ***(ماریا لە سەرسامیدا هاوار دەکا، تۆزێ بێدەنگ دەبێ، بەقینەوە چاو دەبڕێتە مارتا. ئەوجا بەپێکەنینەوە بەرەو مارتا دەچێ).***

ماریا: گاڵتە دەکەیت وانییە؟ جان هەمووو جارێ بۆی دەگێڕامەوە کە چۆن تۆ بە منداڵی حەزت دەکرد خەڵکی بترسێنی. ئێمە وەك خوشك واین منو تۆو...

مارتا: دەستم پێوە نەدەی لە جێی خۆت بووەستە. هیچ شتێ منو تۆ کۆ ناکاتەوە. ***(بێدەنگی)*** شوخییش ناکەم، مێردەکەت دوێنێ شەو مردو تۆ دەبێ بڕۆیتو هیچ کارێکت بە ئێرە نییە.

ماریا: ئەوە شێت بوویت؟ بنیادەم کە یەکێك چاوەڕوانی بێ هەروا بە ئاسانی نامرێ. ئەمە شتێکی زۆر کتوپڕەو ناتوانم باوەڕت پێبکەم. کارێکی وا بکە کە بیبینم ئەوجا لەوانەیە باوەڕ بکەم.

مارتا: مەحاڵە، چونکە ئەو ئێستا لە ناخی دەریادایە... ***(ماریا دەستی بۆ دەبات)*** دەستم تێوە نەدەی! نەیەیتە پێشەوە. نەیەیتە پێشەوە. ئەو لە قووڵایی دەریادایە، دوێنێ شەو منو دایکم فڕێماندایە دەریاوە، دوای ئەوەی خەواندمان هیچ ئازارێکی نەکێشا، بەڵام مرد، مرد. منو دایکم کوشتمان.

ماریا: ***(دەکشێتەوە)*** هەڵبەت من شێت بووم وشەی ئەوتۆ دەژنەوم کەس لەسەر ڕووی زەمین نەیوتوون. دەمزانی لەم وڵاتەدا خێرو خۆشی نابینم، بەڵام ئامادە نیم بەشداریی ئەم شێتییەتان

بکەم، وشەکانت ناخی دڵم دەسمێ. تۆ باسی کەسێکی دی دەکەیت نەك باسی ئەو پیاوەی هاوسەری ژیانی من بوو. خەونە خەیاڵە؟

مارتا: من نامەوێ قەناعەتت پێبکەم، بەڵام ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە ناچاریت بەزووترین کات دانی پێدا بنەیت.

ماریا: *(بیردەکاتەوە)* ئاخر بۆ، بۆ ئەم کارەتان کرد؟

مارتا: بە چ هەقێکەوە ئەم پرسیارەم لێ دەکەیت.

ماریا: *(بە فریادەوە)* بە ناوی خۆشەویستیمەوە بە هەقی عەشقمەوە.

مارتا: ئەم وشەیە مانای چییە؟

ماریا: مانای. مانای ئەو هەموو شتەیە کە ئێستا جەرگو دڵم ئەنجن ئەنجن دەکات. واتای ئەوەیە کە پەنجەکانم بۆ کوشتن تیژ دەکات، واتای هەموو شادییەکی لە دەست چوومە، واتای ئەو دەردەیە کە بە منت نۆشاند، بەڵێ ئەی شێتی بەدخوو گەر لە هەوەڵەوە کۆنترۆڵی خۆم نەکردبا ئێستا مانای ئەم وشەیەم فێر دەکردیتو گۆناکانتم بەنینۆك هەڵدەدڕی.

مارتا: تۆ بەزمانێ قسان دەکەیت کە من تێت ناگەم. من لە واتای وشەی وەك خۆشەویستیو شادیو خەم تێناگەم. ئەم وشانە لە لای من چ واتایەکیان نییە.

ماریا: *(هەوڵ دەدا بە ئارامی بدوێ)* گوێ بگرە مارتا- نێوت مارتایە وا نییە؟ با واز لەم شۆخییە بێنین، با واز لەم وشە بێ سوودانە بێنین. بەر لەوەی دەست لە خۆم بشۆم بە ئاشکرا شتەکەم پێ بڵێ.

مارتا: لەوە ئاشکراتر نابێ. دوێنێ شەو مێردەکەتمان کوشت تا پارەکەی وەدەست بێنین، وەك ئەمەمان لەگەڵ میوانو ڕێبواری تریشدا کردووە.

ماریا: کەواتە دایكو خوشکەکەی دوو بکوژن؟

مارتا: بەڵام، ئەمە کارێکە پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە.

ماریا: *(دەیەوێ ئارام دیار بێ)* باشە زانیت براتە؟

مارتا: گەر بیرت بکردایەتەوە دەتزانی بەد حاڵیبوونێك لە کارەکەدا بووە، خۆ ئەگەر کەمترین ئەزموونت لەگەڵ عالەمدا هەبووایە سەرت سوڕ نەدەما.

ماریا: *(دەگەڕێتەوە لای مێزەکە، دەستی بەسەر سینگییەوەیەو بەدەنگێکی نزمی خەمبار)* ئاه! خوایە! دەمزانی ئەم گاڵتە بازاڕە بەم کارەساتە کۆتایی دێ، هەردووکمان منو ئەو بەو سزایە دەگەین، چونکە ڕازی بووین پەیڕەوی بکەین. تەنانەت ئاسمانو هەوای ئەم وڵاتە بۆنی سامناکیو خوێنی لێ دەهات. *(لە بەرمێزەکەدا دەوەستێ، بێ ئەوەی سەیری مارتا بکات بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکانی)* دەیویست خۆیتان پێ بناسێنێ... شادیتان پێ ببەخشێ، بەڵام وشەی گونجاوی بۆ نەدەدۆزرایەوە، هەوڵی دەدا وشەیەك بدۆزێتەوە کە جەمسەری مەسەلەکەی پێ بکاتەوە، کەچی کوشتتان *(دەگری)* ئێوە وەك دوو کەسی بێ هەستو کوێر، چاوتان لە ئاستی ئەو کوڕە ئەمەکدارەتان کوێر بوو. هەرگیز زەلامی دڵپاكو ئەمەکداری وەك ئەو زەلامەی کە دوێنێ شەو کوشتتان دەست ناکەوێ. ئەو دەبوو بەمایەی شانازیتان وەك چۆن مایەی

شانازیی من بوو. بەڵام ئەفسووس ئێوە دوژمنی بوون. ئەگینا چۆن دەتوانی بەم ئاسانییە باسی شتێ بکەیت کە مایەی شێت بوونە؟

مارتا: بەخۆڕایی خۆت مەکە بە قازی، چونکە تۆ هەموو شتێ نازانی. ئێستا دایکیشم لە پاڵ کوڕەکەیدا ڕاکشاوەو بە بەربەستەکەوە چەسپاون‌و شەپۆڵ چینە لە دەموچاوو جەستەیان دەکات. دوای تۆزێکی دی خەڵکی لاشەکانیان دەدۆزنەوەو پێکەوە لە هەمان شوێندا بە خاکیان دەسپێرن. بەڵام وێڕای ئەوەش شتێ نامبزوێنێ تا بگریم، بیرکردنەوەی من دەربارەی دڵی مرۆڤ تەواو جیاوازە، لە ڕاستیدا کە فرمێسکەکانت دەبینم دڵم تێکهەڵدێ.

ماریا: *(دەگەڕێتەوەو بە تووڕەیی)* ئەمە ئەشکی شادییە کە بۆ هەمیشە لە دەستم چوو فرمێسکی خۆشبەختی حەرام بوومە.

مارتا: خەیاڵ نەکەی بەم قسانە کارم تێ بکەیت .لە ڕاستیدا بێ بایەخن، چونکە زۆرم لەم بابەتە قسانە ژنەوتووە. منیش لە لایەن خۆمەوە بڕیارم داوە کە بمرم، بەڵام نامەوێ خۆم تێکەڵ بەوان بکەم. چ پێویستم بەوان نییە. ئەوان بەمیهرو خۆشەویستیی تازەو بەنازو نەوازشی تاریکیان دەسپێرم .نە من‌و نە تۆ بەشدارییان ناکەین. ئەوان هەمیشە بەرانبەر بە ئێمە بێ وەفابوون. هەرگیز دڵسوزی ئێمە نەبوون. من هیچ پێویستییەکەم بەوان نییە، ژووری نووستنەکەم ماوەو کۆڵەکەکەشی مەحکەم‌و قایمە.

ماریا: من کە لە سۆنگەی تۆوە مێردەکەم لە دەست چوو، بەچی دەچێ بمری یان دنیا خراپ ببێ؟ من بە هۆی تۆوە دەبێ لە شەوی تاریکی تەنیاییدا بژیم‌و بەدەم ئازاری یادگارەوە بتلێمەوە. *(مارتا لە پشتییەوە دەوەستێ‌و قسانی لەگەڵ دەکات)*.

مارتا: موبالەغە مەکە! تۆ مێردەکەت لە دەست چوو، منیش دایکم. کەواتە هەردووکمان وەك یەکین. لەگەڵ جیاوازییەکدا، تۆ بۆ یەکجار مێردەکەت لە دەست چوو، دوای ئەوەی چەند ساڵێ لە باوەشی خۆشەویستیدا ژیایت‌و لێت نە تۆراو جێی نەهێشتیت، بەڵام من دووجاران دایکم لە دەست چوو. یەکەمجار تۆراو جێی هێشتم. دووەم جار مرد... بۆیە من لە تۆ بەد بەختترم.

ماریا: ڕاستە. ئەگەر نەمزانیبا دوێنێ شەو بەتەنیا لە ژوورەکەیدا چاوەڕوانیی چی دەکات، لە کاتێکدا ئێوە تەگبیری کوشتنیتان دەکرد، ڕەنگە دڵم دابایتەوەو لە خەمەکانم بەشدارم کردبایت.

مارتا: *(بە دەنگێکی نائومێدانە)* گوناحی مێردەکەت لە ئەستۆی مندا نییە، چونکە منیش وەك ئەو ئازارم چەشت. منیش وام هەست دەکرد وەك ئەو داڵدەیەکم هەیەو تاوان من‌و دایکم بۆ هەتا هەتایە بەیەکەوە دەبەستێ. ئاخر من جگە لەو ئافرەتەی یارمەتی دام لە کوشتنیدا دەمتوانی پشت بەکێ ببەستم؟ بەڵام من بەهەڵەدا چووبووم. چونکە تاوانیش تەنیایی دەگەیەنێ، ئەگەرچی هەزاران کەسیش لەگەڵتدا بەشدار بن. بۆیە بە تەنیا دەمرم، چونکە بە تەنیا ژیام‌و بە تەنیا پیاوانم کوشت. *(ماریا ئاوڕی لێ دەداتەوە، فرمێسك بە گۆنایا دێتە خوارەوە، بەڵام مارتا دەکشێتەوەو سەرلەنوێ دەنگی گڕ دەبێ)* دەستم تێوە نەدەیت، پێم وتیت دەستم تێوە نەدەی، چونکە ئەگەر بەر لە مەرگ دەستی مرۆڤێکم بۆ درێژ بکرێ‌و هەست بە گەرمایی بکەم، خوێنم

دێته کوڵو بێزارتر دەبم *(ماریا هەڵدەستێته سەر پێ. هەردووکیان بەرانبەر بەیەكو زۆر لە نزیکی یەکەوە دەوەستن).*

ماریا: مەترسە. لێت دەگەڕێم بە ئارەزووی خۆت بمریت، چونکە هەست دەکەم ئازارێکی کوشندە تێم ئاڵاوەو بەرچاوی تاریك کردووم‌و ئەوەی لە دەوروبەرمدایە نایبینم... تۆو دایکت جگە لە دوو سیمای ئاڵۆز زیاتر نایەنە بەرچاوم کە لە کارەساتێکی بێ بڕانەوەدا تووشیان بووم تێپەڕین. من ڕقم لێت نییە مارتا. هەروەها بەزەییشم پێتدا نایەتەوە، توانای خۆشەویستی‌و ڕقم نەماوە *(لە پڕ دەموچاوی لە نێو هەردوو لەپیدا دەشارێتەوە)* لە ڕاستییدا کاتی ئەوەم نییە ئازار بچێژم یان هەڵچم‌و تووڕە ببم. کارەساتەکەم لە خۆم گەورەتر بوو.

مارتا: *(کە چەند هەنگاوێ بەرەو دەرگاکە چووبوو... دەگەڕێتەوە بۆ کن ماریا)*، بەڵام ئەوەندەش گەورە نەبوو، چونکە بەلای کەمەوە بواری فرمێسکی بۆ هێشتوویتەوە. بەر لەوەی بۆ هەمیشە تۆ بەجێ بێڵم. هەست دەکەم کارێکی دیم پێت هەیە. ئەویش ئەوەیە کە ئومێدبڕت بکەم.

ماریا: *(بەو پەڕی ترسەوە سەیری دەکات)* ئاه! وازم لێ بێنە، بڕۆو وازم لێ بێنە!

مارتا: ئەوجا وازت لێدێنم تۆ بەڕێی خۆت‌و من بەڕێی خۆم. کە ڕقم لە خۆشەویستی‌و فرمێسکەکەتە. بەڵام بەر لەوەی بەرەو مردن بڕۆم پێویستە لەو واهیمەیە ڕزگارت بکەم کە تۆ ڕاست دەکەیت‌و خۆشەویستی بێهوودە نییە، ئەوەی ڕووی دا ئەنجامی پاشەگەردانییەکی فراوانە... دەمەوێ بەوە قەناعەت بکەیت هەر ئەمەش سیستەمی حەقیقییە...

ماریا: چ سیستەمێ؟

مارتا: ئەوسیستەمەی کەس نەیزانیوە.

ماریا: *(بەسەرسامی)*چم لە سیستەم داوە یان چم لەوە داوە کەسێ دەیزانێ یان نایزانێ. من دڵم پارچە پارچە بووەو بۆ کەس لێ نادات، جگە لەو پیاوەی تۆ کوشتت.

مارتا: *(بەتوندی)* بێدەنگ بە نامەوێ هیچی دەربارە بژنەوم، چونکە ڕقم لێیەتی. ئەو ئیدی هیچی تۆ نییە... ئەو چووە ئەو شوێنەی کە هەرگیز گەڕانەوەی بۆ نییە گەوجە! بەمەرامی خۆی گەیی. هەموو هەر بە هەقی خۆمان گەیشتین، بەڵام ئەوە بزانە نە ئەوو نە ئێمە نە لە ژیانداو نە لە مەرگدا هیچ ئاشتی‌و ئاسوودەییەك بەچاو نابینین *(پێکەنینێکی تەوسئامێز)* ئاشتی‌و ئاسوودەیی لەوێدا، لە ژێر ئەو خاکە تاریکونووتەکەدا نییە. جا تا کۆچ دەکەین. بابین بەژەمە خواردنێك‌و بدرێین بە گیانداران، ئەوێ باشترین نیشتمانە.

ماریا: *(بەدەم ئەشك ڕشتنەوە)* ئاه ناتوانم، لەوە زیاتر هەڵناکەم؟ ناتوانم گوێم لێت بێ کە بەو شێوەیە قسان بکەیت... ئەویش نەیدەتوانی هەڵ بکات لە دەریا پەڕییەوە بۆ ئەوەی نیشتمانێکی نوێ وەدۆزێ.

مارتا: *(کە بەرەو دەرگا چوو بوو، بەڵام لە پڕ دەگەڕێتەوە)*... سزای گەوجێتیی خۆی وەرگرت. بەم زووانە تۆیش سزای خۆت وەردەگریت. *(بە پێکەنینەوە)* هەڵیان خەڵەتاندین، پێت دەڵێم هەڵیان خەڵەتاندین! نازانم مەبەست لەم کەڵکەڵانەی ختووکەمان دەدەن چییە، ئەنجامی ئەو

ئارەزووانەی ڕۆحمان ئازار دەدات چییە؟ بۆ لە پێناوی دەریا یان خۆشەویستیدا هاوار دەکەین‌و خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین؟ سوودی ئەمانە چییە؟ بەڵام مێردەکەت ئێستا وەڵامەکەی دەزانێ: ئەم دنیایە خانەیەکی ترسناکەو لە کۆتاییدا هەمووومان بەتەك یەکەوەو تێیدا دەنێژرێین، *(بەقینەوە)* ڕۆژێ دێ تۆش پەی بەوە دەبەیت کە من پەیم پێ بردووە. ئەوساکە شتێ نابێ نێوی بیرەوەری‌و یادگاری شیرین بێ، چونکە هەست بە سەخت ترین نەفی دەکەیت... هەوڵبدە ئەوە بزانی کە خەمەکانی تۆ لە بەرانبەر ئەو زوڵمەدا کە لە مرۆڤ کراوە هیچ نییە. ئێستاش بەر لەوەی بڕۆم با ئەم ئامۆژگارییەت بکەم، چونکە مێردەکەتم کوشت قەرزاربارتم. لە خوا بپاڕێوە دڵت بکا بەبەرد. ئەوە ئەو شادییەیە کە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە. ئەوە شادیی ڕاستەقینەیە. تۆش وەك ئەو بکە. گوێت لە ئاستی هەموو هاوارێك کەڕبکە. دەبا بەزووترین کات دڵت ببێ بەبەرد، خۆ ئەگەر ناوێری خۆت بخەیتە جیهانی ئەم ئاشتییە سەختە کوێرەوە، وەرەو پێوەندی بە ئێمەوە بکەو چارەنووسی خۆت بخە پاڵ چارەنووسی ئێمەوە، بە دوعا خوشکێ! بە چاوی خۆت بینیت کە شتەکە هەر زۆر ئاسانە. تۆ خۆت سەرپشکی لە نێوان هەڵبژاردنی شادی بەردیناو ئەو نوێنە خزەی لەسەری چاوەڕوانت دەکات *(دەچێتە دەرێ. ماریا کە بە سەرسامی گوێی دەگرت لەتر دەدات، دەست بۆ بەردەمی خۆی درێژ دەکات)*.

ماریا: *(بەدەنگی بەرز هاوار دەکات)* ئاه! خوایە! من ناتوانم لەم بیابانە چۆڵەدا بژیم! لە تۆ زیاتر کەسم نییە، منیش ڕوو لە تۆ دەکەم‌و قسەم لەگەڵ تۆیە *(دەکەوێتە سەر ئەژنۆ)* خۆم بەتۆ دەسپێرم، ڕەحمم پێبکە. ئاوڕێکم لێ بدەوە! خوایە ڕەحمم پێبکە! خوایە ڕەحم بەو کەسانە بکە کە یەکیان خۆشویست‌و لە یەکدی جودا بوونەوە *(دەرگا دەکرێتەوە، خزمەتکارە پیرەکە دێتە ژوورەوە، لەبەر دەرگاکەدا دەوەستێ)*.

## دیمەنی چوارەم

پیرەمێرد: *(بە دەنگێکی ئاشکراو مەحکەم)* ئەم هەرا هەرایە چییە؟ منت بانگ کرد؟

ماریا: *(سەیری دەکات)* ئاه ؟ نازانم ؟ بەڵام یارمەتیم بدە، چونکە پێویستم بە یارمەتی هەیە، بەزەییت پێمدا بێتەوە، دەبڵێ یارمەتیت دەدەم !

پیرەمێرد: *(بە هەمان دەنگ)* نەء !.

(پەردە)

١٩٨٣/٣لە وەرگێڕانی بوومەوە

# دادپەروەران

کاراکتەرەکان:

دورا دولوف

خاگراند دۆك "الدوقه الكبيره"

ئیڤان کالیاییف

ستیپان فیدوروف

بوریا ئاننکوف

شوراتوف

فوکا

کێشکچی

## پەردەی یەکەم

***(بنکەی گشتیی تیرۆریستەکان. بەیانییە.)***

(پەردە بەبێدەنگی لادەبرێ. دوراو ئاننکوف بێ جووڵە لەسەر شانۆ وەستاون. زەنگی دەرگا جارێك لێدەدرێ. دورا پێ دەچێ بیەوێ قسان بکات. ئاننکوف بە ئیشارەتێك بێدەنگی دەکات. زەنگەکە دوو کەڕەت لەسەر یەك لێدەدرێتەوە.)

ئاننکوف: ئەوە. خۆیەتی.

***(دەچێتە دەرێ. دورا. خامۆش‌و بێ جووڵە چاوەڕوانە. ئاننکوف لەگەڵ (ستیپان)دا دەگەڕێتەوە. دڵسۆزانە دەستی خستووەتە سەرشانی.)***

ئاننکوف: ئەوە. ئەمەش ستیپان.

دورا: ***( بەرەو پیری ستیپان دەچێت‌و دەستی دەگرێت.)*** خێرهاتی ستیپان!

دورا: ***(سەیری دەکات)*** سێ ساڵە.

ستیپان: بەڵێ. سێ ساڵە گیراوم. سێ ساڵی خشت. لەو کاتەدا گیرام کە بۆ نك ئەنگۆ دەهاتم.

دورا: ئێمە چاوەڕیت بووین. وەخت دەبووری‌و دڵی من پتر دەگوشرا وامان لێهات نە دەوێراین سەیری یەکدی بکەین.

ئاننکوف: دەبێ جارێکی دی شوێنەکەمان بگۆڕین.

ستیپان: دەزانم.

دورا: دەنگوباسی ئەوێندەر ستیپان؟.

ستیپان: کوێندەر؟

دورا: زیندان؟

ستیپان: هەلی هەڵاتنم بۆ هەڵکەوت.

ئاننکوف: بەڵێ کە زانیمان خۆت گەیاندۆتە سویسرا خۆشحاڵ بووین.

ستیپان: بوریا، سویسراش زندانێکی دیکە بوو.

ئاننکوف: چۆن؟ خۆ هەر نەبێ ئەوان ئازادن.

ستیپیان: ئازادی زندانێکی بەدرێژاترە کە لەسەر زەویدا بەشەری ملکەچ کردووە. من ئازاد بووم، کەچی هەمیشە بیرم لای روسیاو کۆیلەکانی بوو.

***(بێدەنگییەکی کورت)***

ئاننکوف: ستیپان. شادم کە حزب تۆی بۆ ئێرە هێناوە.

ستیپان: زەروری بوو. خەریك بوو دیقم دەکرد. هەرچۆنێ بێ دەبێ کار بکرێ. کار ***(دەڕوانێتە ئاننکوف)*** دەیکوژم. وانە؟

ئاننکوف: دڵنیام.

ستیپان: ئەم جەلادە دەکوژم. بوریا تۆ فەرماندەیت‌و ئەز سەربازی گوێڕایەڵ

ئاننکوف: ستیپان، پێویست بە وتن ناکات. ئێمە هەموو براین.

ستیپان: بەڵام زەبت و ڕەبت پێویستە. لە بەندیخانەدا ئەمەم بۆ دەرکەوت حزبی سۆسیال شۆڕشگێڕ، پێویستی بە زەبت و ڕەبت هەیە. کە زەبت و ڕەبتمان هەبێ، ئەوا گراند دۆك (الدوق الكبير) دەکوژین و دیکتاتۆریەت لە نێو دەبەین.

دورا: *"بەرەو ئەو دەچێ"* دانیشە ستیپان. وا دیارە ئەم سەفەرە دوورو درێژە ماندووی کردوویت.

ستیپان: من و ماندوو بوون؟ بوریا هەموو شتێك ئامادەیە ؟!.

ئاننکوف: *(دەنگی دەگۆڕێ)* بەڵێ یەك مانگی خشتە کە دوو کەس ڕێگەی هاتوچۆی گراند دۆك تاقی دەکەنەوە.دوراش هەموو کەرەسەیەکی پێویستی ئامادە کردووە.

ستیپان: ئەدی بەیاننامەو بلاٌۆك ؟.

ئاننکوف: بەڵێ. هەموو خەڵکی روسیا بۆیان دەردەکەوێ کە گراند دۆك، بۆیە لەلایەن کۆمیتەی ئیغتیالاتی حزبی سۆشیال شۆڕشگێڕەوە کوژراوە تا هەتاوی ئازادی میللەتی روس، زووتر هەڵبێ. دەربارەی پاشایەتیش بۆیان دەردەکەوێ کە ئێمە سوورین لەسەر درێژە پێدانی ئەم جۆرە سزایە تا ئەو رۆژەی ولاتی خۆمان دەبێتەوە بە هی میللەتی خۆمان. بەڵێ ستیپان هەموو شتێك ئامادەیە. کاتی دەستبەکاربوون وا نزیك دەبێتەوە.

ستیپان: باشە ئەرکی من چییە؟

ئاننکوف: یارمەتی دورا دەدەی. "شویتەرز" کە تۆ هاتوویە جێی، لەگەڵ دورادا کاری دەکرد.

ستیپان: ئەو کوژراوە؟

ئاننکوف: بەڵێ.

ستیپان: چۆن کوژرا؟

دورا: ڕێکەوتێك روویدا.

*(ستیپان، دەڕوانێتە دورا. دوا نیگای دەدزێتەوە).*

ستیپان: پاشان؟

ئاننکوف: با بزانین. تۆ دەبێ ئامادە بیت و ئەگەر پێویستی کرد جێی ئێمە بگریتەوەو پێوەندی بە کۆمیتەی گشتییەوە بکەی.

ستیپان: هاورێکانمان کیهەن؟

ئاننکوف: "ڤینوف"ت لە سویسرا دیتووە، هەرچەندە منداڵکارە، لێ متمانەم پێی هەیە. یانك- ش ناناسی.

ستیپان: یانك؟

ئاننکوف: کالیاییف ئێمە شاعیریشی پێ دەڵێین.

ستیپان: ئەمە ناوی بابایەکی تیرۆریست نییە.

ئاننکوف: *"بە پێکەنینەوە"* یانك بە پێچەوانەی تۆوە بیر دەکاتەوە. ئەو دەڵێ شیعریش شۆڕشێکە.

ستیپان: تەنیا نارنجۆك شۆڕشە. *"بێدەنگی"* دورا پێت وایە بتوانم یارمەتیت بدەم؟

دورا: بەڵێ. لێ دەبێ وریابی کە زامنی نارنجۆکەکە نەشکێ.

ستیپان: ئەدی ئەگەر بشکێ؟

دورا: هەر ئەوە بووە هۆی مردنی شویتەرز ***"هەڵوەستەیەک"*** بۆ بزە دەتگرێ؟

ستیپان: من بزە دەمگرێ؟

دورا: بەڵێ.

ستیپان: هەندێك جار بە دەستی خۆم نییە. ***(بێدەنگی. وا دێتە بەرچاو کە ستیپان تێبفکرێ)*** دورا یەك نارنجۆك بەسە بۆ داغانکردنی ئەم خانووە؟

دورا: یەکێك نا، لێ زەرەرێکی گەلەك زۆر دەدا.

ستیپان: چەند دانەیەك بەسە بۆ داغانکردنی مۆسکۆ؟

ئاننکوف: ئەوە شێت بووی! دەتەوێ بڵێی چی؟

ستیپان: هیچ!

***(زەنگ. جارێك لێ دەدرێ. ئەوان گوێ هەڵدەخەن و چاوەنۆرن).***

***( زەنگەکە دوو جاران لێدەدرێ. ئاننکوف دەچێتە دالانەکەو لەگەڵ ڤینوفدا دەگەڕێتەوە).***

ڤینوف: ستیپان!

ستیپان: رۆژباش ***( تەوقە دەکەن. ڤینوف تەوقە لەگەڵ دورا دەکاو ماچی دەکات).***

ئاننکوف: ئالکسی. کارەکانت باش رۆییشتون ؟

ڤینوف: بەڵێ.

ئاننکوف: مەودای نێوان کۆشك و شانۆکەت تاقیکردۆتەوە؟

ڤینوف: دەتوانم نەخشەکەیان بۆ بکێشم ***(دەست پێدەکات)*** پێچەکان، کۆڵانە باریکەکان. کوێرە کۆڵانەکان، گالیسکەکە بە ژێر پەنجەرەکەی ئێمەدا ڕەت دەبێ.

ئاننکوف: ئەدی ئەم دوو خاچە  چ دەگەیەنن؟

ڤینوف: ئەمەیان ئەو مەیدانە بچووکەیە کە ئەسپەکان لەوێدا خاو دەبنەوە. ئەوەش بەردەمی شانۆکەیە کە لە وێدا دەوەستن. بە باوەڕی من ئەمانە باشترین شوێنن.

ئاننکوف: دروستە. کوا وێمدە.

ستیپان: ئەدی مەسەلەی خەفیەو پیاوانی دەوڵەت؟

ڤینوف: *(ناڕەحەتە)* زۆرن.

ستیپان: ناڕەحەتت دەکەن؟

ڤینوف : ناتوانم بڵێم کاتێ لەو ناوە بن، ئاسوودەم.

ئاننکوف: کەس حەزیان پێناکات. بیری لێ مەکەوە.

ڤینوف: من ناترسم، لێ لەگەڵ درۆکردندا ڕانەهاتووم.

ستیپان: هەموو کەسێك درۆ دەکات. ئەوەی کە پێویستە درۆکردنی چاکترە.

ڤینوف: کارێکی ئاسان نییە. ئەوسای کە خوێندکار بووم هاوەڵەکانم لێم دوور دەکەوتنەوە. چونکە نەمدەتوانی قسەی دڵم ڕابگرم‌و هەرچیم بە بیردا دەهات دەمدرکاند. ئاخری لە زانستگەش دەریان کردم.

ستیپان: بۆ؟

ڤینوف: لە دەرسی دیرۆکدا مامۆستا لێی پرسیم پترۆسی گەورە چۆن سان پترۆسبۆرگی دروستکرد.

ستیپان: پرسیاریکی چاکە.

ڤینوف: منیش وەڵامم دایەوە کە بە خوێن‌و زەبری قامچی. ئیدی دەمودەست دەریانکردم.

ستیپان: پاشان...؟

ڤینوف: بۆم دەرکەوت کە تەنیا ئاشکراکردنی بێدادی کافی نییە، مرۆڤ دەبێ بە هەموو بوونییەوە دژی بجەنگێ تا لە ڕەگ‌و ڕیشەی دەربێنێ. نووکە بەختەوەرم.

ستیپان: وێڕای ئەوەش هەر درۆیان دەکەی؟.

ڤینوف: لەم هەلومەرجەی ئێستادا بەڵێ. بەڵام هەرکە نارنجۆکەکە هەڵبدەم چیدی درۆ ناکەم.

***(لە زەنگ دەدرێ. دووجار لەسەریەك. جارێکی دیکەش. دورا هەڵدەستێ.)***

ئاننکوف: یانك-ە

ستیپان: ئەمە هەمان نیشانە نییە.

ئاننکوف: یانك وەهای پێخۆش بووە بیگۆڕێ. ئەمە نیشانەی تایبەتیی ئەوە. ***(ستیپان شان هەڵدەتەکێنێ. دەنگی ئاخاوتنی دورا لە داڵانەکەوە دێ. دوراو کالیاییف قۆڵ لە قۆڵی یەکدیدا وەژوور دەکەون. کالیاییف پێدەکەنێ.)***

دورا: یانك. ئەمەش ستیپانە کە هاتۆتە شوێنی شویتەرز.

کالیاییف: بەخێرهاتی برادەر.

ستیپان: مەمنوونم ***( دوراو کالیاییف ڕووبە ڕووی ئەوانی دی دادەنیشن).***

یانك: تۆ دڵنیای کە گالیسکەکە دەناسییەوە؟.

کالیاییف: بەڵێ. دوو جاران بەچاکی دیتم. هەرکە دەرکەوت لەناو هەزار گالیسکەدا ناسیمەوە. هەموو نیشانەکانیم نووسیوە. بۆ وێنە شووشەی یەکێك لە لایتەکانی چەپی ڕووشاوە.

ڤینوف: ئەدی خەفیەکان ؟

کالیاییف: زۆرن. بووین بە دۆستی گیانی بە گیانی. جگەرەیان بۆ دەکڕیم ***(پێدەکەنێ).***

ئاننکوف: پاڤڵ ئەم زانیارییانەی تەئید کردووە ؟.

کالیاییف: لەم هەفتەیەدا گراند دوك دەچێ بۆ شانۆ، پاڤڵ دەسبەجێ ژوورەکە دیاری دەکاو پاشان نامەیەك دەدا بە دەرگاوانەکە ***( دەگەڕێتەوە بۆ لای دوراو پێدەکەنێ)*** بەخت پشتی تێکردین دورا.

دورا: ***(سەیری دەکات)*** بزانم ئەوڕۆ کەرەستەی دەست فرۆشییەکەت خستۆتە لاوە. ئێستا بووی بە پیاوێکی دی، بەڵام ئەو فەروەیە فەرامۆش نەکەی.

كالياييف: *(پێدەکەنێ)* ڕاستە. تۆ نازانی من چەند بەو شتەوە مەغرور بووم (بە ستیپان‌و ئاننکوف) دوو مانگی خشت تەماشای وردە فرۆشانم دەکرد. پتر لە مانگێکیش لە ژوورێکی بچکووکدا پرۆڤەی هەڵسوکەوتیانم دەکرد. هاومەدرەسەکانم قەت شکیان لێ نەدەکردم. دەیانوت *(چ کابرایەکی خۆشە تەنانەت ئەسپەکانی تزارش دەکرێ)* ئیدی ئەوانیش هەوڵیان دەدا لاسام بکەنەوە.

دورا: دیارە تۆ پێدەکەنیت.

کالیاییف: خۆت چاك دەزانی من ناتوانم دەستبەرداری پێکەنین ببم. ئەم جل گۆڕینە. ئەم ژیانە تازەیە بە تەواوی سەرقاڵیان کرد بووم.

دورا: من جل گۆڕینم پێ ناخۆشە (*کراسەکەی نیشان دەدا*) سەیری چیم لەبەر کردووە. کۆنە جلی ئەکتەرێکی ژن. هەق بوو بوریا جلێکی دیکەم بۆ هەڵبژێرێ. ئەکتەر. من زۆر لەمە سادەترم.

کالیاییف: *(پێدەکەنێ)* تۆ بەم کراسەوە زۆر جوانی.

دورا: جوان؟ ئەگەر وا بێ پێم خۆشە. بەڵام نابێ بیر لەم شتانە بکرێتەوە.

کالیاییف: بۆ؟ دورا چاوەکانت خەمینن. دەبێ شادبن. مەغروور مەبن. جوانی هەیە. شادییە! *(لەوساوە سەودای ئەشقی تۆم کەوتۆتە گیان)*

دورا: *(بە زەردەخەنەوە)* دڵم دەڕەقسێ چەشنی شەپۆلی هاوینی جاویدان.

کالیاییف: ئا دورا! ئەم شیعرانەت لە بیرن؟ *(پێدەکەنێ)*، چەند شادم...

ستیپان: *(قسەکەی دەبڕێ)* کات بەفیڕۆ دەدەین... بچینە خوارێ‌و دەرگاوانەکە ئاگادار بکەینەوە چاکتر نییە؟.

*(کالیاییف، بە سەرسامییەوە سەیری دەکات)*

ئاننکوف: بەڵێ. *(دورا دەچێتە خوارێ.)* نەخشەکەت لە یاد نەچێ. پاشان ڤینوف لە کۆکردنەوەی شتەکانی ناو ئەم ژوورەدا یاریدەت دەدات.

ستیپان: دەمەوێ من نارنجۆکەکە باوێژم.

ئاننکوف: نا ستیپان. کەسی خۆی بۆ دانراوە.

ستیپان: تکا دەکەم. دەزانی ئەم کارە بۆ من چ گرینگە ؟.

ئاننکوف: دەستوور. دەستوورە. *(بێدەنگی)* منیش هەمان وەزعی تۆم هەیە. من لێرە دەوەستم‌و چاوەڕوان دەکەم. ڕاستە زۆر زەحمەتە لێ دەبێ زەبت‌و ڕەبت ڕەچاو بکرێ.

ستیپان: کێ نارنجۆکەکە دەهاوێ؟.

کالیاییف: من. ڤینوف-ش دووەمیان دەهاوێ؟.

ستیپان: تۆ...؟

کالیاییف: پێت سەیرە؟ یانی باوەڕت بە من نییە؟.

ستیپان: تەجرەبەی دەوێ.

کالیاییف: تۆ خۆت چاك دەزانی کە تەنیا یەکجار دەهاوێژرێ‌و پاشان... کەس تا ئێستا دوو جاران نارنجۆکی نەهاویشتووە.

ستيپان: دەستێکی بەهێزی دەوێ.

کالیاییف: ***"دەستی نیشان دەدا"*** تەماشای بکە! پێت وایە بلەرزێ." ***ستیپان، روو وەردەگێڕێ"*** .

کالیاییف: هەرگیز نالەرزێ! چۆن! ئەو داگیرکەرەم لە بەردەمدا بێ‌و دوو دڵی بکەم؟. چما چییە؟ خۆ ئەگەر دەستیشم بلەرزێ ئەوا وەسیلەیەکی دیکەی دڵنیایی بەخشم هەیە بۆ کوشتنی گراند دۆك.

ئاننکوف: کامەیە؟

کالیاییف: ئەوەیە کە خۆم بخەمە بەر پێی ئەسپەکان ***"ستیپان شان هەڵدەتەکێنێ‌و دەچێ لە دواوە دادەنیشێت"*** .

ئاننکوف: نا. ئەم کارەی ناوێ. دەبێ هەوڵبدەی ڕابکەی. ڕێکخراو پێویستی بە تۆ هەیە. تۆ دەبێ خۆت بپارێزی.

کالیاییف: بە گوێت دەکەم بوریا! چ شانازییەکە. دەبێ چەند بەختەوەر بم.ئۆه بێ گومان جێگەی ڕەزامەندی دەبم.

ئاننکوف: ستیپان، لەو کاتەدا کە یانك‌و ئالکسی بۆسە بۆ گالیسکەکە دەنێنەوە تۆ لە کۆڵانەکەدا دەبیت. تۆ دەبێ بەردەوام لە بەرانبەر پەنجەرەکەی ئێمەوە ڕەت بی‌و ئێمە لە کاتی خۆیدا ئیشارەتت دەدەینێ، من‌و دورا. لێرەدا چاوەنۆڕ دەکەین. ئەگەر یەك تۆز بەختمان هەبێ ئەوا گراند دۆك دەکوژرێ.

کالیاییف: ***"تەواو هەڵچووە"*** بەڵێ دەیکوژین، چەند خۆشە ئەگەر سەر بکەوین. گراند دۆك هیچ نییە. دەبێ زۆر لەو مەزنتر بکوژرێ.

ئاننکوف: هەوەڵجار گراند دۆك.

کالیاییف: بوریا، وای دابنێ کە موەفەق نەبین. هەنگینێ دەبێ لاسایی ژاپۆنییەکان بکەینەوە؟

ئاننکوف: نەء ، بیر لە خۆ کوژی مەکەوە.

کالیاییف: ئەدی بیر لە چ بکەمەوە.

ئاننکوف: بیر لە تیرۆری تازە بکەوە.

ستیپان: ***"لەو سەری شانۆوە قسە دەکات"*** . بۆ خۆ کوژی دەبێ زۆرت خۆ خۆشبوێ. شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ناتوانێ خۆی خۆش بوێ.

کالیاییف: ***"بەپەلە دەگەڕێتەوە"*** شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە. بۆ تانەم لێدەدەی. چم لێکردووی؟.

ستیپان: من ئەوانەم خۆش ناوێن کە تەنێ لەبەر تەمەڵی‌و تەوەزەلی دێنە ناو شۆڕشەوەو لە ژین بێزار بوون.

کالیاییف: بۆ تانەم لێدەدەی؟. کێ دەڵێ من لە ژین. بێزار بووم؟

ستیپان: نازانم. تۆ نیشانەکان دەگۆڕی. حەزدەکەی لاسایی گەڕۆکان بکەیەوە. شیعر دەخوێنی. دەتەوێ خۆت بخەیە بەر پێی ئەسپەکان‌و ئێستاش نۆرەی خۆ کوژییە! ***"سەیری دەکا"*** من متمانەم بە تۆ نییە.

كالياييف: ***"خۆی لە گورە نابات"*** تۆ من ناناسی برادەر. من ژینم خۆش دەویٚ. وەڕز نابم، من بۆیە هاتوومە ناو شۆڕش چونکە ژیانم خۆشدەویٚ.

ستیپان: من ژینم خۆشناویٚ، لیٚ عەدالەتم خۆشدەویٚ کە لە ژین بالاٌترە.

كالياييف: ***"بەترسی ئاشکراوە"*** هەرکەسەو بەپێی توانای خۆی عەدالەت بەکار دیٚنیٚ. دەبیٚ بەوە قاییل بی کە ئێمە وێڕای جیاوازیمان، بتوانین یەکدیمان خۆش بویٚ.

ستیپان: ناتوانن.

كالياييف: ***"رادەپەڕیٚو دەهری دەبیٚ"*** کەواتە تۆ چ دەکەی لە نێو ئێمەدا؟

ستیپان: من هاتووم تا مرۆڤێك بکوژم. بۆ ئەوە نەهاتووم کە خۆشم بویٚو کڕنووشی بۆ بەرم.

كالياييف: ***"بەتوندی"*** تۆ بە تەنیا و لە خۆتەوە نایکوژیت. تۆ دەگەلٚ مەو بە ناوی میللەتی رووسەوە دەیکوژی . هەر ئەمەشە پاکانەت بۆ دەکات.

ستیپان: ***"بە هەمان سیماوە"*** پێویستم بە پاکانە نییە. سیٚ سالٚ لەمەوبەر من لە زینداندا لە شەوێکدا بۆ هەمیشە ڕێگەم دراوەو پاکانەم وەرگرتووە. چیتر حەوسەڵەی ئەوەم نییە کە....

ئاننکوف: بەسە.... ئەوە شێت بوون؟ بیرتان بێتەوە کە ئێمە کێین ؟ کۆمەڵە برایەك پێکەوە خڕ بووینەتەوە تا داگیرکەران ئیعدام بکەین. ولاٌت رزگار بکەین. ئێمە پێکەوە دەیکوژین‌و کەس ناتوانیٚ لێکمان بکات. ***"بێدەنگی. دەڕوانێتە ئەوان"*** وەرە ستیپان با وەختی نیشانەکان دابنێین. ***"ستیپان وەدەردەکەوێت"*** .

ئاننکوف: ***"بە كالياييف"*** قەیدی نییە ستیپان پەستە. قسەی دەگەلٚ دەکەین.

كالياييف: ***"رەنگی پەڕیوە"*** بوريا، ئاخر تانەی لێدام. ***"دورا وەژوور دەکەویٚ."***

دورا: ***"بەرەو كالياييف دەچیٚ"*** چی بووە ؟

ئاننکوف: چ نەبووە....

دورا: ***"بە كالياييف"*** چی بووە؟

كالياييف: دەم بۆڵەیەکمان بوو. ئەو منی خۆشناوێت.

دورا: ***"بە بێدەنگی دادەنیشێت. هەڵوەستەیەك"*** باوەڕناکەم کەسی خۆشبویٚ. کە کارەکەی تەواو بیٚ، ئەویش خۆشحالٚ دەبیٚ. خەم مەخۆ....

كالياييف: خەم ناخۆم. من پێویستم بەوە نییە هەمووتان خۆشتان بوێم. من هەموو شتێکم کردۆتە قوربانی ڕێکخراو. ئیدی چۆن دەتوانم ئەوە قەبووڵ بکەم کە براکانم ڕووم لیٚ وەرگێڕن. هەندێجار وای بۆ دەچم کە تێم ناگەن. ئەمە خەتای منە؟ بابایەکی ناشیم. دەزانم...

دورا: هەموویان خۆشیان دەویٚی‌و تێت دەگەن، ستیپان شتێکی دییە.

كالياييف: نا. دەزانم چ بیرێك دەکاتەوە. جاران شویتەرز دەیوت: "یانك زۆر لەوە سەیرترە کە بتوانیٚ ببیٚ بە شۆڕشگێر" دەمەویٚ بۆتانی بسەلمێنم کە من سەیرو سەمەرە نیم. من تۆزیٚ شێتۆکەو زۆر بیٚ ئاوەز دەبینن. بەلاٌم منیش وەك ئەوان ئەم ئاوات‌و ئامانجانەم پیٚ قەبووڵەو منیش دەمەویٚ وەك ئەوان خۆم بەخت بکەم. منیش دەتوانم هۆشیارو بێدەنگ بم. کارامەو مەنگ بم. تاقە جیاوازی من ئەمەیە کە ژیان بەلای منەوە پڕشنگدارو سەیر دەنوێنیٚ. من جوانی‌و

بەختەوەریم خۆش دەوێن. هەر لەبەر ئەمەشە لە زوڵمو زۆر بێزارم. نازانم چۆن بیڵێم. شۆڕش. هەڵبەتە. لێ شۆڕش لە پێناوی ژیاندا. بۆ ئەوەی نرخێك بە ژیان بدات. تێدەگەی؟.

دورا: ***"ڕادەپەڕێ"*** بەڵێ. ***"بە ئەسپایی. پاش تۆزێك بێدەنگی"*** لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە خەریكین مەرگ دەكەینە دیاری.

كالیاییف: كێ. ئێمە؟ ئاه. دەتەوێ بڵێی، ئەمانە یەك شت نین.

ئاه. نەء ! یەك شت نین. خۆ ئێمە بۆ ئەوە دەكوژین كە دنیایەك دروست بكەین چیدیو هەرگیز كەسی تێدا نەكوژرێ. ئێمە بۆ ئەوە پیاو كوژیمان قەبووڵ كردووە تا سەر زەمین پڕ ببێ لە بێ گەردیو پاكی.

دورا: ئەدی ئەگەر وا نەبوو؟.

كالیاییف: بێدەنگ بە. خۆت دەزانی ئەمە مەحاڵە. هەنگینێ قسەكەی ستیپان دەردەچێو دەبێ تف لە چارەی جوانی بكرێ.

دورا: من لەم ڕێكخراوەدا لە تۆ كۆنترمو دەزانم هیچ شتێك بەم سادەییە نییە. لێ تۆ باوەڕت هەیە... ئێمە زۆرمان حەوجە بە باوەڕە.

كالیاییف: باوەڕ؟ نەخێر. تەنیا یەك كەس باوەڕی هەبوو.

دورا: تۆ هێزی ڕۆحیت هەیەو لە ڕای ئامانجدا هەموو شتێك داغان دەكەی، بۆچی داوات كرد یەكەم نارنجۆك تۆ بیهاویت؟.

كالیاییف: دەكرێ لە پڕو بێ چ پێشەكییەك باسی كاری كابرایەكی تیروریست بكرێ ؟.

دورا: نەء .

كالیاییف: دەبێ لە ڕیزی یەكەمدا بێ.

دورا: ***"پێدەچێ لە فكران ڕاچوبێ"*** بەڵێ ڕیزی یەكەم هەیەو دوا ساتیش هەیەو دەبێ بیری لێ بكرێتەوە، لەوێدا شەهامەتو جوامێرییەك هەیە، هەڵچوونێك هەیە كە ئێمە پێویستمان پێیەتی. كە تۆ پێویستت پێیەتی.

كالیاییف: پاش یەك ساڵ. من بیر لە هیچ شتێكی دی ناكەمەوە. لە پێناوی ئەم ساتەدایە كە تا ئێستا ژیاوم. ئێستا دەزانم كە دەمەوێ هەر لە جێداو لە پاڵ گراند دۆكدا منیش نەمێنم. دەمەوێ دوا دڵۆپی خوێنم بڕێژمو لە چاوترووكانێكداو لە ناو مەشخەڵی تەقینەوەدا بسووتێمو چ شتێك لە پاش خۆم بەجێ نەهێڵم. ئێستا حاڵی بووی بۆ داوام كرد من یەكەم نارنجۆك باوێم؟. مردن لە ڕای باوەڕدا تاقە ڕێگەیە كە مرۆڤ دەتوانێ گەورەیی باوەڕەكەی خۆی پێ بسەلمێنێ. بەمە دەڵێن یاساو پاكانە.

دورا: منیش ئەم جۆرە مردنە پەسند دەكەم.

كالیاییف: بەڵێ. ئەمە شادییەكە خۆزیای پێ دەخوازرێ. جار جارە كە دەگەڕێمەوە سەركاری دەستفرۆشییەكەم، بیرێك ئازارم دەدا، كردویانین بە پیاو كوژ. بەڵام لە هەمان كاتدا بیردەكەمەوە كە من بەرەو پیری مردن دەچمو ئەوساكە دڵم دادەكەوێو سوكنایی تێدەگەڕێ. بە خۆت دەبینی كە پێدەكەنمو مینا زاڕۆكان خۆ سەر گەرم دەكەم.

دورا: یانك، ئەمانە بە ئەندازەی یەك باشن، كوشتن‌و مردن، لێ بەمەزەندەی من هێشتا بەختەوەرییەكی گەورەتر هەیە. *(هەڵوەستەیەك، كالیاییف، سەیری دەكات، ئەو چاو دادەخات)* پای قەنارە.

كالیاییف: *(هەڵچووە)* بیرم لێكردەوە، مردن لە كاتی ڕەشكوژیدا هەندێ شت بە ناتەواوی دەهێڵێتەوە. بە پێچەوانەوە ئەبەدییەتێك لە نێوان ڕەشكوژیو قەنارەدا هەیەو ڕەنگە تاقە ئەبەدییەتێك بێ كە مرۆڤ بتوانێ بیناسێت.

دورا: *"باسكی ئەو دەگرێ، بە دەنگێكی ڕژدەوە"* ئەمە بیرێكە كە دەبێ یارمەتیت بدات. ئێمە باجێك دەدەین كە لە كێشی خۆمان زیاترە.

كالیاییف: مەبەستت چییە ؟

دورا: ئێمە ناچارین بكوژین. وا نییە؟ ئێمە بە ناچاری ژیانێك‌و مرۆڤێك دەكەینە قوربانی؟.

كالیاییف: بەڵێ، بەڵام چوون بەرەو ڕەشكوژیو پاشان قەنارە، دوو جار گیان بەخشینە، ئەو باجەی ئێمە لەوە پترە كە پێویستە... بەڵێ ئەمە دوو جار مردنە. مەمنوونم دورا. هیچ كەسێك ناتوانێ سەرزەنشتمان بكات. دڵنیام لە خۆم *"بێدەنگی"* لە كوێندەری دورا ؟. بزانم هیچ ناڵێی؟.

دورا: هەنووكە دەمەوێ یارمەتیت بدەم. بەڵام...

كالیاییف: بەڵام چی ؟.

دورا: نەء ، من شێتم.

كالیاییف: باوەڕت بە من نییە؟.

دورا: ئۆه. نا عەزیزم باوەڕم بەخۆم نییە. پاش مردنی شویتەرز جار جار، خەیاڵی عەجیب‌و غەریب لە كەللەم دەدات، ئەمە جگە لەوەی كە لە سەر من نییە زەحمەت‌و ئەزیەتی داهاتوو بەتۆ بڵێم.

كالیاییف: من شتە زەحمەتەكانم خۆش گەرەكن. ئەگەر منت لا پەسندە قسان بكە.

دورا: *"دەڕوانێتە ئەو"* نازانم تۆ كابرایەكی ڕەشیدیت‌و هەر ئەمەشە نیگەرانم دەكات. تۆ پێدەكەنی، خۆت هان دەدەی‌و بەتاسەی تەواوەوە بەرەو قوربانگە دەڕۆی... بەڵام دەبێ بۆ چەند سەعاتێك لەم خەونە بێیتە دەرێ‌و ڕوو بە ڕووی واقیع ببیەوە. ڕەنگە وا چاكتر بێ پێشتر باسی بكەین. تا جڵەوی لاوازی...

كالیاییف: من قەت هەست بە لاوازی ناكەم، هەرچی بەمێشكتدا دێت بیڵێ...

دورا: چاكە... ڕەشكوژی. قەنارە. دوو جاران مردن، هەموویان ئاسانن. دڵی تۆ جێی ئەمانەی تێدا دەبێتەوە، بەڵام ڕیزی پێشەوە. *(بێدەنگ دەبێ، دەڕوانێتە كالیاییف‌و دوو دڵ دێتە بەرچاو)* لە ڕیزی یەكەمدا. لەوێدا بەچاوی خۆت دەیبینی...

كالیاییف: كێ دەبینم؟.

دورا: گراند دۆك.

كالیاییف: هەموو زەحمەتەكەی یەك لەحزەیە.

دورا: بۆ لەحزەیەك تەمەشای دەكەی. ئۆه یانك دەبێ بزانیو دەبێ دووربین بی. مرۆڤێك هەرچییەك بێ هەر مرۆڤە. دوور نییە چاوانی گراند دۆك میهرەبان بن. دەبینی گوێی دەخورێنێ یان بە شادییەوە پێدەكەنێ، كێ دەزانێ لەوەیە گوێزانی ڕدێن تاشین دەموچاوی بڕی بێ. ئەوساكە لە لەحزەیەكی ئاوهادا سەیری تۆ دەكات.

كالیاییف: من ئەو ناكوژم. من زوڵمو زۆر دەكوژم.

دورا: هەڵبەتە دەبێ زوڵمو زۆر بكوژرێ. دەزانی من كە نارنجۆك دروست دەكەمو كاتێ كە زامنەكەی دەردەهێنرێ ئەعسابی مرۆڤ گرژ دەبێ ،كەچی لەو ساتە دژوارەشدا، لە دڵدا هەست بە بەختەوەرییەكی سەیر دەكەم. بەڵام هێندە هەیە من گراند دۆك ناناسم. ئەگەر لەم لەحزەیەدا ئەو لێرە وەستابایە كارەكە زەحمەت دەبوو. تۆ دەڕۆی كە ئەو لە نزیكەوە ببینی. زۆر لە نزیكەوە...

كالیاییف: من ئەو نابینم...

دورا: بۆ؟ چاوت دەبەستی؟.

كالیاییف: نەء . بەڵام بە پشتیوانی خوا لەو لەحزە هەرە گرینگەدا ڕقو كینە چاوانم كوێر دەكات. ***( لە زەنگ دەدەن. یەك كەڕەت لێدەدرێ. ئەوان بێدەنگ دەبن، ستیپانو ڤینوف وەژوور دەكەون ، لە دالآنەكەوە دەنگ دێ. ئاننكوف وەژوور دەكەوێ)***

ئاننكوف: ئەمەش دەرگاوانەكە. گراند دۆك، سبەی دەچێتە سەیری شانۆ ***(تەماشای ئەوان دەكات)*** دورا، پێویستە هەموو شتێك ئامادە بێ.

دورا: ***(بە دەنگی نزم)*** بەڵێ. ***(بە خاوییەوە وەدەردەكەوێ).***

كالیاییف: ***(لە دواوە سەیری دورا دەكا. بەرەو ستیپان دەگەڕێتەوە. بە دەنگێكی سازگار)*** بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە دەیكوژم.

(پەردە دادەرێتەوە)

## پەردەی دووەم

***(عەسری سبەینێیە. شوێن هەمان شوێنە)***

***(ئاننكوف لە پشت پەنجەرەكەوەیە. دورا نزیكی مێزەكەیە)***

ئاننكوف: هەر لە شوێنی خۆیانن. ستیپان جگەرەكەی پێكردووە.

دورا: كەی گراند دۆك ڕەت دەبێ؟

ئاننكوف: وەختێتی. گوێ بگرە. دەنگی گالیسكە نییە؟ نەء .

دورا: دانیشە. سەبرت بێ.

ئاننكوف: نارنجۆكەكان چییان لێدێ؟.

دورا: دانیشە. تازە هیچ شتێك لە دەستی ئێمەدا نەماوە.

ئاننكوف: وایە. لێ من بەغیلی دەبەم كە...

دورا: ئێرە شوێنی تۆیە. تۆ ڕابەری.

ئاننكوف: ڕاستە من ڕابەرم. بەڵام یانك لە منیش زیاترە. ڕەنگیشە هەر ئەوە بێ كە...

**دورا: مەترسییەکە بۆ هەموومانە. بۆ ئەوەی کە نارنجۆکەکە دەهاوێ‌و بۆ ئەوەش کە نایهاوێ.**

**ئاننکوف: ئا، وەك ئەنجام، بەڵام بۆ ئیستا یانك‌و ئالکسی لە ڕیزی پێشەوەن. دەزانم کە نابێ لەگەڵ ئەواندا بم. کەچی جار جارێك لەم دەورەی خۆم ڕازی نیم. وێڕای هەموو شتێك زۆر ئاسانە کە مرۆڤ بزانێ خۆی نارنجۆکەکە ناهاوێ‌و هەست بە توانا و دەسەڵاتیش بکات.**

**دورا: باشە کەی کارەکە تەواو دەبێ؟. کارەکە ئەمەیە کە تۆ تا کۆتایی کارەکە وەك پێویستە کار بکەی.**

**ئاننکوف: تۆ چەند هێدی‌و لەسەر خۆی!.**

**دورا: من؟ هێدی نیم‌و دەترسم. ئەوە سێ ساڵە لەگەڵ ئەنگۆم‌و دوو ساڵە نارنجۆك دروست دەکەم. هەر چییەکتان بەمن وتووە بێ چەندو چون ئەنجامم داوە‌و پێم وانییە بە ئاستەمیش کەمتەرخەمیم کرد بێ.**

**ئاننکوف: دروستە دورا.**

**دورا: باشە ئێستاش سێ ساڵە کە دەترسم، ئەو بابەتە ترسەی کە بەزەحمەت لە کاتی خەودا دەستبەرداری مرۆڤ دەبێ‌و بەیانیش بە تەواوی لە بەردەمماندا ئامادەیە. ئەوسا پێویست بوو لەگەڵیدا ڕابێم. فێر بووم کە لە تەنگانە ترین‌و سامناکترین کاتدا هێدی‌و ئارام بم. ئەمە شتێك نییە مرۆڤ پێی مەغروور بێ.**

**ئاننکوف: بە پێچەوانەوە مەغروور بە. من دەسەڵاتم بەسەر هیچ شتێکدا نەبوو. دەزانی من بۆ ڕۆژانی ڕابردوو بەداخم. بۆ ژیانی پڕشنگدار. ژنان... بەڵێ من ژنانم خۆشدەویست. شەرابم خۆشدەویست.**

**دورا: منیش پێموایە. هەر بۆیەش خۆشم دەوێی... دڵی تۆ نەمردووە ئەگەر هێشتاش عەوداڵی لەزەت بی، لەم بێدەنگییە ترسناکەی کە هەندێ جار جێی دەگرێتەوە، باشترە.**

**ئاننکوف: ئەم قسانە چییە. تۆ سەبارەت بە هەموو گەل وا بیردەکەیەوە؟.**

**دورا: گوێ بگرە *(دورا، بەپەلە لە جێی خۆی دەبزوێ. دەنگی گالیسکە دێ. پاشان بێدەنگی)* ئا ئەوە نییە دڵم دەلەرزێ. خۆ دەبینی کە هێشتا هیچ شتێ فێر نەبووم.**

**ئاننکوف: *(دەچێتە بەر پەنجەرەکە)* بڕوانە ستیپان ئیشارەت دەدا، خۆیەتی *(دەنگی گالیسکە لە دوورەوە دێ‌و سات بە سات نزیك دەبێتەوە، بەبەر پەنجەرەکەدا ڕەت دەبێ‌و دوور دەکەوێتەوە. بێدەنگییەکی دوورو درێژ )* هەمووی چەند لەحزەیەکی دییەو... *(گوێ دەگرن)* چەند دوورو درێژە. *(دورا ئیشارەتێك دەکات. بێدەنگییەکی درێژ خایەن. لە دوورەوە دەنگی ناقووس دێ).* مەحاڵە. یانك نارنجۆکەکە دەهاوێ... دەبێ گالیسکەکە گەیشتبێتە بەر شانۆ. ئالکسی چ دەکات؟ تەمەشا بکە! ستیپان خەریکە دەگەڕێتەوە‌و بەرەو شانۆکە غار دەدا.**

**دورا: *(خۆی دەخات بەلای ئەودا)* یانك گیراوە. بێگومان گیراوە. دەبێ فریا بکەوین.**

**ئاننکوف: سەیرکە *(گوێ هەڵدەخات)* نا. تەواو بوو.**

**دورا: چ ڕوویداوە؟. یانك بێ ئەوەی دەست بکاتەوە گیراوە. دەزانم کە بۆ هەموو شتێك ئامادە بوو، لە بەندیخانە‌و دادگە باکی نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی گراند دۆك بکوژێ نەك بەم شێوەیە.**

ئاننكوف: ***(دەڕوانێتە دەرێ)*** ئەوە ڤینوفە. هێدی بە! ***(دورا دەچێ دەرگا بکاتەوە. ڤینوف بە سیمای شپرزەوە وەژوور دەکەوێ)*** ئەلکس خێراکە. قسان بکە!...

ڤینوف: هیچ شتێ نازانم. چاوەنۆڕی یەکەم نارنجۆك بووم. سەیرم کرد گالیسکەکە پێچی کردەوەو هیچ شتێك ڕووی نەداوە. کاس بووم. وامزانی لە دوا لەحزەدا نەخشەکەت گۆڕیوە. گومانم کەوتە دڵەوەو پاشان تا ئێرە غارم دا.

ئاننکوف: ئەدی یانك؟.

ڤینوف: نەمبینی؟.

دورا: گیراوە.

ئاننکوف: ***(کە هەر دەڕوانێتە دەرێ)*** نەء ، خەریکە بۆ ئێرە دێ.

***(هەمان، دەموچاو. کالیاییف بە سیمای گریاناوییەوە وەژوور دەکەوێ).***

کالیاییف: ***(بەشپرزەییەوە)*** برایان بمبوورن. نەمتوانی ***"دورا بەرەو لای ئەو دەچێو دەستی دەگرێ".***

دورا: هیچ نییە.

ئاننکوف: چ ڕوویداوە؟.

دورا: گوێ مەدەرێ. هەر لە تۆ ڕووی نەداوە. شویتەرز-ش هەوەڵجار نەیتوانی.

ئاننکوف: یانك ترسایت؟.

کالیاییف: ***(لە جێی خۆی دەجووڵێ)*** ترس. نا. تۆ هەقی ئەم قسەیەت نییە. ***(بە پێی نیشانەی بڕیاردراو لە دەرگا دەدرێ، ئاننکوف ئیشارەتێکی ڤینۆف دەکا کە دەرگا بکاتەوە. کالیاییف شپرزەو نیگەرانە. ستیپان وەژوور دەکەوێ.)***

ئاننکوف: ها؟

ستیپان: گالیسکەکەی گراند دۆك چەند منداڵێکی تێدا بوو.

ڤینوف: منداڵ؟

ستیپان: بەڵێ کچو کوڕی براکەی گراند دۆك.

ڤینوف: بەپێی هەواڵەکەی ئورلۆف، دەبووایە گراند دۆك بە تەنیا بێ.

ستیپان: خاگراندۆکیشی لەگەڵ بوو. زۆر لە شاعیرەکەمان دەترسام. بەڵام باش بوو خەفیەو سیخوڕەکان هیچیان نەبینی. ***(ئاننکوف بە ئەسپایی لەگەڵ ستیپاندا دەدوێ. کالیاییف دەڕوانێتە ستیپانو ئەوان دەڕواننە ئەم).***

کالیاییف: ***(سەرگەردانە)*** قەت باوەڕم نەدەکرد، بەتایبەتی بۆ منداڵەکان. سەیری منداڵت کردووە، هەندێجار نیگایان ئەوەندە تیژو عینادە کە... قەت دەقیقەیەك پێشتر لەو شوێنە تەنگەبەرو گچکەیەدا، لە نێو ئەو تاریکییەوە بەختەوەر بووم، کە لە دوورەوە تیشکی گلۆپەکانی گالیسکەکەم بینی هەستم کرد دڵم لە خۆشیدا کەوتە لێدان. کە دەنگی گالیسکەکە توندتر دەبوو. چ ئاشووبێك لە ناخمدا بەرپا بوو! پڕ بە دڵ حەزم دەکرد ڕاپەڕم.

وا بزانم دەستم بە پێکەنین کردو وتم: "بەڵێ... بەڵێ"... تێدەگەی؟ ***"نیگای لەسەر ستێپان دەگوازێتەوە. غەم دایدەگرێتەوە."*** بەرەو ڕووی غارم دا. لەو کاتەدا چاوم بە منداڵەکان کەوت. پێنەدەکەنین. ڕێك دانیشتبوون‌و دەیان ڕووانییە شوێنێکی نادیار. چەند خەمگین بوون! لە نێو جلی ئاڵاو واڵادا ون بووبوون. دەستیان نابووە سەر ئەژنۆ... نیوەی لەشیان لە پەنجەرەی گالیسکەکەوە دیاربوو. من خاگراندۆکم نەبینی. جگە لەوان چ شتێکی دیکەم نەبینی. ئەگەر تەماشایان کردبام ڕەنگ بوو هەر بۆ دامرکاندنەوەی ئەو نیگایانە نارنجۆکەکەم هەڵدایە ***(دەڕوانێتە ئەوانی دی. بێدەنگی. زۆر بە ئەسپایی)*** نەمزانی چ بوو. دەستم سست بوو. لاقم دەلەرزین تا هاتمەوە سەرخۆ ئیدی زۆر درەنگ بوو بوو. ***(بێدەنگی. دەڕوانێتە زەوی)*** دورا، من خەونم دیتووە؟. وام دەهاتە خەیاڵ کە لەو لەحزەیەدا ناقووسەکان لێدەدەن.

دورا: نا، یانك. خەونت نەدیتووە ***(دەستی دەخاتە سەر باسکی. کالیاییف سەر هەڵدەبڕێ‌و ئەوانی دی دەبینێ کە لە دەوری خڕ بوونەتەوە. هەڵدەستێ.)***

کالیاییف: براینە، سەیری من بکەن. بوریا سەیری من بکە. من مرۆڤێکی کەم نیم. من چاوەڕوانی ئەوان نەبووم. ئیدی هەموو شتێك بەخێرایی هات‌و تێپەڕی. ئەو دوو سیما جدییە. ئەو قورساییە ترسناکەی نێو دەستی من. دەبووایە نارنجۆکەکەم بەرەو ئەوان هەڵدایە. ڕێك بەمجۆرە. ئۆهـ... نا، نەمتوانی ***(تەمەشای یەك بە یەکیان دەکات)*** جاران کاتێ کە لە ئۆکرانیا شوفێر بووم وەك با دەڕۆشتم‌و لە هیچ شتێك نەدەترسام. لە هیچ شتێکی دنیا نەدەترسام جگە لە منداڵ بەژێرەوەکردن. سەریم دەهێنایە بەرچاوی خۆم کە چۆن بە خێرایی دەدا بە جادەکەدا. ***(بێدەنگ دەبێ)*** فریام کەون. یارمەتیم بدەن... ***(بێدەنگی)*** دەمویست خۆم بکوژم. بەڵام بۆیە گەڕامەوە چونکە هەستم دەکرد بەرانبەر بە ئێوە خەتابارم‌و تەنیا ئێوە قازی‌و داوەری منن‌و بۆتان هەیە پێم بڵێن ئایا هەقم بووە یان خەتام کردووە. کەچی ئێوەش چ شتێك ناڵێن. ***(دورا، لێی نزیك دەبێتەوە تا دەگەنە یەکدی. کالیاییف دەڕوانێتە ئەوان. بە دەنگی خەمبار)*** تەنیا ئەم داوایەم لێتان هەیە. ئەگەر بڕیاری ئەوە دەدەن کە دەبێ منداڵەکان بکوژرێن، ئەوا بەتەنێ لە بەردەرگای شانۆکەدا چاوەڕوان دەکەم‌و هەرکە هاتنە دەرێ بەتەنێ نارنجۆکەکە دەگرمە گالیسکەکە، دڵنیام نیشانەکەم دەنگێوم. تەنیا بڕیار بدەن‌و هەقتان نەبێ. من ملکەچی فرمان‌و دەستووری ڕێکخراوم.

ستێپان: ڕێکخراو دەستووری پێدا بووی گراند دۆك بکوژی.

کالیاییف: ڕاستە، لێ دەستووری نەدابوومێ منداڵەکان بکوژم.

ئاننکوف: یانك هەقیەتی. ئەم شتە پێشبینی نەکرا بوو.

ستێپان: دەبووایە کارەکەی ئەنجام دابا.

ئاننکوف: خەتای منە. دەبووایە هەموو شتێك پێشبینی بکرایە تا دووچاری دوودڵی نەبووایە، ئێستاش دەبێ بڕیاری ئەوە بدەین کە ئاخۆ چاوپۆشی لەم دەرفەتە لە بارە بکەین یان یانك ڕاسپێرین لەبەر شانۆکەدا چاوەڕوان بکات؟.

ڤینوف: نازانم، ڕەنگە منیش وەك یانك بکەم. بەڵام لە خۆم دڵنیام نیم *(زۆر بە ئەسپایی)* دەستم دەلەرزێت.

ئاننکوف: ئەدی تۆ دورا!

دورا: *(بە دڵنیاییەوە)* من وەك یانك پاشەکشە دەکەم. چۆن خۆم شتێکم پێ نەکرێ، کەسانی دی بۆ هان بدەم؟.

ستیپان: حەساوی ئەوەت کردووە کە ئەم بڕیارە چ دەگەیەنێ؟. دوو مانگ ئەمسەرو ئەو سەرو ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسی. دوو مانگ بەفیڕۆ دەچێت. (ئیگور، لە پێناوی هیچدا گیرا. ڕیکوف بەخۆڕایی تیا چووو ئێستاش دەبێ سەر لە نوێ دەست پێ بکرێتەوە؟ دیسان چەندین هەفتەی دوورو درێژ، شەونخوونی و کۆبوونەوە، دەرفەتێکی لەبار بڕەخسێ! هەمدیس چاوەڕوانی بێ کۆتایی؟. ئەوە شێتبوون؟.

ئاننکوف: دوو ڕۆژی دی گراند دۆك دێتەوە بۆ شانۆ خۆت ئەمە چاك دەزانی.

ستیپان: دوو ڕۆژ بە هەموو خەتەرێکەوە.

کالیاییف: من دەڕۆم.

دورا: سەبرکە! *(بە ستیپان)* تۆ خۆت دەتوانی بە چاوی کراوەوە بڕۆیت و منداڵێك بکوژیت؟.

ستیپان: ئەگەر ڕێکخراو دەستوور بدات، ئا.

دورا: ئەدی بۆ چاوت دەنوقێنی؟.

ستیپان: من! من چاوم نووقاند؟.

دورا: بەڵێ.

ستیپان: بۆیە چاوم نووقاند تا وەزع و حاڵەکە چاکتر بێتە بەرچاوم و وەڵامی دروست بدەمەوە.

دورا: چاوت بکەوە و چاك بزانە ئەگەر ڕێکخراو بۆ تاقە لەحزەیەك بهاتایە سەر ئەو قەناعەتەی کە منداڵان بکوژێ، هەموو توانایەکی خۆی دەدۆڕاند.

ستیپان: من تاقەتی ئەم قسانەم نییە. ئەگەر ئێمە بۆ تاقە ڕۆژێك بڕیاربدەین کە منداڵان فەرامۆش بکەین ئەوا دەبین بەسەر گەورەو ئاغای دنیا و شۆڕش دەردەکەوێ.

دورا: لەو ڕۆژەدا هەموو مرۆڤایەتی نەفرەت لە شۆڕش دەکەن.

ستیپان: چ قەیدییە. ئەگەر ئێمە بە ئەندازەی پێویست شۆڕشمان خۆش بوێ، پێویستە بیسەپێنین بەسەر هەموو مرۆڤایەتیداو لە خۆی و لە کۆیلەیەتی خۆی ڕزگاری بکەین.

دورا: ئەدی ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی شۆڕش ڕەفزبکەن؟ ئەگەر هەموو ئەو خەڵکەی کە خەباتیان لە پێناودا دەکەی نەیانەوێ منداڵەکانیان بکوژرێن، ئەوساش هەر پێویستە ئەم جەزرەبەیە لە جەماوەر بدرێ؟.

ستیپان: ئەگەر پێویست بکات. ئەوا تا ئەو کاتەی بێدار دەبنەوە ئەو کارەیان لەگەڵدا دەکەین، بەڵام تۆ خۆت هەڵە مەکە. منیش خەڵکم خۆش دەوێن.

دورا: ئەمە سیمای ئەشق و خۆشەویستی نییە.

ستیپان: کێ وا دەڵێ؟.

دورا: من... دورا!

ستیپان: تۆ ژنیت‌و ئەشق‌و خۆشەویستی لە چوار چێوەی سۆزدا دەبینی.

دورا: ***"بە تووڕەیی"*** ئەگەر خەیاڵاتم دەربارەی ئەشق نا دروست بێ ئەوا دەربارەی، شەرمەزاری تەواو دروستە.

ستیپان: من لە هەموو ژیاندا تەنیا یەکجار شەرمەزاریم کێشاوە. ئەویش لە سۆنگەی هەڵەی کەسانی دییەوە. ئەوسا بوو کە شەلاقیان کردم، چونکە شەلاقیان لێدام، دەزانی شەلاق چییە؟. "فرا" کە لە تەنیشت منەوە بوو بە ناوی شانازییەوە خۆی کوشت، بەڵام من مام‌و نەمردم. ئێستا بۆ شەرمەزار بم.

ئاننکوف: ستیپان، لێرەدا هەمووان تۆیان خۆش گەرەکەو ڕێزت دەگرن، بەڵام بیانووی تۆ هەر چییەك بن، من ناتوانم لێت گەڕێم کە هەموو کارێکت پێ پەسندو ڕەوا بێ. سەدان برامان لە پێناوی ئەوەدا مردوون، تا هەموو کەسێك بزانێ کە هەموو کارێك پەسندو ڕەوا نییە.

ستیپان: هەر شتێك قازانجی ئامانجی ئێمەی تێدا بێ پەسندو ڕەوایە.

ئاننکوف: ***(بە تووڕەیی)*** ئایا ئەمە ڕەواو پەسندە وەك "ئۆنۆ" پێشنیازی کرد بچینە ڕیزی دامودەزگای پۆلیسەوەو کاری دوو لایەنە بکەین؟ تۆ ئەم کارە دەکەی؟.

ستیپان: ئەگەر پێویست بکا. ئا.

ئاننکوف: ***(هەڵدەستێ)*** ستیپان، چونکە تۆ لەگەڵ ئێمەدا کارت کردووە، لەم قسانەت دەبوورین. تەنیا ئەمە بێنەوە بیری خۆت، ئێستا کارەکەمان ئەمەیە کە بزانین ئایا نارنجۆکەکە باوینە دوو منداڵەکە یان نەء ؟

ستیپان: منداڵەکان... ئێوە تەنیا ئەم وشەیەتان لەسەر زارە. کەواتە بەڕاستی حەواستان پەرتە، چونکە... یانك ئەو دووەی نەکوشت دیسانەوە هەزاران منداڵی ڕووسی لەم ساڵانەدا لە برسا دەمرن. تا ئێستا منداڵتان دیوە لە برسا بمرن؟. من دیتوومە. مردن بە نارنجۆك لە چاو ئەم جۆرە مردنەدا بەختەوەرییە، بەڵام یانك ئەوانی نەدیتووە! تەنیا دوو تووڵە سەگە نازدارەکەی گراند دۆکی دیتوون. چما ئەنگۆ بەشەر نین؟ یا تەنیا بۆ ئەم لەحزەیە دەژین؟. هەنووکە بەزەیی هەڵبڕێژن‌و تەنیا بە دوای دەرمانی دەردەکانی ئەمڕۆدا بگەڕێن، بەڵام شۆڕشتان نەوێ کە ئامانجی چارەی هەموو دەردەکانی ئێستاو ئایندەیە.

دورا: یانك، دەتوانێ گراند دۆك بکوژێ، چونکە مردنی ئەو ڕۆژگاری ڕزگاری منداڵانی ڕووسی لە برسێتی‌و مردن نزیك دەخاتەوە، ئەمە کارێکی ئاسانە، بەڵام مردنی برازاکانی گراند دۆك نابێتە مایەی لە برسا مردنی چ منداڵێك‌و وێرانکاریش ڕادەو سنووری هەیە.

ستیپان: ***(بە تووڕەیی)*** چ ڕادەو سنوورێك نییە. دۆغرییەکەی ئەوەیە کە ئەنگۆ باوەڕتان بە شۆڕش نییە. باوەڕتان نییە. ئەگەر باوەڕی تەواوتان هەبووایە، ئەگەر دڵنیا بوونایە بە هۆی قوربانی‌و سەرکەوتنەکانمانەوە بەرەو ڕووسیایەکی ئازادی بێ زوڵم‌و زۆر دەچین. بەرەو سەر زەمینێکی ئازادی ئەوتۆ دەچین کە تا گرتنەوەی هەموو دنیا بەردەوام دەبێ ئەوا مەرگی دوو منداڵتان لەبەر گران نەدەبوو. مەرگی دوو منداڵ لە چاو ئەو هەموو دەسکەوتەدا چ بایەخێکی

هەیە؟. ئەگەر هەستتان بە هەموو ئەو مافانە بکردایە بە گوێی منتان دەکرد. ئێستاش بۆیە ئەم جۆرە دەستەوەستانتان دەکات، چونکە باوەڕتان بە مافی خۆتان، بە شۆڕش نییە *(بێدەنگی. کالیاییف هەڵدەستێ)*

کالیاییف: ستیپان، من شەرمم بە خۆم دێ. لێ لەگەڵ ئەمەشدا قایل نابم لەوەی پتر لە سەری بڕۆی. من بۆیە ڕازی بووم بیکوژم تا زوڵمو زۆر لە بیر بچێ، بەڵام من زوڵمو زۆرێکی دی لە پشت ئەم قسانەی تۆوە دەبینم کە ئەگەر سەربکەوێ لە بری ئەوەی عەدالەتخوازێکم لێ دروست بکات، پیاو کوژێکم لێ دروست دەکات.

ستیپان: ئەگەر عەدالەت لە ڕێگەی پیاو کوشتنەوە بێتە دی چ قەیدییە. ببی بە پیاو کوژ؟. منو تۆ هیچ نین.

کالیاییف: تۆ خۆت چاك دەزانی کە ئێمە شتین. باشترین بەڵگەش ئەوەیە تۆ ئەمڕۆ بەناوی خۆپەرستییەوە قسە دەکەی.

ستیپان: خۆپەرستی من پێوەندی بەخۆمەوە هەیە، بەڵام خۆپەرستیو یاخیگەری خەڵکیو ئەو ژیانەی کە لە دنیای بێ عەدالەتیدا بەسەری دەبەن، ئەمانە مەسەلەی گەورەی ئێمەن.

کالیاییف: خەڵکی تەنیا بە عەدالەتناژین.

ستیپان: کە نانەکەیان بدزن، هەنگینێ جگە لە عەدالەت بەچی دەژین؟.

کالیاییف: بە عەدالەتو پاکی.

ستیپان: پاکی؟ ڕەنگە بیناسم، بەڵام وام بە چاك زانی فەرامۆشی بکەمو هەزاران کەس نەزانن کە چییە تا ئەو ڕۆژەی واتایەکی گەورە پەیدا دەکات.

کالیاییف: تۆ دەبێ دڵنیا بیت کە ئەو ڕۆژە دێت. ئەگەر بتەوێ ئەو شتەی ئەمڕۆکە شایستەی ژیانە لەبەر خاتری ئەو ڕۆژە داغانی بکەی، ئەوا دەبێ دڵنیا بی کە ئەو ڕۆژە دێ.

ستیپان: دڵنیام.

کالیاییف: نا، ناتوانی دڵنیا بی، بۆ ئەوەی دەربکەوێ کە منو تۆ کاممان لەسەر هەقین، بەلای کەمەوە دەبێ سێ وەچە لە جەنگو شۆڕشی خوێناویدا ببنە قوربانی، تا ئەو سەردەمەش دێ، منو تۆ دەمێکە بووین بە گەردو تۆز.

ستیپان: ئەوسا خەڵکانی دی دێنو من بە برایان دەزانم.

کالیاییف: *(بە هاوارەوە)* خەڵکانی دی..... بەڵێ، بەڵام من ئەوانەم خۆش دەوێت کە ئەمڕۆکە من ئاسا لەسەر ئەم خاکە دەژینو ئەوان بەبرا دەزانمو هەر لە پێناوی ئەوانیشدا دەجەنگمو بە مردن قایلم. لەبەرخاتری شارێکی دوورە دەستدا کە لە بوونی دڵنیا نیم، پشت ناکەمە براکانم. ئامادە نیم لە ڕای عەدالەتێکی مردوودا، بێ عەدالەتی زیندووی ئێستا بورووژێنم. *(زۆر بە دڵنیاییو توندییەوە)* برایان دەمەوێ بەوپەڕی ئازادییەوە قسەتان لەگەڵ بکەمو بەلای کەمەوە ئەو شتەتان پێ بڵێم کە دێهاتییەکانمان بە ئاسانی دەیڵێن. کوشتنی منداڵ بێ شەڕەفییە ئەگەر شۆڕش شتێك بێ جیا لە شەڕەف ئەوا دەستبەجێ دەچمە بەردەرگای شانۆکە. بەڵام خۆم دەخەمە ژێر پێی ئەسپەکانەوە.

ستیپان: شەڕەف، وشەیەکی بریقەدارەو بۆ گالیسکە سواران ڕێکخراوە.

کالیاییف: نەخێر شەڕەف دوا سامانی هەژارانە. خۆت ئەمە چاك دەزانیو لەلات عەیانە کە جۆرە ***ئابڕوویەك*** لە هەناوی شۆڕشدا هەیە. هەر لە پێناوی ئەوەشدایە کە ئێمە مەرگ هەڵدەبژێرین. هەر ئابڕووە ستیپان، کە کردییە کارێك تۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆت لەبەر زەبری شەلاقدا ڕابگریو ئەمڕۆکەش لە پشت قسەکانتەوە خۆی حەشار داوە.

ستیپان: ***(بە هاوارەوە)*** بێدەنگ بە. قەبووڵ ناکەم باسی ئەم مەوزووعە بکەی.

کالیاییف: ***(بە سەلاری)*** بۆ بێدەنگ بم؟ من ڕێم دایت کە بڵێی تۆ باوەڕت بە شۆڕش نییە. وتت دەبووایە گراند دۆك لە هیچە بکوژم. ڕێم دایت هەموو ئەمانە بڵێیو لێت نەدەم.

ئاننکوف: یانك!

ستیپان: هەندێجار هۆیەکانی کوشتن بەس نییە. کوشتن لە پێناوی شتدایە.

ئاننکوف: ستیپان، چ کەسێك لەگەڵ ئەم باوەڕەی تۆدا نییە. بڕیار دراوەو تەواو.

ستیپان: کەواتە من بێدەنگ دەبم، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە تیرۆرو سۆزو بەزەیی پێکەوە ناسازێن. ئێمە هەمووومان پیاو کوژینو پیاو کوشتنمان هەڵبژاردووە.

کالیاییف: ***(لە دووری ستیپانەوە)*** نەخێر، من مەرگم هەڵبژاردووە تا پیاوکوژ لە جیهاندا زاڵ نەبێ. من بێ گەردیو پاکبوونم هەڵبژاردووە.

ئاننکوف: یانك ، ستیپان بەسە. ڕێکخراو بڕیاری داوە کە کوشتنی ئەم منداڵانە بێ فایدەیە. دەبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە. دەبێ ئامادەبین کە لە ماوەی دوو ڕۆژا دووبارە تێهەڵچینەوە.

ستیپان: ئەدی ئەگەر خاگراند دۆك، لەگەڵ گراند دۆکدا بێ؟.

کالیاییف: من دەست لەو ناپارێزم.

ئاننکوف: گوێ بگرن! ***(دەنگی گالیسکە دێ. بەرەو پەنجەرەکە دەچێ، ئەوانی دی چاوەڕوانن. گالیسکەکە نزیك دەبێتەوە. بەبەر پەنجەرەکەدا ڕەت دەبێو لە چاو ون دەبێ.)***

ڤینوف: ***(دەڕوانێتە دورا کە بەرەو ئەم دێ)*** دەست پێ بکەین دورا.

ستیپان: ***(بەتانەو تەشەرەوە)*** بەڵێ ئەلکسی. با دەست پێبکەین... بەڵام دەبێ هەوەڵجار کارێك بۆ ئابڕووی گرانبەهامان بکەین.

(پەردە دادەرێتەوە)

## پەردەی سێیەم

***"هەمان شوێن. هەمان سەعات. دوو ڕۆژ پاشتر."***

ستیپان: ڤینوف تا ئێستا چی دەکات؟. دەبوایە لێرە بێ.

ئاننکوف: پێویستی بەخەوە. ئێمەش نیو سەعاتێك وەختمان بە دەستەوەیە.

ستیپان: بچم تاقیبی بکەم؟

ئاننکوف: نەخێر. پێویست ناکات خۆ لە قەرەی خەتەری نا پێویست بدەین. *(بێدەنگی)* یانك بۆ هیچ ناڵێی.؟

کالیاییف: هیچم نییە تا بیڵێم. نیگەران مەبە. *(زەنگ لێدەدەن)* ئەوەتان *(ڤینوف، وەژوور دەکەوێ)*

ئاننکوف: خەوتیت؟.

ڤینوف: بەڵێ، کەمێك خەوتم.

ئاننکوف: هەموو شەوەکە خەوتیت؟.

ڤینوف: نەء .

ئاننکوف: دەبووایە بخەوی تا هیلاکیت دەرچێ.

ڤینوف: هەوڵم دا، لە ڕادەبەدەر شەکەت بووم.

ئاننکوف: دەستت دەلەرزین.

ڤینوف: نەء *(هەموو سەیری دەکەن)* بۆ سەیرم دەکەن؟. نابێ مرۆڤ ماندوو بێ؟.

ئاننکوف: بۆ نەء . ئێمە بیر لە تۆ دەکەینەوە.

ڤینوف: *(بە تووڕەییەکی کتوپڕەوە)* دەبووایە پێرێ ئەم بیرەتان بکردایەتەوە. ئەگەر نارنجۆکەکە بهاوێژرایە، لەم دوو ڕۆژەدا ئەوەندە ماندوو نەدەبووین.

کالیاییف: بمبوورە ئەلکسی. من کارەکەم قورستر کرد.

ڤینوف: *(زۆر بە ئەسپایی)* مەبەستت چییە ؟. بۆ قورستر؟. مەسەلەکە ئەمەیە کە من ماندووم.

دورا: ئێستا کارەکان بەخێرایی دەڕۆن. هەمووی سەعاتێکی دییەو ئەمیش تەواو دەبێ.

ڤینوف: بەڵێ ئەمیش تەواو دەبێ. سەعاتێکی دی... *(دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی. دورا بەرەو لای ئەو دێو دەستی دەگرێ. ئەو دەستی بەرەڵلا دەکات. پاشان لە پڕ ڕایدەپسکێنێ).*

ڤینوف: بوریا، دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

ئاننکوف: تایبەتییە؟

ڤینوف: تایبەتییە. *(هەموو دەڕواننە یەکدی. کالیاییف و دوراو ستیپان دەچنە دەرێ.)*

ئاننکوف: چی بووە؟. *(ڤینوف ماتە)* تکا دەکەم پێم بڵێ.

ڤینوف: ئاخر شەرم دەکەم بوریا. *"بێدەنگی"* شەرم دەکەم. دەبێ حەقیقەت بە تۆ بڵێم.

ئاننکوف: ناتەوێ نارنجۆکەکە بهاوی؟.

ڤینوف: ناتوانم بهاوێژم.

ئاننکوف: دەترسیت ؟ لەمە زیاتر هەیە ؟ ئەمە چ شەرمێکی تێدا نییە.

ڤینوف: من دەترسم و شەرمەزاری ئەم ترسەم.

ئاننکوف: خۆ پێرێ کۆك و ئامادە بووی. کاتێ کە ڕۆیشتی چاوت دەبریسکانەوە.

ڤینوف: من هەمیشە دەترسام. مەسەلەکە ئەمە بوو کە پێرێ هەموو هێزو توانای خۆم کۆکردبووەوە. لێ کاتێ لە دوورەوە دەنگی گالیسکەکەم ژنەوت بە خۆم وت "دەست پێ بکەین؟" بۆ ماوەی یەك دەقیقە ددانەکانم چیڕکردنەوە. دەمارەکانم گرژبوون. دەمویست هێندە بە تووڕەیی

نارنجۆکەکە هەڵدەم کە گراند دۆك بکوژێ. چاوەڕوانی یەکەم تەقینەوە بووم، تا هەموو ئەو هێزە داگیرساوەی ناخم بەیەك کەڕەت بتەقێتەوە ، کەچی هیچ نەبوو گالیسکەکە بەرەو من هات. چەند خێرا دەهات لە من ڕەت بوو. ئیدی بۆم دەرکەوت کە یانك نارنجۆکەکەی هەڵنەداوە. لەو ساتەدا سەرمایەکی سامناك هەموو ئازای لەشی داگرتم، کتوپڕ خۆم وەك منداڵێکی بێ دەسەڵات هاتە بەرچاو.

ئاننکوف: قەیدی نییە ئەلکسی وێڕای ئەوەش ژیان گەڕایەوە مەداری خۆی.

ڤینوف: بەڵام لەم دوو ڕۆژەدا نەگەڕاوەتەوە مەداری خۆی. ئا ئێستا درۆم لەگەڵ کردیت. من دوێنێ شەو نەخەوتبووم. دڵم لە مستمدا بوو. ئوه بوریا، من نائومێدم.

ئاننکوف: تۆ نابێ نائومێد بی. هەر هەموومان هەمان وەزعو حاڵی تۆمان هەیە. خەمت نەبێ، نارنجۆکەکە هەڵنادەیت. دەبێ بچی بۆ فنلاندو پاش یەك مانگ پشوو بگەڕێیتەوە نێومان.

ڤینوف: نا. ئەمە شتێکی دییە. ئەگەر ئێستا نارنجۆکەکە هەڵنەدەم ئیدی هەرگیز هەڵی نادەم.

ئاننکوف: ئاخر بۆ ؟

ڤینوف: ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە من بە کەڵکی تیرۆرکاری نایەم. چاکتر وایە واز لە کۆمیتەکانی ئێوە بێنمو بچمە ڕیزی ڕاگەیاندنەوە.

ئاننکوف: لەوێشدا ئەم جۆرە مەترسییانە هەن.

ڤینوف: بەڵێ، بەڵام دەکرێ بەچاوی بەستراوەوە کار بکەی. مرۆڤ ئاگای لە هیچ نەبێ.

ئاننکوف: مەبەستت چییە؟.

ڤینوف: *(بە هەڵچوونەوە)* مرۆڤ ئاگای لە هیچ نییە. کۆبوونەوەو باسی وەزعو حاڵو ئەوسا ڕا دەربڕین، کارێکی ئاسانە. هەڵبەتە مرۆڤ ژیانی خۆی دەخاتە خەتەرەوە، بەڵام کوێرانەو بێ ئەوەی ئاگای لە هیچ شتێ ببێ، بەڵام ئەمەیان کە لەسەر یەك پێ بوەستیو ئەو باڵ بەسەر شاردا بکێشێ، خەڵکی پێ هەڵگرن بۆ ئەوەی فریای کاسەیەك شۆربای گەرم بکەون. منداڵان بێنن. هەست بە گەرمی ژنێك بکەیو قوڕو قەپ ڕەق ڕاوەستیو هەست بە قورسایی نارنجۆك لە ناو دەستتدا بکەیتو لات ئاشکرا بێ کە لە ماوەی سێ دەقیقەدا، لە ماوەی چەند سانییەیەکدا دەگیرێتە گالیسکەیەکی رازاوە: بەڵێ ئەمەیان تیرۆرە. من ئێستا دەزانم کە ناتوانم دووبارە دەست پێبکەمەوە. مەگەر هەست بکەم خوێن لە لەشمدا نەماوە. بەڵێ شەرمەزارم لەوەی زۆر بەرز فڕیم. دەبێ بە ئەندازەی پایەی خۆم کاربکەم. پایەیەکی زۆر بچووك، ئەو پایەیەی کە پڕ بە پێستی خۆمە.

ئاننکوف: شتاقمان پایەی بچووکمان چنگ ناکەوێ. هەمیشە زیندانو قەنارەمان لە ڕێن.

ڤینوف: بەڵام مرۆڤ ئەو کەسانە نابینێ کە دەیەوێ بیانکوژێ. یانی تەنیا ئەوەندەی لەسەرە بیانهێنێتە بەرچاوی خۆی. جا خۆمو بەختم من توانای بەرجەستەکردنم نییە. *(بەتووڕەیی پێیەکەنێ)* قەت ڕێك نەکەوتووە من بەڕاستی باوەڕم بە بوونی سیخوڕو خەفیە کرد بێ. ئەمە بۆ بابایەکی تیروریست سەیرە ها ؟ هەڵبەتە هەرکە یەکەم شاپیان بە ورگمدا کێشا هەست بە بوونیان دەکەم، بەڵام پێش ئەوە نەء .

ئاننكوف: ئەدی بۆ بەندیخانە چ دەڵێی؟ مرۆڤ لە بەندیخانەدا هەم دەزانیۆ هەم دەبینیۆ. ئیدی لەوێدا شتێك نییە ناوی فەرامۆشکردن بیۆ.

ڤینوف: مرۆڤ لە بەندیخانەدا چ بڕیارێك نادات. بەڵیۆ ئەمەیە مەسەلەکە، چەند خۆشە خەڵکانی دی بڕیارت بۆ بدەن. ئیدی ئەوە نییە کە بەخۆی بڵیۆ: (یاڵڵا نۆرەی تۆیە. دەبیۆ لە نۆرەی خۆتدا بڕیار بدەی). هەنووکە دڵنیام ئەگەر بگیرێم هەوڵی دەرباز بوون نادەم، چونکە دەرباز بوون زیرەکیو داهێنانی گەرەکە. خۆ ئەگەر مرۆڤ دەربازیش نەبیۆ ئەوا کەسانی دی هەن دەستپێشکەری بۆ دەکەنو حەساوەکەی دەبڕێننەوە.

ئاننکوف: هەندیۆ جاریش بۆ لە سێدارەدانت تێدەکۆشن.

ڤینوف: *(بە نائومێدییەوە)* هەندێجار بۆ من، مردن لەوە ئاسانترە کە بە دەستێك ژیانی خۆم بگرمو بە دەستەکەی تریشم ژیانی کەسێکی دی، لەو ساتەدا کە دەبیۆ ئەم دوو ژینە گڕ تیۆ بەربدەم. *(ئاننکوف ماتو بێدەنگە)*. تەنانەت دەشێت مرۆڤی بیۆ غیرەتیش بە کەڵکی شۆڕش بێن، بە مەرجیۆ لە جێی خۆیان دابنرێن.

ئاننکوف: ئێستا ئێمە هەموومان بیۆ غیرەتین، بەڵام هەمیشە دەرفەتی سەلماندنی ئەو بیۆ غیرەتییەمان بۆ نارەخسیۆ. چیت پێخۆشە ئەوە بکە.

ڤینوف: حەزدەکەم هەر ئێستا بڕۆم. وا هەستدەکەم ناتوانم سەیری ئەوان بکەم، بەڵام تۆ قسەیان لەگەڵ بکە.

ئاننکوف: من قسەیان لەگەڵ دەکەم *(بەرەو ئەو دەچێت)*.

ڤینوف: بە یانك بڵیۆ کە چ خەتایەکی نەکردووەو پێی بڵیۆ کە خۆشم دەویۆ وەك چۆن هەمووتانم خۆش گەرەکە. *(بێدەنگی. ئاننکوف باوەشی پێدا دەکات)*.

ئاننکوف: خوا حافیز برام. هەموو شتێك تەواو دەبیۆ. رووسیا بەختەوەر دەبیۆ.

ڤینوف: *(بە دەم هەڵاتنەوە)* خۆزگە بەختەوەر بیۆ، بریا بەختەوەر ببووایە. *(ئاننکوف بەرەو دەرگا دەچێت)*.

ئاننکوف: وەرن. *(هەموویان لەگەڵ دورادا وەژوور دەکەون)*.

ستیپان: چی بووە؟

ئاننکوف: ڤینوف نارنجۆکەکە هەڵنادات. تەواو نەترەی بەرداوە، رووخاوە.

کالیاییف: ئەمە ئاکامی هەڵەی منە. وا نییە بوریا ؟

ئاننکوف: داوای لێکردم کە پێت ڕابگەیەنم خۆشی دەوێی.

کالیاییف: دەتوانم جارێکی دی ببینم؟

ئاننکوف: ڕەنگە، چونکە بە مەرج رۆیی.

ستیپان: بۆ؟

ئاننکوف: ئەگەر لە کۆمیتەکاندا بیۆ سوودی زیاتر دەبیۆ.

ستیپان: پێشتر داوای کرد بوو؟ کەواتە دەترسا؟

ئاننکوف: نەء . من ئەو بڕیارەم دا.

ستیپان: هەمووی یەك کاتژمێری ماوە بۆ هێرشەکەو کەچی ئیزنی دەدەی ؟

ئاننکوف: راستە یەك کاتژمێری ماوە، بەڵام دیسان بڕیار هەر بڕیاری منە. کاتی چەندو چوون نییە، من دەچمە شوێنی ڤینوف.

ستیپان: ئەمەیان هەقی منە نەك تۆ.

کالیاییف: *"بە ئاننکوف"* تۆ رابەری ئێمەی ، ئەرکی تۆ ئەوەیە لێرە بی.

ئاننکوف: بڕێ جار ڕابەرێك ئەرکی پیاوێکی ترسنۆك لە ئەستۆ دەگرێ، بەڵام ئەمە لەبەر خاتری ئەوەیە کە لە کاتی پێویستدا هەنگاو بنێ‌و سڵ نەکاتەوە. شەهامەت‌و غیرەت بنوێنێ. بڕیارەکەم بێ چەندوچوونە.... ستیپان ئەگەر پێویستی کر تۆ جێی من دەگرییەوە. دەبێ هەندێ تەعلیمات وەربگری. *(دەچنە دەرێ. کالیاییف دەچێ دابنیشێ. دورا دەچێتە تەنیشتییەوە. دەستی بۆ درێژ دەکات، بەڵام ژێوان دەبێتەوە).*

دورا: خەتای تۆ نەبوو.

کالیاییف: زۆر زۆرم خراپە لەگەڵی کرد، دەزانی رۆژێکی دی چی پێم دەوت؟

دورا: لێکدا لێکدا دووبارەی دەکردەوە کە بەختەوەرە.

کالیاییف: بەڵام بە منی وت کە لە دەرێی ئێمەدا چ بەختەوەرییەك نابینێ. دەیوت: "ئێمەو رێکخراو لە ئاستەداین کە گشت گیرو گرفتەکانی ئەم جیهانە چارەسەر بکەین. تەواو وەك ئەمەیە کە ئەفسانەو پەڕجووەکان لەسەر زەویدا بێنە دی." چەند دڵم پێی دەسووتێ دورا!.

دورا: دەگەڕێتەوە.

کالیاییف: نا. کە بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر لە جێی ئەو بام چیم دەکرد؟ بەڕاستی نائومێد دەبم.

دورا: ئەدی هەنووکە نائومێد نیت؟

کالیاییف: (غەمگینە) ئیستا؟ وەك چۆن ئەو بەختەوەر بوو، منیش بەختەوەرم.

دورا: بەختەوەرییەکی گەورەیە.

کالیاییف: بەڕاستی بەختەوەرییەکی گەورەیە. چما تۆش وەك من بیر ناکەیتەوە؟

دورا: من لەگەڵتام، بەڵام تۆ بۆ خەمباری؟. دوو رۆژ بوو سیمات دەبریسکایەوە. وا دەهاتە بەرچاو کە دەتەوێ بچیتە زەماوەندێکی گەورە، بەڵام ئەمڕۆ...

کالیاییف: *(بە توندی رادەچڵەکی‌و هەڵدەستێ)* ئەمڕۆ شتێك دەزانم کە پێشتر نەمدەزانی، قسەکەی تۆ بوو، کارێکی ئاسان نەبوو. من وامدەزانی کوشتن بە ناوی ئارمانج‌و باوەڕەوە کارێکی ئاسانە، بەڵام من ئەو گەورەیە نیم‌و ئێستا دەزانم کە هیچ چەشنە بەختەوەرییەك لە ڕق‌و کینە پەیدا نابێ. هەموو ئەم خراپییانە، ئەم خراپییانەی ناخی من‌و خەڵکانی دی. پیاوکوژی، هیچوپووچی، بێ عەدالەتی... ئۆه پێویستن. پێویستە کە بیکوژم. من تا کۆتایی کارەکە... زۆر دوورتر لە ڕق‌و کینە دەڕۆم.

دورا: زۆر دوورتر؟ لەوێدا چ شتێك نییە...

کالیاییف: ئەشق‌و خۆشەویستی هەیە.

دورا: ئەشق؟ نا، ئەشق ئەو شتە پێویستە نییە.

کالیاییف: ئۆه دورا. چۆن ئەم قسەیە دەکەی، من دڵی تۆ دەناسم.

دورا: ئێرە یەکپارچە خوێن و دڕندەییە. دژوارییەکی دوورو درێژە، ئەوانەی کە بەڕاستی عەدالەتیان خۆش گەرەکە، ماڤ ئاشقێنیان نییە. ئەوانە بەمجۆرە دروستبوون. وەك من. سەریان بەرز گرتووەو چاویان قایمو ڕاستەو ڕاستە. ئەشق لە نێو ئەم دڵە شێواوانەدا چ بکات؟ ئەشق سەر بۆ هێمنیو میهرەبانی فرودێنێ، بەڵام ئێمە ملمان ڕەقە.

کالیاییف: بەڵام ئێمە خەڵکی خۆمان خۆشدەوێ

دورا: ڕاستە. خۆشمان دەوێن. ئێمە ئەوانمان بە ئەشقێکی فراوانەوە خۆش دەوێ، بە ئەشقێکی پڕ لە خەمەوە خۆشمان دەوێن. ئێمە لە خەڵکەوە دوورین. لە ژوورەکانماندا حەپەسین. لە نێو هزرو بیرماندا ونبووین. خەڵکی... ئایا ئەوانیش ئێمەیان خۆش دەوێ؟. دەزانن کە ئێمە خۆشمان دەوێن؟ خەڵکی بێدەنگ. ئەمما چ بێدەنگییەك، چ بێدەنگییەکی...

کالیاییف: بەڵام ئەشق ئەمەیە. ئەمەیە کە مرۆڤ هەموو شتێك ببەخشێت. هەموو شتێك بکاتە قوربانی، بێئەوەی چاوەڕوانی پاداشتەکەی بکات.

دورا: رەنگە وابێ ئەشقی موتڵەق، شادییەکی بێ خەوشەو هەر ئەمەشە کە لە ڕاستیدا دەمووستێنێ... بەڵام هەندێجار لە خۆم دەپرسم ئاخۆ ئەشق شتێکی دی نییە... شتێکی باڵاتر لە دەنگێکی تەنیا، لە خۆدواندنو هەندێجار لە وەڵامیش نییە. ئەو کاتانەیە کە وێنەیەك لە بەر چاوەکانم شەپۆل دەدا. هەتاو دەدرەوشێتەوە. سەرەکان بەکاوەخۆ فرودێن، دڵ دەستبەرداری شێواوی دەبێ. باسکەکان دەکرێنەوە.

ئاه یانك خۆزگە دەکرا بۆ تاقە چرکەیەك بەدبەختی ئەم دنیا زاڵە فەرامۆش بکرێ. تاقە چرکەیەکی بچووك بۆ خۆپەرستی و بیر لە خۆ کردنەوە تەرخان بکرایە. لە مەبەستم دەگەی؟

کالیاییف: بەڵێ دورا. ئەوە ناوی میهرەبانیو دڵسۆزییە.

دورا: خۆشەویستم تۆ دەرك بە هەموو شتێك دەکەی. ناوی میهرەبانییە، بەڵام ئایا بەڕاستی دەیناسیت؟. ئایا تۆ عەدالەتت لەگەڵ میهرەبانیدا خۆش دەوێ ؟. *(کالیاییف بێدەنگە)* ئایا تۆ میللەتەکەمانت بەم سادەییو بێ خەمییەوە خۆشدەوێ، یان بە پێچەوانەوە، بە مەشخەڵی تۆڵەو یاخیگەرییەوە؟ *(کالیاییف هەر بێدەنگەو بەرەو ئەو دەچێ. بە دەنگێکی زۆر نزم)* ئەدی من، ئایا منت بە میهرەبانیو دڵسۆزییەوە خۆشدەوێ؟

کالیاییف: *(پاش بێدەنگییەك)* کەس هێندەی منی خۆش ناوێی.

دورا: دەزانم، بەڵام وا چاکتر نییە منیشت وەك هەموو خەڵکێکی دی خۆش بووێ؟.

کالیاییف: من وەك هەموو خەڵکی نیم. من وەك هەموو خۆشم دەوێی.

دورا: باشە منت لە عەدالەتو ڕێکخراویش خۆشتر دەوێ؟.

کالیاییف: من، تۆو عەدالەتو ڕێکخراو بە جیا نازانم.

دورا: بەڵێ، بەڵام وەڵامم بدەوە. تکایە وەڵامم بدەوە. منت بە تاقی تەنیاو بە خۆپەرستییەوە خۆش دەوێ، ئەگەر من عادیل نەبم خۆشت دەوێم؟.

كالياييف: ئەگەر تۆ عادیل نەبیو من بتوانم خۆشم بوێی ئەوا ئیدی ئەوە تۆ نیت کە مایەی خۆشەویستی منی.

دورا: وەڵامی دروست نادەیتەوە. تۆ ئەوەم پێ بڵێ کە ئەگەر من لەم ڕێکخراوەدا نەبم خۆشت دەوێم؟.

كالياييف: ئەدی لە کوێ دەبیت؟.

دورا: ڕۆژانی قوتابییەتیم دێتەوە بیر، پێدەکەنیم. هێشتا جوانو ناسك بووم. زۆربەی کاتم بە گەڕانو زیندەخەون دەبردە سەر. منت بەو کەمتەرخەمیو بێ خەمییەوە خۆش دەوێ؟.

كالياييف: *(سڵ دەکاتەوە. زۆر بە ئەسپایی)* ئەمە وام لێدەکات بڵێم بەڵێ.

دورا: *(بە هاوارەوە)* دە بڵێ بەڵێ. ئەگەر بیری لێ دەکەیەوەو بەڕاستتە، بڵێ بەڵێ. لەبەردەم عەدالەتا، لەبەردەم چارە ڕەشیو ئەم خەڵکە دیلەدا بڵێ بەڵێ. تکات لێدەکەم سەرباری مردنی منداڵانو سەرباری ئەوانەی لە سێدارە دەدرێنو ئەوانەی تا سەرەمەرگ شەلاقکاری دەکرێن... بڵێ بەڵێ.

كالياييف: بێدەنگ بە دورا.

دورا: نا. بەلای کەمەوە دەبێ جارێك ڕێی دڵ بدرێ قسەی خۆی بکات. حەزدەکەم بانگم بکەی دورا. سەرباری ئەم دنیایەی کە لە بێ عەدالەتیدا ژەهراوی بووە، بانگم بکەی....

كالياييف: *(كێویانە)* بێدەنگ بە، دڵی من تەنیا باسی تۆ دەکات، بەڵام لە ئێستاوە ئیدی نابێ بلەرزم.

دورا: *"سەرسامە"* لە ئێستاوە؟!. خەریك بوو لە بیرم بچێ *(لەیەك كاتدا دەگری و پێدەكەنێ)* نا. ئەمە زۆرچاکە خۆشەویستم. تووڕە مەبە، من لەم قسانەدا لەسەر هەق نەبووم. خەتای ماندووێتییە. من ئیدی چ شتێك ناڵێم. منیش بە هەمان ئەشقەوە تۆم لە عەدالەتو لە زیندانەکاندا خۆش دەوێ. یانك، هاوینت دێتەوە بیر؟، بەڵام نا، ئێرە زستانی ئەبەدییە. ئێمە هی ئەم دنیایە نین، ئێمە عادیلەکانمان پێ دەوترێ. گەرمایییەك هەیە کە بۆ ئێمە نییە *(ئاوڕ دەداتەوە)* ئاه! ڕەحم بە عادیلەکان بکە.

كالياييف: *(بە نائومێدییەوە سەیری دەكات)* بەڵێ ئەمە چارەنووسی ئێمەیە. ئەشق مەحاڵە، بەڵام من گراند دۆك دەکوژمو ئەوساکە سوکناییەك بۆ تۆو بۆ من دێتە دی.

دورا: سوکنایی! کەی دەیکوژین؟.

كالياييف: سبەینێ *(ئاننكوفو ستیپان وەژووردەكەون دوراوكالیاییف لێكدی دوور دەخەنەوە.)*

ئاننكوف: یانك.

كالياييف: هەر ئێستا *(هەناسەیەكی قووڵ هەڵدەكێشێت)* ئاخری، ئاخری...

ستیپان: *(بەرەو ئەو دەچێ)* خوا حافیز برا. من لەگەڵتدام.

كالياييف: خوا حافیز ستیپان *(بەرەو لای دورا دەگەڕێتەوە)*. خوا حافیز دورا.

دورا: *(بەرەو لای ئەو دەچێ، تەواو لێکدی نزیك دەبنەوە، بەڵام لەشیان بەریەك ناکەوێ)* نا، خوا حافیز نا. بە هیوای دیدار خۆشەویستم. بە هیوای دیدار.

کالیاییف: *"تەماشای دەکات... بێدەنگی"* بە هیوای دیدار. من... ڕووسیا جوان دەبێ... ***(سڵاو لە وێنەکەی مریەم دەکات و لەگەڵ ئاننکوفدا دەردەچن. دورا، چاوی بڕیوەتە دەرگاو بێ جووڵەیە.)***

ستیپان: چەند قیت ڕێ دەکات. دەیبینی. من هەڵە بووم کە متمانەم بە یانك نەکرد. من ئیمانەکەیم خۆش نەدەویست. سڵاوی لە وێنەکەی مریەم کرد. خۆ بەخۆت دیتت ؟ پیاوێکی بە ئیمانە.

دورا: هاتوچۆی کڵێسا ناکات.

ستیپان: بەڵام ڕوحێکی ئایینی هەیە. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە نەدەگونجاین، من چاك دەزانم کە زۆر لەو توڕەترو توندە تەبیعەتترم. بۆ ئێمەی خوانەناس، یان دەبێ هەموو شتێك عەدالەت بێ یان هەر بەشمان نائومێدی دەبێ.

دورا: بۆ ئەو عەدالەتیش مایەی نائومێدییە.

ستیپان: بەڵێ ڕوحی لاوازە، بەڵام دەستی لە ڕوحی بەهێز ترە. ئەو گراند دۆك دەکوژێ. هەڵبەتە چاك دەکات و بگرە زۆریش چاك دەکات. وێرانکردن تاقە کاری زەرورییە. بزانم تۆ هیچ ناڵێی؟ *(نیگای دەکات)*. خۆشت گەرەکە ؟.

دورا: خۆشەویستی وەختی دەوێ. ئێمە بە هەزار جڕەجڕ وەختی عەدالەتمان هەیە چ جای خۆشەویستی.

ستیپان: هەقتە. کارمان زۆرە. دەبێ سەراپای دنیا وێران بکرێ... دوایی ***(دەچێتە بەر پەنجەرەکە)*** نایانبینم. ڕۆیشتوون.

دورا: دوایی چی؟

ستیپان: یەکترمان خۆش دەوێ.

دورا: ئەگەر بمێنین.

ستیپان: چ قەیدییە، خەڵکانی دی یەکتریان خۆشدەوێ.

دورا: ستیپان، بڵێ (کینە).

ستیپان: چۆن؟

دورا: وشەی "کینە"بڵێوە.

ستیپان: کینە.

دورا: باشە. یانك زۆر خراپی دەڵێتەوە.

ستیپان: *(دوای بێدەنگییەك بەرەو ئەو دەچێ)* دەزانم، من دەبوغزێنی. باشە تۆ دڵنیایت کە هەقی ئەوەت هەیە؟ *(بێدەنگی. بە تووڕەبوون و هەڵچوونەوە)*. ئێوە هەمووتان لەوێندەر بە ناوی ئەشقی نانەجیبەوە سەرگەرمی سەودای هەندێ شتن کە لە خۆتانەوە دروستی دەکەن، بەڵام من چ کەسێکم خۆش ناوێ. لە هاوڕەگەزانم بێزارم؟ بەڵێ بێزارم. ئەشقی ئەوان چی بۆ من دەکات؟.

من لە زینداندا ئەشقم ناسی و سێ ساڵە هەمیشە دەیهێنمەوە بەر چاوی خۆم. تۆ دەتەوێ من دڵم نەرم بێو نارنجۆکەکە چەشنی خاچ لەگەڵ خۆمدا ببەم؟. نا، نا! من لە حەوت ئاوم داوەو... زۆر شت دەزانم... تەمەشا بکە... ( ***کراسەکەی دەدڕێ. دورا بەپەلە دەڕوانێتە ئەو. کە چاوی بەجێی شەلاقان دەکەوێ پاشەو پاش دەکشێتەوە.*** ) ئەمانە نیشانەن. نیشانە ئەشقەکەیانە. ئێستاش دەمبوغزێنی؟.

دورا: چ کەسێك ڕەنج دەبوغزێنێ؟. تۆشم خۆش دەوێ؟.

ستیپان: (***سەیری دەکات. بە ئەسپایی***). بمبوورە.

دورا: (***هەڵوەستەیەك. دەگەڕێتەوە***) ڕەنگە نیشانەی شەکەتی بێ، ساڵانی دوورو درێژی خەبات. دڵەڕاوکێ. خەفیەو سیخوڕان. بەندیخانەو ئەشکەنجەو ئاکام ئەمانە (***جێی شەلاقەکان نیشان دەدات***) ئیدی تاقەتی خۆشەویستی لە کوێ بێنم؟. من هەر بێزارییەکەم بۆ دەمێنێتەوە. ئەمە باشترە لەوەی کە مرۆڤ هەست بە هیچ نەکات.

دورا: بەڵێ، باشترە (***سەیری ستیپان دەکات. زەنگی سەعات شەش لێ دەدا***).

ستیپان: (***دەگەڕێتەوە***) ئێستا گراند دۆك ڕەت دەبێ. (***دورا دەچێتە بەر پەنجەرەکەو خۆی دەچەسپێنی بە شووشەکانەوە، بێدەنگییەکی درێژ. پاشان لە دوورەوە دەنگی گالیسکە دێ کە بەرە بەرە نزیك دەبێتەوەو ڕەت دەبێ.***)

ستیپان: خۆزگە بە تەنیا بێ... (***گالیسکەکە دوور دەکەوێتەوە. تەقینەوەیەکی ترسناك. دورا ڕادەچڵەکێ. سەری دەنێو هەردوو دەستی دەنێت... بێدەنگییەکی درێژ***).

ستیپان: بوریا نارنجۆکەکەی هەڵدەدا. یانك سەرکەوتووە. ئۆخەی میللەتی ڕووس سەرکەوت!.

دورا: (***بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە خۆی بەرەو ئەو هەڵدەدا***) ئێمە کوشتمان. ئێمە ئەومان کوشت. من کوشتم.

ستیپان: (***بە هاوارەوە***) کێمان کوشت؟ یانك؟.

دورا: گراند دۆك.

(پەردە دادەدرێتەوە)

## پەردەی چوارەم

***"ژوورێکی قەڵای یوگاچوف لە زیندانی بورتی کی. بەیانییە. کە پەردە لادەبرێ، کالیاییف لە نێو ژوورەکەیەوە دەڕوانێتە دەرگاکە.کێشکچییەك‌و زیندانییەکی سەتڵ بە دەست وەژوور دەکەون."***

کێشکچی: خاوێنی بکەوە. دەستوبردیش بکە (***دەچێتە کەنار پەنجەرەکە، فوکا، بێئەوەی سەیری کالیاییف بکات، دەست بە خاوێنکردنەوە دەکات. بێدەنگی***).

کالیاییف: برا، نێوت چییە؟.

فوکا: فوکا.

کالیاییف: مەحکوومیت؟

فوکا: وادیارە.

کالیاییف: چیت کردووە؟.

فوکا: پیاوم کوشتووە.

ئاننکوف: برسیت بوو؟

کێشکچی: هێواشتر...

کالیاییف: چۆن؟

کێشکچی: هێواشتر. هەرچەند قسە کردن قەدەغەیە، بەڵام قەیدی نییە. هێواش قسە بکە. وەك ئەم پیرە.

کالیاییف: برسیت بوو؟

فوکا: نەء ، تینووم بوو.

کالیاییف: پاشان؟.

فوکا: پاشان دەستم دایە تەورێكو هەموو شتێکم وێران کرد. زاهیری سێ کەسم کوشت. *(کالیاییف سەیری دەکات).*

فوکا: ئاغا زادە بزانم بەبرا بانگم ناکەی؟ حەپەساویت وانە؟

کالیاییف: نەء . منیش پیاوم کوشتووە.

فوکا: چەند پیاو؟.

کالیاییف: حەزدەکەی پێت بڵێم برا، بەڵام جارێ پێم بڵێ ئایا ژێوانی لەوەی چوو یان نا؟.

فوکا: هەڵبەتە ژێوانم. ئاخر بیست ساڵ زۆر زۆرە. پیاو پێی ناخۆشە.

کالیاییف: بیست ساڵ. من لە تەمەنی (٢٣) ساڵیدا هێنراومەتە ئێرەو بەسەری سپییەوە دەچمە دەرێ.

فوکا: ئا! ڕەنگە ئەمە بۆ تۆ باشتر بێ. قازییەك بەوە دەناسرێ کە ژنی هێنا بێو کێی هێنا بێ. خۆ تۆ بابایەکی ئاغا زادەی یانی لە ڕیزی ئەو ئیبلیسە بێ چارانەدا نیت. نەجاتت دەبێ.

کالیاییف: باوەڕ ناکەمو ناشمەوێ. من ناتوانم (٢٠)دانە ساڵ شەرمەزاریو خەجاڵەت تەحەمول بکەم.

فوکا: خەجاڵەت؟ خەجاڵەتی چی؟ دیارە ئەم شتانەش خەیاڵاتی ئاغا زادەکانە. چەند کەست گوشتووە؟.

کالیاییف: تەنیا یەك کەس.

فوکا: ئەوە دەڵێی چی؟ یەکێك چ نییە.

کالیاییف: (گراند دۆك)م کوشتووە.

فوکا: گراند دۆك؟ ئا، چۆن وا دەڵێی. ئەمە زۆر گرینگە باسی بکە بزانم.

کالیاییف: گرینگە، بەڵام پێویست بوو.

فوکا: بۆ؟ تۆ لە دەرباردا دەژیای؟. مەسەلەکە مەسەلەی ژنە. نا؟ باشە، چونکە تۆ...

کالیاییف: من سۆسیالیستم.

کێشکچی: هێواشتر.

کالیاییف: *(بە دەنگی زۆر بەرز)* من سوسیال– شۆڕشگێڕم.

فوکا: ئەمە مەسەلە بنەڕەتییەکەیە. دەبووایە. بۆ خۆت بە کەماڵی ئیسراحەت دانیشیو لێگەڕی هەموو شتێك دروست ببێ. دنیا بۆ ئاغا زادەکان دروست بووە.

کالیاییف: نەخێر بۆ تۆ دروست بووە. چارە ڕەشیو تاوان زۆر زۆرە. کە چارە ڕەشی کەم بێتەوە تاوانیش کەم دەبێتەوە. ئەگەر دنیا ئازاد بووایە تۆ لێرە نەدەبووی.

فوکا: ئاه. نەء ، ئازادی هەبێ یان نەبێ باش نییە مرۆڤ لە یەك پێك پتر هەڵدا.

کالیاییف: ئەم کارە هیچ وەختێ چاك نییە. وەختێ مرۆڤ مەشروب دەخواتەوە کە ببوغزێنرێ. ڕۆژێ دێ کە ئیدی مەشروب خواردنەوە چ فایدەیەکی نابێو چ کەسێك خەجاڵەت نابێ. نە ئاغا زادەو خانەدانی ئەشرافو، نە هەژارو بێنەوای سەرکوێر کراو. هەموومان دەبین بە براو عەدالەت دڵمان خاوێن دەکاتەوە. دەزانی باسی چ دەکەم؟.

فوکا: ئا، باسی بە هەشتی خوا دەکەی.

کێشکچی: هێواشتر.

کالیاییف: نابێ ئەم قسەیە بکەی. خوا چ شوێنێکی لە ئیعرابی ئێرەدا نییە. ئارمانجی ئێمە عەدالەتە *(هەڵوەستەیەك)* تێناگەی ؟ نەقڵەکەی سان دیمتری دەزانی؟.

فوکا: نەء .

کالیاییف: قەراری لەگەڵ خوادا دەبێ کە لە دەشتێکدا یەکدی ببینن. وەختێ بەپەلە پەل دەڕۆیی تووشی کابرایەکی دەشتەکی بوو. کە گالیسکەکەی لە قوڕ چەقی بوو. ئیدی سان دیمتری یارمەتی دا، چونکە قوڕەکە زۆرو زۆنگاوەکە زۆر قووڵ بوو دەبووایە کاتژمێرێکی تەواو لەگەڵیدا خەریك بێ. وەختی گالیسکەکەیان دەرهێنا، سان دیمتری بە غاردان چوو بۆ شوێنی دیدارەکەیان، بەڵام خوا لەوێ نەبوو.

فوکا: مەبەستت چییە؟.

کالیاییف: مەبەستم ئەمەیە کە خەڵکانێك هەن هەمیشە درەنگ دەگەنە جێی مەبەست، چونکە زۆر گالیسکە لەسەر ڕێگایان چەقیبوونو گەلێك برادەر هەن پێویستییان بەیارمەتیو هاوکارییە.

*(فوکا دەکشێتەوە).*

کالیاییف: چی بووە؟.

کێشکچی: هێواشتر. دەی پیرەمێرد پەلە بکە.

فوکا: خەریکە دەترسم. ئەمانە ئاسایی نین. خۆ کەسیان لەسەر نەقڵو حیکایەتی ئەولیاو گالیسکە حەپس نەدەکرد، شتێکی دی لە ئارادایە... *(کێشکچییەکە پێدەکەنێ).*

کالیاییف: *(بەدەم سەیرکردنی ئەوەوە)* چ شتێ؟

فوکا: باشە ئەوانەی گراند دۆکان بکوژن چییان لێدەکەن؟.

کالیاییف: لە سێدارەیان دەدەن.

فوکا: ئاها! ***(کێشکچییەکە بە هەمان پێکەنینەوە دەڕوات).***

**کالیاییف: سەیرکە، چیم لێکردیت؟**

**فوکا: هیچت لێنەکردم هەرچەندە تۆ ئاغا زادەو خانەدانی، بەڵام نامەوێ فریوت بدەم. خۆ دەکرێ وەك هەنووکە بە چەنەبازی کات بەسەر ببرێ، بەڵام ئەگەر ئیعدام بکرێ کارێکی باش نییە.**

**کالیاییف: بۆ؟**

**کێشکچی:** ***(بە پێکەنینەوە)*** **دەی پیرەمێرد قسان بکە...**

**فوکا: چونکە تۆ ناتوانی وەك برایەك قسەم لەگەڵدا بکەی، دەبێ ئەوەت پێ بڵێم کە من مەحکوومەکان لە سێدارە دەدەم.**

**کالیاییف: ئەدی تۆش تاوانبار نیت؟**

**فوکا: بەڵێ، بەڵام پێشنیازیان کردووە ئەم کارە بکەم و لە هەقی هەر ئیعدامێك ساڵێك لە حوکمەکەم کەم بکەنەوە. کارێکی باشە.**

**کالیاییف: بۆ ئەوەی لە تاوانەکانت خۆش ببن، ناچارت دەکەن دیسانەوە مرۆڤ بکوژی؟**

**فوکا: ئەمە تاوانی نییە، چونکە قازانجی من بەو مەحکوومەوەیە. خۆ بۆ ئەوانیش چ فەرقێ ناکات. ئەگەر ڕاستت دەوێ بەباوەڕی من ئەوانە مەسیحی نین.**

**کالیاییف: تا ئێستا چەند جار ئەمەت کردووە؟**

**فوکا: دووجار** ***(کالیاییف پاشەو پاش دەکشێتەوە. کێشکچییەکە فوکا لەگەڵ خۆیدا دەبات و بەرەو دەرگاکە دەچێت.)***

**کالیاییف: کەواتە تۆ جەلادی؟**

**فوکا:** ***(لەبەر دەرگاوە)*** **بەڵێ ئاغا زادە، ئەدی تۆ ؟** ***(دەچێتە دەرێ. دەنگی پێ و فەرمان دێتە گوێ. شوراتۆف زۆر بە هێمنی و ئارامی لەگەڵ کێشکچییەکەدا دێتە ژوورەوە).***

**شوراتۆف: بەجێمان بێڵە ڕۆژباش. من ناناسیت؟ من تۆ دەناسم** ***(پێدەکەنێ)*** **زۆر زوو ناو بانگت دەرکرد ها؟** ***(سەیری دەکات)*** **دەتوانم خۆمت پێ بناسێنم؟** ***(کالیاییف هیچ ناڵێ)*** **بزانم هیچ ناڵێی؟ ئا دەزانم، مەسەلەکە تەنیاییە ها؟ هەشت ڕۆژ تەنیایی زەحمەتە. ئەمڕۆ من ئەم تەنیاییەم شڵەقاندو تۆ مواجەهەت هەیەو من لەبەر ئەمە هاتوومەتە ئێرە. پێشتر (فوکا)م نارد. پیاوێکی سەیرە، وانییە؟ پێم وابوو پێتان خۆش دەبێ وایە؟ پاش هەشت ڕۆژ تەنیایی، دیتنی ئینسان خۆشە، نا؟**

**کالیاییف: وەستاوەتە سەر ئەمەی کە چ ئینسانێك ببینم.**

**شوراتۆف: وەڵامێکی زیرەکانەیە. لە جێی خۆیدا بوو.** ***(هەڵوەستەیەك)*** **پێموایە خۆشیت بە چارەی مندا نەهاتووە!**

**کالیاییف: وایە.**

**شوراتۆف: تۆ پێت وایە دەمەوێ فریوت بدەم، بەڵام ئەمە بەدحاڵیبوونە. سەرەتای ڕووناکی ناخۆشە، لە ژێر خانێکی وەك ئەمەدا هیچ کەسێك ڕەزا سووك نانوێنێ، ئەمە جگە لەوەی کە**

تــۆ مــن ناناســیت. هەنــدێجار ســیمایەك بنیــادەم ڕادەچــڵەكێنێ و پاشــان... وەختــێ دێ دەیناسێت...

**کالیاییف:** بەسە، تۆ کێیت ؟

**شوراتۆف:** شوراتۆف، سەرۆکی ئەمن.

**کالیاییف:** یانی نۆکەری

**شوراتۆف:** لە پێناوی خزمەتی ئێوەدا، بەڵام ئەگەر لە جێی تۆ بام کەمتر غروورم نیشان دەدا. ڕەنگە تۆش بگەیتە ئەو جێگایە. پاشان وردە وردە دەبییە ئەندامی ئەمن. سەرباری ئەوەش، حەقیقەت من ناترسێنێ، ئێستا ڕێك و ڕەوان قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم، من خۆشیم بە تۆدا چووەو زەمینەی عەفوکردنت بۆ خۆش دەکەم.

**کالیاییف:** عەفوی چی؟

**شوراتۆف:** چۆن عەفوی چی؟ من هاتووم سەر لەنوێ ژیانت بۆ بگەڕێنمەوە.

**کالیاییف:** کێ داوای ئەمەی لێکردوویت؟.

**شوراتۆف:** عەزیزم چ کەسێك داوای ژیان ناکات هەموو کەسێك ژیان وەردەگرێ. تۆ قەت کەسێکت عەفو نەکردووە؟ ***(هەڵوەستیەك)*** باش بیربکەوە.

**کالیاییف:** من هەرگیز عەفوی ئێوەم ناوێ.

**شوراتۆف:** بەلای کەمەوە گوێ بگرە. چاك بزانە شتەکە بە ڕواڵەت نییەو من دوژمنی ئێوە نیم... من بەوە قایلم کە ئەوەی ئێوە بیری لێدەکەنەوە هەقی خۆتانە... جگە لە مەسەلەی پیاو کوژی...

**کالیاییف:** لێت قەبووڵ ناکەم ئەم وشەیە بەکاربێنی.

**شوراتۆف:** ئاه! کە بێزارکەرە، ها؟ ***(هەڵوەستەیەك)*** من لە ڕووی دڵسۆزییەوە دەمەوێ یارمەتیت بدەم.

**کالیاییف:** یارمەتی من؟ من ئامادەی هەموو جۆرە سزایەکم، بەڵام ئەو خۆ تێهەڵقورتاندنەی تۆم پێ تەحەمول ناکرێ، وازم لێ بێنە.

**شوراتۆف:** ئەدی ئەم تاوانەی کە پێتەوە لکاوە...

**کالیاییف:** ئەم قسەیە ڕاست دەکەمەوە.

**شوراتۆف:** جا کارێکی چاکە؟

**کالیاییف:** ڕاستی دەکەمەوە. من زندانییەکی شەڕم نەك بابایەکی تاوانبار.

**شوراتۆف:** چۆنت پێ خۆشە با وابێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زەرەرێکت داوە، وا نییە؟ با واز لە مەسەلەی گراند دۆك و سیاسەت بێنین، خۆ بەلای کەمەوە مرۆڤێك مردووە، جا چۆن مردنێکیش!

**کالیاییف:** من نارنجۆکەکەم گرتە زوڵم، نەمگرتۆتە مرۆڤ.

شوراتۆف: بێگومان، بەڵام هەر چییەك بێ بەر مرۆڤێك کەوتووەو بێ ڕەحمانەش بەری کەوتووە، کاتێ جەنازەکەشیان دۆزییەوە سەری پێوە نەما بوو. تەنیا باسکێكو بەشێك لە لاقی بەساغی مابوونەوە.

کالیاییف: من هیچم نەکردووە. تەنیا دەستوورێك بووەو ئەنجامم داوە.

شوراتۆف: ڕەنگە وا بێ. چ شتێکت لەمەڕ دەستوور لێ ناپرسن. دەستوور چییە؟ وشەیەکە دەشێت چەندین شەو باسی لەسەر بکرێ. لێت دەپرسن... نا تۆ ئەم وشەیەت خۆش ناوێ... با بڵێین کارێکی هەندێ ناڕێك کە ئاکامەکەی قابیلی باس لەسەرکردن نییە. هەموو خەڵکی ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەیان بینی، ئەگەر لە خات گراند دۆك بپرسی خوێنێکی زۆر ڕژا بوو تێدەگەی کە خوێنی زۆر...

کالیاییف: بێدەنگ بە.

شوراتۆف: زۆرچاکە. دەمەوێ بێ پێچوپەنا پێت بڵێم ئەگەر تۆ سەبارەت بە ئەنجامدانی دەستوورەکە عینادی بکەیو بڵێی حزب ئەم حوکمەی دەرکردو ئەنجامی داو گراند دۆك بەزەبری نارنجۆك نەکوژراوە، بەڵکو بەزەبری بیروباوەڕ هاتۆتە کوشتن. ئەوا ئیدی تۆ پێویستت بە عەفوو بەخشین نییە. وای دابنێ تۆ سەری (گراند دۆك)ت پەڕاندووە، ها؟ ئەوساکە پێویستت بەوەیە عەفو بکرێی. من دێمە یارمەتیتو تەنیا لەبەرخاتری سۆزی ئاسایی. باوەڕ بکە *(پێدەکەنێ)* هەرچیت دەوێ بیڵێ. بیروباوەڕو تیۆریان بەلای منەوە مەبەست نین، مرۆڤ بەلای منەوە مەبەستە.

کالیاییف: من لە تۆو ئاغاکانت گەورەترم. دەتوانی بمکوژی، بەڵام ناتوانی ڕێو شوێنم نیشان بدەیت، من دەزانم مەبەستت چییە. تۆ لە کنوکۆی نوقتە زوعفێکی مندایتو چاوەڕوانی ڕەفتارێکی پڕ شەرمەزاریت. چەند دڵۆپە فرمێسکێكو کۆمەڵێك پەشیمانیت لە من دەوێ، بەڵام خەیاڵتان خاوە، هیچ لە من هەڵناکرێنی. من هەرچییەك هەم پێوەندیی بەتۆوە نییە. ئەوەی پێوەندیی بە تۆوە هەیە، ڕقو کینەی ئێمەیە. ڕقو کینەی منو براکانم ئەمەش هەمیشە لەسەر پێیە.

شوراتۆف: ڕقو کینە؟ ئاخری گەڕاینەوە سەر بیروباوەڕ. ئەوەی کە بیروباوەڕ نەبێ قەتڵی نەفسەو دیارە ئاکامەکەشی پەشیمانیو سزایە، لێرەدا ئێمە لە ناوجەرگەی مەسەلەکەداین. هەر لەبەر ئەمەشە کە من بووم بە پۆلیس. تۆ حەز لە نهێنیی وتن ناکەیت. *(هەڵوەستەیەك. بە هێمنی بەرەو ئەو دەچێ)* ئەگەر بە وردی حیسابی بۆ بگێڕێتەوە بیروباوەڕ بە کەڵکی چ شتێکی تۆ نایەت. بۆ وێنە تۆ لە بری ئەمەی شانازی بە کارەکەی خۆتەوە بکەی ئەوا بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کارەی کە کردووتە داوای ژیان دەکەی. گرنگترین شت ئەوەیە کە تۆ بڕیار بدەیت بژیت.

کالیاییف: ئەگەر ئەم بڕیارە بدەم چ دەبێ؟

شوراتۆف: قەراری عەفو تۆو هاوڕێکانت دەگرێتەوە.

کالیاییف: ئەوانتان گرتووە؟

شوراتۆف: هەڵبەتە نەء ، بەڵام ئەگەر بڕیار بدەی بژیت دەیانگرین

کالیاییف: ئایا من بە چاکی لە قسەکانت تێگەیشتووم؟

شوراتۆف: بێگومان چیدی تووڕە مەبە. بیر بکەوە. لە باری بیروباوەڕەوە تۆ ناتوانی ناوی ئەوان بدەی، بەڵام لە باری ڕزگاربوونەوە خزمەتێکی گەورەیان دەکەی. تۆ هەم لە شەڕی کاری ناجۆرو هەم لە شەڕی سێدارە دەیانخەلەسێنی، ئەمە جگە لەوەی کە ئاسوودەیی دڵیش بۆ خۆت وەدەست دێنی. لە لایەکی تریشەوە ئەمە هەلێکی زێڕینە *(کالیاییف بێدەنگە) باشە*؟

کالیاییف: تۆزێکی دی براکانم وەڵامت دەدەنەوە.

شوراتۆف: تاوانێکی دی بێگومان ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەهرەیەکە. کارەکەی من تەواو. دڵم تەنگە، بەڵام چ بکەم وادیارە تۆ پابەندی بیروباوەڕی خۆتیو من ناتوانم لەو بیروباوەڕەت جیا بکەمەوە.

کالیاییف: تۆ ناتوانی لە براکانم جیام بکەیتەوە.

شوراتۆف: بە هیوای دیدار *(بەدەم ڕۆشتنەوە دەگەڕێتەوە)* بۆ لەو کاتەدا خا گرانددۆکو برازاکانی گراند دۆکت بوارد؟

کالیاییف: کێ ئەمەی پێ وتووی؟

شوراتۆف: هەواڵدەرەکەی ئێوە، ئێمەش ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام تۆ بۆ ئەوانت بوارد.

کالیاییف: ئەمە پێوەندیی بە تۆوە نییە.

شوراتۆف: *(بە پێکەنینەوە)* تۆ واخەیاڵ دەکەی، ئێستا پێت دەڵێم بۆ... ئامانجێك توانای کوشتنی گراند دۆکی هەیە، بەڵام بەزەحمەت بە کوشتنی منداڵان قایل دەبێ. ئەمە ئەو شتەیە کە تۆ کەشفت کردبوو، ئێستا مەسەلەیەك دەکەوێتە ڕوو، ئەگەر ئامانجێك بە کوشتنی منداڵان قایل نەبێ، ئایا مافی کوشتنی گراند دۆکێکی هەیە؟ *(کالیاییف حەرەکەیەك دەکات)*، ئۆها! وەڵامی من بدەوە. بەتایبەتی من، چونکە وەڵامی خاگراند دۆك دەدەیەوە.

کالیاییف: خاگراند دۆك؟

شوراتۆف: بەڵێ دەیەوێ تۆ ببینێو من بەتایبەتی بۆ ئەمە هاتبووم کە بزانم ئەم گفتوگۆیە لە گوینە یان نا؟. سەیرم کرد لە گوینە. ئەو خۆی دەخاتە خەتەرەوە تا بیرو باوەڕی تۆ بگۆڕێ. خاگراند دۆك مەسیحییە، بە خۆت دەیبینی کە مرۆڤێکی ڕۆحانییە.

کالیاییف: من نامەوێ بیبینم...

شوراتۆف: بەداخەوەم. ئەو لێرە دەتبینێ، ئەوەی چوو چوو، بەڵام تۆ دەبێ مدارای بکەی، چونکە دەڵێن لەوەتای مێردەکەی مردووە بیری پەرتوبڵاوە، ئێمە نەمانویست دڵی بشکێنینو ڕێی نەدەین... *(لەبەر دەرگاکەوە)* ئەگەر بیرت گۆڕی ئاگادارم بکەوە، دەگەڕێمەوە، هەڵبەتە مایەی نیگەرانیی تۆیە، بەڵام هەموو شتێك دروست دەبێ، خوا بەبێ زیندانەکانی بێنە بەرچاوی خۆت، چ گۆشەگیرییەکە *(دەچێتە دەرێ، دەنگی پێو فرمان دێنە گوێ. خاگراند دۆك بەماتیو خامۆشی وەژوور دەکەوێ. دەرکە کرایەوە)*

**خاگراند دۆك: *(ڕووی خۆی ئاشكرا دەكات)* تەماشا بكە *(كالیاییف ماتە)* زۆر شت لەگەڵ پیاوێكدا دەمرن.**

**كالیاییف: دەمزانی.**

**خاگراند دۆك: *(بە شێوەیەكی ئاسایی بەڵام بە دەنگی كزەوە)* پیاوكوژان ئەم شتانە نازانن، ئەگەر بیانزانییایە چۆن دەبوونە مایەی مردن؟**

***(بێدەنگی)***

**كالیاییف: تۆم بینی، ئێستا حەزدەكەم بە تەنیا بم.**

**خاگراند دۆك: نا، تاقە كارێ كە بۆ من ماوە ئەمەیە كە سەیری تۆ بكەم. *(كالیاییف دەكشێتەوە خاگراند دۆك، وەك خەڵكانی خەمبارو بێ تاقەت دادەنیشێ.)* من ئیدی ناتوانم بە تەنیا بم. لەمەوپێش ئەگەر خەمێ، ئازارێكم هەبووایە ئەو دەیتوانی دڵم بداتەوە، ئەوساكە خەمو ئازار خۆشبوون، بەڵام ئێستا... نەء چیدی ناتوانم بە تەنیا بمو جۆلانەی ماتومەلوولی ڕامبەژەنێ... بەڵام لەگەڵیدا قسە بكەم؟ ئەوانی دی هیچ نازانن، ئەوان خەم لە خۆ دێننو یەك–دوو كاتژمێرێك بەو جۆرە دەمێنن. پاشان دەچن بۆ نانخواردنو... خەوتن... بەتایبەتی خەوتن... بیرم كردەوە كە دەبێ تۆ وەك من وابی، دڵنیام كە تۆ ناخەوی. مەگەر هەر لەگەڵ پیاوكوژدا باسی تاوان بكرێ؟**

**كالیاییف: كام تاوان؟ من جگە لە ئەنجامدانی عەدالەت چ شتێكی دیكەم نایەتەوە بیر.**

**خاگراند دۆك: عەینی دەنگ، دەنگی تۆش وەك دەنگی ئەوە. هەموو پیاوێك كە دێتە سەر باسی عەدالەت هەمان دەنگ بەكار دێنێ، ئەو دەیوت *(ئەمە عادیلانەیە)* و دەبووایە قسەت لە قسەی نەكردبایە، ڕەنگە ویستبێتی خۆی هەڵخەڵەتێنێ. لەوەیە تۆش خۆت هەڵخەڵەتێنی...**

**كالیاییف: ئەو عەدالەتی پیرۆزی پێشێڵ دەكردو ئەو شتەی دروست دەكرد كە چەندین سەدە خەڵكی ڕووسی ئازارداو بۆ خۆیشی دەسكەوتی تازەتری بە دەست دەهێنا، ئەگەر من خۆم هەڵخەڵەتاند بێ ئەوا سزاكەم زیندانو مەرگە.**

**خاگراند دۆك: بەڵێ تۆ ئازار دەچێژی، بەڵام تۆ ئەوت كوشتووە.**

**كالیاییف: ئەو لە ناخافڵدا مرد. ئەم جۆرە مەرگە هیچ نییە.**

**خاگراند دۆك: هیچ نییە ؟ *(زۆر بە ئەسپایی)* ڕاستە تۆیان زۆر زوو لە شوێنی ڕووداوەكە دوور خستەوە، وا دەهاتە بەرچاو كە تۆ لەناو ئەمنەكاندا خوتبە بدەیت، دەزانم دەبووایە ئەمە یارمەتیت بدا. من دوای چەند ساتێك گەیشتمە جێو سەیرم كرد ئەوەی كە توانیم هەڵی بگرم هەموویم خستە دەستەبەرەیەكەوە، چ خوێنێ ڕژا بوو! *(هەڵوەستەیەك)* من جلی سپیم لەبەر كرد بوو.**

**كالیاییف: بێدەنگ بە.**

**خاگراند دۆك: بۆ؟ حەقیقەت دەڵێم. دەزانی ئەو دوو كاتژمێر پێش مردنەكەی چی دەكرد؟ لەسەر كورسییەك خەوتبوو و لاقەكانی خستبوونە سەر كورسییەكی دی... وەك هەمیشە**

خەوتبوو... تۆ لەو شەوە سامناکەدا چاوەڕوانی بووی. *(دەگری)* ئێستا یارمەتیم بدە. *(کالیاییف، بە باڵای هەڵکشاوەوە دەکشێتەوە)*... تۆ گەنجی ناتوانی خراپ بی.

کالیاییف: من دەرفەتی گەنجایەتیم نەبووە.

خاگراند دۆك : بۆ ئەوەندە وشکی؟ بەزەییت بەخۆتدا نایەتەوە؟

کالیاییف: نەء .

خاگراند دۆك: غەدرەکەی ئەمە مرۆڤ هێور دەکاتەوە، من ئێستا هەر بەشی خۆم بەزەییم هەیە. *(وەستان)* من غەمگینم، دەبووایە لە بری ئەوەی بمبوری منیشت لەگەڵ ئەودا بکوشتایە...

کالیاییف: من تۆم نە بوارد، بەڵکو ئەو منداڵانەم بوارد کە لەگەڵتدابوون.

خاگراند دۆك: دەزانم من ئەوانم زۆر خۆش نە دەویست ،ئەوان برازای گراند دۆك بوون، ئایا ئەوانیش وەك مامیان شایستەی مردن نەبوون؟

کالیاییف: نەء

خاگراند دۆك: تۆ ئەوان ناناسیت ، کیژە براکەی دڵی ڕەقە یارمەتی هەژاران نادات. لێیان دوور دەکەوێتەوە ئەمە ناعادیلانە نییە ؟ زاڵمە، بەڵام گراند دۆك، بەلای کەمەوە دێهاتییەکانی خۆش دەویست... شەرابی لەگەڵدا دەخواردنەوە. کەچی تۆ ئەوت کوشت. بێ گومان تۆش زاڵمی ، دنیا چۆڵە چەشنی بیابانێکی وشکوبرینگ.

کالیاییف: بێفایدەیە. تۆ دەتەوێ هێزم لەبەر ببڕیو نائومێدم بکەی، بەڵام بێ سوودە، وازم لێ بێنە.

خاگراند دۆك: ناتەوێ لەگەڵ مندا بپاڕێیتەوە، ژێوان ببیەوە؟ ئەگەر پێکەوە بین کەمتر هەست بە تەنیایی دەکەین.

کالیاییف: لێمگەڕێ با خۆم بۆ مردن ئامادە بکەم، ئەگەر نەمردبام هەنگینێ دەبووم بە پیاو کوژێکی تەواو.

خاگراند دۆك: *(دێتە پێشەوە)* مردن؟ دەتەوێ بمری؟ نا *(بە پەریشانییەکی زۆرەوە بەرەو کالیاییف دەڕوات)* تۆ دەبێ بژیو ڕازی بی بەوەی کە ببیە پیاو کوژێکی تەواو، ئەدی تۆ ئەوت نەکوشتووە؟. خوا لە گوناحت دەبووری.

کالیاییف: کام خوا، خوای من یان خوای تۆ؟

خاگراند دۆك: خوای کڵێسای پیرۆز.

کالیاییف: کڵێسا هەقی بەم کارانەوە نییە.

خاگراند دۆك: سەروەرێکی لە خزمەتدا بوو کە زیندانی دەناسی.

کالیاییف: ڕۆژگارو زەمانە فەرقی کردووە، کڵێسای پیرۆز لە نێو میراتییەکانی سەروەرەکەی خۆیدا شتێکی هەڵبژاردووە کە بە کەڵکی ئەو سەروەرە دێ.

خاگراند دۆك: هەڵبژاردن؟ مەبەستت چییە؟

کالیاییف: کڵێسا لێبووردن‌و بەخشینی بۆ خۆی هەڵگرتووەو ململانێی ئەنجامدانی مرۆڤایەتی‌و عەدالەتیشی بۆ ئێمە هێشتۆتەوە.

خاگراند دۆك: کێ. ئێمە؟

کالیاییف: *(بە هاوارەوە)* بۆ هەموو ئەوانەی کە ئێوە لە سێدارەیان دەدەن.

*(بێدەنگی)*

خاگراند دۆك: *(بەنەرمی)* من دوژمنی تۆ نیم.

کالیاییف: *(بە نا ئومێدییەوە)* با، وەك هەموو کەسێکی وەچەو تایفەکانتان، هەندێ شت هەن زۆر لەوە ناشیرینترن کە ببی بە پیاو کوژ، ئەویش ناچارکردنی مرۆڤێکە بە پیاو کوشتن کە لە بنەڕەتدا بۆ پیاو کوشتن نەخوڵقاوە. تەماشام بکە. سوێندت بۆ دەخۆم کە من بۆ پیاو کوشتن نەخوڵقا بووم.

خاگراند دۆك: وەك دوژمن قسە لەگەڵ مندا مەکە. تەماشا بکە *(دەچێ دەرکە دابخات)* من لەگەڵ تۆدا هەست بە ئاسوودەیی دەکەم *(دەگری)* خوێن ئێمەی لێکدی جیا کردۆتەوە، بەڵام تۆ دەتوانی لەگەڵ مندا تەنانەت لە مەیدانی بەد بەختیشدا پێوەندی بەخواوە بکەی. بەلای کەمەوە لەگەڵمدا بپاڕێوە.

کالیاییف: من ئەمە قبووڵ ناکەم *(بەرەو ئەو دەچێ)* من تەنیا دەربارەی تۆ هەست بە بەزەیی دەکەم، تۆ دەرگای دڵمت خستە سەر پشت. ئێستا لە قسەکەم تێدەگەی، چونکە چ شتێك لە تۆ ناشارمەوە. من هەرگیز بیر لە دیداری خوا ناکەمەوە، بەڵام لە کاتی مردنداو دەربارەی ئەو بەڵێنەی بەوانەم داوە کە خۆشم دەوێن، پەشیمان نابمەوەو لەسەر قەولی خۆم ڕژد دەبم. دوعاو پاڕانەوە خیانەتە لەو برایانەم کە لەو ساتەدا بیر لە من دەکەنەوە.

خاگراند دۆك: دەتەوێ چ بڵێی؟.

کالیاییف: *(بە هەڵچوونەوە)* هیچ. تەنیا ئەوە نەبێ کە بەم زووانە بەختەوەر دەبم، من خەباتێکی زۆرم لە ڕای بەختەوەریدا کردووەو هێشتاش سوورم لەسەری، بەڵام کاتێ حوکمەکە ڕاگەیەنراو وەختی جێبەجێکردنی هات هەنگینێ لە پای قەنارەدا ڕوو لە تۆو لەم دنیا شوومە وەردەگێڕم‌و ڕێگە بۆ ئەشقی سەرڕێژ خۆش دەکەم کە بە سەراپای گیانیدا بڕژێ، لێم تێدەگەی؟.

خاگراند دۆك: هەر یەك ئەشق هەیەو ئەویش ئەشقی خوایە.

کالیاییف: بۆ نییە، ئەشقی خەڵك.

خاگراند دۆك: خەڵك گومڕاو سەرگەردانن، هەر ئەوەندەیان لەگەڵدا دەکرێ کە یان لەنێویان بەرێ یان بیانبووری.

کالیاییف: دەکرێ لەگەڵیاندا بمری.

خاگراند دۆك: هەموو کەسێك بە تەنیا دەمرێ. ئەویش بە تەنیا مرد.

کالیاییف: *(بە نائومێدییەوە)* دەکرا لەگەڵ ئەودا بمری. ئەوانەی ئەمڕۆ یەکتریان خۆش دەوێ ئەگەر دەیانەوێ یەکدی بگرنەوە پێویستە پێکەوە بمرن. نا عەدالەتی ژیان لە یەکیان

دادەبڕێ. شەرم، ڕەنج. ئەشکەنجەدانی خەڵکی، تاوان، هەموو ئەمانە مایەی لێکدی دابڕانن. ژیان بۆ خۆی جۆرە ئازارێکە، چونکە ئەم ژیانە هۆی دووریو لێکدی دابڕانە.

خاگراند دۆك: خوا جارێکی دی یەکیان دەخات.

کالیاییف: بەڵام لەسەر ئەم زەمینە نا. وەعدەگاکانی منیش لەم سەر زەمینەن.

خاگراند دۆك: ئەمە وەعدەگای ئەو کسۆکانەیە کە هەمیشە کەپوو لە زەوی سەرگەرمی بۆنکردننو ئاگایان لە هیچ نییە.

کالیاییف: ***(بە لای پەنجەرەکەدا وەردەچەرخێ)*** بەم زووانە ئەوانەش فێردەبم. ***(هەڵوەستەیەك)*** ئایا ناکرێ ئەوە بهێنرێتە بەرچاوی خەیاڵ کە دوو کەس چاویان لە هەموو خۆشییەك بوو بێو بە هەمان خەفەتو ئازارەوە یەکتریان خۆش بوێ، بێ ئەوەی خۆیان بە هیچ وەعدەگاییەکەوە ببەستنەوە ؟ ***(سەیری دەکات).*** ناکرێ ئەوە بهێنرێتە بەرچاوی خەیاڵ کە ئەوساکە هەمان پەتی سێدارە ئەم دوو کەسە یەك بخات؟

خاگراند دۆك: ئەم ئەشقە ترسناکە چییە ؟.

کالیاییف: ئەو ئەشقەیە کە تۆ و دارودەستەکەی تۆ بە ئێمەتان ڕەوا دیتووە.

خاگراند دۆك: منیش ئەو کەسەم خۆشدەویست کە تۆ کوشتووتە.

کالیاییف: ئەمەم زانیوە، هەر بۆیەش گوێ نادەمە ئەو ئازارەی کە تۆ و داروەدەستەکەت پێتان گەیاندمو گەردنت ئازادەکەم. ***(هەڵوەستە)*** ئیدی لێم گەڕێ.

خاگراند دۆك: ***(هەڵدەستی)*** لێت دەگەڕێم، بەڵام من بۆیە هاتمە ئێرە تا بەرەو لای خوات ببەم، ئێستاش بۆم دەرکەوتووە کە دەتەوێ خۆت مەحکەمەی خۆت بکەیو بە تەنیا خۆت ڕزگار بکەی، بەڵام ناتوانی، ئەگەر بمێنێ تەنیا خوا ئەم کارەی پێدەکرێ. من داوای بەخشینی تۆ دەکەم.

کالیاییف: تکات لێدەکەم کاری وانەکەی، واز بێنە با بمرم دەنا تا هەتایە نەفرەتت بۆ دەنێرم.

خاگراند دۆك: ***(لەبەر دەرگاوە)*** من داوا لە خەڵكو لە خوا دەکەم کە بتبەخشن.

کالیاییف: نا، نا. ڕازی نابم ئەم کارە بکەی. ***(بەرەو دەرگاکە دەچێ. ڕووبە ڕووی شوراتۆف دەبێتەوە، دەکشێتەوەو چاوانی دەنوقێنێ. بێدەنگی. دووبارە سەیری شوراتۆف دەکات).***

کالیاییف: من زۆرم پێویست بەتۆ بوو.

شوراتۆف: خۆشحاڵم . بۆ چ کارێك؟

کالیاییف: پێویستم بەوە بوو کە لە نوێ ببوغزێنرێم.

شوراتۆف: بەداخەوە. من هاتووم وەڵامەکەم وەربگرم.

کالیاییف: ئێستا وەریدەگریت.

شوراتۆف: ***(دەنگی دەگۆڕێ)*** نا، ئێستا وەڵامم ناوێ، باش گوێ بگرە. من بۆیە ئەم دیدارەتم لەگەڵ خاگراند دۆکدا ڕێکخست تا سبەینێ لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی بکەینەوە. دیارە وەك

خۆی بێ زیادو کەم چاپ دەکرێ، جگە لەمەی کە تۆ دانت بە پەشیمانی خۆتا ناوە. هەنگینێ هاوڕێکانت گومانی ئەوە دەکەن کە تۆ خیانەتت لێکردوون.

کالیاییف: *(بە هێوری)* باوەڕ ناکەن.

شوراتۆف: من ڕێ لە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە ناگرم مەگەر بتەوێ ئیعتراف تەواو بکەی. دەشتوانی ئەم شەو بڕیاری خۆت بدەی ***(بەرەو دەرگا دەچێ)***

کالیاییف: ***(زۆر بە توندی)*** باوەڕناکەن.

شوراتۆف: ***(دەگەڕێتەوە)*** بۆ ؟ قەت دووچاری هەڵە نەبوون؟

کالیاییف: تۆ ئەشق و دڵسۆزی وان ناناسیت.

شوراتۆف: وایە. بەڵام دەزانم هەرگیز ناشێت شەوێکی دوورودرێژ باوەڕت بە برایەتی ببێ، بێ ئەوەی ئەگەر بۆ ساتێکیش بوو بێ بەلاوازی نەزانی، من چاوەڕوانی ئەم لاوازییەم ***(بە پشتی خۆی دەرگاکە دادەخات)***. پەلە مەکە. من کابرایەکی بەسەبرم ***(ڕووبەڕووی یەك دەوەستن)***.

(پەردە دادەرێتەوە)

## پەردەی پێنجەم

*(ئاپارتمانێکی دیکەیە. بەهەمان شێوە. پاش هەفتەیەکی دییە. شەوە. بێدەنگی. دورا بەنێو ژوورەکەدا دێ و دەچێ.)*

ئاننکوف: وەرە لێرە ڕاکشێ و خۆت داپۆشە.

دورا: *(هەر دێ و دەچێ)* شەوێکی درێژە. چەند سەرمامە بوریا، ***(یەکجار لە دەرگا دەدەن. ئەوجا دووجار لێی دەدەن. ئاننکوف دەچێ دەرگا بکاتەوە. ستیپان و ڤینوف وەژوور دەکەون. ڤینوف بەرەو دورا دەچێ و باوەشی پێدا دەکات، دوراش ئەو دەگوشێ بەخۆیەوە)*** ئەلکسی.

ستیپان: ئورلوف دەڵێ ڕەنگە ئەو شتە ئەمشەو بکرێ، هەموو ئەو ئەفسەرە بچووکانەی کە کاریان نییە بانگ کراون. لەم حاڵەدا ئەویش ئامادە دەبێ.

ئاننکوف: لە کوێ دەیبینێ؟

ستیپان: لە خواردنگەکەی کووچەی سویشکانادا چاوەنۆڕی من و ڤینوف دەکات...

دورا: ***(بەبێ تاقەتی دانیشتووە)*** بوریا ئەو مەسەلەیە بۆ ئەمشەوە؟

ئاننکوف: چ شتێك لە بیرنەکراوە .بڕیار بڕیاری ئیدارەی تزارە.

ستیپان: ئەگەر یانك داوای عەفو بکات ئەوا بڕیارەکە بە دەستی ئیدارەی تزارە.

دورا: یانك، داوای وەها ناکات.

ستیپان: ئەگەر مەبەستی داوای وەها نەبوو بێ، ئەدی بۆ خاگراند دۆکی دیتووە؟ خاگراند دۆك لە هەموو شوێنێ ڕایگەیاندووە کە یانك ژێوان بووەتەوە، چۆن حەقیقەت زانین؟

دورا: ئێمە ئەو قسانەی کە یانك لە دادگادا کردوونیو ئەو شتانەی کە بۆ ئێمەی نووسین، دەزانین، ئەو وتوویەتی کە تاقە داخی ئەمەیە کە هەریەك ژیانی شك بردووە. واتە ژیانی خۆی شك بردووە تا فیدای بکاتو ئەم زەبرە لە پەیکەری زوڵمو زۆر بدات. پیاوێك ئەمە قسەی بێ، سواڵی عەفو وبەخشین دەکات ؟ ژێوان دەبێتەوە؟ نا، ئەو خۆی حەزی دەکرد. خۆی دەیویست بمرێ، یانك حاشا لەو کارە ناکات کە کردوویەتی.

ستیپان: هەڵەی کرد کە خاگراند دۆکی بینی.

دورا: ئەمە تایبەتە بە خۆیو ئەو چاتری دەزانێ.

ستیپان: بەپێی دەستوورەکانی ئێمە نەدەبووایە خاگراند دۆك بدینێ.

دورا: دەستوورەکانی ئێمە بۆ کوشتن دانراون نەك بۆ شتی دی. ئێستا ئەو بە خۆی سەرپشکە، بلێ سەرپشکە.

ستیپان: هێشتا نەء .

دورا: سەرپشکەو هەقی خۆیەتی بەر لە مردن هەر چییەکی بوێ بیکات، چونکە بەرەو مردن دەچێ، بەسە ئیتر رازی بن.

ئاننکوف: دورا!

دورا: بەڵێ، ئەگەر عەفو بکرایە، دەبووە چ سەرکەوتنێك ها؟ دەبووە بەڵگەی ئەمەی کە خاگراند دۆك راستی کردووەو یانك پەشیمانی دەربڕیوەو خیانەتی کردووە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بمرێ ئێوە باوەڕی پێ دێننو دەتوانن هەر خۆشتان بووێ. ***(سەیری ئەوان دەکات)*** ئەشقو خۆشەویستی ئێوە زۆر گران دەکەوێ.

ڤینوف: نا، دورا. ئێمە هەرگیز گومانمان لەو نەکردووە.

دورا: ***(بە نێو ژوورەکەدا دێو دەچێ)*** بە... رەنگە... بمبوورن. بەڵام ئەمانە چ بایەخێکیان هەیە؟ ئێستا بۆمان دەردەکەوێ. ئەمشەو... ئاه! ئەلکسی بێچارە هاتووی بۆ ئێرە چ بکەی؟.

ڤینوف: هاتووم جێی ئەو بگرمەوە، من گریام کاتێ لە دادگادا قسەی خۆی دەکرد، هەستم بە غروور دەکرد کە وتی: (مەرگ ناڕەزایی گەورەی منە بەرانبەر بە دنیای لە خوێنو فرمێسك دروست بوو....) کەوتمە لەرزین.

دورا: دنیای خوێنو فرمێسك، ئەو ئەمەی وتووە... راستە.

ڤینوف: بەڵێ قسەی ئەوە... ئاه.... دورا یەکپارچە غیرەتو شەهامەت بوو. کە گوێم لە هاوارە مەزنەکەی بوو دەیوت : (من بە جۆرێ لەسەر لوتکەی ناڕەزایی مرۆڤایەتی بەرانبەر بە زوڵمو کوێرەوەری وەستاوم، کە مەرگ تاجی بێگەردی دەنێتە سەر کردارەکانم.) ئیدی بڕیارەم دا و هاتم بۆ ئێرە.

دورا: ***(سەری دەخاتە نێو هەردوو دەستی)*** بەڵام چ تاجێکی سامناکە!

ڤینوف: دورا، مەگری، ئەو وەسێتی کردووە کە کەس لە مەرگیدا نەگری. ئوه. هەنووکە چەند باشی دەناسم. ناتوانم گومانی لێبکەم من چونکە بێ غیرەت دەرچووم، زۆرم ئازار چەشت، خۆ منیش لە تەفلیسدا نارنجۆکم هاویشت. ئێستا لەگەڵ یانکدا فەرقم نییە. کە بە

حوكمەكەیم زانی تەنیا یەك شتم بە خەیاڵدا هات كە نەمتوانی بوو لەگەڵیدا بم یان جێگەكەی پڕ بكەمەوە.

دورا: كێ دەتوانێ ئەمشەو جێگەكەی پڕ بكاتەوە؟ ئەو تەنیایە ئەلكسی.

ڤینوف: ئێمە دەبێ بەغروورو شەهامەتمان ئەو رابگرین. وەك چۆن ئەو بە بوونی خۆی ئێمەی رادەگرت. مەگری.

دورا: تەمەشا، چاوەكانم وشكبوون، بەڵام برادەر، نا، من ناتوانم چیدی مەغروور بم.

ستیپان: دورا، حوكمی خراو لەسەر من مەدە، من حەزدەكەم یانك بمێنێ. ئێمە پێویستمان بە خەڵكانی وەك ئەو هەیە.

دورا: ئەو قەت ئەم حەزەی نییەو ئێمەش دەبێ مردنی ئەومان بووێ.

ئاننكوف: شێتیت.

دورا: دەبێ ئەمە حەزی ئێمە بێ. من دڵی ئەوم دەناسی، تەنیا بەم شێوەیە ئارام دەگرێ، ئاه. بەڵێ كاتێ كە بمرێ ***(زۆر بە ئەسپایی)*** بەڵام خێرا بمرێ.

ستیپان: بوریا. من دەڕۆم. بڕۆ ئەلكسی، ئورلوف چاوەڕێی ئێمەیە.

ئاننكوف: باشە، لێ لە گەڕانەوەدا تاخیر مەبن ***(ستیپان و ڤینوف بەرەو دەرگاكە دەچن، ستیپان لەلاوە سەیری دورا دەكات).***

ستیپان: ئێمە دەڕۆین تا بزانین مەسەلەكە چییە، ئاگات لە دورا بێ.

دورا: ***(لە پەنجەرەكەدایە. ئاننكوف سەیری دەكات)*** مردن! سێدارە. دیسان مردن، ئاه بوریا!

ئاننكوف: بەڵێ خوشكە چكۆلەكەم، بەڵام هیچ چارێكی دی نییە.

دورا: ئەم قسەیە مەكە ئەگەر مردن تاقە چارە بێ، ئەوا رێگەیەكی هەڵەمان گرتۆتە بەر، رێگا ئەوەیە كە بەرەو ژیان و هەتاو بچێ، مرۆڤ ناتوانێ هەمیشە لە سەرمادا بژی.

ئاننكوف: ئەمەش بەرەو ژیان دەچێ، ژیانی خەڵكانی دی. رووسیا دەژی. منداڵانی ئێمە دەژین. قسەكەی یانكی دێتەوە بیر كە دەیوت: (رووسیا جوان دەبێ)

دورا: خەڵكانی دی، منداڵانی ئێمە... بەڵێ، بەڵام یانك هەنووكە لە زیندان دایەو پەتی سێدارە چەند ساردو شوومە. ئەو بەرەو مەرگ دەچێ. لەوەیە ئێستا مردبێ بۆ ئەوەی خەڵكانی دی بژین، ئاه بوریا. ئەدی ئەگەر خەڵكانی تریش نەژین؟و ئەو لە پێناوی هیچدا مرد بێ؟...

ئاننكوف: بێدەنگ بە. ***(بێدەنگی)***

دورا: هەرچەند بەهارە كەچی دنیا چەند ساردە، دەزانم لە حەوشەی زیندانەكەدا چەند درەخت هەیە، دیارە دەیانبینێ.

ئاننكوف: سەیركە تا خۆمان ئاگادار دەبین مەلەرزە.

دورا: ئەوەندەم سەرمایە، پێموایە چەند ساتێكی دی دەمرن ***(هەڵوەستەیەك)*** ئەمانە زوو مرۆڤ پیردەكەن. ئێمە ئیدی هەرگیز هەست بەلاوێتی ناكەین. لەگەڵ یەكەم پیاو كوشتندا،

لاوێتی دەڕواتو ئیدی ناگەڕێتەوە، من نارنجۆکێك هەڵدەدەمو لە چرکەیەکدا ژیانێك تەواو دەبێ. بەڵێ دوای ئەمە ئێمەش دەتوانین بمرین، ئیدی مرۆڤمان ناسیووە.

ئاننکوف: ئێستاش وەك مرۆڤ بەدەم خەباتەوە دەمرین.

دورا: زۆر توند دەخوڕی، ئێوە ئیدی هی دنیای مرۆڤ نین.

ئاننکوف: خەمو بەد بەختیش توند دەخوڕن. لەم دنیایەدا شوێنێك بۆ سەبرو حەوسەڵەو هێوری نییە. ڕووسیا ئازار دەچێژێ...

دورا: دەزانم ئێمە باری خەمی ئینسانیمان بەکۆڵدا داوە. ئەویش شانی دابووە بەرباری قورسی خەمو بەمەش قایل بوو، چ گەورەیە! بەڵام جار جارێ بەخۆم دەڵێم ئەمە سەرکێشیو غرووڕێکە کە هەر بەسزا دەگا.

ئاننکوف: ئەمە غرووڕێکە کە ئێمە ژیانی خۆمانی لە قەبێلی دەکەین ،ئەمە غرووڕێکە کە ئێمە بەوەوە خاوەن هەقین.

دورا: ئاخۆ ئێمە لەمە دڵنیاین ؟ ناوە ناوە کە گوێ لە ستیپان دەگرم ترسم لێدەنیشێت. لەوەیە کەسانێك بێنو بۆ کوشتن سوود لە ئێمە وەربگرنو ژیانی خۆشیانی لە قەبێڵ نەکەن.

ئاننکوف: دورا، ئەم چەشنە کارە، دزێوو ناشیرینە.

دورا: کێ دەزانی، لەوەیە ئەمە عەدالەت بێ، ئەوساکە ئیدی کەس زات ناکات بڕوانێتە سیمای عەدالەت.

ئاننکوف: دورا *(دورا بێدەنگە)* تووشی دوو دڵی بووی؟ وام نە دەناسیت؟

دورا: سەرمامە، بیر لەو کەسە دەکەمەوە کە دەبێ هەوڵبدا نە لەرزێ. تا پێی نەڵێن ترساوە.

ئاننکوف: باشە تۆ لەگەڵ ئێمەدا نیت؟

دورا: *(خۆی بەلای ئەودا دەخات)* ئۆه بوریا، من لەگەڵ ئێوەدامو تا کۆتاییش لەگەڵتاندا دەبم، من لە زوڵمو زۆر بێزارمو دەزانم جگە لەمە ناتوانین چ کارێکی دی بکەین. بەڵام لە لایەکەوە خۆشحاڵم کە ئەم کارەم هەڵبژاردووەو لەلایەکی دییەوە خەمبارم کە لێرەدا درێژەی پێدەدەم. فەرقەکە لەمەدایە ئێمە هەمووومان هەر حەپسین.

ئاننکوف: سەرانسەری ڕووسیا حەپسە. ئێمە خەریکین ئەم دیوارانە داغان دەکەین.

دورا: تۆ نارنجۆکەکە بدە منو ئەوجا تەماشا بکە چ دەبێ. من تا ناوەندی کوورەی ئاگرەکە دەڕۆمو نایەڵم سام پەی بە دڵم بەرێ. ئەمە ئاسانەو ئەم جۆرە مردنە لە ڕای ناکۆییەکانی دەروونداندا لەوە ئاسانترە بەو هەموو ناکۆکییەوە بژی. تۆ قەت عاشق بووی بوریا؟

ئاننکوف: ئاشق بووم. بەڵام زۆر دەمێکە لە بیرم کردووە.

دورا: چەند دەبێ؟

ئاننکوف: چوار ساڵ.

دورا: چەند ساڵە ڕێبەری ڕێکخراو دەکەیت؟

ئاننکوف: چوار ساڵە *(وەستان)* ئێستا ڕیکخراوم خۆش دەوێ.

دورا: ***(بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات)*** خۆشویستن... بەڵام دەبێ ئەوەش هەبێ کە خۆشیان بووێی. نا دەبێ ڕێ بکرێ. دەیانەوێ لە جێی خۆی ڕایبگرن. ڕێ بکە! ڕێ بکە. دەیانەوێ یەکدی لە ئامێز بگرن‌و هەموو شتێك بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. بەڵام ئەم نا عەدالەتییە شوومە وەك گەنە بە لاملی ئێمەوە چەسپیوە. ڕێکە! ئێستا ئێمە مەحکومین بەوەی کە خۆمان لەوەی کە هەین بە گەورەتر بزانین، بوون، ڕوخسار ، ئەمانە هەندێ شتن کە دەیانەوێ خۆشەویستی بکەن. ئەشق دەکەوێتە پێش عەدالەتەوە. نەء . چاری ڕێ هەر ڕۆیشتنە. ڕێکە، ڕێ بکە.

دورا: ڕێکە یانك! ***(دەگری)*** بەڵام ئەو وا لە ئاواتی خۆی نزیك دەبێتەوە.

ئاننکوف: ***(دورا دەگری)*** ئەو عەفو دەکرێ.

دورا: ***(سەیری دەکات)*** چاك دەزانیت کە وایە. چاك دەزانی کە نابێ وا بی ***(چاوی وەردەگێڕێ) ڕەنگە*** ئێستا بێتە نێو حەوشەکە. هەرکە دەردەکەوێ هەموو بێ دەنگ دەبن‌و دیارە کە سەرمای نییە. بوریا دەزانی چۆنی لە سێدارە دەدەن؟

ئاننکوف: بەسەرە پەتکێ. بەسە دورا.

دورا: ***(کوێرانە)*** میرغەزەب خۆی هەڵ دەداتە سەرشانی، کرتە لە ملییەوە دێ. ترسناك نییە؟

ئاننکوف: لە لایەکەوە با. لە لایەکی دییەوە ئەمە بەختەوەرییە.

دورا: بەختەوەری؟

ئاننکوف: هەستکردن بە دەستی ئینسانێك بەر لە مردن ***(دورا دەکەوێتە سەر کورسییەك .بێدەنگی)*** دورا دەبێ زوو بڕۆی، پێویستە کەمێك ئیسراحەت بکەین.

دورا: دەبێ بڕۆم ؟ لەگەڵ کێدا؟

ئاننکوف: لەگەڵ مندا دورا.

دورا: ***(سەیری دەکات)*** دەبێ بڕۆم! ***(بەرەو پەنجەرەکە دەگەڕێتەوە)*** سپێدەیە. دڵنیام کە یانك هەنووکە مردووە.

ئاننکوف: من برای تۆم.

دورا: بەڵێ، تۆ برای منی. هەمووتان برای منن، چونکە خۆشم دەوێن. ***(دەنگی باران دێتە گوێ. ڕۆژ دەبێتەوە، دورا بە ئەسپایی قسە دەکا)*** بەڵام هەندێجار برایەتی زۆر تاڵ‌و ترسناکە ***(لە دەرگا دەدەن. ڤینوف‌و ستیپان وەژوور دەکەون. هەموو بێ جووڵە دەوەستن، دورا سەرسامە، بەڵام بە ترسێکی ئاشکراوە دووره پەرێز دەوەستێت)***

ستیپان: ***(بە ئەسپایی)*** یانك خیانەتی نەکردووە.

ئاننکوف: ئورلوف توانی بیدوێنێ؟

ستیپان: بەڵێ.

دورا: ***(بە توندی دێتە پێشەوە)*** دانیشە باسی بکە.

ستیپان: فایدەی چییە؟

دورا: باسی هەمووی بکە. هەقی خۆمە بزانم، هەقی خۆمە وردو درشتم بۆ باس بکەی.

ستیپان: ناتوانم چونکە دەبێ بڕۆین.
دورا: نا، دەبێ باسی بکەی. کەی هێنایان؟
ستیپان: کاتژمێر دەی شەو
دورا: کەی لە سێدارەیان دا؟
ستیپان: کاتژمێر دووی سەر لە بەیانی
دورا: چوار دانە کاتژمێر چاوەڕێی کرد؟
ستیپان: بەڵێ. بێ هیچ قسەیەك. پاشان هەموو شتێ جێبەجێ کرا. ئێستا ئیدی تەواو بووە.
دورا: چوار کاتژمێر بێ چ قسەیەك، تۆزێ سەبرکە! چ جلێکی لەبەر بوو. پەستەکە فەروەکەی لەبەر بوو؟
ستیپان: نەخێر، سەراپا ڕەشپۆش بوو. کڵاوێکی ڕەشیشی لەسەر بوو.
دورا: دنیا چۆن بوو؟
ستیپان: شەوێکی تاریك بەفرێکی زۆر ، پاشان بارانی بەسەرا باری‌و کردی بە قوڕێکی لینج.
دورا: دەلەرزی؟
ستیپان: نەء .
دورا: سەیری چی دەکرد؟
ستیپان: ئورفول دەیوت: بێئەوەی چ شتێك بدێنێ، سەیری هەموو شتێکی دەکرد.
دورا: ئیتر؟
ستیپان: بەسە، دورا!
دورا: نا؟، دەمەوێ بزانم. بەلای کەمەوە مەرگەکەی هی منە.
ستیپان: حوکمەکەیان بۆ خوێندەوە.
دورا: لەو کاتەدا چی دەکرد؟
ستیپان: هیچ تەنیا یەکجار پێی ڕاتەکاند، تا ئەو پەڵە قوڕەی کەوتبووە سەر گۆرەوییەکەی، پاك بکاتەوە.
دورا: *(سەری دەنێو دەستیدایە)* یەك پەڵە قوڕ
ئاننکوف: *(بە تووڕەیی)* چۆن ئەمەت زانی؟ *(ستیپان بێدەنگە)* تۆ هەموو شتێکت لە ئورلوف پرسیوە؟ بۆ؟
ستیپان: *(بەدەم چاو گواستنەوەوە)* شتێك لە بەینی من‌و یانکدا هەبوو
ئاننکوف: چی؟
ستیپان: بەغیلیم پێ دەبرد
دورا: چیتر، ستیپان؟
ستیپان: قەشە فلورانسکی هات‌و خاچەکەی بۆ ڕاگرت. یانك خاچەکەی ماچ نەکرد وتی: (پێم وتن من کارم بەسەر ژیانەوە نەماوە‌و ئیدی مەوعیدم لەگەڵ مەرگدایە).
دورا: دەنگی چۆن بوو؟

ستیپان: نێرو توندو پتەو، کەم‌و زۆر ئەو بێ سەبری‌و کەم حەوسەڵەییەی جارانی پێوە دیار نەبوو.

دورا: سیمای شاد بوو؟

ئاننکوف: ئەوە تۆ شێتی؟

دورا: بەڵێ، بەڵێ من دڵنیام کە سیمای شاد بووە، چونکە زۆر ناڕەوایە ئەوێك کە لە ژیاندا شادی لە خۆی حەرام کرد بوو تا چاکتر خۆی بۆ فیداکردن ئامادە بکات، لە کاتی مەرگدا شاد نەبوو بێ، ئەو شاد بووەوەو بە هێمنییەوە بەرەو سێدارە چووە، وا نییە؟

ستیپان: لەسەر خۆو قیت ڕۆیی. لە گوێ چەمەکەوە ئاوازی ئوکۆردیونێ دەهاتە گوێ، لەو چرکەیەدا سەگەل دەوەڕین.

دورا: لەو کاتەدا سەر خرایە سەر سێدارە.

ستیپان: سەرکەوت‌و کەوتە ناوجەرگەی شەوەوە، بەڵام ئەو کفنەی کە جەلادەکە لە هەموو لەشی پێچا بوو، سەیر دەهاتە بەرچاو.

دورا: ئەدی ئیتر... ئیتر...

ستیپان: دەنگە دەنگی هێواش.

دورا: دەنگە دەنگی هێواش... یانك... ئیدی... ***(ستیپان بێدەنگە)***

دورا: ***(بە تووڕەیی)*** پێت دەڵێم چی دی! ***(ستیپان بێدەنگە)*** ئەلکسی تۆ قسە بکە، چیتر؟

ڤینوف: هاوارێکی ترساو.

دورا: ئا... ئاه... ***(خۆی بەرەو دیوارەکە دەخات. ستیپان ئاوڕ دەداتەوە ئاننکوف دەگری. دورا ئاوڕ دەداتەوەو تەمەشای ئەوان دەکات. پشت بەدیوارەکەوە دەداو بە دەنگی گڕو نووساوەوە)*** نا، مەگرین، نا، مەگرین. سەیرکەن ڕۆژ هەڵاتووە. لەم کاتژمێرەدا هەندێ شت ئاشکرا دەبن کە نیشانەی ئێمەن بەرانبەر بە شۆڕشگێڕانی دی. یانك ئیدی پیاو کوژ نییە، هاوارێکی ترساو! یەك هاواری ترساو بۆ ئەو بەس بووەو هەنووکە گەڕاوەتەوە باوەشی شادیی منداڵیی خۆی. پێکەنینەکانیتان بیر دێتەوە؟ هەندێجار بەبێ هۆ پێدەکەنی، چەند تۆڵاز بوو ئێستاش دەبێ بە سیمای لە خاك نیشتووی پێبکەنی ***(بەرەو لای ئاننکوف دەڕوات)*** بوریا، تۆ برای منی ها؟ وتت کە یارمەتیم دەدەی؟

دورا: ئێستا چاکەیەکم لەگەڵدا بکە. نارنجۆکەکە بدە من. ***(ئاننکوف سەیری دەکات)*** بەڵێ دەمەوێ بۆ جاری ئایندە من نارنجۆکەکە هەڵدەم، دەمەوێ من یەکەم کەس بم بۆ هەڵدانی.

ئاننکوف: تۆ چاك دەزانی کە ئێمە ئافرەتان لە ڕیزی پێشەوە دانانەین.

دورا: ***(بە هاوارەوە)*** من ئافرەتم ؟ ***(هەموو سەیری دەکەن. بێدەنگی)***

ڤینوف: ***(بە هێمنی)*** قەبووڵی بکە. بوریا.

ستیپان: بەڵێ قەبووڵی بکە.

ئاننکوف: نۆرەی تۆیە ستیپان

ستیپان: ***(دەڕوانێتە دورا)*** قەبووڵی بکە. ئێستا ئەویش وەك منە.

دورا: ئەو نارنجۆكەم دەدەیێ، نا؟ من هەڵیدەدەم ئەو پەڕەكەی لە شەوێكی ساردد‌ا...
ئاننكوف: باشە دورا.
دورا: *(دەگری)* یانك، شەوێكی ساردو هەمان پەت! ئەوساكە هەموو شتێك ئاسانە...

(پەردە دادەدرێتەوە)

## كامۆ

*- لە ١٩١٣/١١ لە مۆندۆڤی-جەزایر لە دایك بووە، بابی لە كارخانەیەكی شەراب سازیدا، كرێكاری جلیكانە سازی بووە.

* - لە سالی ١٩١٤دا بابی كامۆ لە شەڕدا دەكوژرێ. دایكی ماڵ دەگوازێتەوە بۆ گەڕەكی بلكوری جەزایری پایتەختو لەوێندەر نیشتەجێ دەبێت. ( لە چیرۆكی نامۆدا، مەرسۆش دانیشتوی هەمان گەڕەكە). دایكی كامۆ ژیانێكی هەژارانە لەم گەڕەكەدا بەسەر دەبات.

*- لە سالی ١٩١٨دا، كامۆ دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی بلكورت.

*- لە سالی ١٩٢٣دا دەچێتە قوتابخانەی ناوەندیو وەكو قوتابییەكی زیرەك، دەوڵەت مەسرەفی دەكێشێت.

*- كامۆ، لە سالی ١٩٢٨دا، داخلی گروپی فوتبۆلی، تیپی زانستگەی جەزایری پایتەخت دەبێ.

*- لە سالی ١٩٢٩دا بۆ یەكەمجار ئاشنایەتی لەگەڵ بەرهەمەكانی ژیدا پەیدا دەكات.

*- كامۆ، لە سالی ١٩٣٠دا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەكات. یەكەمین شوێنەواری نەخۆشی سیلی لێ دەردەكەوێ.

*- کامۆ لە ساڵی ۱۹۳۱دا داخڵی شەشەمی ئەدەبی دەبێ، جیرگرنەر مامۆستای دەبێ کە پاشان دەبێ بە خەمخۆرو هاوڕێی هەرە دڵسۆزی کامۆ.

*- کامۆ، لە ساڵی ۱۹۳۳دا دەچێتە ریزی راپەڕینو دژی فاشیزم دەخەبتێ.

*- لە ساڵی ۱۹۳٤دا یەکەم ژنی دێنێ. دوای دوو ساڵ لە یەکەم هاوسەری جیا دەبێتەوە. دەچێتە ریزی حیزبی کۆمۆنیست: دەبێ بە لێپرسراوی ڕاگەیاندن لە ناو کۆڕو ئەنجومەنە موسوڵمانەکاندا.

*- لە ساڵی ۱۹۳٥ دا دەچێتە زانستگەی جەزایر. بۆ بژێوی خۆی، زۆر کاری ناچیزو سوك دەکات.

*- لە ساڵی ۱۹۳٦دا، نامەی دبلۆمی خوێندنی باڵای خۆی کە دەربارەی: پێوەندی زانستەکانی یۆنانیو مەسیحیەت بوو، نووسی. کەوتە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی پاسکالو کیرکگارد. نمایشخانەی کار- ی دروست کرد. نمایشنامەی: شۆڕش لە ئاستوری نووسیو نمایش کردنی قەدەغە کرا. هەر لەو ساڵەدا هاریکاری لەگەڵ گروپی نمایشی ڕادیۆی جەزایردا دەکات.

*- لەساڵی ۱۹۳۷دا، کامۆ چەند گوتارێك لە رۆژنامەی جەزایری کۆماریخوازدا دەنووسێت، هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵە وتارێکی خۆی بە ناوی ( پشتو روو )ەوە بڵاو دەکاتەوە.

*- لە ساڵی ۱۹۳۸دا ئاشنایەتی لەگەڵ بەرهەمەکانی (نیتشە)دا پەیدا دەکات. هەر لەو ساڵەدا دەست بە نووسینی (کالیگۆلا) دەکات.

*- لە ساڵی ۱۹۳۹دا کۆمەڵەی (شادی) بڵاو دەکاتەوە.

*- لە ساڵی ۱۹٤۰دا دووبارە ژن دێنێتەوە. هەر لەو ساڵەدا کامۆ جەزایر بەجێ دێڵێ. نامۆ، تەواو دەکات.

*- لە ساڵی ۱۹٤۱دا ئەفسانەی سیزیف تەواو دەکات. لە ریزی (راپەڕینی خەبات)دا دەخەبتێ.

*- لە ساڵی ۱۹٤۲دا نامۆ بڵاو دەبێتەوە.، دابەزینی متفقین لە جەزایردا، کامۆ تا رزگاری فەرەنسا لە ژنەکەی دادەبڕێ.

*- لە ساڵی ۱۹٤۳دا ئەفسانەی سیزیف بڵاوبووەوە. کامۆ لەلایەن رۆژنامەی کومبا-وە بۆ پاریس دەنێردرێ. دەکرێ بە راوێژکاری ئەدەبی بڵاوەخانەی گالیمار، یەکەمین نامە بۆ دۆستێکی ئەڵمانی بڵاو دەکاتەوە.

*- لە ساڵی ۱۹٤٤دا شانۆنامەی (بەد حاڵی بوون) نمایش دەکرێ. ئاشنایەتی لەگەڵ سارتەردا پەیدا دەکات. سەر وتارەکانی رۆژنامەی کومبا دەنووسێت.

*- لە ساڵی ۱۹٤٥دا کامۆ لە جەزایردا دەکەوێتە تەحقیق دەربارەی کوشتاری موسوڵمان لە ستیف. شانۆنامەی کالیگۆلا نمایش دەکرێ. ئاشنایەتی لەگەڵ ژیرار فیلیپی (ئەکتەر)دا پەیدا دەکات.

*- لە ساڵی ۱۹٤٦ بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان سەفەر دەکات. لەگەڵ رنیە چاری شاعیردا دۆستایەتی پەیدا دەکات. هەر لەو ساڵەدا ئاشنایەتی لەگەڵ بەرهەمەکانی سیمون ویل دا پەیدا دەکات.

*- لە ساڵی ۱۹٤۷دا دژی بێدادی لە مەدەگەشکەردا دەوەستێو ناڕەزایی دەردەبڕێ، دەست لە رۆژنامەی کۆمبا هەڵدەگرێ، هەر لەو ساڵەدا رۆمانی تاعون بڵاو دەبێتەوە.

*- لە ساڵی ۱۹٤۸دا بۆ جەزایر سەفەر دەکات. شانۆنامەی حکومەتی نیزامی نمایش دەکرێ.

*- لە ساڵی ۱۹٤۹دا نەخۆشییەکەی کامۆ زیاد دەکات. هەر لەو ساڵەدا شانۆنامەی (دادپەروەران) نمایش دەکرێ.

*- لە ساڵی ۱۹٥۰دا چالاکییەکانی کامۆ زۆر کەم دەبێتەوە. بەشی یەکەمی Actuelles (راستییەکان) بڵاو دەکاتەوە.

*- لە ساڵی ۱۹٥۱دا مرۆڤی یاخی بڵاو دەکاتەوە. شەڕە نووسین لەگەڵ چاپەمەنییە چەپە توندڕەوەکان..

*- له ساڵی ١٩٥٢دا بۆ جەزایر سەفەر دەکات. پەیوەندی لەگەڵ سارتەر دەبڕێ.

*- له ساڵی ١٩٥٣دا لایەنگری له شۆڕشگێڕانی بەرلینی رۆژهەڵات دەکات. بەشی دووەمی Actuelles (راستییەکان) بڵاو دەکاتەوە.

*- له ساڵی ١٩٥٤دا چالاکی سیاسیو ئەدەبی کامۆ کەمتر دەبێتەوە. هەر لەو ساڵەدا (هاوین) بڵاو دەکاتەوە.

*- له ساڵی ١٩٥٥دا شانۆنامەی uncas interessant (حاڵەتێکی سەیر) نمایش دەکرێ. له نووسینێکی بۆ زاتییەوە ئامادەکراوە). سەفەر بۆ یۆنان دەکات. هەر لەو ساڵەدا هاوکاری لەگەڵ ئیکسپرس دا دەکات.

*- لەساڵی ١٩٥٦دا، له مانگی یەکدا سەفەر بۆ جەزایر دەکات، موحازەرە دەدات: بانگەوازی ئاشتی، هاوکاری خۆی لەگەڵ ئیکسپرسدا دەبڕێ. (سقوگ) بڵاو دەبێتەوە. شانۆنامەی نوێژی مردوو لەسەر ئافرەتێکی ڕەبەنیتە (راهبە) له نووسینێکی فاکنرەوە ئامادەکراوە، پێشکەش دەکرێ.

*- له ساڵی ١٩٥٧دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات وەردەگرێ. هەندێ بیرۆکان لەمەڕ ئیعدام. به هاوکاری ئارتور کوستلەر، بڵاو دەکاتەوە.

*- له ساڵی ١٩٥٨دا موحازەرەیەك له سوید. بەشی سێیەمی Actuelles (راستییەکان) بڵاو دەکاتەوە.

*- له ساڵی ١٩٥٩دا شانۆنامەی Posse,de,s ( له نووسینێکی دوستوفسکییەوە ئامادەکراوە) نمایش دەکرێ.

*- له ساڵی ١٩٦٠، له ١٩٦٠/١/٤دا کامۆ بەدەعمی ئۆتۆمبیل له نزیکی مونترو گیانی له دەست دەداو دەمرێ.

### فەرهەنگۆك

**ئا**

**ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاکار**

**ئارایشتکار : ئارایشتگەر ، مکیاجکار**

**ئەوك : قوڕگ، گەروو، بەرمل**

**ئاسیو : ئازار، بەڵا ، زیان، زەرەر**

**ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە**

**ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون**

**ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا**

**ئێژی : دەڵێی**

**ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی**

**ئیکلام : کڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن**

**ئامێز : باوەش، هەمێز**

**ئەزبەنی : گەورەم، قوبان**

**ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار**

**ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەکر**

**ئۆینباز : بەمەکرو فێڵباز، پیلانگێڕ**

**ئێشك: پاس، كێشك**

**ئاكنجی: نیشتەجێ**

**ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو**

**ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ**

**ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشتچی**

**ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە**

**ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار**

**ئەسەح: ئەكید، خویا، مەعلووم**

**ئیرەیی: حەسوودی**

**ئەستێڵ: حەوز**

**ئیستەرەم: دەمەوێ**

**ئەستەڕ: بەر، بەری كەواو...**

**ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت**

**ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە**

**ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە**

**ئاغەڵ: جێی داكردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا**

**ئەسكەمیل: كورسی**

**ئاوەز: ئەقڵ**

**ئاخێز: نیوە هەستان**

**ئەوقات: پارێزەر**

**ئۆل: ئاین**

**ئاریشە: كێشە، گرفت**

**ئاودڕكە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ**

**ئاڵچاخ و دەنی: سووك و بێ ئابڕوو، خوێڕی**

**ب:**

**باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی**

**باب: باوك**

**بالأنما: بالأنوێن، ئاوێنەی بالاڕوان**

**بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج**

**بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب**

**بلوور: شووشە**

**بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو**

**بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی**

**بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان**

**برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)**

**بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان**

**بەرۆك: یاخە، یەخە**

**بەکاوەخۆ: بە هێواشی**

**بەرسڤ: وەلأم**

**بەڕك: گیرفان، باخەڵ**

**بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە**

**بوری: تێپەڕی**

**بیلبتون: بە تەواوەتی**

**بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە**

**باریە: لۆسە**

**بەستێن: رۆخ، کەنار، گویَ چەم، دەم چەم**

**بێشە: دارستان، لێر**

**بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە**

**بن پیاڵە: ژێر پیاڵە**

**بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو**

**بوێر : ئازا، دلێر**

**بێوەی: بیَ زیان، سەلامەت**

**باڕ : بێچووە مەلی بەهارە**

**بێزوو: بێزگ، مەگیرانی**

**بێزگەوان: بێزووکەر**

**بەلأنس: هاوسەنگی**

**بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر**

**باجەوان: باجگر**

**بەسویَ: بە ژان، بە ئازار**

**بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر**

**بێدادی: نەهەقی**

**بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان**

**بویەر: ڕووداو**

**باژێرۆك: شارۆچکە**

**باشار: دەربردن، خۆراگرتن**

**بەرایی: پێشایی، بەراهی**

**بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن**

**بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد**

**بەلەك: پووز**

**بە خورتی :بە تۆپزی**

**بالیف: سەرین، پشتی**

**بەگەنکردن: پەسندکردن**

**باندۆر: کاریگەریی**

**بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە**

**بەرخودان: مقاوەمەت**

**بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو**

**<u>پ:</u>**

**پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان**

**پارك: باخ**

**پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا**

**پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك**

**پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە**

**پێشکار: خزمەتکار**

**پەیڤ : وشە، وتە ، قسە**

**پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن**

**پەری : فریشتە**

**پاژ: بەش**

**پرتەو: تیشك ، روناکی**

**پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا**

**پڕ: زۆر، تەژی**

**پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن**

**پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو**

**پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن**

**پۆڵکە: گاگۆز**

**پەسیو: پەسیڤ، هەلأمەت**

**پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی**

**پێل: شەپۆل**

**پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا**

**پاتاوە: پێلأو، کاڵە.**

**پاتۆق: شوێنی کۆبووەوە**

**پۆڕ: قژ**

**پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە**

**پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی**

**ت:**

**تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر**

**تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا**

**تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ریژ**

**تا: لا، لایەن**

**تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی**

**تالووکە: مەترسی، خەتەر**

**تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ**

**تەژەو ناقۆلأ: گەورەو ناشیرین**

**تاین: یارۆ، فلأن، ناڤبری**

**تاژی: سەگی ڕاو، تانجی**

**تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن**

**تەیرو تو: باڵندەو مەلان**

**تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن**

**تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم**

**تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین**

**تۆرینۆك:تووڕەو دڵناسك**

**تەختەبەن: تەختە خەو**

**تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو**

**تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن**

**تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن**

**تیلمە: تیلماسك**

**تیلاگ: لاسەر**

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریك

تۆماکۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جولاً، بزوا

جڤاکی: کۆمەلاًیەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنكال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسكێش، جاسووس، سیخوڕ

ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشكۆك: دەلال، جوانكیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنكاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاٌم، نۆكەر، خزمەتكار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بێ کەم و زیاد

خاكی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی كۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر تورە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

هاژۆتن: لێخوڕین

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەرباریيان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات، رایەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەهری : زۆر توڕە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەڵە

ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : کووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك

ربووده: ئالووده، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

رەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بیٚ نموود

رۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

راموسان: ماچ

ڕەهەنە: ڕەهەندە، عەودالْ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ

ڕەبەن: سەڵت، زوگورت، ڕاهب

ڕەبەنیتە: ڕاهبە، ژنە فەڵەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن

ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆڵاو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخالْ: ڕەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دلْ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیکان ، منداڵان

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بیٚ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بیٚ ئەمەك، بیٚ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێده: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، ترۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سوێ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

**شەیپور: بۆقی، کەڕەنا**

**شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران**

**شکەفت: ئەشکەوت**

**شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ**

**شتاقیان، هیچیان، کەسیان**

**شنگ: هێز، تاقەت، توانا**

**شەقاو: هەنگاو**

**شلینگ: پارەیەکە**

**شاپ: شەق**

**شەکەت: ماندوو، هیلاك**

**شوورە: دیوار**

**شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی**

**شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش**

**شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە**

**شەلاق: شەلاخ، قامچی**

**شەم: مۆم، شەمالك**

**شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم**

**شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس**

**شوو: مێرد ، هاوسەری ژن**

**شەکەت: ماندوو. هیلاك**

**شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك**

**شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری**

**شیرەتکار: راوێژکار**

**شادەتنامە: کارنامەی خوێندن**

**شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە**

**شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە**

**<u>ع:</u>**

**عاسا: دار عاسا، داردەست**

**عەیار: زیتەڵ، زۆرزان**

**عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە**

**عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو**

**عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر**

**<u>غ:</u>**

**غاڕ: ئەشکەوت**

**غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس**

**غەوارە: غەریبە، بێگانە**

**<u>ف:</u>**

**فەرمایشت: فەرمooودە، قسە**

**فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران**

**فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بیٚ تام**

**فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ**

**فەرسەخ: فەرسەق**

**فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل**

**فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك**

**ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە**

**فەڕەنگی: ئەورووپایی**

**<u>ق:</u>**

**قالیچە: مافووری بچووك**

**قرمز: سوور**

**قەڕاڵ: پاشا**

**قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت**

**قورباقە: بۆق**

**قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون**

**قووچانی: هەڵهات**

**قشتیلە: بچووکی جوانکیلە**

**قالۆر: قاوغ**

**قاپ: قاچ**

**قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە**

**قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، رەوەك**

**قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی**

**قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵاَن**

**قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك**

**قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە**

**قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پیٚ سپی دەکەنەوە**

**قڕاوڵە: تاق تاقکەرە**

**قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ**

**قەساس: سزا، تۆڵە**

**قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت**

**قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، كلك**

**قامبێژ: گۆرانی بێژ**

**قەساو: قەساب**

**قەلەزراو: ترسنۆك**

**قەتاندن: بەسەربردن**

**قاقڕ:زەوی رووتەن كە گیای لێ نەڕوێ**

**قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان**

**قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان**

**قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن**

**قەموور: كووڕ، پشت كۆم**

**قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر**

**قەبە : گەورە**

**قۆشەن: لەشكر**

**قرێر: بڕیار، قەرار**

**قەوماو: بویەر، رووداو**

**ك:**

**كوت ومت: ەقاودەق**

**كوانگە: كوانوو، ئاگردان**

**كارمامز: بەچكە ئاسك**

**كودەڵە: بێچووە بەراز**

**كوختە: كۆخ، خانووی چكۆلەو خراپ**

**كوڵكە: موو، توك**

**كولۆ: كوللە**

**كەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت**

**كەوەیی: شینكی، شینباو، خۆڵەمێشی**

**كێوە: بۆ كوێ**

**كەپەك: سۆس**

**كۆمەك: یارمەتی، هاریكاری**

**كلۆر: ناوبەتاڵ**

**كوریژگە: كوڕی بچووك**

**كەپوو: لووت، دفن**

**کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار**

**کەسك: سەوز**

**کۆمیدی: پێکەنیناوی**

**کامکردن: نەوس تکان**

**کەزی: پرچ، زلف**

**کلاوخود: کلاوی ئاسنینی شەڕڤان**

**کەرب: رق و کینە**

**کان: مەعدەن**

**کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ**

**کۆلۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە**

**کەمدوو: کەم قسە**

**کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان**

**کەوی: ماڵی، دەستەمۆ**

**کەڤر: بەرد**

**کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ**

**کێشکچی: پاسەوان، نیگابان**

**کۆ : سڵ، سڵکردنەوە**

**کەپوو : لووت، دفن**

**کارگە : وەرشە**

**کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو**

**کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش**

**کەودەن: گەوج**

**کاژستان: بێشەی دارکاژان**

**کرێت: ناشیرین، کاری خراپ**

**کەتواری: ریالیستی، واقیعی**

**کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب**

**کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە**

**کسۆك: سەگ**

**کەستەك:سندە گڵ، کلۆ قوڕی وشکەوە بوو**

**گ:**

**گۆساخ: چاوقایم، رووقایم**

**گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر**

**گورزە: باقەی گەورە**

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕکن

گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگە

ل:

لە کەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵان

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لیٚ : بەلاٚم

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەلٚ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقالٚ، سەرگەرم

ملٚ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆلٚ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: ولاٚت، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆلٚ: زێراب

مەزلٚ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مراك: کەوچك، کەچك

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤسالٚ : میانە سالٚ

نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی

و:

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : کراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمیٚ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جاریٚ پتر کێلاٚن

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بلاٚوەخانە، دارالنشر

وەشانکار: بلاٚوکەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەکی، پیرزی

وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو

وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆرە، عاگول

هـ:

هانکە هانك: هەناسە برکیٚ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەلأیەتی

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفیر

هەیڤە شەو: مانگەشەو

هەلأوێردن: جیاکرنەوە

هاتە وەشاندن ، بلأوکرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

**هەلاکەت: گیانەڵلاّ، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن**

**ی:**

**یالّ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم**

**یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان**

**یارۆ : فلاّن**

**یاتاخ : پێخەف ، نوێن**

**یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو**

**یونیفۆرم: جالکی فەرمی یەکچەشن**

**حەمە کەریم عارف**

*** کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.**

- **لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.**
- **یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بلاّوبووەتەوە.**
- **لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بلاّو دەکاتەوە.**
- **سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بلاّوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گولاّنی عەرەبی، ئالاّی ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.**

*** جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئالاّی ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی**

**حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.**

***لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.**

- **لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.**
- **زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان ڕزگار بوون. هەندێك لە وانە:**

**١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩**

**٢- کۆچی سوور، ڕۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧**

**٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨**

**٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥**

**٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان**

**٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ**

**٧- نینا، ڕۆمان، سابت ڕەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥**

**٨- نامۆ، ڕۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی**

**٩- ڕێبەر، ڕۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧**

**١٠–شکست، ڕۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.**

**١١– هاوماڵەکان، ڕۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان**

**١٢ – بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦**

**١٣– قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق**

**١٤– دووره وڵات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان**

**١٥– ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨**

**١٦– چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر**

**١٧– ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥**

**١٨– ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦**

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەق‌ورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق‌و رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ -کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- له گەنجینەی حیكایەتی توركمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەكەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریكی و رۆمانی، چاپی یەكەم (٢٠٠٤) كتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەنــد و زنــار (فەرهــەنگی فارســی – كــوردی) حەمــە كــەریم عــارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موكریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسكی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایكۆ فسكی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریكی) چاپی یەكەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە كەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە كۆنەوە تا سەدەكانی ناڤین).چاپی یەكەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەكەم٢٠٠٨
٦٥- مێــژووی ئــەدەبیاتی جیهــان (ئــەدەبیاتی ئینگلیــزی زمــان- ئــەمریكاو ئینگلیســتان لــە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەكەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەكان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موكریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێكدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی كۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موكریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زكریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەكانی جیهان
٧٣- پێكهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە كەریم عارف، چ٢٠٠٧،١
٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەكەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مـەرگی نووســەرو چــەند باسـێکی دیکــەی ئــەدبی-رۆشــنبیری،حەمەکەریم عــارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی

٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (ڕۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا، ڕۆمان، مارك توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من   ڕۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، ڕۆمان   جەنگیز ئایتماتۆڤ

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ مناڵانی کورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی

٩٧- کڵوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ منداڵان

٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ

٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، ڕۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / ڕۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی ڕۆمانی تورکی

١٠٥- دیوار..........کۆچیرۆك............کۆمەڵێك نووسەر

١٠٦- کانییە قارەمان..........کۆچیرۆك بۆ مێرمنداڵان/ حەمەکەریم عارف

١٠٧- ئەودیوی مەرگ..........حەمەکەریم عارف

۱۰۸- کۆکۆرۆ         رۆمان/ ناتسومی سوسکی

* لـە راپەڕینـەوە تـا نهـوو چـالاکانە بەشـداری بزاڤـی ئـەدەبی و رۆشـنبیریی کـوردی دەکـات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کـەس و گـروپ و لایـەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...